ئامادەکردنی: ئەرسەلان ئەردەڵانی

# فەیسبوك
facebook

## بۆ هەموان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com

بۆ یەکەمجار ڕێبەرێکی وردو شارەزا

ڕێبەرێك بۆ کەیف وەرگرتن لەگەڵ هاوڕێیانتان و برەوپێدانی پرۆژەکانتان لەسەر فەیسبوك




پیاچونەوە و ڕێکخستنی:
بەرهەم عوسمان

# facebook

# فەیسبوك

## بۆهەموان

**ڕێبەرێك بۆ كەیف وەرگرتن لەگەڵ هاوڕێیانتان و برەوپێدانی پرۆژەكانتان لەسەر فەیسبوك**

ئامادەكردنی: ئەرسەلان ئەردەڵانی

پێداچوونەوە و ڕێكخستن: بەرهەم عوسمان

چاپی دووەم

2011

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە: (٣٢٦)**

## ناسنامەی کتێب

---


- **فەیسبوک بۆهەموان**
- ئامادەکردنی: ئەرسەلان ئەردەڵانی
- پێداچوونەوە و ڕێکخستنی: بەرهەم عوسمان
- بەرگ : فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١١
- نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم
- تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە سپاردنی: (١٤٧٥)ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.


---

ناونیشان: سلێمانی ــــ بازاڕی سلێمانی ــــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣), (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێڕست


پێشەکی ........ ٥
چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم کتێبە ........ ٦
بەشی یەکەم
پێکهاتەی فەیسبوک ........ ٩
لەفەیسبوکدا دەتوانیت چی بکەیت؟ ........ ١٠
پلێت ........ ١٢
پتیلەی شین ........ ١٢
کورتەیەک لەمێژووی فەیسبوک ........ ١٣
پەراوێزی فەیسبوک ........ ١٤
پتیلەی بەکاریەر ........ ١٥
پەڕەی دۆسیەکەت ........ ١٦
چوارهێمای دەروازەکان ........ ١٦
هێمای دەروازەی "دیوار"wall ........ ١٧
هێمای دەروازەی "زانیارییەکان" Info " ........ ١٨
هێمای دەروازەی "وێنە" ........ ١٨
پەڕەی سەرەکی ........ ١٩
دواین هەواڵەکان ........ ١٩
ستونەکان ........ ٢٠
جۆرەکانی تری پەڕە ........ ٢٠
بەشی دووەم
بەشداریکردن و ئامادەکردنی دۆسیە ........ ٢٥
خۆتۆمارکردن لە فەیسبوک ........ ٢٦
دەستبەکاربوون ........ ٢٨
نوسینەوەی دۆسیەکەت ........ ٣٢
دانانی وێنەی دۆسیە ........ ٣٢

گۆڕینی وێنەی دۆسیەکەت ........................................ ۳۳
نوسینی زانیاری کەسێتی و زانیاری پەیوەندی ........................ ۳۳
گۆڕینی ئامادەکاری ئاگادارییەکان ........................................ ۳۸

## بەشی سێیەم

هاوڕێیان............................................................. ٤١
پەیوەندیکردن بە تۆڕەکانەوە ........................................ ٤٢
چین ئەوتۆڕانەی کەدەتوانیت بەشداریان تێدابکەیت ........................ ٤٤
هاوڕێگرتن ............................................................ ٤٤
رازیبوون لەسەر داواکاری هاوڕێیەتی یان رەتکردنەوەی ........................ ٤٥
مەترسی نامۆیان ........................................................ ٤٧
بانگهێشتکردنی ئەو هاوڕێیانەی کەلەفەیسبوکدا خۆیان تۆمار نەکردووە ............ ٥٠
لابردنی هاوڕێ ........................................................ ٥٦
تەماشاکردنی هاوڕێکانت ................................................ ٥٧
سیاسەتی هاورێگرتن .................................................... ٥٩
دروستکردن و بەکارهێنانی لیستی هاوڕێیان ........................ ٦٩
ببمەهاوڕێ یان نەبم؟ ئەمەیە پرسەکە ........................................ ٧١

## بەشی چوارەم

تایبەتمەندی و پاراستن........................................................ ٧٣
بەڕێوەبردنی هاوڕێکانت: نهێنی هەڵبژاردنی جەماوەرەکەت ........................ ٧٦
کی چی ببینێت و کێ چی نەبینێت؟ ........................................ ٧٩
چۆنییەتی یاسافکردنی خەڵکی ................................................ ٨٦
رێکخستنی بەکاربەر ........................................................ ٨٨
پرەنسیپەکانی پاراستنی فەیسبوک ................................................ ٩١
فێڵ ............................................................................ ٩٣
ئەگەر تەمەنت لەژێر ١٨ ساڵانەوە بوو........................................ ٩٧
چونەدەرەوە لە فەیسبوک ........................................................ ١٠٠

## بەشی پێنجەم


دیوار و رەوش و کورتەی هەواڵ.................................................١٠٥
پەخشی فەیسبوک : یەک وێستگە بۆ پەخش و بەشداریکردن ......................١٠٦
بنەڕەتییەکانی دیوار ...........................................................١٠٧
بەکارهێنانی کورتەی هەواڵ بۆچاودێری هاوڕێیان ....................................١١١
تێبینییەکان: نوسینی نێو فەیسبوک .............................................١١٨
گەیشتن بە جەماوەر لە فەیسبوکدا ..............................................١٢٠
لینک: بەشدارییپێکردنی لینکەکان لە فەیسبوکدا .....................................١٢٣
کۆمێنت لەسەر هەواڵەکانی فەیسبوک ............................................١٢٧


## بەشی شەشەم


پەیوەنداری لە فەیسبووک.........................................................١٢٩
نامە راستەو خۆکان:پۆستی هاتوو لەفەیسبوکدا ......................................١٣٠
چاتکردن لەسەر فەیسبوک ........................................................١٣٥
گەزینPoke ......................................................................١٣٩
ئایا هەوڵ ئەدەیت فاڵ بخوێنیتەوە ؟ ..............................................١٤١


## بەشی حەوتەم


بەکاربەر و ئیش وکارەکانی تر.....................................................١٤٧
شتە بنەڕەتییەکانی بەکاربەر ......................................................١٤٨
مۆڵەتدان بە بەکاربەر ...........................................................١٥١
چۆنییەتی خۆلادان لەناردنی بێ مەبەستی پروپاگەندە بۆ هاوڕێیانت ..............١٥٤
بەکاربەری هاوڕێیەتی ............................................................١٦٢
بەکاربەری ناردنی دیاری .........................................................١٦٣
بەکاربەری تیرە و خێزان ..........................................................١٦٤
کێشمە و تێکۆشان... گەشت و جوگرافیا ............................................١٦٥
گەمەی وشەسازی ...............................................................١٦٩
بۆ خوێندکاران .................................................................١٧٢

## بەشی هەشتەم


وێنە و ڤیدیۆ.................................................١٧٣

بەشداریکردنی وێنە لە فەیسبوک.....تەماشاکردنی وێنە ........١٧٤

زیادکردنی وێنە.......دروستکردنی ئەلبوم.........................١٧٨

بەشداریکردنی ڤیدیۆ لە فەیسبوکدا ..............................١٨٦

تەماشاکردنی فلیمی ڤیدیۆ ........................................١٨٧

بڵاوکردنەوەی فلیمی ڤیدیۆ .......................................١٨٨


## بەشی نۆیەم


گروپەکان.......................................................١٩٧

پەیوەندیکردن لەنێو گروپدا ......................................٢٠١

بەڕیوەبردنی گروپەکان ..........................................٢٠٥


## بەشی دەیەم


ڕۆژمێری فەیسبووک...............................................٢٠٩

بەکاربەری بۆنەکان ...............................................٢١٠

بەرنامەکانی تری ڕۆژمێر .........................................٢٢٠


## بەشی یانزەیەم


ڕووپەرەکان و ڕیکلام...........................................٢٢٣


## بەشی دوازدەیەم


فەیسبووک لە کۆمپانیاکاندا.......................................٢٢٩

ئایادەکرێت هاوڕێیەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەتدا ببەستیت؟ .................٢٣٠

فەیسبوک و گەڕان بەشوێن پیشەدا ..................................٢٣١

ئاگادارییەکانی پۆستی ئەلکترۆنی ..................................٢٣٣


## بەشی سیازدەیەم


کارکردن لەسەر مۆبایل.........................................٢٣٥

فەرهەنگۆک ......................................................٢٤١

# پێشەکی

ژیانی نێو فەیسبوك سەرڕێژە لە سیپرایز. لە ڕاستیدا هێشتا سەرسامم بەوەی من لەسەر فەیسبوکم، لەکاتێکدا کە من کتێبیشی لەبارەوە دەنوسم.

من یەکێك نیم لەوانەی زۆر بەزووی بەشدارییان لە فەیسبوکدا کرد. لە ڕاستیدا من بەناچاری هاتمە ڕیزی بەشداربوانی فەیسبوکەوە، بانگێهشتم لە کەسێکەوە بۆ هات کە ناتوانم هیچ داواکارییەکی ڕەتکەمەوە، لە ڕاستیدا ئەوان دوو کەس بون، پاش نیوەڕۆ بو کاتێك بانگێهشتیان بۆ ناردم، بەمجۆرە بەشداریم لە فەیسبوکدا کرد.

لە پایزی ٢٠٠٧ـدا ژمارەیەك لە هاوڕێیانی کۆنم لە کۆلێژ بەشدارییان لە فەیسبوکدا کرد – کۆمەڵێکی زۆر لەو کەسانەی خۆشمدەوێن کە من لە دوو دەیەی ڕابردودا بە نارەحەت دەمتوانی پەیوەندییان لەگەڵدا بکەم لە پاش ئەوەی لەکۆلێژ دەرچومە. بەڵام لە ماوەی یەك مانگدا کە بەشداریم لە فەیسبوکدا کرد، هەستمکرد کە هاوڕێ کۆنەکانم گەڕاونەتەوە بۆ ژیانم. چیتر زانیم کە ئەوان لەکوێ دەژین و لەگەڵ کێدا هاوسەرگیرییان بەستوە، وێنەی منداڵەکانیان و ئاژەڵەماڵیەکانیانم بینی– وە لە ڕێگەی نوچەی هەواڵەکانی فەیسبوکەوە زانیم بە چ شێوەیەك کۆتایی هەفتەیان بەسەر بردوە، چی وایان لێدەکات بەمجۆرە پێبکەنن، یان ئەو گۆرانیانە چین کە بەیانیان بەدەم ڕێوە دەیڵێنەوە.

چەند هاوڕێیەکی ئازیزم هەیە کە ئارەزویان وایە چەژنی لەدایکبونی منیان بەیاد بێتەوە بەڵام وادیارە هەمیشە لەوەدا سەرکەوتو نابن. بۆیە هەمو ساڵێك سیاسەتی دەستپێشخەری بەکاردێنن و لە یۆنیۆ یان یۆلیۆدا هیوای چەژنێکی لەدایکبونی خۆشم بۆ دەخوازن، لەکاتێکدا کە من چەژنی لەدایکبونم دەکەوێتە کۆتایی ئۆگستەوە. بەڵام ئەمساڵ، وە بۆ یەکەم جار لە مێژودا، لە ڕۆژی خۆیدا هەمو ئەو کەسانە لەسەر ڕوپەڕەکەمدا لە فەیسبوك هیوای چەژنێکی لەدایکبونی خۆشیان بۆ خواستم، پاش ئەوەی کە فەیسبوك بە سوپاسەوە ئاگاداری کردبون کە ئەم ڕۆژە ئەو ڕۆژەیە کە ئەوان هەرگیز نەیانتوانی وەبیریان بێتەوە.

ئەمە باشترین بیانووە بۆ هۆکاری بەشداریکردنم لە فەیسبوکدا، باشترین بیانووە بۆ ئەوەی ڕۆژانە بەکاری بێنم: لە ڕاستیدا ئەو دەتوانێ یارمەتیت بدات لەوەی بەردەوام پەیوەندیت هەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی تامەزرۆییان دەکەیتو بە ئاواتەوەی لەوە زیاتر لە ژیانتدا بونیان هەبوایە.

ئامانجی من لەم کتێبە ئەوەیە ستراتیجیەتی بەکارهێنانی فەیسبوک بەشێوەیەکی چالاکو لێهاتویانە، بەئێوە ببەخشم. زۆر ئاسانە بەشداری لە فەیسبوکدا بکەیتو ڕوپەڕێك دامەزرێنیت – بەڵام چۆن بتوانی پڕاوپڕ سود لە فەیسبوك وەربگریت؟ چۆن بەکاری بێنیت بۆ پێکهێنانی هاوڕێیەتی نوێ، چۆن بتوانی پردی نوێ دروست بکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن بەڵام پەیوەندیتان چڕاوە، چۆن بتوانی ئەکتیڤانە ڕەواج بۆ تیپە مۆسیقیەکەت یان کۆمپانیاکەت یان کافێکەت بکەیت، یان بتوانی ببیتە ئەو ئەستێرە بەناوبانگەی خەونت وایە پێی ببیت؟

باشە، ڕەنگە ئەم بیرۆکەی دوایینیان کەمێك لە ڕوبەری ئەم کتێبە دورتر بێت. بەڵام بیرۆکەکانی تر ڕێتێچون.

## چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کتێبە

پێکهاتەی ئەم کتێبە زۆر ڕونەو پێویستی بە شیکردنەوە نییە. سەرەتا بە ناساندنی شتە سەرەکیەکان دەست پێدەکات – چۆنیەتی ئامادەکردنی دۆسیەکەت، چۆنیەتی توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت، هتد، پاشان دەچێتە سەر ناساندنی گشت ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی فەیسبوك، پاشان بە چەند بابەتێکی پێشکەوتوتر کۆتایی دێت وەك چۆنیەتی ڕەواجکردن بۆ پرۆژە داهێنراوەکانو پرۆژە پیشەییەکان، وە دەرخستنی سیاسەتی کۆمپانیاکان لەبارەی فەیسبوکەوە.

ئاگاداری: فەیسبوك زۆر دەگۆڕێت. چونکە کارمەندانی فەیسبوك هەمیشە ڕوکارەکەی چاك دەکەن. لەو ماوەیەی کە من کارم لەسەر ئەم کتێبە دەکرد، ڕۆژانە ناوی ئامرازەکان دەگۆڕان یان دەگوازرانەوە بۆ شوێنێکی تر. بۆیە کاتێك ئەم کتێبە دەکەوێتە بەردەستت، ڕەنگە ئەو لینکەی من باسی دەکەم لە بەشی سەرەوەی

لاپەڕەکـــەوە گۆازرابێتـــەوە بـــۆ بەشـــی خـــوارەوەی لاپەڕەکـــە، یـــان ڕەنگـــە نـــاوی "چوارگۆشەکانی هەڵبژاردن" گۆڕابێتن، ڕەنگە لینکەکان بوبێتنە دوگمە.

وەڵێ هەوڵبـدە بەشـوێن‌و نـاوی "بنەچـەکانی کـۆنترۆڵکردن"ـەوە مەبەسـتریێرەوە – ئامانج لەم کتێبە ئەوەیە ڕابێیت لەسـەر شێوازی گشتی کارکردنی فەیسبوك‌و جـۆری ئـەو ئامرازانـەی دەیانخاتـە بەردەسـت. دوای ئـەوەی تێدەگـەیت کـە دەتـوانی لـە فەیسبوکدا چی بکەیت، دوای ئەوەی کە بە ژینگەی فەیسبوك ئاشنا دەبیت، دەبێ توانـای ئـەوەت هـەبێت ڕێگـەی خـۆت بدۆزیتـەوە بـۆ ئـەو دوگمـە یـان ئـەو لینکانـەی تـۆ پێویستت پێیانە تەنانەت ئەگەر لەجێی پێشوی خۆیشیان نەمابێتن.

فەیـسبوك بـۆ هـەمو کردارێـك چـەند ڕێگایـەکت پێـشکەش دەکـات – بۆیـە بـە مەبەستی کەم بەکارهێنانی ڕوپەڕی لاپەڕەکان‌و تـاکو کتێبێك بە کێشی سەلاجەکەت بڵاونەکەینەوە، بۆ هەمو کردارێك تەنیا شیکردنەوەی یەك ڕێگـایم هەڵبـژاردوە، لەبری شیکردنەوەی ١٧ ڕێگای ڕێتێچوی تر.

# 1

## پێکهاتەی فەیسبوک

هەتاکو بە ڕاستی لە فەیسبوکدا بەشداری نەکەیت و کەمێك کەیف وەرنەگریت زەحمەتە لە هۆکاری سەرنجکێشانی تێبگەیت. هەندێ لە چیرۆکەکان لە هەندێ دەستگای ڕاگەیاندندا وانیشانی دەدەن کە لەسەردەمی دروستکردنی "گومەزی تەسکی ڕەشەوە" هەتا ئێستا فەیسبوک بەناوبانگترین تەپ و کۆی مۆدەیە، لەکاتێکدا هەندێکی تر وانیشانی دەدەن کە ئەو ڕێڕەوێکی پەڕینەوەیە لە نێوان هێلانەی مەرگ و دەریاچەیەکی سەرڕێژ لە دڕنەماسی.

بۆیە بەمەبەستی بەشداریکردنت دەشێ بۆ چەند ساتێك بپرسیت: چی وادەکات لە کەسانێکی ئاسایی ڕۆژانە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بەرامبەر بە کۆمپیوتەرەکەیان دانیشن و وێنەی فۆتۆگرافی بڵاوبکەنەوە، گەمەی وشە بکەن؟ چی وا لەماڵپەڕێك دەکات هۆگری بێت بە ڕادەیەك کە ئەندامانەکەی ناویان ناوە "پەرتوکی هۆگربون" (crack book)؟

بەش بەحاڵی خۆم، وەڵامەکە ئاسانە: لەسەردەمی داهێنانی تەلەفۆن لەلایەن "ئەلیکسەندەر بێل"ەوە هەتا ئێستا باشتر لە هەر داهێنانێکی تر، فەیسبوك ڕێگەت ئەدات پەیوەندی بەهاوڕێیانتەوە بکەیت، وا دەکات هەمیشە مامەڵەو پەیوەندی لە نێوانتاندا هەبێت.

دەتوانیت فەیسبوك وەك ئامێری پێوانەیی ئەلیکترۆنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆت وێناکەیت: پێشانگایەکی سەنتەر ئاسایە کە بەردەوام لەبارەی هاوڕێیانتەوە دەرخستەی نوێت بۆ نمایش دەکات، نیازیان وایە چی بکەن، بیر لەچی دەکەنەوە، پلانیان چیە بۆ پشوی کۆتایی هەفتە.

وەڵێ سەرنجکێشانی ئاستێکی تریشی هەیە. چونکە پتر لە بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، فەیسبوك کۆمەڵێك ئامرازی ئەکتیڤ و فرە بەکارهاتو دەخاتە بەردەست بۆ هاوبەشکردنی زانیاری ڕەواجکردن بۆ هەمو پرۆژەیەکی داهێنراو. فەیسبوك وەك تۆڕێکی پەخش وایە کە تایبەت بێت بەخۆت.

ئەگەر تیپێکی مۆسیقیت هەیە، یان هۆڵێکی نمایشکردنی شانۆ، یان کتێب، یان کافێ، یان کۆمپانیای دیزاینی وێنەکێشی، یان هەر شتێکی دیکە کە بتەوێت ڕەواجی بۆ بکەیت، ئەم کتێبە چۆنیەتی ئامادەکردنی گروپ و پەڕەی فەیسبوکت فێر دەکات بۆ دۆزینەوەی هەوادارو کڕیار، فێرت دەکات کە چۆن تایبەتمەندیەکانی برەوپێدان بەکاربێنیت بۆ گەیاندنی هەواڵ بۆ هەمو ئەو جۆرە کەسانەی کە بایەخ بە شتەکانی تۆ ئەدەن.

## لە فەیسبوکدا دەتوانیت چی بکەیت

لە بەشەکانی داهاتودا بەو ڕێگانەدا دەڕوانین کە دەتوانرێت لە فەیسبوکدا بەکاربێتن:

- دوبارە بەستنەوەی پەیوەندی بە هاوڕێیانی کۆنەوەو هەروەها دروستکردنی پەیوەندی نوێ.
- بەئاگابون لە قسەو کردارو بیرکردنەوەی هاوڕێکانت.
- بەشداریپێکردنی زانیاری لەگەڵ هاوڕێکانتدا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تێبینی و سەرنج و وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی.
- بەکارهێنانی Applications بەکاربەر بۆ یارکردن لەگەڵ هاوڕێکانت لە سەرانسەری جیهاندا، ئاڵوگۆڕکردنی "دیاری" لەگەڵ یەکتردا، بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەبارەی کۆمەڵەی خێرخوازی و دۆسیە سیاسیەکانەوە، مۆژگاریدان لە بارەی کتێب و فیلم و مۆسیقاوە، لەگەڵ چەندان شتی جۆراوجۆری تردا.
- بانگێهشتکردنی هاوڕێیانت بۆ ئاهەنگ و نمایشی نواندن و کۆبونەوەو هەر جۆرێکی تر لەو دیدارانەی دێتنە ڕێت.

- دروستکردنی گروپ و ڕوپەڕ بۆ پەیوەندیکردن بەو کەسانەی کە هاوشێوەی تۆن لەو شتانەی بایەخی پێدەدەن – وە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە بارەی پرۆژەی داهێنراو و پیشەییەوە.

هەروەها چەند تێبینی و ستراتیجیەتێکت پێدەدەم تا بتوانی مامەڵە لەگەڵ کێشەو گرفتە باوەکانی فەیسبوکدا بکەیت:

- چۆنیەتی پاراستنی تایبەتمەندیەکانت و چێژوەرگرتن لە فەیسبوک بەپارێزەوە.
- چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی داواکاری بەستنی هاوڕێیەتی کە لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە بۆت دێتن.
- چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ بەکاربەرێك شایەنی متمانەیەو چ بەکاربەرێك شایەنی متمانە نییە.
- چۆنیەتی خۆلادان لە بێزارکەرو سازندەو چەنەبازەکان لە لیستی هاوڕێکانتدا لە فەیسبوك.
- چۆنیەتی کەمکردنەوەی چانسی ئەوەی کە ئارەزوت لە فەیسبوك ببێتە هۆی دروستکردنی کێشەو گرفت لە کارەکەتدا.

وەلێ جارێ لێگەڕێن با ئێستا لە سەرەتاوە دەستپێبکەین، گەشتێك بکەین بە نێو دیارترین تایبەتمەندیەکانی فەیسبوك.

## پلێت

سێ توخم هەن کە لە هەمو پەڕەیەکی فەیسبوکدا هەمان شتن، کە ئەمەش چەند خاڵێکی گەڕانەوەت پێدەدات تاکو لەڕێگەیانەوە پتیلەی شین و پەراوێزو پتیلەی Applications بەکاربەر بەڕێوەبەریت. ئەم توخمانە پێیان دەوترێ (frame).

## پتیلەی شین

لە سەروی هەمو پەڕەیەکی فەیسبوکدا پتیلەیەکی شین هەیە کە پێیدەوترێ "پتیلەی شین". ئەم پتیلەیە لەسەرجەم گەشت و گەڕانەکانتدا بە نێو فەیسبوکدا دەبێتە هاوڕێیەکی دڵسۆزو بەئەمەکی تۆ.




لای ڕاستەوە.




لای چەپەوە.

لینکەکانی پتیلەی شین یارمەتیت ئەدات لە گەڕان بەنێو فەیسبوکدا.

- Facebook و "پەڕەی سەرەکی" دەتبات بۆ پەڕەی سەرەتات لە فەیسبوکدا.
- "پەڕەی کەسێتی" دەتبات بۆ پەڕەی دۆسیەکەت.
- "هاوڕێیان" friend دەتبات بۆ پەڕەیەك کە تێیدا دەتوانیت تەماشای لیستی گشت هاوڕێیانت لە فەیسبوك بکەیت.
- "پۆستی هاتو" دەتبات بۆ سەنتەری نامەکانت لە فەیسبوك. ژمارەیەك لە تەنیشت "پۆستی هاتو" دا ئاگادارت دەکات لە ژمارەی ئەو نامە نوێیانەی بۆت هاتوە.
- لەلای چەپی پتیلەی شینەوە ناوی خۆت نوسراوە – کلیکی لەسەر بکە دەتبات بۆ دۆسیەکەت.

- "ئامادەكاریەكان" دەتبات بۆ Account settings ئامادەكاریەكانی هەژمارەكەت، لە ڕێیەوە دەتوانی دەستكاری هەژمارو تایبەتمەندیەكانت بكەیت.
- Log Out "دەرچون" چونەدەرەوەت تۆمار دەكات.
- لەو پەڕی لای چەپی پتیلەی شینەوە گۆشەی search گەڕانە بەنێو فەیسبوكدا. دەتوانیت بەكاری بێنیت بۆ دۆزینەوەی گشت ئەو جۆرە شتانەی لە فەیسبوكدا هەیە: كەسەكان، گروپەكان، ڕوداوەكان، ڕوپەڕەكان، و شتی تر.

## كورتەیەك لە مێژوی فەیسبوك


فەیسبوك بەشێوەیەكی خەیاڵی لە ئەنتەرنێتدا ناوبانگی خۆیی پەیداكرد. لە كاتی نوسینەوەی ئەم كتێبەدا فەیسبوك زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن بەشداربوی لەسەرانسەری جیهاندا هەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوندایە.

مارك زۆكربرگ (mark zuckerberg) هەڵسا بە دامەزراندنی فەیسبوك، لەكاتێكدابو كە ئەو خوێندكاربو لە زانكۆی هارڤێرد، لە فبرایەری ساڵی ٢٠٠٤ـدا ناوی فەیسبوكی لێنا كە بە مانای (پەرتوكی ڕوخسارەكان) دێت، بەرلەوە لە زانكۆدا بەم ناوەوە بلاْوكراوەیەك چاپ دەكرا كە بەسەر خوێندكاراندا بلاْودەكرایەوە تاكو یارمەتییان بدات لەوەی هاوەڵەكانیان لە نێو پۆلدا بناسن. بیرۆكەی دروستكردنی ماڵپەڕی فەیسبوك لەو ئامانجەوە سەریهەڵدابو كە چاپكراوێكی ئەلیكترۆنی پەرتوكی ڕوخسارەكان دامەزرێت، كە ڕێدەدات بە خوێندكاران دۆسیەكەیان بنوسنەوەو جێدەستی تایبەتی خۆیانی بەسەرەوە جێبێڵن‌و نوێكاری تێدابكەن.

بیرۆكەیەكی گرنگی تر لە پشت فەیسبوكەوە هەبو كە ئەویش ئەوەیە ئەندامەكانی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەكاردێنن، ڕاستی شوناسیشیان دوپاتكراوەیە بەو هۆیەی كەوا دۆسیەكەیان وابەستە بەو ئەدرەسە پۆستە ئەلیكترۆنیانەی كە لە خوێندنگاوە دەرچوە. بەپێچەوانەی my space و ماڵپەڕە میللیەكانی تر، لە فەیسبوكدا ڕێ نادرێت ناوی خوازراو یان ساختە بەكاربێت، ئەمەش وادەكات كە ئەندامەكانی ملكەچی لێپرسینەوەبن.


له سەرەتادا بەشداریکردن لە فەیسبوک تەنها لە هارڤێرددا بو، وەلێ ماڵپەڕەکە گەرمو گوڕییەکی زۆری پەیداکرد بەڕادەیەك کە بەخێرا بڵاوبوەوە بەسەر زانکۆو کۆلێژەکانی تردا، پاشان دواناوەندیەکانو، پاشان کۆمپانیاکان.

بەڵام گەورەترین خاڵی گواستنەوە لە سیپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٦دا هات کاتێك کە فەیسبوك ئەو مەرجی بەئەندامبونەی لابرد کە دەبو ئەندام خاوەنی پۆستی ئەلیکترۆنی خوێندنگە یان کۆمپانیا بوایە، کە وایکرد دەرگای خۆی والآکات بەڕوی هەر کەسێك کە لە تەمەنی ١٣ ساڵ گەورەتر بێتو خاوەنی ئەدرەسی پۆستێکی ئەلیکترۆنی کارا بێت. تاوەکو یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٧ نیوەی بەشداربوانی فەیسبوك لە تەمەنی نزیك ٣٥ ساڵیو سەرتر بون، لە پاش ئەوەی باوکانو باپیران چونە شانی خوێندکارە هەرزەکارەکان. لە ئەمڕۆدا، بەپێی کۆمپانیایەکی بازاڕسازی سەر ئەنتەرنێت com score، فەیسبوك گەورەترین جوڵەو هاتوچۆ بەخۆوە دەبینێت زیاد لە هەر ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتی تری جیهان.




## پەراوێزی فەیسبوك

لە خوار هەمو پەڕەیەکی فەیسبوکدا لیستێکی ئاسۆیی هەیە پێی دەگوترێ پەراوێز footer. خۆلێهەڵەکردنی ئاسانە، وەلێ هەندێ سەرچاوەی بەسودمان پێشکەش دەکات.




- لیستی زمان ڕێگەت ئەدات جۆری ئەو زمانانە بگۆڕیت کە فەیسبوك کاریان پێدەکات. (هەندێ جار من ئەمە بەکاردێنم بۆ باشترکردنی زمانی فەرەنسیم).
- "لە بارەی فەیسبوکەوە" ئەتبات بۆ پەڕەیەکی فەیسبوك کە زانیاری رۆژنامەوانیو ئاگاداری دامەزراندنو زانیاری ترت پێ ڕادەگەیەنێت کە پەیوەستە بە کۆمپانیاکەوە.
- "بۆ ڕیکلامەکانتان" پەیوەستە بە زانیاریو ئامرازی ڕیکلامکەرەکانەوە

(بەشی ١١ بخوێنەوە).

- "پێشخەران" پەیوەستە بە سەرچاوەکانی دروستکردنی بەکاربەری فەیسبوکەوە.
- "مەرجەکانی بەکارهێنان" مەرجەکانی گرێبەستی بەکارهێنانی فەیسبوك نیشان ئەدات.
- "گەڕان بەشوێن هاوڕێیان" ئەتبات بۆ پەڕەی "گەڕان بەشوێن کەسانێك لە فەیسبوکدا بیانناسیت"، کە ئەویش ڕێژەیەکی زۆر سەرچاوەت بۆ وەدەست دەخات بۆ بەدواداچونی ئەو کەسانەی لە فەیسبوکدا دەیانناسیت (ئەم پەڕەیە بە وردی لە بەشی ٣ باسی دەکەین).
- Privacy "تایبەتمەندی" ڕێگایەکی ئاسانت بۆ دابین دەکات بۆ گەیشتن بە سیاسەتی فەیسبوك لە بارەی نهێنی پارێزییەوە.
- Account "هەژمار" ئەتبات بۆ پەڕەی ئامادەکردنی هەژمارەکەت.
- "زانیاریەکان" بەستراوە بە Help centre سەنتەری هاوکاری فەیسبوکەوە، کە ئەویش چەند سەرنجێك دەخاتە ڕو لەبارەی سەرەتای کارو زانیاری پاراستنەوە.

## پتیلەی بەکاربەر

**لە خوار بینگەری فەیسبوکەوە پتیلەی بەکاربەرە کە هەمیشە بینراوە.**



بریتیە لە لیستێك کە لەلای ڕاستەوەیە ڕێگایەکی خێرات پێشکەش دەکات بۆ گەیشتن بە بەکاربەرەکانت لە فەیسبوك، پانتاییەکیش لە ناوەڕاستیدایە بۆ دروستکردنی دوگمەی خێرا بۆ گەیشتن بە Applications بەکاربەرە پەسەندەکانت. بەرنامەی چاتی فەیسبوکیش هەر لەسەر پتیلەی بەکاربەرە، کە دەکەوێتە لای چەپەوە (بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چاتەوە بەشی ٦ بخوێنەرەوە).

## پەڕەی دۆسیەکەت

پەڕەی دۆسیەکەت بریتیە لە پەڕەیەك لە بارەی تۆوە لە فەیسبوك. ئەو شوێنەیە کە هاوڕێکانـــــــت سەردانی دەکەن بۆ زانینی دوایـن هەواڵـــــەکانت، یەکێکە لەو دوو پـــــەڕەی کـــــە زۆربـــەی کـــاتی خـــــۆتی لـــــە فەیـسبوکدا تیـا



بەسەر دەبەیت (لە گەڵ پەڕەی سەرەکی فەیسبوك).

## نوێکردنەوەی ڕەوش

لـــە ســـەرەوەی پـــەڕەی دۆســـیەکەتدا "نوێکردنـــەوەی ڕەوش" Status Updates دەبینیت: ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت "ئێستا چی دەکەیت؟". دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ بەئاگاهێنانی هاوڕێکانت لەوەی کە دەیکەی، لەوەی کە دەیخۆی، نیازت وایە ئەمڕۆ بۆ کوێ بچیت، چ گۆرانییەکت لە خەیاڵە، یان هەر شتێکی تر کە بە خەیاڵتدا بێت.




## چوار هێمای دەروازەکان

پەڕەی دۆسیەکەت بەردەوام چوار هێمای دەروازەیی جۆراجۆری تێدایە کە کەسەکان دەتوانن هەڵیبژێرن بۆ بینینی جۆرەها زانیاری جیاواز.


# هێمای دەروازەی "دیوار" wall

هێمای دەروازەی "دیوار" wall شوێنگەی تێڕوانینی دیوارەکەتە. کەسەکان دەتوانن تەماشای دیوارەکەت بکەن تا ببینن لە فەیسبوکدا چیتکردوە.





دیوارەکەت کورتە نامەو کورتەی هەواڵ نیشان ئەدات، فەیسبوک بۆ ئەو مەبەستە نمایشی دەکات تاکو هاوڕێکانت ئاگادارکات لەوەی لەم دواییەدا چیتکردوە: هاوڕێ نوێکانت کێن، ئەو گروپە کێیە کە بەشداریت تیا کردوە، کامەن ئەو دیوارانەی کە لەسەرت نوسیون، هتد (هەمان ئەو کورتە هەواڵانەن کە لە لای "دواین هەواڵ" news feedی سەر پەڕەی سەرەکی دەردەچێت، دواتر شیدەکەینەوە). کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوک وەك نوسینگەیەکی پەیوەندیە گشتیەکان بێنە بەرچاوت کە تایبەت بێت بە خۆت، تاوەکو لەڕێگەیەوە هەوادارانت ئاشناکەیت بە دواین پێشهاتو هەواڵەکانت.

کەسەکانیش دەتوانن کورتە نامە لەسەر دیوارەکەت بڵاوبکەنەوە (تۆش دەتوانی لەسەر دیوارەکەیان پاداشتیان بدەیتەوە).



## هێمای دەروازەی "زانیاریەکان" Info

کاتێك کە خەڵکی ئارەزوی ئەوە دەکەن زیاتر لەبارەی تۆوە بزانن و تێبگەن کە چین ئەو شتانەی بەدڵی تۆن، ئەوکات دەچنە هێمای دەروازەی "زانیاریەکان" Info. هێمای دەروازەی "زانیاریەکان" Info داتا سەرەکیەکانی تۆی لەخۆ گرتوە وەك شوێنی لەدایکبونت، شوێنی دانیشتنی ئێستات، زانیاری پەیوەندیکردن، زانیاری یاداشتی ژیانت (چەژنی لەدایکبونت، ئەو خوێندنگەی تێیدا خوێندوتە، شوێنی کارکردنت) لەگەڵ لیستی ئەو مۆسیقاو پەرتوك و فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنیە پەسەندانەی لەلای تۆ پەسەندن.




## هێمای دەروازەی "وێنە" Photos

بڵاوکردنەوەو بەشداریپێکردنی وێنە یەکێکە لە ناوبانگترین شێوەکانی کەیف وەرگرتن لەسەر فەیسبوك. دوای ئەوەی کە وێنە لە فەیسبوك دادەبەزێنیت، دەتوانیت لە ئەلبۆمدا کۆیان بکەیتەوەو هاوڕێکانت بانگهێشت بکەیت بۆ ئەوەی تەماشایان بکەن – دەشتوانرێت کۆمێنت و تێبینی جۆراوجۆر لەخوار وێنەکەوە بنوسرێت.

هێمای دەروازەی "وێنە" Photos دەروازەیەکی خێرایە لەبۆ خۆت و هاوڕێکانت بۆ گەیشتن بەو وێنانەی خۆت داتبەزاندون یان هاوڕێکانت دایان بەزاندوە.






هەمیشە دەتوانیت سەردانی یەکە بەیەکەی پەڕەی دۆسیەی هاوڕێکانت بکەیت تاوەکو بزانیت لەم دواییانەدا چییان کردوە. بەڵام پەڕە سەرەکیەکەت یەك شوێنت بۆ تەرخان دەکات کە لە ڕێگەیەوە دەتوانیت بەئاگابیت لە هەواڵی هاوڕێکانت، بەو وێنەو لینکانەشەوە کە بڵاویان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەو تازەگەریانەی کە لە نوێکردنەوەی ڕەوشدا ئەنجامیان داوە.

## دواین هەواڵەکان





ڕاستەوخۆ لە ناوەڕاستی پەڕەی سەرەکی فەیسبوکدا بەشی "دواین هەواڵەکان" دەردەکەوێت، کە کورتەی چالاکی هاوڕێکانت لە فەیسبوکدا لەخۆ دەگرێت (وەك ئەوەی پێشتر لە بەشی "هێمای دەروازەی دیوار" دا شیمانکردەوە).

بەشی "دواین هەواڵەکان" چەند هێمایەکی دەروازەیی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت کە دەتوانیت هەڵیانبژێریت، تاوەکو جۆرەهای جیاواز لە هەواڵ ببینیت.

## ستونەکان

لە پەڕەی سەرەکی فەیسبوکدا چەندین شتی بەسودی تر هەیە، لەو ستونەی کە دەکەوێتە لای چەپی پەڕەکەوە.

- ناوچەی "داواکاریەکان" هەندێ لە نوێترین ئەو داواکاریانەت نیشان ئەدات کە بۆت هاتوە.







- ناوچەی Applications "بەکاربەر" چەند لینکێکی خێرات پێدەدات بۆ گەیشتن بە هەندێ لە بەکاربەرە پەسەندەکانت (زۆر لە پتیلەی بەکاربەر دەچێت کە پێشتر باسمانکرد).
- ناوچەی "گەزین" Poke هەمو ئەو گەزینە نوێیانەت پێ نیشان ئەدات کە بۆت هاتون (گەزین Poke لە فەیسبوکدا جۆرێکی تایبەتە لە نامەی "سڵاوکردن"، بۆ وردەکاری زیاتر بەشی ٦ بخوێنەرەوە).




- ناوچەی "بۆنەو چەژنی لەدایکبون" ئاشنات دەکات بەو بۆنانەی لەپێشنو تۆی بۆ بانگهێشت کراویت، هەروەها بەئاگات دێنێت لە چەژنی لەدایکبونی هاوڕێکانت.
- وە لە نزیك خوارەوەی ستونەکە چەند ئامرازێك هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لە فەیسبوکدا دەیانناسیت، وە بانگهێشتکردنی کەسانی تر بۆ بەشداریکردن لە فەیسبوك (بەشی ٣ بخوێنەرەوە).

## جۆرەکانی تری پەڕە

جگە لە پەڕەی دۆسیەکەتو پەڕە سەرەکیەکەت، چەند شوێنێکی تر هەیە کە هەندێ کات لە فەیسبوکدا سەردانی دەکەیت.

## پەڕەی داواکاریەکان

کلیك لەسەر یەکێ لە لینکەکانی چوارگۆشەی "داواکاریەکان"ـی نێو پەڕەی سەرەکی بکە دەتبات بۆ پەڕەی داواکاریەکان، کە لەوێش دەتوانی تەماشای جۆرەهای جیاواز لەو بانگهێشتانەی بۆت هاتون بکەیت. کاتێك کە ئەندامێکی فەیسبوك داوات لێدەکات ببیتە هاوڕێی، لێرە دەردەکەوێت. ئەمەیە ئەو شوێنەی کە بانگهێشتی ئامادەبونی بۆنەیەك، یان بانگهێشتی بەشداریکردن لە گروپێك، یاخود بانگهێشتی بەشداریکردنت لەیارییەك پێدەگات.

## پۆستی هاتوو

"پۆستی هاتو" بریتیە لە سەنتەری نامەکانت لە فەیسبوك – شوێنێکە کە دەتوانیت نامەی تایبەتو ڕاستەوخۆ بنێریتو وەربگریت لە هاوڕێیانت لە فەیسبوك، بۆ قسەی زیاتر لەبارەی پۆستی هاتوەوە بەشی ٦ بخوێنەرەوە.

## پەڕەی ئاگاداریەکان

ئاگاداریەکان بریتیە لە بەئاگاهێنێکی بچوك ئاگادارت دەکات کە شتێك ڕویداوەو فەیسبوك (یان یەکێ لە بەکاربەرەکانت) پێیوایە کە پێویستە تۆ لە بارەیەوە بزانیت.

کاتێك کە کەسێك لەسەر دیوارەکەت دەنوسێت، یان کۆمێنتێك لەسەر وێنەیەکی تۆ ئەدات، یان لەسەر داواکردنی هاوڕێیەتی تۆ ڕازی دەبێت، یان دیارییەکی وەهمیت بۆ دەنێرێت، ئەوا ئاگاداریەکان پێتی ڕادەگەیەنێت.

ئاگاداریە نوێکانت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر پەڕەی ئاگاداریەکانت دەمێننەوە، کە دەتوانیت بە چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر پێیان بگەیت: بە کلیك کردن لەسەر هێمای دەروازەکەی لە پەڕەی پۆستی هاتوی سەرەکی، بە کلیك کردن لەسەر هەر نامەیەکی ئاگاداری کە لەسەر پەڕە سەرەکیەکەت دەردەکەوێت، یان لە ڕێگەی چوارگۆشەی ئاگاداریەکانەوە.



## گروپەکان

گروپەکان لە فەیسبوکدا وەك یانەی بچوك وایە، ئەندامەکانی دەتوانن قسە لەگەڵ یەکتری بکەن‌و زانیاری لە بارەی شتێکی هاوبەشیانەوە بڵاوبکەنەوە. دەتوانیت لە فەیسبوکدا گروپێك دروستکەیت‌و تەرخانی بکەیت بۆ هەر شتێك دێت بەخەیاڵتدا، دواتریش بانگهێشتی خەڵکی بکەیت تاکو بەشداری تێدا بکەن – بە مەرجێك ئابڕوبەرو ڕقاوی نەبێت یان بەپێچەوانەی مەرجەکانی بەکارهێنانی فەیسبوك نەبێت.

## بۆنەکان

بۆنەکان لە بنەڕەتدا پەڕەی سەرەکی بۆنەکانی ڕۆژمێرە. دەتوانیت پەڕە بۆ بۆنەی ئاهەنگەکان‌و شانۆگەری‌و کۆنسێرتی مۆسیقی‌و کۆرسات‌و پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل یان هەر جۆرە بۆنەو کۆبونەوەیەکی تر دروستکەیت، دەشتوانیت ئەو هاوڕێیانەت بانگهێشت بکەیت کە پێتخۆشە ئامادەبن. فەیسبوك ئەو هەلەی داوە بە بانگهێشتکراوان کە وەڵام بدەنەوە تاوەکو بزانیت ئایا نیازیان وایە بێن یان نا، پەڕەیەکیشت ئەداتێ کە خۆت‌و میوانەکانت دەتوانن زانیاری‌و وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی لەبارەی ئەو بۆنەوە تێدا بڵاو بکەنەوە.

## تێبینیەکان

تێبینیەکان بریتیە لە کورتە وتار کە دەتوانیت بینوسیت‌و بڵاوی بکەیتەوە تاکو هاوڕێکانت لە فەیسبوك بخوێننەوە. دەتوانیت وەك وتارێکی دەستنوس بیهێنیتە بەرچاو خۆت، بەڵام لەبری ئەوەی لەتەواوی وۆرلد واید وابدا بڵاوی بکەیتەوە، ئەمجارەیان تەنها بۆ جەماوەرێکی دیاریکراوی دەنێریت کە لە لیستی هاوڕێکانتدا لە فەیسبوك دەستنیشانت کردون.

## پەڕەکانی فەیسبوک

ئەندامە تاکەکانی فەیسبوک پەڕەی پۆختە ژیانی (profiles)ـیان پێ دەبەخشرێت. کەسایەتیە گشتیەکانیش وەك هونەرمەندان و شانۆکان و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و کتێب و فیلمەکان پەڕەی (pages)ـیان پێ دەبەخشرێت. پەڕەی فەیسبوك وەك پەڕەی دۆسیە وایە، بەڵام لەبری ئەوەی ببیتە هاوڕێی، کلیك لەسەر دوگمەی "لە هەوادارانی" دەکەیت. بەشی ١١ بخوێنەرەوە تاوەکو زانیاری تەواوەت دەستکەوێت لە بارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی پەڕەی فەیسبوك و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی و چۆنیەتی بەشداریکردن لە لیستی هەوادارانی.

2

# بەشداریکردن و ئامادەکردنی دۆسیە

ئاپۆڕەی تۆ لە فەیسبوکدا بە خۆ تۆمارکردن و ئامادەکردنی دۆسیەی کەسێتی دەستپێدەکات. پەڕەی دۆسیەکەت ئەو شوێنەیە کە تێیدا دەربڕین لە کەسایەتی و ستایل و ئەندێشە هەنوکەییەکان و شتەگرنگەکانی خۆت دەکەیت. ئەو شوێنەیە کە هاوڕێکانت سەردانی دەکەن تا ببینن بیر لەچی دەکەیتەوە – هەروەها چین ئەو گۆرانیانەی گوێیان لێ دەگریت، چ جۆرە فیلمێك تەماشا دەکەیت، کامانەن ئەو کتێبانەی دەیانخوێنیتەوە.

دۆسیەی کەسێتیت وەك پێشەکیەکیش باشە بۆ ئەو کەسە نوێیانەی لە فەیسبوکدا ئاشنایان دەبیت – ئەو هاوشێوەی کارتی ناساندنی کار وایە وەلێ هەندێ شتی چێژبەخشی تێدایە لەگەڵ لیستێکی پەیوەندیە ئاڵوگۆڕکراوەکان و زانیاری پەیوەندیکردن کە بەشێوەیەکی داینامیکیانە نوێکراوەتەوە.

ئەگەر تۆ نوێ بیت لەسەر فەیسبوك، ئەوا ئەم بەشە فێرت دەکات کە چۆن هەژمارێك Account دروستکەیت، وە چۆن پۆختەی کەسێتیت ئامادەکەیت.

وەگەر پێشتر بەشداریت کردبێت لە فەیسبوك، ئەوا دەتوانیت ئەم بەشە وەك سەرچاوەیەك بەکاربێنیت لەبۆ چۆنیەتی نوسین و نوێکردنەوەی دۆسیەکەت، بۆ گۆڕینی زانیاریە سەرەکیەکانی هەژمارەکەت (دەشتوانی وشەی پەڕینەوەت password بگۆڕیت)، هەروەها بۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردەکان Options لەبۆ وەرگرتنی ئاگاداریەکانی فەیسبوك لە پۆستی ئەلیکترۆنیدا.

بەر لەوەی خۆت لە فەیسبوکدا تۆمارکەیت هەندێ شت هەیە کە ڕەنگە پێت باش بێت پێشوەخت ئامادەیانکەیت – تاکو لە کۆتاییدا نەگەیتە ڕێگایەکی داخراو.

یەکەم، پێویستت بە پۆستێکی ئەلیکترۆنی email هەیە کە کارا بێت. فەیسبوک نامەیەکت بۆ دەنێرێت کە دەبێت وەڵامی بدەیتەوە وەك بەشێك لە پرۆسەی ئامادەکردن. بۆیە emailێك بەکار بێنە کە بە ڕاستی بتوانیت سەردانی بکەیت.

هەروەها پێویستت بە بەرواری لەدایکبونت دەبێت، چونکە دەبێت تەمەنت لە ١٣ ساڵ گەورەتر بێت تاوەکو بتوانیت لە فەیسبوکدا بەشداربیت. دەشتوانی وێنەیەکی دیجیتاڵ ئامادەکەیت تاکو وەك وێنەیەك بۆ دۆسیەکەت بەکاری بێنیت (هەرچەندە کە دەتوانی ئەمەیان دواخەیت بۆ کاتێکی تر ئەگەر ئارەزوت بێت).

دوای ئەوەی ئەم پێویستیە سەرەکیانە ئامادە دەبێت، یەکەمین هەنگاو دەینێیت ئەوەیە کە ماڵپەڕی سەرەکی فەیسبوك لەسەر ئەم ئەدرەسە www.facebook.com دەکەیتەوە، کە تیایدا پەڕەی تۆمارکردنی چونەژورەوەی فەیسبوك دەبینیت.




ئەم وێنەیە بەو شێوەیەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

١- ناوی سیانی خۆت بنوسە. پێویستە ناوی ڕاستەقینەی خۆت بێ، نەك ناوێکی خوازراو یان ساختە.

٢- ئەدرەسی email پۆستی ئەلیکترۆنی خۆت بنوسە.
٣- وشەیەکی پەڕینەوەی password پارێزراو لەناخی خۆتدا هەڵبژێرەو بینوسەرەوە – وشەیەك بێت کە لە ژمارەو پیت پێکهاتبێ نەك وشەیەك کە لە فەرهەنگدا بدۆزرێتەوە.
٤- لە لیستی "دیاریکردنی ڕەگەز"دا "نێر" یان "مێ" هەڵبژێرە (دەشتوانیت لە دۆسیەکەتدا ڕەگەزی خۆت ئاشکرا نەکەیت، بەڵام لە ئێستادا فەیسبوك داوات لێدەکات ڕەگەزی خۆت دیاریکەیت کاتێك کە هەژمارێکی Account نوێ دەکەیتەوە.
٥- بەرواری لەدایکبونت بنوسەرەوە.
٦- هەناسەیەکی درێژ هەڵکێشەو کلیك لەسەر دوگمەی "تۆمار" بکە.
٧- پێدەچێ فەیسبوك داوات لێبکات پشکنینی پاراستن ئەنجام بدەیت، کە بریتیە لە نوسینەوەی چەند وشەیەك کە لەسەر بینگەرەکە بۆتی دەردەخات، تاکو بیسەلمێنیت کە تۆ مرۆڤیت نەك بەرنامەیەکی ئۆتۆماتیکی. ئەگەر توانای خوێندنەوەی وشەکانت نەبێت ئەوا فەیسبوك چانسی گۆڕینی وشەکانت پێدەدات یان دەتوانیت بە دەنگی تۆمارکراو گوێ لە وشەکە بگریت.
٨- سەردانی email پۆستە ئەلیکترۆنیەکەت بکە (ئەو هەژمارەی کە لە هەنگاوی ژمار ٢ دەستنیشانت کرد) تاکو ئەو نامەیە ببینیت کە لە فەیسبوکەوە بۆت هاتوە. لەنێو نامەکەدا لینکێکی تێدایە پێویستە کلیکی لەسەر بکەیت تاوەکو پرۆسەی خۆتۆمارکردن تەواو بکەیت.

## تا چەند گرنگە جددی بیت

وەك لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد، فەیسبوك لەسەر ئەو پرنسیپە دامەزراوە کە ئەندامانی شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربێنن، بۆیە پێویستە لەسەرت بەناوی یاسای ڕاستەقینەی خۆتەوە خۆت تۆمارکەیت.

ناوی خوازراو و ناوی ساختە شایەنی قبوڵ نییە. دروستکردنی ئەوەی کە فەیسبوك ناوی دەنێت "دۆسیەیەکی ساختە" سەرپێچیکردنە لە دژی مەرجەکانی بەکارهێنانی فەیسبوك، کە ئەمەش دوچاری داخستنی ڕوپەڕەکەت دەکاتەوە.

خۆتۆمارکردن لەژێر ناوێکی خوازراوی وەك "کاپتنی دەریا" و "شازادەی

بەفر" توشی کێشەو گرفتت دەکات، تێدەگەیت؟

فەیسبوک ئەم پرسەیە زۆر بە جددی وەردەگرێت – تیمێکی تایبەت هەیە کە لە نێو ناوی ئەندامانادا بەشوێن دۆسیەی ساختەدا دەگەڕێت تاکو دایبخەن. هەروەها فەیسبوک بەرنامەیەکی هەیە کە هەوڵئەدات لەکاتی پرۆسەی تۆمارکردندا ناوی ساختە بدۆزێتەوەو بەرەنگاری بێتەوە.

بەداخەوە، لەبەر ئەوەی کەوا زۆرجار واقیع فرە روخسارە، هەندێ جار ئەمە بوە هۆی ئەوەی بەرەنگاری هەندێ کەس ببێتەوە کە هەوڵیانداوە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە خۆیان تۆمارکەن. لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ـدا، ئاژانسی رۆیتەرز ئامارژەی بەوەدا کە فەیسبوک خۆتۆمارکردنی کچە نوسەرێکی ژاپۆنی ڕەتکردۆتەوە کە ناوی ڕاستەقینەی Hiroko yoda (هیرۆکۆ یۆدا)ـیە. یۆدا ناسناوێکی بەربلاوە لە ژاپۆن، بەڵام فەیسبوک پێیوابو کە دەیەوێت بانگەشەی ئەوە بکات کە پیرە ڕاهێنەری ئەفسەر Luke skywalkerـە. لە کۆتاییداو لەدوای ئەوەی کە یۆدا شوناسی خۆی سەلماند فەیسبوک رەزامەندی خۆی دەربڕی، وەلێ هەر ئەو نەبو کەوای بەسەر هات: چونکە ئەم ناسناوە رەسەنانەی وەك Duck. Beer. Jelly بونە هۆکار لێدانی زەنگی فەیسبوك.

ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی خۆتت بەکارهێناو فەیسبوک بە ساختەی زانی، ئەوا باشترین شت ئەوەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فەیسبوکەوە بکەیتو پاڵپشتی لە دۆسیەکەت بکەیت. کلیك لەسەر "زانیاریەکان" بکە کە لە پەراوێزی پەڕەی سەرەکی فەیسبوکدایە (ئەم پەراوێزە هەر هەیە تەنانەت ئەگەر خۆشت تۆمار نەکردبێت)، پاشان "تۆمار" هەڵبژێرە پاشان "ناوم لەکاتی تۆمارکردندا ڕەتکرایەوە" بۆ گەشتن بە نمونەی پەیوەندیکردن.

## دەستبەکاربون

دوای ئەوەی کلیك لەسەر ئەو لینکەی نێو نامەکە دەکەیت، دەگەیتە پەڕەی دەستبەکاربون لە فەیسبوك – کە لە سێ پەڕە پێکهاتوە.




پەڕەی "هەنگاوی ١" هەندێ هەڵبژاردەی Options خێرات دەخاتە بەردەست بۆ دۆزینەوەی هاوڕێیانێك كە پێشتر لە فەیسبوكدا بەشداربیانكردوە. چۆنیەتی دۆزینەوەی هاوڕێ لە بەشی داهاتودا بە وردی باسی لێوە دەكەین، بۆیە لە ئێستادا كلیك لەسەر "ئەم هەنگاوە بپەڕێنە" دەكەین كە لە خواری پەڕەكەدایە.



پەڕەی "هەنگاوی ٢" بواری ئەوە ئەدات کە هەندێ زانیاری دۆسیەی سەرەکی بنوسیتەوە: ئەو خوێندنگەی تێیدا خوێندوتەو پیشەو کاری ئێستات.
هەروەك هەنگاوی ١ دەتوانیت ئەم هەنگاوەش بپەڕێنیت ئەگەر ئارەزوبکەیت. دەتوانی ئەو لیستە بەکاربێنیت کە لە سەری نوسراوە "ساڵی دەرچون" بۆ دەسنیشانکردنی ساڵی دەرچونت لە خوێندنگە.

دوگمەی "دیاریکردنی وەك هاوڕێیەك" add as a friend بکە تاکو داوای هاوڕێیەتی بۆ بڕوات.

هەنگاوی ٣ چانسی ئەوەت ئەداتێ کە شوێنی نیشتەجێبونت یان ناوی



ولاتەکەت تۆمارکەیت تاکو بچیتە ڕیزی تۆڕەکەیەوە – لە بەشی داهاتودا بە وردی باسی ئەوە دەکەین کە چۆن بەشداری لە تۆڕەکاندا دەکەیت.

لە پاش ئەوەی لە هەر سێ هەنگاوەکە تەواو دەبیت، دەگەیتە پەڕەی سەرەکی خۆت لە فەیسبوک کە پەڕەیەکی نوێو بریقەدارو تارادەیەکی زۆر بۆشە. لێرەوە، دەتوانیت دەستکەیت بە ئامادەکردنی دۆسیەکەت، یان دەستکەیت بەگەڕان بەشوێن هاوڕێدا.




بەڵام بەر لەوەی هیچ هاوڕێیەکت بانگهێشتکەیت بۆ سەردانکردنی دۆسیە نوێکەت لە فەیسبوک، لێگەڕێ با نەختێك شوێنەکەت بڕازێنینەوە بە نوسینەوەی هەندێ زانیاریو دڵنیابون لەوەی Account settings ئامادەکاریەکانی هەژمارە سەرەکیەکەت دروستە.

## نوسینەوەی دۆسیەکەت

ئەگەر بۆ یەکەمجارت بێ دۆسیەکەت دەنوسیتەوە یاخود نوسیبێتەوەو بتەوێ دەستکاری بکەیت، لە هەردوو دۆخدا توخمەکانی کۆنرۆڵکردنی فەیسبوک هەر یەک شتن.

ئەگەر دوابەدوای پرۆسەی خۆتۆمارکردن دەست بەوە بکەیت، ئەوا فەیسبوک لە پەڕە سەرەکیە تازەکەت لینکێکی بەسودت پێدەدات "نیشاندانی دۆسیەی کەسایەتیت و هەموارکردنی" بۆ ئەوەی دەستبەجێ بتوانیت زانیاری دۆسیەکەت پڕبکەیتەوە (کلیك لەسەر "پەڕەی کەسێتی" بکە لەنێو پتیلەی شیندایە، ئەتگەیەنێتە هەمان پەڕە).

دوای ئەوەی کە هەندێ زانیاری تۆمار دەکەیت، چیتر ئاسان دەبێ شتی تری بۆ زیاد بکەیت یان بیگۆڕیت.

## دانانی وێنەی دۆسیە

ئەگەر بۆ یەکمجارت بێ وێنە بۆ دۆسیەکەت دابنێیت، لە هێمای دەروازەی "دیوار"دا لینکێکی خێرا لەسەر شوێنی وێنەی دۆسیەکەت دەبینیت.

کلیك لەسەر "دانانی وێنە" بکە پاشان کلیك لەسەر "دانانی وێنە" بکە ئەوکات پەڕەیەکت بۆ دەکاتەوە کە ڕێگەت ئەدات وێنەی نێو کۆمپیوتەرەکەت هەڵبژێریت.



ئەگەر کامێرا بە کۆمپیوتەرەکەتەوە بەسترابو، ئەوا دەتوانی کلێك لەسەر "وێنە بگرە" بکەیتو وێنەیەکی خێرای خۆت بگریت.





## گۆڕینی وێنەی دۆسیەکەت

ئەگەر بتەوێ وێنەی دۆسیەکەت بگۆڕیت، بڕۆ بۆ پەڕەی دۆسیەکەتو کارسەری ماوسەکە بخەرە سەر وێنەی ئێستات. لینکێك دەردەچێت بەناوی "گۆڕینی وێنە". کلێکی لەسەر بکە ئەوکات لیستێکی هەڵبژاردەت Options بۆ دەکاتەوە کە دەتوانیت لە وێنەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت هەڵبژێریت یان وێنەیەکی نوێ بگریت.




## نوسینی زانیاری کەسێتیو زانیاری پەیوەندی

بۆ نوسینی (یان زیاترکردنی) یەکێ لە زانیاریەکانی هێمای دەروازەی "زانیاریەکان" دوو هەڵبژاردەت لە بەردەستدایە. بۆ ئەوەی وابکەیت هەمو زانیاریەکان بەجارێك بنوسیت، ئەوا لە سەرەوەی هێمای دەروازەکە کلێك لەسەر "هەموارکردنی زانیاری" بکە.




ئەمە دەتگەیەنێتە لیستی نوسینی زانیاریەکان، کە چەندان لیستو برگەی





جۆراوجۆرت دەخاتە بەردەست بۆ گۆڕینی زانیاریەکانت.




پاش ئەوەی ئەم لیستە دەگۆڕێت کە قابیلی نوسینە، دەتوانیت کلیك لەسەر ئەو پتیلە خۆڵەمێشیانەی گشت بەشەکانی زانیاری دۆسیەکەت بکەیت بۆ فراوانکردنی و نوسینی.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بتەوێت تەنها بەشێکی دیاریکراو بنوسیتەوە دەتوانیت ڕێگایەکی خێرا بگریتە بەر، کارسەری ماوسەکە بخەرە سەر لای چەپی ستونی زانیاری ئەو بەشە تا ئەو کاتەی هێمای پێنوسەکە دەردەکەوێت.



دەشتوانی ئەو چوارگۆشانەش بنوسیتەوە کە بەردەوام لەلای ڕاستی پەڕەی دۆسـیەکەتەوە دەردەکـەوێت، وەك چوارگۆشـەی "زانیاریـەکان" و چوارگۆشـەی "هاوڕێکان". کلیك لەسەر هێمای پێنوسەکە بکە کە دەکەوێتە گۆشەی ڕاستی هەمو چوارگۆشەکان ئەوکات لیستێکت بۆ دەکرێتەوە کە کۆمەڵێك هەڵبژاردەی Options لەبارەی ئەو چوارگۆشەوە تێدایە.

لە نەخشەی دۆسیەکەتدا دەتوانیت تەنها یەك شت بگۆڕیت، ئەویش ئەوەیە کە بـۆت هەیـە شـوێن و پێگـەی هەنـدێ لـە چوارگۆشـەکان بگوازیتـەوە. چوارگۆشـەی "زانیاریـەکان" و "هاوڕێکـان" لەشـوێنی خۆیـان جـێگیرن، وەلێ چوارگۆشـەکانی بەکاربـەر وەك "وێنـە" و "تێبینیـەکان" و "توخمـە بڵاوکراوەکـان" دەتوانرێـت




بگوازرێنەوە. کلیك لەسەر پتیلە شێنەکە بکە کە ناونیشانی چوارگۆشەکەی لەسەر نوسراوە تا هێڵێکی پچڕپچڕت بۆ نیشان ئەدات، پاشان بێ ئەوەی کلیك بەردەیت بەرەو شوێنی مەبەست بیبە، پاشان دەستی لێبەردە تاکو چوارگۆشەکە لە پێگەی نوێی خۆیدا جێگیر بێت.

## تۆمارکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتیت

ئەگەر هاوسەرگیریت ئەنجامدابێت یاخود دەستگیرانداربیت، دەتوانیت جۆری پەیوەندیەکەت لە فەیسبوکدا ئاشکراکەیت تاکو هەمو هاوڕێیانت ببینن.

تێبینی: بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، دەبێ هاوسەرەکەت یان دەستگیرانەکەت لە فەیسبوکدا بەشداربێت و لە لیستی هاوڕێکانتدا بێت. ئەگەرنا دەبێ زۆری لێبکەیت تاکو بەشداری بکات و بتخاتە لیستی هاوڕێیانیەوە. ڕاستە دەتوانیت ڕەوشی پەیوەندیت بگۆڕیت، وەلێ ناتوانیت ناوی هاوسەرکەت یان دەستگیرانەکەت بگۆڕیت.

بڕۆ بۆ هێمای دەروازەی "زانیاریەکان" و بە مەبەستی نوسینی بەشی زانیاریە سەرەکیەکان کلێك لەسەر هێمای پێنوسەکە بکە. پاش کردنەوەی لیستی "ڕەوشی پەیوەندی" گونجاوترین هەڵبژاردە Options هەڵبژێرە کە پێناسەی پەیوەندیەکەت دەکات. دوای ئەوەی جگە لە هەڵبژاردەی "ڕەبەن" یەکێ لەو هەڵبژاردانەی لیستەکە هەڵدەبژێریت، خانە "بۆ" لەژێر لیستی "ڕەوشی پەیوەندی" دا دەکرێتەوە.




دەتوانیت ناوی دەستگیرانەکەت/هاوسەرەکەت لەو چوارگۆشەدا بنوسیتەوە پاشان کلێك لەسەر Enter بکە. فەیسبوك داوا لە دەستگیرانەکەت/هاوسەرەکەت دەکات جۆری پەیوەندیەکەتان دوپات بکاتەوە، پاش ئەوەی ئەوە دەکات، بە کورتە هەواڵێك بەسەر جیهاندا ڕادەگەیەنرێت (یان لانی کەم بەسەر بەشێك لەجیهاندا کە لیستی هاوڕێکانتە).

## چوارگۆشەی "نوسینی زانیاری دەربارەی خۆت"

ڕاستەوخۆ لەژێر وێنەکەتدا لە پەڕەی دۆسیەکەت چوارگۆشەیەکی بچوك هەیە تێیدا نوسراوە "نوسینی زانیاری دەربارەی خۆت". کلێك لەسەر چوارگۆشەکە بکە تاکو کورتە پەیامێك لەنێویدا بنوسیت.

ئەمە گونجاوترین شوێنە بۆ ئەوەی پەیامێك لە هەناوتەوە بنوسیت، بۆیە داهێنانت سەربەستکەو پەیامی خۆت بنوسە. دەشێ یاداشتی ژیانت بێ، یان تێبینییەکی ڕەوانبێژانە، یاخود دروشمێکی تایبەت. دەشتوانی ئەم جوارگۆشەیە بەکاربێنیت بۆ پرۆژەیەکی ئێستا یاخود ڕوداوێك کە لەئارادابێت، یان دەتوانی ئەدرەسی ماڵپەڕەکەتی تێدا بنوسیتەوە.

## هەموارکردنی ڕەوشی خۆت

کاتێك کە ئامادە بویت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە قوڵەکانت و دەرهاوێشتە شپرزەکانی مێشکت لەگەڵ هاوڕێکانت، دەتوانیت ڕەوشی خۆت چاکبکەیت. دەتوانیت ئەمە بە ئاسانی ئەنجام بدەیت لە هەردوو پەڕەی دۆسیەو سەرەکیدا بە نوسینی هەر شتێك کە خۆت پێتخۆش بێت لە خانەی "نوێکردنەوەی ڕەوش" Status Updates (کە دەکەوێتە لای سەروی ئەم دوو پەڕەیە). دەتوانیت شتێك لەم جۆرە بنوسیت "هێشتا تازەم لە فەیسبوکدا. نەختێك سەبرم لێبکەن".


لە بەشی ٥ زانیاری تەواو لەبارەی "نوێکردنەوەی ڕەوش" Status Updatesەوە وەردەگریت و ڕادێیت کە چۆن کەیفی لەگەڵدا وەرگریت.




## نوێکردنەوەی زانیارییەکانی هەژمارەکەت

هەمیشە دەتوانیت لە پەڕەی "ئامادەکردنی هەژمار"ەوە بچیت بۆ زانیارییە سەرەکییەکانی هەژمارەکەت Account. بۆ گەیشتن بەوێ کارسەری ماوسەکە بخەرە سەر "ئامادەکارییەکان" کە دەکەوێتە سەر پتیلەی شین، پاشان کلیك لەسەر "ئامادەکردنی هەژمار" بکە. لە هێمای دەروازەی یەکەمدا دەتوانیت ناوی خۆت بگۆڕیت (بۆنمونە ئەگەر لەدوای هاوسەرگیری ناوەکەت گۆڕا دەتوانی لەوێش بیگۆڕیت). هەروەها دەتوانی ئەدرەسی email پۆستە ئەلیکترۆنیەکەت کە هەمیشە


ئاگاداریەکانت لە ڕێگەیەوە بۆ دێت ئەویش بگۆڕیت، لەگەڵ password وشەی پەڕینەوە، نوسینەوەی پرسیارێکی پاراستن، نوسینەوەی ژمارەی کارتی هەژمار بۆ کڕینی دیاری، هەروەها دەشتوانیت هەژمارەکەت لەکارخەیت.




## گۆڕینی ئامادەکاری ئاگاداریەکان

بەدەر لەو ئاگاداریانەی کە لەنێو خودی فەیسبوکدا دەردەچێت (وەک لە بەشی پێشودا باسمانکرد)، فەیسبوک ئاگاداریت لە شێوەی ئیمێڵ بۆ دەنێرێت کاتێک کە کەسێک دەتکات بەهاوڕێی خۆی، لەسەر دیوارەکەت دەنوسێت، نامەت بۆ "پۆستی هاتو" بۆ دەنوسێت، وێنەیەک لە ڕوپەڕەکەت بڵاودەکاتەوە، یان هەر شتێکی تر لە شێوەی ئەو چالاکیانە کە فەیسبوک پێیوایە پێویستە لێی ئاگاداربیت، ئاگادارییەک بۆ ئیمێڵەکەت دەنێرێت.

ئەگەر دەتەوێ ئەو ئاگاداریانەت بەدەست نەگات، دەتوانیت لەکاریخەیت – دەشتوانی جۆری ئەو ئاگاداریانە جیابکەیتەوە کە دەتەوێن بەدەستت بگاتن.




بۆ گۆڕینی ئامادەکاری ئاگاداریەکان، بڕۆ بۆ "ئامادەکاریەکان" پاشان "ئامادەکردنی هەژمار"، کلیک لەسەر هێمای دەروازەی "ئاگاداریەکان" بکە. پەڕەیەکت بۆ دەکرێتەوە دەبینی جۆری بۆنەکانی تێدا نوسراوەتەوە کە فەیسبوک دەتوانێت لێتی ئاگادار بکات، دەتوانیت "خستنەکار" هەڵبژێریت (بەو واتایەی کە تۆ لەکاتی ڕودانی ئەمەدا ئیمێڵێکت بۆ دێت) یان "لەکارخستن" (بەو واتایەی کە تۆ هیچ ئیمێڵێکت لەو بارەوە بۆ نایەت).

# 3

# هاوڕێیان




لە بەشەکانی ڕابردودا خۆتت لە فەیسبوک تۆمارکرد، وە فێربویت کە چۆن دۆسیەکەت بنوسیتەوەو ئامادەیکەیت. هەتا ئێستا هەمو شتێك بە باشی بەڕێوەچوە. بەڵام ئەگەر لەفەیسبوکدا تەنها توانای ئەمەت هەبێ، ئەوا شتێکی هێندە بەسود نابێت. چونکە friend "هاوڕێیان" ئەوانن کە جێدەستی "کۆمەڵایەتی" لە چەمکی لێك ئاڵانی کۆمەڵایەتیدا بەجێدێڵن.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوە هەندێ دۆستایەتی و هاوڕێیەتی پەیدا بکەیت. بێگومان، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لە فەیسبوکدا خۆت تۆمارکردبێت بە هۆی بانگهێشتێك کە لە هاوڕێیەکتەوە بۆت هاتوە، وەگەر بانگهێشتەکەیت قبوڵکردبێت ئەوا پێشوەخت لانی کەم لە دۆسیەکەتدا هاوڕێیەکت هەیە.

بەڵام پێدەچێت لە سفرەوە دەستت پێکردبێت – واتە خۆت لە فەیسبوکدا تۆمارکردوە چونکە هەمیشە گوێت لێیە باسی دەکەن، یان بە ڕێکەوت لەکاتی پرۆسەیەکی گەڕاندا بەنێو ماڵپەڕەکاندا ڕێت لێی کەوتبێت، یان ڕەنگە منداڵی هەرزەکارت هەبێت و باسی بکەن تۆش ئەسکوێت لادروست بوبێت و حەزبکەیت بزانیت نهێنی سەرنجڕاکێشانی لەچیدایە.

لـە هـەردوو دۆخـدا، تـاكو تاڕادەيـەكى زۆر سـود لـە فەيـسبوك وەربگريـت، هەوڵـئـەدەيت پەيوەنـدى لەگـەڵ چـەند هاوڕێـيـەك ببەسـتيت تـاكو پەيوەنـديان پێـوە بكـەيت، ئـاكتيڤ بيـت لەگـەڵيان، وێنـەيان لەگەڵـدا بەشـداركەيت، گەمـەيان لەگەڵـدا بكەيت. تەنها خۆت دەتوانيت گەورەو بچوكى ليستى هاوڕێيانت لە فەيسبوكدا ديارى بكەيت.

ڕەنگە هەنـدێ لـە هاوڕێيـانـت پێشوەخت لـە فەيـسبوكدا خۆيـان تۆماركردبێت، ڕەنگە هەندێكى دێكەشيان خۆيـان تۆمـار نـەكردبێت، وەلێ تـۆ دەتوانيـت بانگهێشتيان بكـەيت بـۆ خۆتۆمـاركردن. لـەپاش ئـەوەى پـەيتا پـەيتا ليـستى هاوڕێيانـت بونيـات دەنێيـت، ئـەوكات دەتوانيـت ليـستى تايبـەت دروسـتكەيت بـۆ چـاودێرى كردنيـان، هـەروەها دەتوانيـت هاوڕێيانـت بناسـێنيت بـە هـاوڕێى تـر، دەشـتوانى لـە ڕێگـەى هاوڕێكانتەوە هاوڕێ كۆنەكانت بدۆزيتەوەو بە هاوڕێى نوێ ئاشنابيت.

ئەمەيە بابەتى ئەم بەشە

## پەيوەنديكردن بە تۆڕەكانەوە

بەر لەوەى خۆت بە هاوڕێى تاكو تەنياوە ببەستيت باشتر وايە خۆت ببەستيت بە كۆمەڵەيەكەوە كە پێشتر تێيدا بويت وەك: خوێندنگاكانت، شوێنەكانى كاركردنت، يـان ئـەو شـارەى تێيـدا دەژيـت. فەيـسبوك ئـەو كۆمەڵانـە نـاو دەنێـت تۆڕەكـان .(networks)

تۆڕەكـان ڕۆڵێكـى گرنگيـان لـە فەيـسبوكدا هەيـە چـونكە ئەگەرچـى فەيـسبوك ملۆنـەها ئەنـدامى لـە سەرانـسەرى جيهانـدا هەيـە، بـەڵام تـەنها بەشـێكى كـەم دەتـوانن تەماشاى دۆسيەكەت بكەن. هەرچـەندە كە فەيسبوك وەك جاران تـەنها خوێنـدكارانى زانكۆ لە خۆناگرێت، بەڵام ئەو پرنسيپەى پاراستوە كە تـەنها لـەلاى كەسانێك ئاشكرا بيت كە پێشتر ناسيونت، يان ئەو كەسە سروشتيانەى كە ڕەنگە بە ڕێكەوت لـە ژيـانى ڕاسەقينەدا بيانناسيت. بەمجۆرە دۆسيەكەت لەبەرچاو هـەمو جيهانـدا ئاشكرا نابێت – كە وادەكات لـە فەيسبوك نـەختێك زياتر تايبەتمەنـدتر بێت لـە ماڵپـەڕێكى كراوەى سەر ئەنتەرنێت.

فەیسبوك دۆسیەكەت لەلای ئەو كەسانە ئاشكرا دەكات كە تۆ كردونت بەهاوڕێ، یان لای كەسێك كە لە تۆڕێكدا هاوبەش بن. بەمجۆرەش تۆڕەكان چانسی ئەوە زیاد دەكەن كە دۆسیەكەت زیاد لەجاران بكرێتەوە. ڕەنگە هاوەڵانت لە خوێندنگە بە هۆی گەشتی خوێندنگاوە بناسیت، یان ڕەنگە لە چوارچێوەیەكی سروشتیدا هاوڕێیەتی لەگەڵ كەسێكی سەر كارەكەت ببەستیت. یان ڕەنگە بكەویتە گفتوگۆ لەگەڵ كەسێكدا كە لە هەمان شاری تۆ دەژی، لەناو پاصدا، یان لە چایخانەیەكی گەڕەك. بەشداریكردن لەو تۆڕانە هەمان داینامیكیەتی كۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی فەیسبوكدا ڕەنگ پێدەداتەوە.




## چۆنیەتی بەشداریكردن لە تۆڕەكان

هەمو كاتێك دەتوانیت بەشداری تۆڕێك بكەیت یان تۆڕێك جێبێڵیت بە سەردانكردنی هێمای دەروازەی "تۆڕەكان" كە دەكەوێتە نێو ئامادەكردنی هەژمارەكەت. لەسەر پتیلە شینەكە "ئامادەكاریەكان" هەڵبژێرە پاشان "ئامادەكردنی هەژمار"، دواتر كلیك لەسەر هێمای دەروازەی "تۆڕەكان" بكە.

دوای ئەوەی دەگەیتە هێمای دەروازەی "تۆڕەكان"، لەسەر پەڕەكە ناوی تۆڕەكانت نیشان ئەدات، ئەگەر هەتبێت.




بۆ بەشداریكردن لە تۆڕێكی نوێ، ناوی سەنتەری كارەكەت یان خوێندنگاكەت یان شارو گەڕەكەكەت لەو خانەدا بنوسەوە كە دەكەوێتە لای چەپی پەڕەكەوەو كلیك لەسەر دوگمەی "بەشداریكردن لە تۆڕ" بكە (كاتێك كە دەست بەنوسینەوە دەكەیت ڕەنگە فەیسبوك پێشناری چەند تۆڕێكت بۆ بكات كە هەڵگری هەمان ئەو پیتانەن كە تۆ دەینوسیتەوە).

لەوێوە فەیسبوك گشت داواكاریە پێویستەكانت لێ داوا دەكات و ڕێنمایی پێویستت دەكات.

## چین ئەو تۆڕانەی دەتوانیت بەشدارییان تێدا بکەیت؟

**تۆڕە هەرێمیەکان:** ڕێگەت ئەدات لەیەک کاتدا تەنها لە یەک تۆڕدا بەشداری بکەیت. بۆیە ئەگەر لە لوبنانەوە خۆت گواستەوە بۆ شانشینی سعودیە ئەوا دەبێت تۆڕی لوبنان بەجێبێڵیت بەر لەوەی بچیتە تۆڕی شانشینی سعودیەوە.

**تۆڕی کۆلێژەکان:** بە هەمان شێوە کاردەکات: پێویستیت بە ئەدرەسی خوێندنگەکەت یان زانکۆکەت هەیە. ئەگەر دەرچوی زانکۆ بیت و ئەدرەسی email پۆستی ئەلیکترۆنی زانکۆت نەبێت وەك olegawky@myuniversity.edu، ئەوا پێویستە ئیمێڵێکی لەو جۆرە دروستکەیت (ئەمڕۆ سەرجەم کۆلێژەکان ئیمێڵ بۆ دەرچوانی خۆی دابین دەکات، تۆش دەتوانی بەشداری لە تۆڕی کۆلێژەکەت یان زانکۆکەت بکەیت).

**تۆڕی سەنتەرەکانی کارکردن:** پێویستی بە ئیمێڵێکی کارای ئەو کۆمپانیا هەیە کە تۆ کاری تێدا دەکەیت.


**تۆڕی خوێندنگا ناوەندیەکان:** دەبێ خوێندکاری خوێندنگایەکی ناوەندی بیت (بۆ ئەوەی ئەوپەڕی پاراستن بۆ خوێندنگای ناوەندی دابین بکرێت – ئەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك، ئەمە تەنها بۆ خوێندکارانە – تەنانەت دەرچوان و مامۆستایانیش بۆیان نییە بەشداری لە تۆڕەکانی خوێندنگا ناوەندیەکاندا بکەن).

## هاوڕێ کردن

کاتێك کە کەسێك لە فەیسبوکدا ئارەزوی وایە ببێت بە هاوڕێت، داواکاری هاوڕێیەتیت لە فەیسبەکەوە پێدەگات دەبێت ڕەزامەندبیت لەسەری بەر لەوەی فەیسبوك بە فەرمی ڕایگەیەنێت کە ئێوە هاوڕێن و لەلیستی هاوڕێکانی ترتاندا نیشانتان بدات.

ڕەنگە هەندێ بانگهێشتت لە هاوڕێکانتەوە پێکەشتبێت تەنانەت بەر لەوەی لە فەیسبوکدا خۆت تۆماربکەیت، لەو حاڵەتەدا ڕەنگە چەند داواکارییەکی هاوڕێیەتی چاوەڕوانی تۆبێت وەڵامیان بدەیتەوە. وەلێ ئەگەر بەمجۆرەش نەبو ئەوا لە ئایندەدا داواکاری هاوڕێیەتی لەو جۆرەت زۆر بۆ دێت.

داواکاری هاوڕێیەتی لە پەڕە سەرەکیەکەتدا دەردەکەوێت، لە لای چەپی ناوەکەتەوە لە بەشی سەرەوەی ستونی ڕاستەوە.




## ڕازیبون لەسەر داواکاری هاوڕێیەتی یان ڕەتکردنەوەی

کاتێك کە داواکاری هاوڕێیەتیت بۆ دێت، کلێك لەسەر ئاگادارییەکان بکە کە دەکەوێتە پەڕەی سەرەکییەوە. دەچیتە پەڕەی داواکاریەکانەوە، لەوێش گشت ئەو داواکاریانە دەبنیت کە بۆت هاتونو هێشتا وەڵامت نەداوەنەتەوە.

لە هەمو داواکارییەکدا ناوی ئەو کەسە نوسراوە، لەگەڵ وێنەی دوسیەکەیدا (ئەگەر وێنەی هەبێت)، وە هەمو ئەو تۆڕانە دەخاتە ڕو کە بەشداری تێداکردون. وەگەر کەسەکە لەگەڵ داواکاریەکەیدا نامەی تایبەتی ناردبێت، ئەویش نیشان ئەدات.




ئەگەر لەنێوان تۆو ئەو کەسەدا کە داواکاری هاوڕێیەتی بۆناردویت هاوڕێی هاوبەشتان هەبو، ئەوا داواکاریەکە دەڵێت (بۆ نمونە) "٥ هاوڕێی هاوبەشتان هەیە". بزانە ڕستە "٥ هاوڕێ" بەخەتی شین نوسراوەتەوە، واتە تۆ دەتوانیت کلێکی لەسەر بکەیت تاکو لیستی هاوڕێ هاوبەشەکانتان نیشان بدات. ئەمە زۆر بەسودە لەدۆخێکدا کە تۆ بە زەحمەت بتوانی ناو و شێوەی ئەو کەسەت وەبیربێتەوە، چونکە لەڕێگەی هاوڕێ هاوبەشەکانەوە دەتوانیت بزانیت لەکوێوە ئەم کەسەت ناسیوە.






بزانە ناوی ئەو کەسەش کە داواکاریەکەی بۆ ناردویت بە هەمان شێوە بە خەتی شین نوسراوەتەوە، واتە دەتوانیت کلێکی لەسەر بکەیت و بە دۆسیەکەیدا بڕوانیت (فەیسبوك

بەشێوەیەکی کاتی ڕێگەت ئەدات بچیتە دۆسیەی ئەو کەسەی داواکاری بۆ ناردویت، تەنانەت ئەگەر لەکاتە ئاساییەکاندا ڕێگەت پێ نەدات).

هەمیشە واباشترە بە دۆسیەی ئەو کەسەدا بڕوانیت بەر لەوەی لەسەر داواکاریەکەی ڕازی ببیت. ئەگەر بەلاتەوە زەحمەت بێت کە بزانیت گوایە ئەو کەسە دەناسیت یان نا، ئەوا ڕەنگە دۆسیەکەی چەند نیشانەیەکی تێدا بێت بۆ ئاکتیڤ کردنەوەی یادەوەریت، وەبیرت بێنێتەوە کە ئێوە لە هەمان خوێندنگە خوێندوتانە. ڕەنگە چاوت بە نیشانەی سوریش بکەوێت کە بەمانای ئەوە دێت ئەم کەسە کەسێك نییە تۆ بتوانیت لەگەڵیدا بگونجێیت، یان ڕەنگە ئەو کەسە نەبێت کە بانگەشەی




دەکات (بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕگەی "مەترسی نامۆیان" بخوێنەرەوە).

دوای ئەوەی بڕیاری خۆت ئەدەیت، دوو هەڵبژاردەت هەیە: "دوپاتکردنەوە" کە ئەو کەسە دەخاتە لیستی هاوڕێیانتەوەو ڕێگەی ئەدات بێتە دۆسیەکەتەوە، یان "پشتگوێخستن" کە داواکاریەکە وەلادەنێت بێئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بدرێت.

ئەگەر دوپاتکردنەوەت هەڵبژارد، بەر لە کلیك کردن چانسی ئەوەت هەیە بیخەیتە لیستێکی دیاریکراوی هاوڕێیانتەوە، ئەمەش یارمەتیت ئەدات لەوەی هاوڕێکانت لە گروپی جیاوازدا کۆبکەیتەوە (بەشی "لیستی هاوڕێکان" بخوێنەرەوە). کلیك لەسەر "خستنە لیستەوە" بکەو ئەو لیستە هەڵبژێرە کە دەتەوێت، پاشان کلیك لەسەر "دوپاتکردنەوە" بکە.

پاش ئەوەی ئەو کەسە دوپاتدەکەیتەوە، فەیسبوك پەیامێکت نیشان ئەدات کە چەند هەڵبژاردەیەکی تێدایە. دەتوانیت "وردەکاری هاوڕێ" زیادبکەیت، هەروەها

پێشنیاری هاوڕێی بۆ بکەیت، یان دەتوانیت لەسەر دیواری هاوڕێ تازەکەت بنوسیت (بەشی ٥ بخوێنەرەوە).

## مەترسی نامۆیان


بەر لەوەی لەسەر داواکاری هاوڕێیەتی ڕازیبیت، بە تایبەت لەکەسێکەوە کە بە باشی نایناسیت، پێویستە هەندێ بەدواداچونی بۆ بکەیت. بۆ ماوەیەکی کاتی بۆت هەیە بچیتە دۆسیەی هەر کەسێکەوە کە داوای هاوڕێیەتیت لێدەکات، بۆیە چاوێك بە زانیاریەکانیدا بخشێنە تا دڵنیابیت لەوەی هیچ شتێکی مەترسیداری تێدا نییە. بزانە ئایا هاوڕێی هاوبەشتان هەیە – وەگەر هاوڕێی هاوبەشتان هەبو دەتوانیت بەنامەیەك سۆراخی ئەو لەو هاوڕێ هاوبەشانەت بپرسیت. ئەگەر هەر دودڵیو بێزارییەکەت سەبارەت بەو کەسە بۆ دروست بو، نابێ واهەست بکەیت کە هەر دەبێ داواکاری ئەم کەسە قبوڵ بکەیت، چەند ڕۆژێك بخایەنەو بیری لێبکەوە – چونکە داواکاریەکە هەر دەمێنێتو چاوەڕێی ئەوەیە یان قبوڵی بکەیت یان ڕەتی بکەیتەوە.




سەرنج: ئەگەر "پشتگوێخستن"ت هەڵبژارد، لەبیرت بێت کە فەیسبوك ئاگاداری ناکاتەوە لەوەی کە تۆ داواکاریەکەیت ڕەتکردۆتەوە. بۆیە کاتێك داواکاری کەسێك پشتگوێ دەخەیت، هیچ پەیامێکی فەرمی پێناگات ئاگاداری بکاتەوە، پێویست بەوەش ناکات واهەستکەیت سەتڵێك ئاوی ساردت بەسەریدا کردوە. ڕاستە ئەگەر بەباشی لە لیستی هاوڕێیانی ڕامێنێت، تێبینی ئەوە دەکات کە تۆ لە لیستی هاوڕێکانیدا نیتو دەرئەنجام تێدەگات کە تۆ داواکاریەکەیت ڕەتکردۆتەوە. بەڵام هەڵبەت دەبێ هەر واتێبگات کە تۆ هێشتا داواکاریەکەیت نەدیوە یان هێشتا بیری

لێدەکەیتەوە (وەگەر لە شوێنێکدا بەرێکەوت بینیت، هەمیشە دەتوانیت پشت بەو بیانوە کۆنە ببەستیت کە دەڵێت "وای لە ساویلکەیی من، وادیارە بەهەڵە کلیکم لەسەر دوگمەکەی تریان کردوە").

کارێکی تریش هەیە کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت ئەگەر هێشتا ئامادە نەبویت داواکاریەکە دوپاتکەیتەوە یان ڕەتیکەیتەوە. لینکی "ناردنی نامە" هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ تێبینییەك بۆ ئەو کەسە بنێریت، کە دەتوانیت لە ڕێگەیەوە داوای زانیاری زیاتری لێبکەیتو لە هۆکاری ئەوە بپرسیت کە ئایا بۆچی دەیەوێت ببیتە هاوڕێی. فەیسبوك ئاگادارت دەکات لەو ڕاستیەی کە ئەگەر تۆ نامەکە بنێریت، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێت بۆ ماوەی ٣٠ رۆژی داهاتو تەماشای زانیاریە سەرەکیەکانی دۆسیەکەت بکات.




## ناردنی داواکاری هاوڕێیەتی

ئێستاش پاش ئەوەی زۆرێك لەسەر ئەو داواکاریانە ڕاوەستاین کە بۆت هاتون، کاتی ئەوە هاتوە تۆش هەندێ دواکاری هاوڕێیەتی بنێریت. ئەگەری زۆر هەیە کە تۆ زۆرێك لە ئەندامانی فەیسبوك دەناسیتو ئەوان هێشتا بەوەیان نەزانیوە کە تۆش

بەشداریت لە فەیسبوکدا کردوە – بۆیە دەبێ تۆ بەشوێنیاندا بگەڕێیت. خۆشبەختانە فەیسبوك ئەم کارەی ئاسان کردوە لەڕێگەی خانەی گەڕانەوە search کە دەکەوێتە لای چەپی پتیلەی شینەوە.




بیر لە ناوی هاوڕێ ئازیزەکانت بکەرەوە. ناوی ئەو کەسەی کە دەتەوێت لە خانەی گەڕاندا search بنوسەوەو دەست بە Enterـدا بنێ. ڕەنگە لیستێکت بۆ بکاتەوە چەند کەسێکی تێدابێت کە هەڵگری هەمان ناون یان هاوشێوەی ئەو ناوەن، یان لە لیستەکەدا تەنها ناوی هاوڕێکەت دەردەخات ئەگەر ناوی هاوڕێکەت کەم وێنەبێت (ئەگەر لیستەکە چەند ناوێکی بۆ هێنایتەوە، بڕگەی "دەرزییەك لە مۆڵێك هاوڕێدا" بخوێنەرەوە تاکو بزانیت کامیان هاوڕێکەی تۆیە).

ئەگەر دەرکەوت کە هاوڕێکەت لە فەیسبوکدا خۆی تۆمار نەکردوە، ئەوا پەیامێکت پێدەگات پێت ڕادەگەیەنێت کە ناوێکی لەو جۆرە بەشداری نەکردوە، چانسی ئەوەشت ئەداتێ کە لە ڕێگەی چەند فاکتەرێکی ترەوە بەشوێنیدا بگەڕێیت (لەوانە: ئیمێڵ یان خوێندنگە یان کۆمپانیا).

دەشتوانی کلیك لەسەر "گەڕان لەنێو پەڕە کەسێتیەکاندا" بکەیت، کە دەتبات بۆ پەڕەیەك هاوشێوەی پەڕەی دۆسیەی کەسێتییە کە گشت فاکتەرەکانی تێدا نوسراوەتەوە، تۆش دەتوانیت لە خانەکاندا زانیاریەکانی ئەو کەسە پڕبکەیتەوە تاکو لە ڕێی ئەو زانیاریانەوە بەشوێن هاوڕێکەتدا بگەڕێت. بەڵام نهێنیەکە لەوەدایە کە گەڕانی پێشکەوتو بەنێو دۆسیەی کەسەکاندا تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە بەشداریان لە یەکێ لەو تۆڕانەدا کردوە کە تۆ تێیدا بەشداریت، بۆیە ئەگەر کۆلێژێك یان زانکۆیەك یان کۆمپانیایەك یان پۆستێکی ئەلیکترۆنی هاوبەشتان نەبێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە زۆر یارمەتیت نەدات.

دوای ئەوەی کەسێك دەدۆزیتەوەو ئارەزوت وایە پەیوەندی لەگەڵدا ببەستیت، تەنیا شتێك کە لە سەرتە بیکەیت ئەوەیە کلێك لەسەر "دیاریکردنی وەك هاوڕێیەك" Add as Friend بکەیت.




چانسی ئەوەشت هەیە کورتە نامەیەك بۆ هاوڕێكەت بنوسیت – بەش بەحاڵی خۆم زۆر بەلامەوە گرنگە كە كورتە نامەی بۆ بنێریت بە تایبەت ئەگەر ئەگەری ئەوە هەبێت كە ناوتی لەبیر نەمابێت. ئەگەر كەسێك بێت كە نەختێك بیناسیت، یان هاوەڵێكی خوێندنت بێت و لەدێرە پەیوەندیت لەگەڵی پچڕابێت – ئەمەش چانسی ئەوەی ئەداتێ كە بە شتێكی جوان وەڵامت بداتەوە وەك "چۆن دەبێ كەوا من تۆم لەبیرچۆتەوە؟".




لەپاش ئەوەی داواكاریەكەت دەنێریت، دەتوانیت بە شوێن هاوڕێی تردا بگەڕێیت. پاشان لەسەر كورسیەكەت وچان بگرەو چاوەڕێی هاوڕێیەتیە كۆنەكانت بە دەگەڕێنەوە بۆ لات.

## بانگهێشتكردنی ئەو هاوڕێیانەی كە لە فەیسبوكدا خۆیان تۆمارنەكردوە

بێگومان هەندێ لە هاوڕێ ئازیزەكانت هێشتا لە فەیسبوكدا خۆیان تۆمار نەكردوە. ئەمە هەلێكە بۆ بانگهێشتكردنیان. زۆر بە ئاسانی دەتوانیت هەر كەسێكت

بوێت بانگهێشتی بکەیت بۆ فەیسبوک، تەنها پێویستی بەوە هەیە کە تۆ ئەدرەسی ئیمێڵەکەی بزانیت و تەمەنی لەسەرو ١٣ ساڵانەوە بێت.

## دۆزینەوەی دەرزییەك لە نێو مۆڵێك هاوڕێدا

ئەگەر لە خانەی گەڕاندا نوسیت "دلۆڤان" یان "سامی" و لە ئەندازەی ئەو هەمو کەسە سەرسام بویت کە لەژێر ئەو ناوەدا بۆتی دێنێتەوە. چۆن بزانیت کامیان دلۆڤانە یان سامی؟

ئەگەر وێنەیەکی ڕونی خۆیی بڵاوکردبوەوە، ئەوا بەئاسانی دەتوانی لە لیستەکەی جیابکەیتەوە. بەڵام ئەگەر شەرمی لە کامێرا بێت، ڕەنگە ئەوەی هەڵبژاردبێت کە لە پشت وێنەیەکی سروشتی یان کەسایەتییەکی فلمە کارتۆنیەکانەوە خۆی حەشاربدات – یان ڕەنگە هیچ وێنەیەکی دانەنێت – لە ڕەوشێکی وەهادا پێویستت بەوەیە هەندێ بەدواداچون ئەنجام بدەیت.

فەیسبوك هەوڵئەدات یارمەتیت بدات و ئەو ئەنجامانەی کە ئەگەری زیاتریان هەیە لەسەروی لیستەکەوە جیایان دەکاتەوە – بۆیە هەر کەسێك لە یەکێ لە تۆڕەکانی تۆدا بەشداربێت ئەوا یەکەم کەس ناوی دێت. ئەمە مانای وایە کە ئەگەر هاوڕێکەت لە هەمان خوێندنگاکەی تۆ یان زانکۆکەی تۆ خوێندبێتی، یان لە کۆمپانیاکەی تۆدا کاردەکات، یان لە شارەکەی تۆدا دەژی، ئەوا ئەگەرێکی زۆری هەیە کە لە بەشی سەرەوەی پەڕەکە ببینیت نەك لە خواروی پەڕەکە.

بەڵام با بۆ نمونە بڵێین تۆ ساڵی پار لەبۆ گەشت و گوزار چویت بۆ نیوزلەنداو لەوێش هاوڕێیەکت ناسی، بەڵام هیچ تۆڕێکی هاوبەش نییە لە نێوانتاندا. لە ڕەوشێکی وەهادا، کاتی ئەوە هاتوە زەڕەبینە گەورەکە بخەینەکار. چاوێك بخشێنە بەژێر ناوی هەمو کەسێکدا – ئەگەر بەشداری لە هەر تۆڕێکدا کردبێت ئەوا ئاماژەی پێدەدرێت. ڕەنگە بتوانیت لە ڕێگەی پێگە جوگرافیەکەیەوە یان خوێندنگاکەیەوە یان کۆمپانیاکەیەوە هاوڕێکەت بناسیتەوە.


ئەگەر ئەمەش کەڵکی نەبو، باشترین ئامراز لەدەستتدا مابێت هاوڕێ هاوبەشەکانە. مەگەر لە ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکانیدا برگەی هاوڕێ

هاوبەشەکانی شاردبێتەوە ( بۆ زیاتر لەم بارەوە بەشی ٤ بخوێنەرەوە)، لە لای چەپی پەڕەی هەمو کەسێکدا لینکێك هەیە بە ناوی "نیشاندانی هاوڕێکان". کلێکی لەسەر بکە لیستی هاوڕێکانیت بۆ دەکاتەوە. ئەگەر بینیت کە هاوڕێیەکی ترت یان هاوەڵێکت یان هەر کەسێکی تر کە هەردوکتان بیناسن لەلای ئەو هاوڕێیە، ئەوا ئامانجەکەت پێکاوەو هاوڕێکەت دۆزیوەتەوە.

ئەگەر هەمو شتێك شکستی هێنا، ئەوا تەنها هەلی ئەوەت لە بەردەمدا دەمێنێت کە نامەیەکی پرس و ڕای وێژیار بۆ ئەو کەسە بنێریت کە پێتوایە ئەو هاوڕێیە کە تۆ بەشوێنی دەگەڕێیت. کلێك لەسەر "ناردنی نامە" بکەو نامەیەکی جوان و ناسك بنوسەرەوە وەك "ببورە ئەگەر کەسی مەبەست نەبویت، بەڵام ئایا تۆ دلۆڤان نیت کە ساڵی ١٩٨٥ لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بەستەیەك شوکولاتەم لێ دزیت؟ ئەگەر ئەویت ئەوا پێموایە بەستەیەك یان دوو بەستە شوکولاتەی تۆ قەرزارم...".




بڕۆ بۆ پەڕەی سەرەکی فەیسبوك و بچۆرە لای چەپەوە بۆ ئەو بەشەی ناونراوە "پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان" کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی ستونی چەپەوە. کلێك لەسەر "بانگهێشتکردنی هاوڕێیان بۆ بەشداریکردن لە فەیسبوك" بکە، دەچیتە پەڕەیەکەوە فۆڕمێکی تێدایە دەتوانیت بە ئاسانی پڕی بکەیتەوە.




له خانەی سەرەوە، ئەدرەسی ئەو ئیمێڵانە بنوسە کە دەتەوێت بانگهێشتیان




بکەیت. لە خانەی خوارەوە، پەیامێکیان بۆ بنوسە. ئەگەر بتەوێت، بە کلیك کردن لەسەر "گۆڕین" دەتوانیت جۆری زمانی بانگهێشتەکە بگۆڕیت. کلیك لەسەر دوگمەی "بانگهێشت" بکە بۆ تەواوبون، یان ئەگەر دودڵ بویت لە ناردنی کلیك لەسەر "هەڵوەشاندنەوە" بکە، ئەوکات کارەکەت تەواو دەبێت.

دوو هەڵبژاردەی تر هەیە کە لە پەڕەی "بانگهێشتکردنی هاوڕێکانت"دا تێبینیان دەکەیت. "هاوردەکردنی ئیمێڵ" هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێت بەجارێك مۆڵێك لە هاوڕێکانی نێو دەفتەری ئەدرەسە ئەلیکترۆنیەکانت بانگهێشت بکەیت. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بەشی "چۆنیەتی گەورەکردنی لیستی هاوڕێیانت" بخوێنەرەوە.

لینکی "نیشاندانی گشت بانگهێشتەکان" کە دەکەوێتە گۆشەی چەپی خوارەوە، دەتبات بۆ پەڕەی "دۆسیەی بانگهێشتەکان" کە ڕێت ئەدات تەماشای هەمو ئەو کەسانە بکەیت کە پێشتر بانگهێشتت کردون بۆ فەیسبوك، بە هەمو ئەو کەسانەی

کە بانگهێشتەکەیان قبوڵکردویت و ئەو کەسانەی کە هێشتا بانگهێشتەکەتیان قبوڵ




نەکردوە (سەرسام مەبە ئەگەر ئەو کەسانەی بانگهێشتەکەت قبوڵ ناکەن دوای چەند مانگێك لە فەیسبوکدا دەرکەون).




پەڕەی "دۆسیەی بانگهێشتەکان" بە ئامرازگەلێکی جیاوازەوە دێتە پێش. هەر کەسێك کە دەتەوێت لە لیستەکە بیسڕیتەوە دەتوانیت بە چوارگۆشەی تەنیشت ناوەکەی بژاریکەیت، پاشان کلیك لەسەر "سڕینەوەی بژارکراو" بکە کە دەکەوێتە سەرەوی لیستەکەوە. دەتوانیت ئەو کەسانەش بە ئاگای بێنیتەوە کە وەڵامیان نەداوەتەوە بە کلیك کردن لەسەر "بەئاگاهێنان" کە دەکەوێتە تەنیشت ناوەکانیانەوە.

## پێشنیارکردنی هاوڕێ

ئەگەر دوو هاوڕێت هەبێت و لە جیهانی ڕاستەقینەدا یەکتر بناسن بەڵام لە فەیسبوکدا ڕێیان لە یەکتر نەکەوتبێت، فەیسبوك ڕێگەیەکی بەسوودت بۆ تەرخان دەکات لەبۆ ئاڕاستەکردنیان بەلای یەکدا.

دەتوانیت ئەم تایبەتمەندیەش بۆ خستنەکاری فەیسبوکی Cupid بەکاربێنیت، دەتوانیت دوو کەس بەیەك بناسێنیت کە پێشتر یەکتریان نەناسیوە بەڵام دڵنیایت گەر بەیەکیان بناسێنیت شادمان دەبن. بەڵام ئەگەر بڕیارتدا ئەمە بکەیت، دەبێ کەمێك وریابیت - دەبێ پێشوەخت نامەیەکی ڕێگەخۆشکەر بنێریت.

بۆ پێشنیارکردنی هاوڕێ، بڕۆ بۆ دۆسیەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت پێشناری هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکی تردا بۆ بکەیت. ئەگەر ئەو کەسە لەم دواییانەدا بەشداری لەفیسبوکدا کردبێت، لەژێر وێنەی دۆسیەکەیدا دەبینیت نوسراوە "پێشنیارکردنی هاوڕێ بۆ *فڵان*". وەگەر دەمێك بێت لە فەیسبوکدا بەشداری کردبێت، ئەوا لەو شوێنەدا نامێنێت، بەڵام هەر دەتوانیت لە خوار دۆسیەکەیدا بیدۆزیتەوە.

کلێك لەسەر لینکەکە بکە پەنجەرەیەکت بۆ دەکاتەوە ڕێگەت ئەدات ئەو کەسانە بژارکەیت کە دەتەوێت نامەیان بۆ بنێریت.




پاش ئەوەی ئەو کەسانە هەڵدەبژێریت کە دەتەوێت پێشنیاریان بۆ نێریت، کلیك لەسەر دوگمەی "ناردنی پێشنیار" بکە.

بابڵێین دلۆڤانی هاورێت تازەیە لەسەر فەیسبوك، چەندان هاورێی هاوبەشیشت هەیە کە دڵخۆش دەبن بە بەشداربونی. بڕۆ بۆ دۆسیەی دلۆڤان، کلیك لەسەر "پێشنیارکردنی هاورێ" بکەو نامەیەك بۆ هەمو ئەو هاورێیانەت بنێرە کە لەگەڵ دلۆڤاندا هاوبەشن. فەیسبوك بە ئاگادارییەك پاداشتت ئەداتەوە لەسەر هەر هاورێیەتیەك کە تۆ رێکیبخەیت.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بتەوێت سامی هاورێت بە دلۆڤانی هاورێت بناسێنیت، دەبێ بڕیار بدەیت کە دەتەوێت کامیان پەیامەکەیان پێبگات. بۆیە، باوادانێین کە تۆ دەتەوێت نامەیەك بۆ سامی هاورێت بنێریت و تێیدا ئامۆژگاری بکەیت کە دلۆڤان بکات بە هاورێی خۆی. لە رەوشێکی وەهادا، دەبێ بچیتە دۆسیەکەی دلۆڤانەوەو کلیك لەسەر "پێشنیارکردنی هاورێ" بکەیت، سامیش هەڵبژێریت بۆ وەرگرتنی ئەو پەیامە.

## لابردنی هاورێ

ئەگەر بڕیارتدا هاورێیەتی لەگەڵ کەسێکدا هەڵوەشێنیتەوەو بە تەواوی لە لیستی هاورێیانتدا بیسڕیتەوە، چەند رێگەیەکی ئاسان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەمە دوو رێگەی ئاسانە لەو رێگانە: دەتوانیت راستەوخۆ بچیت بۆ دۆسیەی ئەو کەسەو کلیك لەسەر "سڕینەوەی لە لیستی هاورێیان" بکەیت کە دەکەوێتە خواری پەڕەکەوە، یان دەتوانیت لە لیستی هاورێکانتدا بیدۆزیتەوەو کلیك لەسەر هێمای X بکەیت کە دەکەوێتە لای چەپەوە.




بە هەردوو شێوە، پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە کە تێیدا داوای ئەوەت لێدەکات بڕیاری سڕینەوەی ئەو کەسە لە لیستی هاورێیانت دوپات بکەیتەوە (ناتوانیت لەم

هەنگاوە بگەڕێیتەوە – لانی کەم دەبێ دیسانەوە داوای هاوڕێیەتی لێبکەیتەوە، بۆیە بەر لە کلێك کردن لەسەر دوگمەی "سڕینەوەی هاوڕێ" دڵنیابە لەوەی کە دەتەوێت لەناویبەریت).

ئەگەر هاوڕێیەتیت لەگەڵ کەسێکدا دابڕی، هیچ نامەیەکی ئاگاداری فەرمی پێناگات، بۆیە تەنها ڕێگەیەك لە ڕێیەوە بۆی ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کاتێك کە لە لیستی هاورێکانیدا بەشوێن تۆدا دەگەڕێت دەبینێت تۆ چیتر لەوێ نەماویت.




## تەماشاکردنی هاوڕێکانت

فەیسبوك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هاوڕێکانت لە چوارگۆشەی "هاوڕێیان" friendـدا نیشان ئەدات کە دەکەوێتە هێمای دەروازەی "دیوار" و "زانیاریەکان"ی نێو دۆسیەکەت. هەرچەندێ لە پەڕەکاندا هاتوچۆ دەکەیت هەر جارەو بەشێك لە هاوڕێکانت نیشان ئەدات، مەگەر خۆت ئەوە بگۆڕیت.




دەتوانیت لیستی "هەمو هاوڕێیان" ببژێریت بە بەکارهێنانی ئەو لینکانەی بەشەی سەرەوەی لیستەکەی:

- Status Updates "نوێکردنەوەی ڕەوش" ئەو هاوڕێیانەت نیشان ئەدات کە لەم دواییانەدا ڕەوشی خۆیان نوێکردۆتەوە.




▪ Recently Updates "نوێکارەکانی ئەم دواییانە" ئەو هاوڕێیانە نیشان ئەدات کە گۆڕانکارییان لە دۆسیەکانیاندا کردوە.

▪ Phonebook "دەفتەری تەلەفۆن" ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێکانت نیشان ئەدات (تەنها ژمارەی ئەو کەسانە نیشان ئەدات کە خۆیان لە دۆسیەکەیاندا ئاشکرایان کردوەو ڕێگەیان داوە ببینیت. بەشی ٤ بخوێنەرەوە بۆ زانیاری لەبارەی چۆنیەتی دەستەوەگرتن بەو کەسانەی دەتوانن ژمارەی تەلەفۆنەکەت ببینن).

لە لیستی "هەمو هاوڕێیان"دا برگەیەك هەیە ڕێگەت ئەدات هەڵبژاردەی تر هەڵبژێریت بۆ تەماشاکردنی هاوڕێکانت – بژاردنیان بەپێی ئەو تۆڕانەی بەشدارییان تێدا کردوە، یان بەپێی ئەو وردەکاریانەی خۆت بۆت زیادکردون.

هەڵبژاردنی تۆڕی والأكراو (هاوڕێیانی زانکۆ، هاوڕێیانی سەر کار، هتد) لقێکت بۆ دەکاتەوە کە دەتوانیت هەڵبژاردەی زیاتری تێدا هەڵبژێریت. بۆنمونە، پاش ئەوەی "هاوڕێیانی هەمان ناوچەی خۆت" هەڵدەبژێریت، ئەوکات دەتوانیت تۆڕێکی لۆکاڵی دیاریکراو لە لیستەکەدا هەڵبژێریت، بۆ ئەوەی تەنها هاوڕێکانی ناو کوردستان یان لوبنان ببینیت.

هەڵبژاردەکانی نیوەی خوارەوەی لیستەکە پشت بە وردەکاری هاوڕێیان دەبەستێت کە تۆ خۆت و هاوڕێکانت بۆتان زیادکردوە. بۆنمونە هەڵبژاردنی "هاوڕێیانی گەشت" ئەو کەسانە نیشان ئەدات کە تۆ خۆت لە وردەکاریەکاندا ئاماژەت بەوە داوە کە ئێوە پێکەوە گەشتتان کردوە.

بزانه ئەم لیستانه بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دروست دەبێتو پشت بە جۆری ئەو زانیاریانـە دەبەسـتێت کـە پێیـدراوە. ئەگـەر تـۆو هاوڕێکـەت درۆبکـەن لـەبارەی چـۆنیەتی یـەکتر بینینتـان یـان ئـەوەی هـیچ زانیاریـەك لـەو بـارەوە نـەدەن، ئـەوا دەرئەنجامێکی سەد لە سەدت دەستناکەوێت. بەشی لیستی هاوڕێیان بخوێنەرەوە، بۆ فێربونی چۆنیەتی دروستکردنی لیستانێك کە تۆ خۆت ڕێکیخەیتو بەڕێوەی بەیت.

## سیاسەتی هاوڕێ گرتن

ژمارەی گونجاوی هاوڕێیان چەندە لە فەیسبوك؟ وە ئایا دەکرێ هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانێکدا ببەسیت کە بەباشی نایانناسیت، یان لیستی هاوڕێیانت تەسك کەیتەوە سەر تەنها ئەو کەسانەی متمانەیان پێدەکەیت؟

بـە چەشـنی زۆربـەی پرسـیارەکانی تـری ژیـان، وەڵامـی ڕاسـت یـان هەڵـە بەشێوەیەکی ڕەها نییە بۆ ئەم پرسیارە – هەمو شتێك وابەستە بەوەی کە تۆ خۆت چی بەشتێکی ئاسودەبەخش دەزانیت.

هەنـدێ کـەس سـتایلێکی "روخـۆش" بـەکاردێنن، دەسـتبەجێ لەسـەر هـەمو دواکارییەکی هاوڕێیەتی ڕازی دەبن، وە بانگهێشت بۆ کەسانێك دەنێرن کە لە دورەوە سەرنج ڕاکێشن.

لەلایـەکی تـرەوە، کەسانێك هەن پێیانباشـە لیستەکەیان بە بچوکی بهێڵنـەوەو تەنها دۆستو کەسە ئازیزەکانی تیا جێ بکەنەوە – ئەو کەسانەی کە هەستدەکەن دەتـوانن لەسـەر دورگەیـەکی وشـکانیدا بەخۆشـی لەگـەڵیان بـژین. پێویـستیان بـە کەسانی نامۆو ناسراو نییە.

پاشان ئێمە، کە دەکەوینە شوێنێکی نێوان ئەم دوو سنورە باڵایە.

کاتێـك بەشـداریم لـە فەیـسبوکدا کـرد، پێمـوابـو لیـستی هاوڕێکـانم تـەنها ئـەو کەسـانەی تیادەبێـت کـە بـە باشـی دەیانناسـم. یەکـەم جـار کـە کەسـێکی نـامۆ داوای هاوڕێیـەتی بـۆ نـاردم، نەمـدەزانی چـی بکـەم. خۆشـبەختانە تـوانیم لـە ڕێگـەی

تەماشاکردنی هاوڕێ هاوبەشەکانمانەوە بزانم کە ئەم کەسە لە زانکۆدا هاوەڵم بو، هەستم بەخۆشی کرد پاش ئەوەی لەسەر داواکاریەکەی ڕازی بوم.

لەگەڵ بەردەوامبونی هاتنی دواکاری لەو جۆرە، زانیم کە من وەك پرۆگرامسازێك و وەرگێڕێك لە بەرژەوەندیم نییە کەسانێك ڕەتکەمەوە کە هەواداری کارەکەمن. بۆیە بڕیارمدا دۆسیەکەم بکەم بە شتێکی گشتی زیاتر لەوەی شتێکی تایبەت بێت، وە خۆم لە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانە لادەم کە لە ماڵپەڕە گشتیەکەمدا نامەوێت لە گەڵ تەواوی جیهاندا بەشداری پێبکەم. بەش بەحاڵی خۆم، بۆم دەرکەوت کە فەیسبوك شوێنێکی شازە بۆ ناسینی خەڵکی نوێ، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانتدا دەبەستیتەوە.

بێگومان ڕەنگە ئەزمونی تۆ جیاواز بێت. لەکۆتاییدا تەنها خۆت بڕیار ئەدەیت کە دەتەوێت لە چ گروهێك بیت: "روخۆشەکان" یان "کەم دۆستەکان". بەڵام بیرکردنەوە لەم پرسیارانەی خوارەوە دەتوانێت یارمەتیت بدات لەوەی بڕیار بدەیت کە تۆ لە چ گروهێکی کۆمەڵایەتی دەبیت.

١- ئایا خوڕەوشتی تۆ داخراوە یان کراوەیە؟

ئەگەر رۆژێك لە رۆژان تاقیکردنەوەی کەسایەتیت Myers-Briggs ئەنجام دابێت، ئەوا پێشوەخت بیرۆکەیەکی باشت دەبێت لەبارەی ئەوەی ئایا خوڕەوشتی تۆ داخراوە یان کراوەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئێستاش بپرسیت "Myers چی؟"، دەبێ بیرۆکەیەکت هەبێت سەبارەت بەوەی ئایا تۆ لەو کەسانەی کە حەز دەکەن سەدان هاوڕێ لەخۆیان کۆبکەنەوە یان لەو کەسە ئارامانەیت کە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا خوشحاڵترە.

بێگومان ئەگەر تۆ لە کۆمەڵگەدا کەسێکی شەرمن بیت ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لە ئەنتەرنێتیشدا هەر بەو شێوەیت. هەندێ کەس ئەنتەرنێت وادەبینن ئازادیان دەکات و زیاتر دەیانکاتەوە، هەست بە متمانەبەخۆبونێکی زیاتر دەکەن کاتێك بە نوسین دەربڕین لە خۆیان دەکەن. ئەگەر تۆ لەو کەسانە بیت کە لەسەر ئەنتەرنێت لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە دەکرێتەوە ئەوا ڕەنگە زۆر بەخێرا قەبارەی لیستی هاوڕێکانت لە فەیسبوکدا لە قەبارەی دەفتەری ئەدرەسەکەت زیاتر بێت.

**٢- تاچەند ئامادەیت لەم قۆناغەی ژیانتدا هاوڕێیەتی نوێ پەیدا بکەیت؟**
تەنانەت ئەگەر کەسێکی کۆمەڵایەتیش بیت، کەچی ڕەنگە پێشوەخت خۆت لەناو کۆمەڵێك کۆنە هاوڕێی ئازیزدا بدۆزیتەوەو کاتی تەواوت بۆ هەمویان نەبێت، بۆیە هەست بەوە ناکەیت کە پێویستە هاوڕێی نوێ بگریت.
لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر خۆت ڕاگوێزی کۆمەڵگایەکی نوێ کردبێت یان هەست بکەیت ژیانی کۆمەڵایەتیت پێویستی بە هەندێ وزەی نوێ هەیە، ئەوا گرتنی هاوڕێی نوێ دەبێتە یەکەمین هەنگاوەکانت.
**٣- تاچەند بەرپرسەکەت یان کارەکەت وەهات لێدەکات کەسێکی بەپارێز بیت؟**
هەواڵ گەلێکی زۆر هەیە سەبارەت بە کەسانێك توشی گرفت بون بەهۆی ئەوەی کە شتانێکیان لە دۆسیەکەیان لە فەیسبوك یان ڕوپەڕەکەیان لە My Space بڵاوکردۆتەوە کە شایەنی بڵاوکردنەوە نییە. هەندێ کۆمپانیا چاودێری کارمەندەکانی دەکات لەسەر ئەنتەرنێت - بە تایبەت ئەوانەی کە دۆسیەکانیان لە کاتی شێفتی کاردا بەکاردێنن.
ئەگەر هاوەڵەکانت یان بەرپرسەکەت لە فەیسبوکدا هەبن، ئەمە پاڵنەرێکی زیاترە لەبۆ ئەوەی دۆسیەکەت بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە برازێنیتەوە. تەنانەت ئەگەر لە خوێندنگەش بیت، یان لە کۆمپانیایەك کار نەکەیت، پێویستە پێشوەخت نەختێك بیرکەیتەوە. دەبێ هەموان بزانن کە خاوەن کارەکان دۆسیەی فەیسبوكو My Spaceـی ئەو کەسانە دەکەنەوە کە داوای کاریان کردوە، بەشوێن نیشانەیەکی مەترسیداردا دەگەڕێن بەر لەوەی بیر لە بڕیاری دامەزراندنت بکەنەوە.
بێگومان هەندێ پیشە هەیە پێویستی بەوە هەیە کە بەشێوەیەکی شۆخ وشەنگ و پرۆفیشناڵانە بێتە بەرچاو. ئەگەر میوزك ژەنیت یان سەرتاشیت یان ئەندازیاری دیکۆریت، پێدەچێ ئازادییەکی زیاترت هەبێت بۆ دەربڕین لەخۆت زیاتر لە کەسێك کە پزیشکە یان مافپارێزەو خەونی وایە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە داواکاری گشتی.
بێگومان، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەگەرانەی سەرەوەش لەتۆدا هەبێن ئەوا هێڵانەوەی لیستی هاوڕێیانت بە بچوکی تەنها ڕێگایەك نییە بۆ خۆلادان لە

کێشە. فەیسبوک دەستەیەک ئامرازی دیاریکراوت پێدەدات تاکو بتوانیت کۆنترۆڵی وێنەو زانیاریەکانی دۆسیەکەت بکەیتو خۆت بڕیاربدەیت کە کێ دەتوانێت سەیریان بکاتو کێ ناتوانێت (بۆ زانیاری تەواو لە بارەی توخمەکانی کۆنترۆڵکردن بەشی ٤ بخوێنەرەوە).

**٤- ئایا بژێوی ژیانت وابەستە بە پەیوەندیە گشتیەکانەوە؟**

هەندێ پیشە هەیە پشت بەوە دەبەستێت کە بچێتە دەرونی کەسانی دیکەوە. ئەگەر میوزک ژەنیت یان ئەکتەریت یان نوسەر، ئارەزوت دەبێ جەماوەرێك هەوادار بۆ خۆت بونیات بنێیت، وە گشت ئەو هاوەڵو ئاژانسو بەرهەمهێنەرو دەرهێنەرو سەرنوسەرانە لەخۆت ئاگادارکەیت کە دەتوانن داتمەزرێنن. فەیسبوك دەتوانێت ڕێگەیەکی نایاب بێت بۆ ئەوەی بچیتە دەرونی کەسانی دیکەوە.

بە هەمان شێوە، ئەگەر کارمەندیت یان بەرهەمهێنیت، فەیسبوك دەتوانێت یارمەتیت بدات لەوەی هەمیشە لە پەیوەندیدابیت لەگەڵ کڕیارو هاوەڵەکانتو ئەوەلای ئەندامانی تری تۆڕە پیشەیەکەت، بۆ ئەوەی یەکەم کەس بیت بە خەیاڵیاندا بێت کاتێك پێویستیان بە دامەزراندنی کەسێك هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کەسایەتیەکی گشتیتو ژمارەیەکی زۆر هەوادارت هەیە یان کۆمپانیایەك بەڕێوەدەبەیت کە پێویستی بە ڕەواج بۆکردنێکی پرۆفیشنالانە هەیە، ئەوا بیر لەوە بکەرەوە ڕوپەڕیەکی فەیسبوك دروستکەیت بۆ هەوادارانو کڕیارانت، دۆسیەیەکیش تایبەتکەیت بە تەنها هاوڕێ تایبەتەکانت. بەشی ١١ بخوێنەرەوە بۆ زانیاری وەرگرتن لەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی، وە چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە پێشکەوتوەکانی لەبۆ پەیوەندیکردن بە هەوادارانو پاڵپشتانو کڕیارانەوە.

لە هەردوو دۆخدا، دەبێ بیر بکەیتەوە ئایا ئامادەبونت لەسەر فەیسبوك چۆن دەتوانێت سود بە کارەکەت ببەخشێت، وە تاچەند دەتەوێت تایبەت دەرکەویت یان گشتی.

٥- هیچ شتێکت هەیە دەتەوێت لە فەیسبوکدا ڕەواجی بۆ بکەیت، وە ئایا ئەوە بەشێکی گرنگە لە هۆکاری بەشداربونت لە فەیسبوك؟

ئەمە پەیوەندی بە پرسیاری پێشوەوە هەیە - بەڵام ئەگەر کتێبێك یان فیلمێکت هەیە دەتەوێت بیفرۆشیت، یان تۆمارکراوێکت هەیە دەتەوێت ڕەواجی بۆ بکەیت، یان پیشەیەکی ئازادت هەیە دەتەوێت بەمزوانە لێی دەستبەکاربیت، یان هەر شتێکی تر کە بتەوێت خەڵکی شەو ڕۆژ باسی بکەن، گەورەکردنی لیستی هاوڕێیان دەتوانێت ژمارەی ئەو جەماوەرت زیادبکات کە بەئاگا دەبێت لە نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت، تێبینیەکانت لە فەیسبوك، ئەو فیلمە ڤیدیۆیانەی نمایشی دەکەیت، وە گشت ئەو جاڕنامانەی تری بڵاوی دەکەیتەوە.

٦- ئایا کەسانێکی ڕابردو (یان ئێستا) هەن کە تۆ ناتەوێن بتدۆزنەوە؟

هەندێ جار کەسانێك هەن هۆکاری شەرعی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی حەزبکەن کەس نەیاندۆزێتەوە. ڕەنگە هاوسەرەکەی پێشوت کەسێکی خراپ بێت و گرفتت بۆ دروستبکات. ڕەنگە ئارەزو بکەیت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵی کەس نەکەیت و ئامادە نیت ڕۆژگاری خوێندنی ناوەندیت وەبیربێتەوە. یان ڕەنگە لەدۆسیەیەکی زۆر گرنگدا گەواهێکی سەرەکی بیت.

بەپێی جددیەتی هۆکارەکانت، ڕەنگە حەزبکەیت کەمێك زیاتر بیربکەیتەوە لەوەی ئایا ئەصڵەن پێویستە لە فەیسبوکدابیت، دەشتوانیت لە بەشی ٤ کەڵك لەو زانیاریانە وەرگریت سەبارەت بە چۆنیەتی توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت.

وەلێ گرنگیشە بزانیت کە کاتێك لیستی هاوڕێکانت گەشە دەکات، ئەوا کۆی هاوڕێی هاوڕێکانیشت گەشە دەکات، ئەمەش ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە یەکێ لە کۆنە ناسراوەکانت لە دۆسیەی هاوڕێیەکی هاوبەشدا بتدۆزێتەوە. بۆیە ڕەنگە بەرتەسككردنی لیستی هاوڕێکانت یارمەتیدەر بێت لە نائاشکرابونت.

٧- تا چەند لەسەر ئەنتەرنێت چێژ لە تێکەڵی وەردەگریت؟

هەندێ کەس بۆ چات و ئیمێڵ و نوسین لەدایکبون - لەکاتێکدا هەندێ کەس پێیان باشترە ڕوبەڕو تێکەڵی خەڵك بکەن یاخود بە بەکارهێنانی تەلەفۆن.

تاچەند لیستی هاورێکانت گەورە بێت هێندە ئەگەری ئەوە زیاد دەکات گەزین Pokeو نامەو بڵاوکراوەی سەر دیوارت بۆ بێت.

من بەش بەحاڵی خۆم زۆر چێژ لەو شتانەی فەیسبوك وەردەگرم – جا ئەگەر وانەبوایە ئێستا کتێبم لەو بارەوە نەدەنوسی. من حەز دەکەم لە هاورێیانی کۆلێژەوە بڵاوکراوەم بۆ بێت، گەزینم لە هاورێ پێشوەکانمەوە بۆ بێت.

بەڵام من دوو هاورێی خۆم دەناسم بڕیاریاندا فەیسبوك جێبهێڵن تەنها لەبەر ئەوەی پێیانخۆش نەبو وەڵامی هەمو ئەو نامانە بدەنەوە کە لە هەگبەی Boxes پۆستەکەیاندا کەڵەکەی کردبو، یان هەستیان دەکرد ناچارن بەوەی وەڵامی سەرجەم ئەو گەزینانە Poke بدەنەوە کە لە هاورێکانیانەوە بۆیان دەهات.

بۆیە ئەگەر تۆ کەسێکیت ڕقت لە نوسینەو حەزت لە گفتوگۆیە، دەتوانیت لیستی هاورێیانت بەبچوکی ڕاگریت تاوەکو ڕێ بە ژمارەی ئەو نامانە بگریت کە وەریدەگریت.

لەلایەکی ترەوە، لەم دۆخەیاندا کۆنترۆڵکردنی ژمارەی هاورێیان تەنها هەڵبژاردەیەکت نابێت بۆ ئەوەی شتەکان لەژێر کۆنترۆڵدا بهێڵیتەوە. هەناسەیەکی درێژ هەڵبکێشەو ئەمانەت لەبیربێت:

- ناچار نیت بەوەی وەڵامی هەمو کەسێك بدەیتەوە تەنها لەبەر ئەوەی لە لیستی هاورێیانتدایە (ئەگەر هاورێیەتیەکەت بەرگەی وەڵام نەدانەوەی گەزینێك Poke نەگرێت، ئەوا لەسەر بنچینەی بەهێز پێی دانەکوتاوە).
- هیچ یاسایەك نییە بڵێت ناچاری بەوەی وەڵامی نامەیەك بە هەمان ئامراز بدەیتەوە کە بۆت هاتوە. ئەگەر پێت باشبێت کۆمێنتی هاورێیەکت لەسەر دیوارەکەت بە تەلەفۆن وەڵام بدەیتەوە، ئەوا مافی خۆتەو لانی کەم ئەویش زۆری پێخۆش دەبێت.
- دەتوانیت هەر بەکاربەرێك ڕەتکەیتەوە کە دەبێتە مایەی بێزاریت.
- تەنانەت دەشتوانی دواکاری هەرکەسێك کە بتەوێت قەدەغەو یاساغ بکەیت ئەگەر هەست بکەیت کە ئەو بەشتانێك بێزارت دەکات کە تۆ هیچ بەلاتەوە گرنگ نییە.

٨- توانای بەڕێوەبردنی کاتت چۆنە؟
دوگمەیەکی بەربڵاو هەیە لە بەکاربەری Pieces of Flair دەڵێت "فەیسبوک – بەهەرحاڵ بۆچی دەتەوێت بچیتەدەر".

ڕاوەستە، ئێمە لە سەدەی بیست و یەکداین. تەنانەت منداڵێکی شیرەخۆریش وایلێهاتوە هەست بەوە دەکات سەرقاڵەو کات کەمە. فەیسبوک دەتوانێت ببێتە بەشێك لە رژێمێکی هاوسەنگی تەندروست (وەك حەبی نێو ریکلامە بازرگانیەکان کە هەمو بەیانێك لە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێت)، وە لەگەڵ نەختێك خۆکۆنترۆڵکردن و میانڕەویدا، دەتوانیت نەمامەکەی نێو فەیسبوکت بەخێوبکەیت و بەردەوامیش بیت لە هەلمژینی بۆنی گوڵی ڕاستەقینە بەر لەوەی خۆر لەوردیوی ئاسۆکانەوە ئاوا ببێت.

بەڵام گومان لەوەدا نییە کە دەشێ فەیسبوك ببێتە شتێکی خوپێوەگیراو، جا ئەگەر دەزانیت کە ڕەنگە مانەوەی زۆرت لەسەر فەیسبوك زیان لەکارو ژیانی ڕۆژانەت ئەدات، ئەوا تەسککردنەوەی قەبارەی هاوڕێیانت لەسەر ئەنتەرنێت ستایلێکی ماقوڵ دەبێت.

## چۆنیەتی گەورەکردنی لیستی هاوڕێیانت

ئەگەر کەسێکی کۆمەڵایەتیت، وە دەتەوێت پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی ڕاستەقینەی ناو فەیسبوکەوە بکەیت، زۆر دڵخۆش دەبیت کاتێك دەزانیت کە فەیسبوك زۆرێك ڕێگەی نایابت بۆ دابین دەکات بۆ دۆزینەوەیان و پەیوەندی بەستن لەگەڵیان.

## ئەو کەسانەی کە ڕەنگە بیانناسیت

یەکێ لە باشترین ئامرازەکانی فەیسبوك بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکانت لەسەر پەڕەی سەرەکی: ئامرازی "کەسانێك کە ڕەنگە بیانناسیت" people you may know.

بزانە چۆن کاردەکات: کاتێك کە ژمارەیەکی دیاریکراو هاوڕێی هاوبەشت لەگەڵ ئەندامێکی تری فەیسبوکدا هەیە، سیستەمەکە پێیوایە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئێوە ڕەنگە یەکتر بناسن. بۆیە فەیسبوك بەردەوام چەند کەسێکت نیشان ئەدات کە هەڵگری هەمان پێوەری تۆن (کە زانیاری خوێندنگەو کار لەخۆدەگرێت).

چوارگۆشەی "کەسانێك کە ڕەنگە بیانناسیت" people you may know لە پەڕەی سەرەکیدا تەنها چەند ئەگەرێکت نیشان ئەدات – ئەگەر بتەوێت ڕێژەیەکی زیاتر لەو کەسانە ببینیت کلیك لەسەر "تەماشاکردنی هەموان" see all بکە.




ئەوە دەتبات بۆ پەڕەی "گەڕان بەشوێن کەسانێك لە فەیسبوکدا دەیانناسیت". لە ناوەڕاستی پەڕەکەدا لیستێکی گەورە لە هاوڕێی ڕێتێچو دەبینیت. ئەگەر کەسێکی ناسراوت بینییەوە، کلیك لەسەر "دانانی وەك هاوڕێیەك" add as friend بکە بۆ



ناردنی داواکاری هاوڕێیەتی.

ئەگەر دڵنیا نەبویت لەوەی دەیناسیت یان نا، کلیك لەسەر ناوەکەی یان وێنەکەی بکە تاکو تەماشای دۆسیەکەی بکەیت (ئەگەر دۆسیەی ئەو کەسە یاساغکراو بو، فەیسبوك چوارگۆشەیەکت بۆ دەکاتەوە کە تێیدا زانیاریە سەرەکیەکانت نیشان ئەدات وەك هاوڕێ هاوبەشەکانتان).

ئامرازی "کەسانێك کە ڕەنگە بیانناسیت" people you may know هەرچەندێ پەڕەکە نوێ بکەیتەوە کۆمەڵێك کەسی ترت نیشان ئەدات. بۆیە چاوت لەسەر ئەو ئامرازە جێگیرکەو بە ئارەزوی خۆت چەند جارێك پەڕەکە داونڵود بکەرەوە ئەگەر دەتەوێت کەسانێکی زیاتر ببینیت. ئەگەر دەتەوێت لیستی هاوڕێیانت بونیات بنێیت، ئەوا دەبێت ڕابێیت لەسەر سەردانکردنی پەڕەی "گەڕان بەشوێن کەسانێك لە فەیسبوکدا دەیانناسیت" بۆ ئەوەی بزانیت ئەو کەسانە کێن کە فەیسبوك پێشنیاری دەکات بۆت.

## بگەڕی هاوڕێ

ئامرازی بگەڕی هاوڕێ دەکەوێتە پەڕەی "گەڕان بەشوێن کەسانێك لە فەیسبوکدا دەیانناسیت". دەتوانیت زۆر بەئاسانی لە پەڕەی سەرەکییەوە بۆی بچیت کە دەکەوێتە لای خواروی ستونی چەپەوە.

ئەگەر ئیمێڵێك بەکاربێنیت لەگەڵ ماڵپەڕێکدا هەماهەنگ بێت، ئەوا ئەم ئامرازە بەسودە دەتوانێت لە دەفتەری ئەدرەسەکانیشتدا بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی ئەو هاوڕێیانەت کە پێشتر بەشدارییان لە فەیسبوکدا کردوە. لەڕێگەی ئەدرەسە ئەلیکترۆنیەکەیانەوە دەیانناسێتەوە. ئەو بە هەماهەنگی لە گەڵ هەمو ئەم ماڵپەڕانەدا کار دەکات: yahoo, Hotmail, Aol, Gmail, msn, Live.com, Comcast.

نهێنی سەرکەوتنی ئەم ئامرازە ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت ئەدرەسی ئیمێڵەکەت و وشەی پەڕینەوەت بنوسیتەوە password – فەیسبوکیش بەشێوەیەکی کاتی ڕێگەت ئەدات لەوێوە بگەیتە هەژمارەکەت. فەیسبوك بەڵێنی ئەوەمان پێدەدات کە ئەو

زانیاریانە لەلای خۆی گل ناداتەوە، بەڵام ئەگەر دڵنیارام نەبویت سەبارەت بەم کارە ئەوە دەتوانیت ئەم ئامرازە بەکار نەهێنیت.




دەشـتوانیت پاسـۆردەکەت نەنوسـیتەوەو کلێـك لەسـەر "دابەزانـدنی فـایلی پەیوەنـدیکردن" بکـەیت، کـە ڕێگـەت ئـەدات دەفتـەری ئەدرەسـەکانت لـە ڕێگـەی بەرنامەیەکی وەك ئاوتلۆك outlook ـەوە لـە فەیسبوکدا دابـەزێنیت (کلێك لەسـەر "چونیەتی دروستکردنی فایلی پەیوەندی" بکە بۆ خوێندنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو بەرنامەی بەکاری دێنیت).

بەهـەمان شێوە، ئەگـەر بەرنامـەی نامـەی خێـرا بـەکار دێنیـت، دەتوانیـت ڕێگـە بدەیت فەیسبوك چاوبخشێنێ بە لیستی هاوڕێکانـت لـە چات یان لیستی پەیوەندی ویندۆز لایڤ تا ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە لەفەیسبوکدا بەشدارن.

## بانگهێشتەکان

وەك پێـشتر لـەم بەشـەدا باسمـانکرد، دەتوانیـت لـە پـەڕەی سـەرەکیدا "بانگهێشتکردنی هاوڕێیـان" بەکاربێنیت بۆ ناردنی بانگهێشت بۆ ئەو کەسانەی لە فەیسبوکدا خۆیـان تۆمـار نـەکردوە تـاکو بێن و بەشـداری بکـەن. دەتوانیـت لیـستێك

دروستکەیت و ئەدرەسی ئیمێڵەکانیان بنوسیتەوە، پاشان یەك لەدوای یەك بەشوێنیاندا بگەڕێیت، دواتر ئەگەر دڵنیابویت بەشدارییان نەکردوە بانگهێشتیان بۆ بنێریت.

## دروستکردن و بەکارهێنانی لیستی هاوڕێیان

تۆ پێشوەخت هاوڕێ و ناسراوەکانت لە چەند بڕگەیەکدا جیادەکەیتەوە. ڕەنگە کۆمەڵێك هاوڕێی کۆنت لە خوێندنگەی ناوەندی هەبێت، کۆمەڵێك هاوڕێی تر چێژ لە گفتوگۆیان وەرگریت، کۆمەڵێك هاوڕێی تری ناو ئەو یانە وەرزشیەی وەرزشی تێیدا دەکەیت.

ئەو گروپانە بەکەڵك دەبن کاتێك دەتەوێت بۆنەی کۆمەڵایەتی ڕێکخەیت. لیستی هاوڕێکانت کت ومت هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینە، دەتوانێت یارمەتیت بدات لەوەی چاودێری گشت ئەو گروهانە بکەیت کە هاوڕێکانت تێیدا بەشدارن – هەیانە یەکتر دەناسن، هەیانە دەبێ بە یەکتریان بناسێنیت.




لە بەشەکانی داهاتودا چۆنیەتی بەکارهێنانی لیستی هاوڕێکانت بەچەند ڕێگایەکی بەکەڵك بۆ ڕون دەکەمەوە – بۆ گرنگیدان بەو کەسانەی دەتەوێت لە بۆنەیەکی سەر فەیسبوکدا بانگهێشتیان بکەیت، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی

دەتـەوێت ژمـارەی مۆبایلەکـەت ببیـنن، بـۆ دانـانی هێمـا لەسـەر ئـەو هاوڕێیانـەی کـە دەتەوێت ڕۆژانە یان هەفتانە چاو بە دۆسیەکەیاندا بخشێنێت.

لـە ئێستادا بابچینە سـەر چۆنیەتی دروسـتکردنی لیـستێکی نـوێی هاوڕێیـان. یەکەم، کلێك لەسەر وشەی "هاوڕێیان" friend بکە کە دەکەوێتە سەر پتیلەی شین. دەچیتە پەڕەی سـەرەکی هاوڕێکانـت، لیـستی "هـەمو هاوڕێیـان"ـیش لـەجێی خـۆی دانراوە. لە ستونی لای ڕاستەوە ئەو لیستانە دەردەچێت کە تۆ دروستیان دەکەیت. کلێك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی لیستێکی نوێ" بکە بۆ دروسـتکردنی لیستێکی تر.

+ Create a List

Search Friends

یەکـەم هـەنگاو بـە ناونـانی لیـستە نوێیەکـەت دەسـت پێـدەکات، بۆیـە خانەیـەك دەکرێتەوە دەتوانیت ناوەکەی تێدا بنوسیت. با ناوەکە کورت بێت ئەگـەرنا فەیسبوك خۆی لێی دەپچڕێ تاکو لە ستونەکەدا جێی بێتەوە، دڵنیاش بە لـەوەی ناوەکە ڕونـەو دواتر وەهات لێ ناکات سەر بخورێنیت.



دووەم هـــەنگاو ئەوەیـــە هەنـــدێك هاوڕێـت بخەیتـە نێـو لیستەکەوە. دەسـت بکـە بەنوسـینی یەکـەم نـاو کـە دەتـەوێت بیخەیتە نـاو لیستەکە – هـەر ئەوەنـدەی لـە ناوەکـەت تێـدەگات فەیـسبوك پێـشنیاری کەسانێکی ناسـراو دەکـات تـاکو بیانخەیتـە لیستەکەوە. ناڕاسـتەکان بەکاربێنـە بـۆ هەڵبـژاردنی پێشنیارەکان، یـان کلێـك لەسـەر Enter بکە ئەگەر تەنها یەك هەڵبژاردەبو.

دەتوانیـــت نزیکـــەی ١٠٠ لیـــستی هـــاوڕێی جۆراوجـــۆر پێکبێنیـــت، هـــەمو لیستێکیش دەتوانێت ١٥٠٠ هاوڕێ لەخۆ بگرێت.

ئەگـەر لیـستەکە لـە ٢٠ کـەس کـەمتری لـەخۆ گرتبـو، دەتوانیـت بەشـێوەیەکی ئاسان بۆ ناردنی نامە بەجارێك بەکاری بێنیت. تەنها کلێك لەسەر "ناردنی نامە بۆ ئەم لیستە" بکە کە دەکەوێتە خواری هەمان لیستەوە. وەگەر لیستەکە زیاتر لە ٢٠ کەسی لەخۆگرتبو، نامەیەکی هەڵەت بۆدێت ئاگادارت دەکات و دەڵێت ئەم قەبارەیە گەورەیە. دەتوانیت لەبۆ ناردنی نامە بیکەیت بە چەند لیستێکی بچوکتر – بەو هۆیەش کەوا دوبارەبونەوەی هاوڕێیەك لە چەند لیستێکدا ئاساییە، ئەوا هیچ پێویست بەوە ناکات لیستە سەرەکیەکە بسڕیتەوە بەر لەوەی لیستی بچوك دروست بکەیت.

هەر بەو بۆنەوە بزانە کە هاوڕێکانت بە هیچ شێوەیەك نازانن تۆ لە چ لیستێکدا داتناون، بۆیە ئەگەر بڕیارتدا لیستێك دروستکەیت بە ناوی "هاوڕێ خوێڕیەکانمەوە" یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوا بەهیچ جۆرێك ئەوان بەم کارە نازانن.

## ببمە هاوڕێی یان نەبم – ئەوەیە پرسەکە

فەیـسبوك هەنـدێ جـار دووچـاری هەنـدێ گیروگرفتـی ناچـاوەڕوانکراو و هەسـتیارت دەکاتـەوە. زۆرێـك داواکـاری هاوڕێیـەتیت لـە ئـازیزترین هاوڕێیـانی ئێستاتەوە پێدەگات، هەندێ بانگهێشتی ناچاوەڕوانکراویش لەلایەن کەسانێکەوە لەمێژە پەیوەندیت لەگەڵیاندا پچڕاوە.

بـەڵام هەنـدێ داواکـاری هاوڕێیـەتی تـرت پێدەگات وەهـات لێدەکات نـەختێك بیربکەیتـەوە. ئایـا دەبـێ ببیتـە هـاوڕێی بەرپرسـەکەت لـە فەیسبوك؟ یـان خەسـوت و خەزورەت؟ یاخود هاوژورە کۆنەکەت لە زانکۆ؟ یان ئەو کوڕە شەڕەنگێزەی خوێندنگا کە بەبێ هیچ هۆکارێك لێی ئەدایت و ئێستا دەیەوێت کاروبارەکان چاکبکاتەوە؟

کەسانێکی نامۆی روخۆش هەن کە لە پەڕەی "داواکاریەکان"ـتدا دەردەکەون. ڕەنگە دواتر دەرکەوێت کە ئەوان کەسانێکی نایابن و خۆشحاڵ بیت بەوەی ئەوانت ناسیوە، بەڵام ڕەنگە بەپێچەوانەشەوە دواتر دەرکەوێت کەسانێکی خراپن. پێویستە لەسەر تۆ چی بکەیت؟

سەبارەت بە بەرپرسەکەت، بەشی ١٢ بخوێنەرەوە بۆ وەرگرتنی هەندێ بیرۆکە لەم بارەوە. سەبارەت بە نامۆکانیش، سەرنجی "مەترسی نامۆیان" بخوێنەرەوە کە پێشتر لەم بەشـەدا ئامـاژەی پێدرابو. سـەبارەت بـە داواکاریـە هاوڕێیەتیـەکانی تـر،

تاڕادەیەکی زۆر هەمان ئامۆژگارییە کە سەبارەت بە نامۆیان ئاماژەمان پێدابو:

١- کاتی خۆت وەرگرە بۆ بیرکردنەوە.

٢- بەباشی چاو بە دۆسیەکەیدا بخشێنە.

٣- زانیاری لە هاوڕێ هاوبەشەکانەوە وەربگرە.

پاش ئەوەی لە هەمو ئەمانە تەواو دەبیت، فایلو زانیاریە بەردەستەکان بەو کۆمپیوتەرە بیۆلۆجیە شیبکەرەوە کە پێیدەوترێ "مێشك" تاکو بزانین بە چ وەڵامێك دەگەیت.

لەبیرت بێت کە باجی کۆمەڵایەتی پشتگوێخستنی هاوڕێیەتییەك ڕەنگە کەمتر بێت لە باجی هاوڕێ گرتن لە گەڵ کەسێکداو پاشان سڕینەوەی. هەروەك Cory Doctorowـی نوسەر لە وتارێکیدا لە هەفتەی زانیاری دەڵێت "لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە شتێکی ناخۆشە گەر داواکاری هاوڕێیەتی کەسێك ڕەتکەیتەوە – بەڵام سڕینەوەی کەسێك لە لیستی هاوڕێیانت ئەوە لەڕوی پراکتیکییەوە ڕاگەیاندنی جەنگە".

لە جیهانی ڕاستەقینەدا سروشتی کەسەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر دەگەوڕێت. ڕەنگە یەکێ لە کەسەکان تێبینی ئەوە نەکات کە تۆ داواکاری هاوڕێیەتیت پشتگوێ خستوە، لەکاتێکدا کەسێکی میلۆدرامی تر وادائەنێ کە ئەو ڕەتکردنەوەیە نکوڵی کردنە لە بەهای ئەو وەك مرۆڤێك.

بێگومان ناتوانیت هەستی کەسانی تر کۆنترۆڵ بکەیت، دەبێ ئەو کارە بکەیت کە خۆت بە گونجاوی دەزانیت لەگەڵ خۆشگوزەرانی خۆتو سەلامەتی ئەڵقتدا. وەلێ شایەنی ئەوەیە بۆ ساتێك ڕامێنیت بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاریەکانت لەبارەی ئەو کەسەوە، تاچەند خێرا بریندار دەبێت، تاچەند گرنگی بە ڕازیکردنی دڵی ئەو ئەدەیت.

بەهۆی ئەزمونم لە فەیسبوك ڕێسایەکی باش دەزانم ئەویش ئەوەیە: هەتاکو ئەو کەسە کەمتر بناسیت، هێندە کەمتر قەرزارباری دەبیت. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەندێ جار باشترین هاوڕێیانمان – وە باشترین ناسراوی پیشەییمان – ئەو کەسانەن کە تازە دەیانناسین.

4

# تایبەتمەندیو پاراستن

ئەگەر گوێ لەهەواڵ بگریت، دەزانیت کە تایبەتمەندیو پاراستن پرسگەلێکی زۆر گرنگن لەسەر ئەنتەرنێت – بە تایبەتی لە جیهانی پێکەوە بەستنی کۆمەڵایەتیدا هەر فرە ڕاستە. لە ماڵپەڕێکی وەك فەیسبوكو MySpace، دەکرێ توشی شوناس دزینو دەستبڕین ببیتەوە، وەك چۆن لە بازاڕکردنی سەر ئەنتەرنێت یان ماڵپەڕە بانکیەکان ڕوئەدات. بەڵام لە ماڵپەڕی پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتیدا خۆت توشی شەرمەزاری دەکەیت ئەگەر وردەکاری هەڵە بۆ کەسی هەڵە ئاشکرا بکەیت. بەو هۆیەی کەوا فەیسبوك ڕوپەڕێکە بۆ پەیوەندیکردنو بەشداریپێکردنی زانیاری، پێدەچێ ئاسان بێت هێڵەکە ببەزێنینو قەبارەیەکی زیاتر لە زانیاری ئاشکرابکەین. ئەصڵەن هەندێ جار بە زەحمەت دەزانین هێڵەکە خۆی لەکوێدایە.

بەڵام مەترسە. هەر کەمێك خۆپارێز بیت، هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ئەو چەند کاتەی لەسەر فەیسبوك دەیبەیتە سەر مەترسیدارتر بێت لە بردنە سەری شەوێك لەگەڵ هاوڕێکانت لە جێشتخانە. لە هەردوو دۆخدا، زۆر گرنگە زرنگیو هۆشیاری خۆت بپارێزیت، لەسروشتی ئەو زەمینەیە تێبگەیت کە تێیدایت، بیربکەیتەوە بەر لەوەی زانیاری بۆ کەسانێك بخەیتە ڕو کە بەباشی نایانناسیت.

لەم بەشەدا چەند تێبینیو سەرنجێکت پێدەدەم سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان دەربڕین لەخودو نێوان دەمپارێزی، هەروەها ئەو ئامادەکاریانە شیدەکەمەوە کە فەیسبوك پێتی دەبەخشێت بۆ هاوکاری کردنت لە پاراستنی تایبەتمەندیەکانت. بەڵام بەر لەوەی باس لە ئامرازەکانی تایبەتمەندیو

پاراستن بکەین لە فەیسبوک، با پێکەوە باس لەو ئامرازانە بکەین کە خۆت هەتن: لۆژیکی ساغت.

## گەردێك خۆپاراستن باشترە لە کینتارێك توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندی

زۆربەی کەسەکان کەسایەتییان لە چەند لایەنێك پێکهاتوە – زۆر جاریش هەمو ئەو لایەنانە لە گەڵ گروپی جۆراوجۆری خەڵکیدا بەشدار دەکەن. ڕەنگە قسە لەبارەی مۆسیقاوە بکەیت بۆ کەسانێك کە هەڵگری هەمان ئارەزوی مۆسیقی تۆن، باسی وەرزشیش لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی تردا بکەیت. ڕەنگە خۆت لادەیت لە قسەکردن لەسەر سیاسەت یان ئاین لەگەڵ هەندێ هاوڕێدا چونکە دەزانیت کە ئەوان هاوڕا نین سەبارەت بەم بابەتانە.

بەڵام هەمو هاوڕێیانت لە فەیسبوك هەمان کەسایەتی دەبینن، کە پێکهاتوە لە چەند بەشێك لەو کەسایەتیەی لە فەیسبوکدا بۆ دەربڕین لەخۆت بەکاری دێنیت. مەگەر توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت لە فەیسبوك بەکاربێنیت تاکو بەپارێزەوە گروپە کۆمەڵایەتیەکانت جیابکەیتەوە، هەر وەك لەم بەشەدا باسی دەکەین، ئەو هاوڕێیانەت کە مشتومڕی سیاسیان لەگەڵدا ناکەیت کۆمێنتە سیاسیەکانت دەبینن. هەروەها ڕەنگە ئەو هاوڕێیانەت کە ئارەزویەکی مۆسیقی جیاوازیان هەیە لە تۆ بۆیان دەرکەوێت کە تۆ زۆرت حەز لەدەنگی فەیروزە.

ئەندامانی خێزانو هاوڕێیانیش لە فەیسبوکدا تێکەڵ دەبن. ڕەنگە کۆمەڵێك هاوڕێت هەبێت حەزبکەیت کۆمێنتی پێکەنیناویو گاڵتەئامێزیان بۆ بنوسیت بەڵام حەزناکەیت دایکت بیبینێت، بەڵام ئەگەر لە لیستی هاوڕێکانتدا بێت لە فەیسبوك، ئەوا بە باشی دەیبینێت.

چەندەها ڕێگای ئەکادیمیو پیشەییش هەیە بۆ دەربڕینکردن لە خۆت لە فەیسبوك. چونکە چەندان زانکۆ هەندێ خوێندکاری وەرنەگرتوە بەهۆی ئەو شتە ناشیاوانەی کە لە فەیسبوكو My spaceدا بڵاوی کردونەتەوە، خاوەن کارەکانیش چاو بە دۆسیەی ئەو کەسانەدا دەخشێنن کە داوای کاریان پێشکەش کردوە.

چاتکردن لەبارەی بارودۆخی ئێستای ئۆفیسەکەشت ڕەنگە گرفتێکی گەورەت بۆ دروست بکات: ئەگەر بەرپرسەکەت هاوڕێی یەکێ بێت لەو کەسانەی بەشدارن لە چاتەکە، دەتوانێت گوێ لە هەمو قسەکانتان بگرێت.

مەرج نییە ڕێگە بدەیت ئەم ئەگەرو پێزانینانە ببنە هۆی خنکاندنی دەربڕینت لەخۆت لە فەیسبوك، بەڵام کاتێك کە شتێك بڵاو دەکەیتەوە، وابێنیە بەرچاوت کە تۆ لە ئاهەنگێکدایت لە گەڵ کۆمەڵێك کەسی جیاوزادا قسە دەکەیت، نەك لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئازیز لەکاتی نانخواردندا لە مەتبەخەکەت.

ڕاستە توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت لە فەیسبوك ئەوەت بۆ فەراهەم دەکات کە بتوانیت کۆنترۆڵی ئەوەت لەدەستدا بێت کە کێ چی ببینێت و کێ نەیبینێت، بەڵام مەهێڵە ئەو توندوتۆڵیە چەواشەت بکات و هەست بکەیت پارێزراویت. ئەو قسەو وێنانەی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکرێتەوە ستایلێکی تایبەتی هەیە بۆ گەیشتن بە جەماوەرێکی بەرفراوانتر لەوەی خۆت مەبەستە، دوای ئەوەی ئەوە ڕوئەدات، هەوڵی گێڕانەوەی یان کوژاندنەوەی وەك هەوڵی گێڕانەوەی دەرمانی ددان وایە بۆ نێو قابلۆخەکەی.

لە ڕاستیدا تەنها ڕێگایەکی گەرەنتیکراوی ڕەها بۆ ئەوەی تەنها کەسە مەبەستەکان ئەو وێنە یان ئەو ڤیدیۆ یان ئەو شۆخیە ببینن ئەوەیە: هەر لە بنەڕەتدا بڵاوی نەکەیتەوە لەسەر ئەنتەرنێت.

سیاسەتی نهێنی پارێزی فەرمی لە فەیسبوکدا بەمشێوە ئەدوێت: "سەرباری ئەوەی ئێمە هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنین کە تایبەتمەندیەکانت توندوتۆڵ بکەیت و نەهێڵیت کەس بگاتە پەڕەکانت، تکایە وریابە لەوەی کە هیچ ڕێگاگرتنەبەرێکی ئاسایشی نمونەیی شاز نییە کە نەتوانرێ ببەزێنرێت. ناتوانین ئەو بەکارهێنەرانەی تر کۆنترۆڵکەین کە تۆ ڕەنگە هەڵیانبژێریت بۆ بەشداریپێکردنی زانیاری پەڕەکانت لەگەڵیان. بۆیە ناتوانین بەڵێن بدەین و بەڵێنی ئەوەش نادەین کە ئەو ناوەڕۆکەی لەسەر ماڵپەڕەکە بڵاوی دەکەیتەوە هیچ کەسی تر نایبینێت جگە لە ڕێگەپێدراوان".

بە واتایەکی تر، ئامرازەکانی تایبەتمەندی و پاراستن لە فەیسبوکدا دەتوانێت بەشێوەیەکی گەورە ئەگەری ئاشکرابونی زانیاریەکانت لە بەرچاوی کەسانێکی هەڵەدا *کەمبکاتەوە*، بەڵام ناتوانێت بەشێوەیەکی یەکجاری ئەو ئەگەر دوربخاتەوە. ڕەنگە

گشت چوارگۆشەکانی هەڵبژاردنت هەڵبژاردبێت بۆ چالاککردنی هەمو ڕێگاکانی توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت لە فەیسبوک، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ زانیاریەکانت دور بڕۆن. بۆنمونە، پێدەچێ هاوڕێیەکی متمانە پێکراو بێئاگابێت لەوەی یەکێ لەو وێنانەی تۆ بڵاوتکردۆتەوە مەبەست لێی ئەوەیە کە تەنها جەماوەرێکی دیاریکراو بیبینن، ڕەنگە لە شوێنێکی دیکەدا بڵاوی بکاتەوە یان بە ئیمێڵ بۆ هەندێ هاوڕێی هاوبەشی بنێرێت – یان کەسانێك کە تەنانەت نایانناسیت.

ئەوەشت لەبیربێت کە پیاوانی یاسا دەتوانن مۆڵەت لە دادگا وەرگرن بۆ تەماشاکردنی زانیاریەکانی دۆسیەکەت لە فەیسبوک. پوختەی قسەکان ئەوەیە ئەگەر دەزانیت وێنەیەکی پێکەنیناوی خۆت کێشەت بۆ دروستدەکات ئەگەر کەسانێکی دیاریکراو بیبینن، ئەوا پارێزترین ڕێگا ئەوەیە هەر لە بنەڕەدا بڵاوی نەکەیتەوە.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە پێویستە بەردەوام چاودێری خۆت بکەیت یان هەر شتێکی خۆش هاتە خەیاڵت لەناوی بەریت. بەڵام دەبێ بیر لە مەترسیو کەڵکەکان بکەیتەوە، وە زەمینێکی مامناوەندی ماقوڵ بدۆزیتەوە بۆ دەربڕین لە ناخی خۆت.

## بەڕێوبردنی هاوڕێکانت: نهێنی هەڵبژاردنی جەماوەرەکەت

مەگەر لیستی هاوڕێکانت بە تەسکی بهێڵیتەوە، ئەگەرنا هاوڕێیەتی لەگەڵ زۆر زیاتر لەو هاوڕێیانەی متمانەت پێیانە دەبەستیت. لەگەڵ هاوڕێیانی سەر کار، دۆستە ئاساییەکان، هاوەڵە کۆنەکانی خوێندن، هاوڕێی هاوڕێکانت کە لە ئاهەنگێکدا یەکتان بینی. یان تەنانەت ڕەنگە فەیسبوک بۆ ئەوە بەکاربێنیت هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانێکی نوێو سەرنج ڕاکێشدا پەیدابکەیت کە هیچیان لەبارەوە نازانیت.

خۆشبەختانە تایبەتمەندی لیستی هاوڕێیان لە فەیسبوک (کە پێشتر لە بەشی ٣ شیکرایەوە) ئامرازگەلێکی نایابە بۆ جیاکردنەوەو کۆکردنەوەی هاوڕێکانت. بە ڕێکخستنی هاوڕێکانت بەپێی پلەی دۆستایەتیو ئاشنایەتیتان، دەتوانیت لیستی هاوڕێکانت بەکاربێنیت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی چەندێکیان بۆئاشکرا دەکەیتو چیان بۆئاشکرا دەکەیت.

## سیستەمی سێ ئاست

سیستەمێکی ئاسان هەیە کە دەتوانیت بەکاری بێنیت ئەویش ئەوەیە بازنەکەت لە فەیسبوکدا بکەیت بە سێ لیستی سەرەکییەوە.

لیستێك دروستکە تەنها بۆ ئازیزان: هاوڕێ هەرە نزیکەکانت کە هەمو شتێکی پیشەیی تۆ دەزانن، ئەوانەی کە متمانەت پێیانە ڕێگەیان بدەیت بچنە دۆسیەکەتەوە لە فەیسبوك. دەتوانیت ئەم لیستە بۆنمونە ناوبنێیت "هاوڕێ نزیکەکانم".




دوای ئەوە، لیستێکی تر دروستکە بۆ هەمو ئەو کەسانەی لە ناوەڕاستدان. ئەو کەسانەی کە هێندە زیاد نایانناسیت کە ڕێگەیان بدەیت لە بەیانیاندا بە قژبڕی بتبینن. بەلاّم هیچ هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی سڵیان لێ بکەیتەوە. ئەم لیستە ناوبنێ "ئاساییەکان" یان "نوێیەکانم". هەڵبەتە ئەم لیستەیان گەورەترین لیست دەبێت و خەڵکی زۆری تیادادەنێیت.




دواجار، لیستی سێهەم دروستکە بۆ ئەو کەسانەی باش نایانناسیت، وە باش دڵنیا نیت لەوەی تاچەند متمانەت پێیانە، یان ئارەزوت وایە چاودێریان بکەیت تا ئەو کاتەی بیرۆکەیەکی باشترت سەبارەت بەوان لەلا گەڵاڵە دەبێ. دەتوانیت ئەم لیستە ناوبنێیت "نەناسراو" یان "لیستی چاودێری".




پاش ئەوەی لە ئامادەکردنی ئەو لیستانە تەواو دەبیت، کاتی ئەوە دێت پرۆسەی triageـی ئاسان ئەنجام بدەیت. بڕۆ بۆ لیستی "هەمو هاوڕێیان" (کلیک لەسەر "هاوڕێیان" friend بکە لەسەر پتیلەی شین پاشان "هەمو هاوڕێیان")، لەوێوە هەر یەک و بەرەو لیستی دیاریکراوی خۆی بەرە.




دوای ئەوە، هەر هاوڕێیەکی تر بگریت دەبێ دەستبەجێ بیخەیتە یەکێ لە لیستەکانەوە.

وەگەر کەسانێکی خزمت هەبون خۆشتدەویستن و متمانەت پێیان هەبو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتەوێ هەندێ لەو وێنەو کۆمێنتانە ببینن کە تۆ بڵاوی دەکەیتەوە، ئەتوانیت لیستی چوارەم بۆ ئەمانە دروستکەیت و ناوی بنێیت "تاکەکانی خێزان".

پاش ئەوەی لەسەر ئەم پرۆسەیە ڕادێیت، دەتوانیت لیستی هاوڕێکانت لە فەیسبوک بەکاربێنیت بۆ جیاکردنەوەی هاوڕێکانت لەبۆ چەندان کۆمەڵەو گروپی جۆراوجۆر (تا دەگاتە دواین سنور کە ١٠٠ لیستە)، وە هەروەك دەبینیت، ڕێگە زۆرە بۆ بەکارهێنانی لیستە تایبەتەکانت.

## کێ چی بینێت و کێ چی نەبینێت

فەیسبوك چەند ئامادەکارییەکی دیاریکراوت ئەداتێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بەشانەی کە لە دۆسیەکەتدا لە فەیسبوك ئاشکرا دەبێت، تاکو لەڕێگەیەوە ماف بە کەسانێك بدەیت بیبینن و بەپێچەوانەوە ماف لە هەندێکی تریان بسەنێتەوە.


بنکەی سەرەکیت بۆ زۆربەی ئەو ئامادەکاریانەی کە دەتەوێت بیگۆڕیت پەڕەی توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانە. بۆ دۆزینەوەی، کارسەری ماوسەکە بخەرە سەر "ئامادەکاریەکان" (کە دەکەوێتە لای چەپی بەشی سەرەوەی بینگەرەکە، لەسەر پتیلەی شین) تاکو لیستەکە دەردەچێت، پاشان کلێك لەسەر "توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکان" بکە.

# چۆنیەتی تایبەتکردنی زانیاری دۆسیە بە کەسانێکی دیاریکراو




دەتوانیت هەڵبژێریت کێ مافی ئەوەی هەیە بگاتە نێو هەمو شتێکی پەڕەی دۆسیەکەت. بۆ دەستکردن بە دیاریکردنی ئەو کەسانەی ببینن کەسایەتی تۆ چۆنە لەسەر فەیسبوک، بڕۆ بۆ "ئامادەکاریەکان" » "توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکان" » "پەڕەی سەرەکی"، پاشان هێمای دەروازەی "سەرەکی" هەڵبژێرە.







١. ئەو پۆستانەی کە بڵاوی دەکەیتەوە (نوسین, وێنە, ڤیدیۆ...)
٢. بارودۆخی خێزانیت.
٣. پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەر......
٤. ئەو شتانەی کە بەدوایدا دەگەڕێیت و ئارەزووت لێیان هەیە.
٥. ئەو ژیننامە و وتانەی کە خۆت نووسیوتن.
٦. ماڵپەری تایبەتی خۆت.
٧. ئاین و بۆچوونی سیاسیت.
٨. بەرواری لەدایکبوونت.
٩. ئەو شوێنانەی کە سەردانیان دەکەیت.




١. ئەو وێنەو ڤیدیۆیانەی تێیاندا ئاماژە بەتۆ دراوە.
٢. کێ بتوانێت لەسەر پۆستەکانت کۆمێنت بنووسێت.
٣. هاورێیانت بتوانن لەسەر دیواری پەڕەی تایبەتی تۆ بنووسن.
٤. ئەو پۆستانەی هاورێیانت دایدەنێن لەسەر دیواری تایبەتی تۆ کێ بیانبینێت.
٥. هاورێیانت بتوانن سەردانی شوێنەکانت پێبکەن.
٦. ئامرازەکانی پەیوەندی کردن.




بۆ ئەوە چەند کەسێکی تایبەت بیبینن یان نەیبینن:





١. ناوی ئەو هاوڕێیانە بنووسە کە دەتەوێت بیبینن.

٢. ناوی ئەو هاوڕێیانە بنووسە کە دەتەوێت نەیبینن.

## چۆنیەتی بەکارهێنانی لیستی هاوڕێیان بۆ هەموارکردنی ئاستی کۆنترۆڵکردن

ئێستا باس لە یەکێ لەو شوێنانە دەکەین کە تێیدا ڕێکخستنی هاوڕێیانت لە نێو لیستی هاوڕێیاندا بەراستی بەکەڵکە. هەندێ لە توخمەکانی کۆنترۆڵکردن لە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندییەکان" « profile "پەڕەی تایبەت" چەند هەڵبژاردەیەکی زیاتری هەیە کە ڕێت ئەدات چەند لیستێکی دیاریکراو لە هاوڕێیانت هەڵبژێریت بۆ ڕێگەپێدانیان یان ڕێگەنەدانیان لەبۆ گەشتن بەدۆسیەکەت.




بۆنمونە، چوارگۆشەی "نوێکردنەوەی ڕەوش" Status Updates چەند هەڵبژاردەیەکی لەخۆگرتوە کە دەتوانیت خۆت دەستنیشانی بکەیت کە ئایا نوێکردنەوەی ڕەوشت کێ بیبینێت و کێ نەیبینێت لەوانەش "هەندێ هاوڕێ" و "هاوڕێی هاوڕێیان" و "تەنها هاوڕێیان".

هەڵبژاردەی "هەندێ هاوڕێ" لەم چوارگۆشانەی تریشدا دەستەبەرە: "وێنەیەك تێیدا ئاماژە بە تۆ دراوە" و "ڤیدیۆیەك تێیدا ئاماژە بە تۆ دراوە" و "نوسینی دیوار" و "زانیاری لەبارەی خوێندنەوە" و "داتای کار"، لەگەڵ هەمو توخمەکانی کۆنترۆڵکردنی هێمای دەروازەی "فایلی پەیوەندی".

بۆیە، بۆنمونە، لە هێمای دەروازەی "فایلی پەیوەندی" دەتوانیت لیستێکی هاوڕێیان هەڵبژێریت بۆ بەشدارکردنیان لە ژمارەی مۆبایلەکەت – تاکو تەنها ئەو کەسانە پێی بگەن کە لەو لیستەدان. دەتوانیت ئیمێڵە پیشەیەکەت لەلای ئەو کەسانە دەرخەیت کە بەشدارن لە لیستی "هاوەڵانی کار"، دەشتوانیت ئیمێڵە تایبەتەکەت لەلای ئەو کەسانە دەرخەیت کە بەشدارن لە لیستی "متمانەپێکراوان".

بەم شێوە دەتوانیت لەمپەر بۆ ئەو کەسانە دانێیت کە ناتەوێن لە هەندێ شت بەئاگابن. هەر کەسێك کە لە خانەی "جگە لەم کەسانە"دا بینوسیت بێبەش دەکرێت لە بینینی ئەو زانیاریانە، ئیدی تەنانەت ئەگەر لە لیستێك یان تۆڕێکیشدا بەشداربێت کە تۆ ڕێگەت پێدابێت لە بینینی ئەو زانیاریانە. لێرەدا دەتوانیت ناوی تاکە کەسی یان لیستی هاوڕێیان بنوسیت.

## چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو شتانەی لە کورتەی هەوڵەکانو دیوارەکەتدا ڕادەگەیەنرێت

بەشێکی سەرەکی کاری فەیسبوك ئەوەیە کە تۆ کاتێك هەندێ شت ئەنجام ئەدەیت، فەیسبوك بە هاوڕێکانتی ڕادەگەیەنێت. ئەگەر هاوڕێیەکی نوێت گرتبێت یان وێنەو ڤیدیۆیەکت دابەزاندبێ، یاخود لەسەر دیواری کەسێك شتت نوسیبێت، یان شتگەلێکت کردبێت لەلای هەوادارانت مایەی سەرنج ڕاکێشان بێت، ئەوا فەیسبوك هەواڵێکی لەبارەوە بڵاودەکاتەوە (بۆنمونە: "کاروان و گەشاو لەفەیسبوکدا بونە هاوڕێ" یان "گەشاو کۆمێنتی لەسەر وێنەکەی کاروان داوە"). ئەم هەواڵانە لە زۆر شوێندا پەخش دەکرێت، وەك ناوچەی "دواین هەواڵ" news feed کە دەکەوێتە سەر پەڕەی سەرەکی.

پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکانت" » "دواین هەواڵ و دیوار" ڕێگەت ئەدات کۆنترۆڵی ئەوەبکات کە ئایا فەیسبوک هەواڵ پەخش بکات یان نا، وە ئەو هەواڵانە چی بن کە پەخشیان دەکات.

کۆمەڵەی چوارگۆشەکانی هەڵبژاردن لە هێمای دەروازەی "چالاکی لە نێو فەیسبوکدا" ئەو شوێنەیە کە دەتوانیت ڕێگەبدەیت یان ڕێگە بگریت لە چەند جۆرێک هەواڵی دیاریکراو لە بڵاوبونەوە. من بۆخۆم ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم کە زۆربەی چوارگۆشەکانی هەڵبژاردن والابکەیت، مەگەر کەسێکی زۆر شەرمن بیت یان ئاسودە نەبیت بەوەی فەیسبوک هەواڵ لەسەر چالاکیەکانت بڵاوبکاتەوە.

هەڵبژاردەی "دەرخستنی هەواڵ لە چاتدا" ڕێ ئەدات هەواڵ لەبارەی تۆوە لە بەرنامەی چاتدا لە فەیسبوک بڵاوبێتەوە (بۆ زانیاری لە بارەی چاتەوە بەشی ٦ بخوێنەرەوە).

وەک فەیسبوک لەم پەڕەیەدا ڕونی دەکاتەوە، هەندێ چالاکی هەیە کە هەرگیز لە هەواڵەکانی فەیسبوکدا ئاماژەی پێنادرێت. ئەمانەش گرنگترینیانە: نامەی "پۆستی هاتو" (کە بەشتێکی تایبەت دادەنرێت، بەپێچەوانەی نوسینی سەر دیوارەوە)، ئەو دۆسیەو وێنەو تێبینیانەی تەماشایان دەکەیت (فەیسبوک هەواڵ لەبارەی ئەو شتانەوە دانابەزێنێت کە دەیخوێنیتەوە یان تەماشای دەکەیت)، ئەو کەسانەش کە لە لیستی هاوڕێیانت دەیانسڕیتەوە.

## چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە ئایا لە ئەنجامەکانی گەڕاندا دەربچیت یان نا

لەسەر پەڕەی ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان، کلیک لەسەر "گەڕان" search بکە، ناوچەی "دەرخستنی گەڕان" لەگەڵ لیستی دەرتۆقیوی "ڕەوشتی گەڕان" دەبینیت.

لە بنەڕەتدا "هەموان" all دەسنیشانکراوە، واتە هەمو کەسێک کە لەفەیسبوکدا دەگەڕێت دەتوانێت تۆ بدۆزێتەوە (ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەتوانێت دۆسیەکەت

ببینێت – تەنها دەرئەنجامی گەڕانەکە دەبینێت). دەتوانیت لە ڕێگەی هەڵبژاردەکانی تری ئەم لیستەوە دەرکەوتنت سنوردار بکەیت، کە بەهەمان شێوەی تۆخمەکانی کۆنترۆڵکردنی تایبەتمەندیەکان کار دەکات وەك لە ڕابردودا قسەمان لەسەر کرد.

توخمەکانی کۆنترۆڵکردن کە دەکەونە ژێر "ناوەڕۆکی دەرئەنجامی گەڕان" هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ بڕیار بدەیت کە ئایا ئەو کەسانەی مافیان نییە سەیری دۆسیەکەت بکەن دەتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن یان نا، وە شێوەو جۆری ئەو پەیوەندیانە چین کە دەتوانن بەکاری بێنن.

توخمی کۆنترۆڵکردنی "تۆمارگەی گەڕانی گشتی" هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ بڕیار بدەیت کە ئایا خەڵکی دەتوانن لە ڕێگەی بزوێنەرەکانی گەڕانەوە وەك گوگڵ لە فەیسبوکدا بتدۆزنەوە. چوارگۆشەی هەڵبژاردنەکە بژارکە بۆ دروستکردنی تۆمارگەیەکی گەڕانی گشتی، یان بژارکردنی هەڵبوەشێنەرەوە ئەگەر ناتەوێت ئەو تۆمارگە دەستەبەر بێت.

کلێك لەسەر "نمایشەکە ببینە" بکە تاکو چۆنیەتی نمایشکردنی تۆمارگەکەت ببینیت، ئەمەش ڕەنگە یارمەتیت بدات لە بڕیاردان.

## چۆنیەتی یاساغکردنی خەڵکی

ئەگەر کەسێکی دیاریکراو هەیە لە فەیسبوکداو ناتەوێت هیچ پەیوەندیەکت لێیەوە بۆ بێت، دەتوانیت لە پەڕەی ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکاندا یاساغی بکەیت (ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە ئەگەر کەسێك بێزاری کردبێت یان بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان هەڕەشەی لێ کردبێت – ڕاستەوخۆ بەکاری بێنیت بەر لەوەی لە بەڕێوبردنی فەیسبوك سکاڵای لێبکەیت).

یاساغکردنی کەسێك لە فەیسبوك تەنها ڕێگری ئەوەی لێناکات فەیسبوك بەکاربێنێت بۆ پەیوەندیکردن بە تۆوە، بەڵکو تۆ لەلای ئەو بە تەواوی دەشارێتەوە.

بۆ یاساغکردنی کەسێك، ناوەکەی لە چوارگۆشەکەدا بنوسەو کلێك لەسەر "یاساغ" بکە. هەڵبەت فەیسبوك پەڕەیەکت بۆ دەکاتەوە ئەو کەسانەت نیشان ئەدات کە هاوناون لەگەڵ ئەو ناوەی تۆ نوسیوتە، تاکو بتوانیت بەشێوەیەکی ورد کەسی

مەبەست هەڵبژێریت. پاشان کلیك لەسەر "پاساغکردنی ئەم کەسە" بکە کە دەکەوێتە تەنیشت تۆمارگەی کەسی مەبەستەوە.

## چـــۆنیەتی هەڵبـــژاردنی دەرنەکـــەوتن لـــە ڕیکلامـــە کۆمەڵایەتیەکان

کلیك لەسەر هێمای دەروازەی "ڕیکلامی کۆمەڵایەتی" بکە کە دەکەوێتە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکانت" » "دواین هـەواڵو دیـوار" ئەوکات دەچیتە پەڕەی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئەگەر شتێکت کڕی بێت یان بوبیتە هەواداری پەڕەیەك لە فەیـسبوك پـاش ئـەوەی کلیکـت لەسـەر ڕیکلامێکـی کۆمەڵایـەتی کردبێـت، ڕەنگـە هاوڕێکانـت لـە فەیـسبوك نـاوت یـان ڕوخـسارت لـەو ڕیکلامـەدا ببیـنن کاتێـك ئـەو ڕیکلامەیان بۆ دەردەچێت.

دەتوانیـت ڕێگـە نـەدەیت لـە ڕیکلامـە کۆمەڵایتیەکانـدا دەرکـەویت، ئـەویش بـە هـەموارکردنی ئـەو لیـستەی دەکەوێتـە پـەڕەی ڕیکلامـە کۆمەڵایتیـەکان، بـە گـۆڕینی هەڵبـژاردەی "تـەنها هاوڕێکـانم" بـە هەڵبـژاردەی "هـیچ کـەس" (بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە بارەی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەشی ١١ بخوێنەرەوە).

## چـــۆنیەتی هەڵبـــژاردنی دەرنەکـــەوتن لـــە ڕیکلامـــەکانی Beacon

Beacon (یـان گومـەز) بەرنامەیـەکی ڕیکلامکردنـە لـە فەیـسبوك کـە ڕێگـە بـە ماڵپەڕە دەرەکیەکان ئەدات هـەواڵ بگەیەننـە کورتـەی هەواڵەکانی فەیـسبوك سـەبارەت بەو شتانەی کـە لـەو ماڵپەڕانـەی دەکڕیـت. بۆنمونـە ئەگـەر بلیتـی فیلمێکـی سینەمای بکڕیـت بـە بـەکارهێنانی بەکاربـەری Fandango، ڕەنگـە پـەیامێك لەسـەر دیوارەکـەت دەرکەوێت و بڵێت: "نورە صلاح بلیتێکی کڕی بۆ بینینی Wall-E لە Fandango".

دەسنیـشانکردنی چوارگۆشـەی هەڵبـژاردنی Don't allow Beacon websites to post stories to my profile (مەهێڵـە ماڵپـەڕەکانی گومـەز هـەواڵ لە دۆسیەکەمدا بڵاو بکەنەوە) کە دەکەوێتە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیـەکان" »

" بەکاربەر" بە تەواوی لە Beacon دور دەخاتەوە، وە چیتر هەواڵی Beacon لەسەر تۆ بلاو ناکرێتەوە.

بەلام تەنانەت ئەگەر ئەم چوارگۆشەت بە بژارنەکراوی هێلایەوە، هێشتا چانسی ئەوەت هەیە لەسەر هەواڵی Beacon ڕازی بیت یان هەڵیوەشێنیتەوە بەر لەوەی لە دۆسیەکەتدا دەربچێت. بۆیە ئەگەر بتەوێت ئارەزوت لەبارەی فیلم یان مۆسیقا یان هەر شتێکی ترەوە بخەیتەڕو، ئەوا ڕەنگە پێت باش بێت چوارگۆشەی هەڵبژاردنەکە بە بژارنەکراوی بهێڵیتەوە، پاشان بۆ هەر شتێك بەجیا بڕیاری خۆتی لەسەر بدەیت کە ئایا دەتەوێت ئەم هەواڵە دەربچێت یان نا. لەسەر ئەو هەواڵانە ڕازی ببە کە بەدڵتن ئەوانی تریش هەڵبوەشێنەرەوە کە بەدڵت نین.

## ڕێکخستنی بەکاربەر

ئێستاش پاش ئەوەی قسەمان لەسەر ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان کرد بۆ مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسانی تر، لێگەڕێ با ئێستاش قسە لەسەر ئامادەکردنی بەکاربەر بکەین.

## چۆنیەتی مۆڵەتدانو مۆڵەتنەدانی بەکاربەر (لە گەڵ شیکردنەوەی واتای ئەم وشانە)

لە بەشی ٧ وردەکاری زیاتر لەبارەی ئەم بابەتەوە خراوەتە ڕو، بەلام بەکورتی، بەکاربەر بۆی نییە بگاتە زۆربەی زانیاریەکانتەوە مەگەر خۆت مۆڵەتی پێدەیت (ئەمە زۆرجار ئەوکاتانە ڕوئەدات کە بەکاربەرێك بۆ یەکەم جار بەکار دێنیت).

لە پەڕەی " بەکاربەر"دا دەتوانیت مۆڵەت بدەیتو مۆڵەت لە بەکاربەر وەربگریتەوە، کە دەتوانیت لە لیستی "ئامادەکاریەکان"دا لەسەر پتیلەی شین بە کلێك کردن لەسەر "ئامادەکاریەکانی بەکاربەر" پێی بگەیت.




- **هەڵبژاردنی** "بریکار" **لە لیستی** "نمایش" **کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پەڕەی** "ئامادەکاریەکانی بەکاربەر" **ڕێگەت ئەدات ئەو بەکاربەرانە ببینیت کە لە ئێستادا مۆڵەتیان پێدراوە. بە کلیک کردن لەسەر هێمای X کە دەکەوێتە لای چەپی بەکاربەرەوە ئەو بەکاربەرە دەسڕێتەوە (مۆڵەتی لێ دەسەنرێتەوە). یان دەتوانیت بە تەواوی یاساغی بکەیت ئەگەر بتەوێت.**
- **دەستنیشانکردنی** "ڕازیبوین لە بڵاوکردنەوەی"، **ئەو بەکاربەرانەت نیشان ئەدات کە لە ئێستادا مۆڵەتیان پێدراوە لە کورتەی هەواڵەکانتدا هەواڵ بڵاوبکەنەوە (بۆنمونە "کاروان بە بەکارهێنانی** Free Gifts **نامەیەکی نارد بۆ گەشاوی هاوڕێی"). کلێك لەسەر** "هەمووارکردنی ئامادەکاریەکان" **بکە کە دەکەوێتە تەنیشت بەکاربەرەکەوە تاکو ڕاگوزاری بڵاوکردنەوەی بنوسیتەوە.**
- **دەستنیشانکردنی** "لێدوانی زیاتر"، **ئەو بەکاربەرانەت نیشان ئەدات کە مۆڵەتیان پێدراوە بگەنە نێو زانیاریەکانت تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەسەر هێڵ نیت، هەروەها ئەو بەکاربەرەش کە ڕێگەی پێدراوە ئاگاداری بۆ ئیمێڵەکەت بنێرێت. بۆ گۆڕانکاری کردن تێیدا کلێك لەسەر** "هەمووارکردنی ئامادەکاریەکان" **بکە.**

## چۆنیەتی ڕێگرتن لەو بەکاربەرانەی بەکاری ناهێنیـــت لـــە گەیشتن بە زانیاریەکانت

پـەڕەی "ئامـادەکردنی تایبەتمەندیـەکان" » " **بەکاربـەر**" » "ئامادەکاریـەکان" **هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ بزانیت ئەو زانیاریانە چین کە هاوڕێکانت لە بارەی تۆوە دەتوانن ببینن کاتێك کە بەکاربەرێك بەکار دێنن تۆ خۆت بەکاری ناهێنیت.**

**بـە بـژارکردنی یـان بژارنـەکردنی ئـەو چوارگۆشـە هەڵبژاردنانـە، دەتوانیـت زانیاریەکانت (وەك ئاستی خوێندنت یان وێنەکانت) لەو بەکاربەرانە یاساغ بکەیت کە مۆڵەتت پێ نەداون.**

**لێـرەدا ئـاڵوگۆڕێکی ڕون هەیـە: هەرچـەند زیـاتر چوارگۆشـەی هەڵبـژاردن بژارنەکـەیت، هێنـدە زیـاتر تایبەتمەنـدی خۆت دەپارێزیـت – بـەڵام هێنـدەش توانـای هاوڕێیانــت لــە بــەکارهێنانی بەکاربــەری فەیــسبوك کــەم دەبێتــەوە لــە مامەڵــەو پەیوەنـدیکردن لەگـەڵت (بۆنمونـە، ڕەنگـە ڕێگـەیان لـێ بگیرێـت لـەوەی نامـە یـاخود دیاریت بۆ بنێرن، یان گۆڕانییەکت پێشکەش بکەن).**

**ئەمـە وەکـو ئـەوە وایـە ژمـارەی مۆبایلەکـەت نیشان نـەدەیت – دەتپارێزێـت لـە کەسـە سەرشێتەکان، بـەڵام ڕەنگیش بێـت ڕێگـا لـەو کەسـانە داخـات کـە تـۆ بەڕاسـتی لێیان ڕازیت.**

## چۆنیەتی ڕێگرتن لەو بەکاربەرانەی ناتــەوێت مامەڵــەیان لەگەڵ بکەیت

**هەمو داواکارییەك لە بەکاربەرێکەوە بۆت دێت لینکی** "ڕێگرتن لەم بەکاربەرە"**ی لەگەڵدایـە. کلێـك کـردن لەسـەر** "ڕێگـرتن لـەم **بەکاربـەرە" دەبێتـە هـۆی ڕێگـرتن لـە بەکاربەرە بێزارکەرەکان لە پەیوەندیکردن یان گەشتن بە زانیاریەکانت.**

**ناوچــەی "بەکاربــەری** شــاراوە" **کــە دەکەوێتــە پــەڕەی** "ئامــادەکردنی تایبەتمەندیـەکان" » "**بەکاربـەر**" » "ئامادەکاریـەکان" **لیـستێکت نیـشان ئـەدات کـە هەمو ئەو بەکاربەرانەی تێدایە کە تائێستا ڕێگـەت لـێ گرتـون. دەتوانیـت کلێك لەسـەر** "لابردن"**ی تەنیشت یەکێ لە بەکاربەرەکان بکەیت بۆ لابردنی لە لیستی ڕەشدا.**

سەرنج. دەشتوانیت چەند بەکاربەرێکی دیاریکراو لە پەڕەی سەرەکی Applications "بەکاربەر"دا یاساغ بکەیت.

## چۆنیەتی ڕێگرتن لە داواکاری بەکاربەر لە چەند کەسێکی دیاریکراوەوە

هەروەك چۆن دەتوانیت ڕێ لەو بەکاربەرانە بگریت کە بەدڵت نین، هەرواش دەتوانیت هەمو ئەو بانگهێشتانە پشتگوێ بخەیت کە لە چەند هاوڕێیەکەوە بۆت دێت داواکاریەکانیان هیچ بەلاتەوە گرنگ نین. هەمو داواکارییەك لینکێکی لەگەڵدایە بەناوی "پشتگوێخستنی گشت بانگهێشتێکی ئەم هاوڕێیە". کلیك کردن لەسەر ئەم لینکە بەواتای ئەوە دێت کە چیتر تۆ لە ئایندەدا هیچ داواکارییەکت لەم هاوڕێوە بۆ نایەت.

هەمو ئەو هاوڕێیانەی بڕیارتداوە بانگهێشتەکانیان پشتگوێ بخەیت لە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" » "بەکاربەر" » "ئامادەکاریەکان"دا ناویان دەبرێت. دەتوانیت کلیك لەسەر "لابردن"ی تەنیشت هەر کەسێك تۆ مەبەستە بکەیت بۆ لابردنی لەو لیستەو دوبارە ڕێگەدانی بە ناردنی داواکاری.

## پرنسیپەکانی پاراستنی فەیسبوك

لێرەدا چەند سەرنجێکی بنچینەیی سەبارەت بە پاراستنی فەیسبوك دەخەینەڕو:

- وشەیەکی پەڕینەوەی پارێزراو password بۆ هەژمارەکەت لە فەیسبوك هەڵبژێرە (دانەیەك بەکاربێنە کە لە پیت و ژمارە پێکهاتبێت، نەك وشەیەك کە بتوانرێ لە فەرهەنگدا بدۆزرێتەوە، هەروەها شتێك نەبێت کە کەسێکی تر بتوانێت بیخەمڵێنێت) وە هەرگیز پاسۆردەکەت بەهیچ کەسێکی تر مەڵێ.

- وریابە بەرامبەر بەو کەسانەی هاوڕێیەتیان لەگەڵدا دەبەستیت. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە سەرنجی "مەترسی نامۆیان" و "ببمە هاوڕێی یان نەبم" لە بەشی ٣ بخوێنەرەوە. ئەوەشت لە بیربێت کە کەسانی سەر ئەنتەرنێت هەمیشە ئەو کەسانە نین کە بانگەشەی دەکەن.
- وریابە لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ماڵپەڕی دەرکیدا، پاسۆردەکەشت یان هەر زانیارییەکی هەستیاری تر هەرگیز مەنوسە مەگەر تەواو دڵنیابیت لەوەی ئەو ماڵپەڕە یاساییە.
- ئەگەر کەسێك لە ڕێگەی فەیسبوکەوە هەڕەشەی لێکردیت یان یەخەی گرتیت، ئەوا دەستبەجێ فەیسبوکی لێ ئاگادارکە.

وریابە: ئەگەر کۆمپیوتەرێکی هاوبەش بەکاردێنیت یان لەسەنتەرێکی گشتییەوە دەچیتە فەیسبوك، ئەوا دڵنیابە لە نەبژاردنی چوارگۆشەی هەڵبژاردنی "یادم بکەرەوە" Keep me logged in کاتێك کە چونەژورەوەت لە فەیسبوکدا تۆمار دەکەیت. لەبیریشت نەچێت چونەدەرەوەت Log Out تۆمارکەیت کاتێك کە دانیشتنت لەگەڵ فەیسبوك تەواو دەبێت. ئەگەر نا ڕێگە بۆ ئەو کەسەی دوای خۆت خۆشدەکەیت کە بتوانێت بچێتە هەژمارەکەتەوە لە فەیسبوك.

## ئاگاردارکردن لە بارەی خراپ بەکارهێنانەوە

ئەگەر ناوەڕۆکێکی کیناوی یان بێئابڕویی یان هەر شتێکی ترت بینی کە مایەی گلەیی و گازندە بو وە لەدژی مەرجەکانی بەکارهێنانی فەیسبوك بو، دەتوانیت بەشێوەیەکی شاراوە فەیسبوکی لێ ئاگادار بکەیتەوە.

دەشتوانی بەشێوەکی شاراوە فەیسبوك ئاگادار بکەیتەوە لەو کەسانەی ناوەڕۆکێکی بێزراو بڵاودەکەنەوە یان یەخەت دەگرن و هەڕەشە لە تۆ یان لە هەر بەشداربویەکی تری فەیسبوك دەکەن.

فەیسبوك لە پرسەکە دەکۆڵێتەوە، وەگەر سکاڵاکە یاسایی بو، ئەوا فەیسبوك ڕێ‌و شوێنی گونجاو دەگرێتە بەر بۆ بەوریاهێنانەوەی یاخود دەرکردنی لایەنە بەرپرسەکان.

ئەگەر دۆسیەیەکت بینی شتێکی تێدابو مایەی گلەیی‌و گازندەبو، دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "ئاگادارکردن لەم کەسە" بکەیت کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی دۆسیە لەبۆ ناردنی ڕاپۆرتێك بۆ فەیسبوك (بزانە ئەگەر تۆ هاوڕێی ئەو کەسە بیت ئەوا ئەو لینکە نابینیت. ئەگەر بە ڕاستی بتەوێت ئاگادارکردن لەدژی هاوڕێیەکت بنێریت، ئەوا بەهەرحاڵێك بێت پێشتر دەبێت هاوڕێیەتی لەگەڵدا هەڵبوەشێنیتەوە).

گروپەکانی نێو فەیسبوك لینکێکی هاوشێوە لە نێو پەڕەکانیدایە (ئاگادارکردن لەم گروپە) دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ ئاگادارکردن لەدژی ئەو گروپانەی مایەی گلەیی‌و گازندەن، هەروەها دەتوانیت ئاگاداری لە دژی وێنەو تێبینی‌و نوسینی سەر دیواریش بنێریت بە بەکارهێنانی لینکی "ئاگادارکردن" کە لە ژێر هەمو شتێکی بڵاوکراودا هەیە.

دواجار، ئەگەر نەدتوانی "ئاگادارکردن" بدۆزیتەوە، هەمیشە دەتوانیت ئیمەیڵ بۆ abuse@facebook.com بنێریت لەبۆ ئاگادارکردنی فەیسبوك لەو ناوەڕۆك‌و هەڵس‌وکەوتانەی مایەی گلەیین. تەنانەت دەتوانی فەیسبوك لە ریکلامی مایە خراپ ئاگادارکەیت، ئەگەر ریکلامێکی لەو جۆرەت بینی دەتوانیت ئیمەیڵ بنێریت بۆ advertise@facebook.com. فەیسبوك دەڵێت "هەمو هەوڵێك ئەدەین" بۆ لابردنی ئەو ریکلامانەی سەرپێچی لە مەرجەکانی بەکارهێنانی دەکات.

## فیڵ

دەستەواژەی phishing (فیڵ) ئاماژە بە جۆرێك لە دەستبڕینی سەر ئەنتەرنێت دەکات کە تێیدا تاوانباران هەوڵئەدەن خەڵکی بخڵەتێنن تاکو پاسۆردەکانیان، ژمارەی کارتی بانکییان، و فایلە هەستیارەکانیان بۆ ئاشکرابکەن.

ڕەنگە پێشتر ڕاهاتبیت بە ئیمێڵی هەڵخڵەتاندن، ئەو ئیمێڵە ساختانەی کە وەك ئیمێڵێك وەهایە لە بانکەکەتەوە هاتبێت، وەك pay Pal و eBay. کلێك کردن لەسەر

ئەو لینکە کە دەکەوێتە سەر ئیمێڵە ساختەکە دەتبات بۆ ماڵپەڕێکی ساختە کە وەك ماڵپەڕە ڕاستەقینەکە وایە، فێڵکەران بەئومێدەوەن زانیاریەکانت بەو پەڕی متمانەوە بنوسیتەوە.

زۆربەی جار لە تواناتدایە ئیمێڵە ساختەکان ئاشکرا بکەیت چونکە بەناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە بانگت ناکات وەك ئەوەی بانکەکە دەیکات، یان لەبەر ئەوەی پڕە لە هەڵەی چاپ و نوسین (بۆ هۆکارێك کە من نایزانم، وادیارە ئەو کەسانەی کە زۆر تێگەیشتون بەدەگمەن دەستبڕین دەکەنە پیشەیان). هەڕەشەکردن فاکتەرێکی ئاشکراکەری ترە – زۆربەی جار ئیمێڵە ساختەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەڵای خراپت بەسەردا دێت گەر داواکاریەکەیان جێبەجێ نەکەیت. هەمو ئەوانە تەنها هەوڵێکە بۆ ترساندنت و کلیك کردن لەسەر ئەو لینکە ساختەیە.

فێڵکردن لە فەیسبوکدا زۆرجار لە شێوەی نامەیەك یان نوسینێکی سەر دیوار دێت کە وانیشان ئەدات لە یەکێ لە هاوڕێیانی ناو لیستەکەتەوە هاتوە – بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەوان چونەتە هەژماری هاوڕێکەتەوە و بەکاریان هێناوە بۆ ناردنی ئەو نامەیە. دەستبڕان بەئومێدەوەن متمانە بە نامەکەیان بکەیت چونکە متمانەت بە هاوڕێکەت هەیە، وە کلیك لەسەر ئەو لینکە بکەیت و زانیاریەکانت بنوسیتەوە بەر لەوەی دەرك بکەیت کە نامەکە ساختەیە. ئەگەر کەوتیتە تەڵەوە و دەستبڕان توانیان بگەنە ناو و پاسۆردەکەت، ئەوا دوای ماوەیەکی کەم لەوەی تۆوە نامەی ساختە بۆ هاوڕێکانیشت دەنێرن.

## فێڵ چۆنە

ئەگەر نوسینێکت لەسەر دیوارەکەت بینی، کەوا دەزانیت کە ئەو هاوڕێیەی کە گوایە ئەو نامەکەی نوسیوە توشی فێڵ لێکردن بوە.

بزانە هەمیشە لەڕوی زمانەوانییەوە هەڵەی تێدایە. بێگومان، گرنگترین نیشانەی فێڵکردن لەوەدایە هەمو ئامانجێکی بڵاوکراوەکە ئەوەیە پاڵت بنێت بۆ سەردانکردنی ماڵپەڕێکی دیاریکراو کە بێگومان سەرڕێژە لە ڤایرۆس و چەندان شتی خراپی تر.

## بەرەنگاربونەوە: چەند سەرنجێك بۆ خۆلادان لە تەڵەی فیڵ

فێڵكردن لە فەیسبوكدا زۆر بەربڵاوە بە ڕادەیەك كە ڕەنگە بەمزرانە ڕوبەڕوت ببێتەوە، ئەمە ئەگەر پێشتر ڕوبەڕوت نەبوبێتەوە.

زانین باشترین چەكە لە دژی فێڵكەران – پاش ئەوەی تێدەگەیت كە فێڵكردن چۆن دەكرێت، كەمتر مەترسی ئەوەت لەسەر دەمێنێ بكەویتە داویانەوە. بۆیە ئەم چەند تێبینیو سەرنجانە بخوێنەرەوە بۆ یارمەتیدانت لە خۆلادان لە فێڵ:

- پرۆگرامێكی ئەنتەرنێتی نوێو بەپارێز بەكاربێنە. پرۆگرامەكانی ئێستا زۆر لەوانەی جاران باشترە لە دۆزینەوەی ماڵپەڕی گومانلێكراو هەروەها بەئاگاشت دێنێتەوە لەو جۆرانە. دڵنیابە لەوەی نوێترین پرۆگرام بەكاردێنیت.
- كلێك لەسەر هیچ لینكێك مەكە ئەگەر دڵنیا نەبویت بۆ كوێت دەبات، بە تایبەت ئەو لینكانەی دەتبات بۆ ماڵپەڕی دەرەكی. ئاگات لە ناونیشانەكان بێت. بەر لە كلێك كردن ماوسەكە بخەرە سەر لینكەكەو تەماشای ئەو ناونیشانە بكە كە پتیلەی زانیاریەكاندا دەردەكەوێت. ئەگەر ناونیشانەكە یەكانگیر نەبو لەگەڵ ئەو لینكەی كە گوایە بۆ ئەوێت دەبات، ئەوا دەبێتە مایەی گومان بردن.
- گومان لە هەمو ئەو نوسینو نامانە بكە كە وادەرناكەوێت هاوڕێكەت نوسیبێتی. ئەگەر پێكهاتەی نوسینەكەی لەڕوی ناوەڕۆكو ڕێزمانەوە بەپێچەوانەی ئەوەبو كە لە هاوڕێكەتی چاوەڕوان دەكەیت، ئەوە وەك نیشانەیەكی بەئاگاهێن وەری بگرە.
- پرسیارێكی پاراستن لە هەژمارەكەتدا ئامادەبكە. ئەگەر دەستبڕەكان توانیان هەژمارەكەت كۆنترۆڵكەن، ئەوا تیمی كاروباری بەكارهێنەرانی فەیسبوك دەتوانن یارمەتیت بدەن لە گێڕانەوە بە وەڵامدانەوە لەسەر پرسیارە پاراستنەكەت (دەتوانیت لە پەڕەی "ئامادەكاریەكان" « Account settings "ئامادەكاریەكانی هەژمار"دا پرسیارێكی پاراستن ئامادە بكەیت).

- لەبیرت بێت کە فەیسبوک هەرگیز لە ئیمێڵدا یان لە نامەی "پۆستی هاتو"دا دوای پاسۆردەکەت ناکات.
- لەڕێگەی پاراستنی هاوڕێکانتەوە هاوکاربە لە توندوتۆڵکردنی ئاسایشی فەیسبوک – ئەگەر بۆت دەرکەوت کە یەکێ لە هاوڕێیانت ڕوبەڕوی هەڵخەڵەتاندن بۆتەوە، دەستبەجێ ئاگاداری بکە.

## دەبێ چی بکەیت ئەگەر ڕوبەڕوی فێڵ بویتەوە

ئەگەر بۆت دەرکەوت کە کەسانێکی دەستبڕ لە فەیسبوکدا هەژمارەکەت بەکاردێنن، سێ هەنگاو هەیە کە دەبێت دەستبەجێ ئەنجامیان بدەییت.

١- پاسۆردەکەت بگۆڕە لە پەڕەی "ئامادەکاریەکان" » Account settings "ئامادەکاریەکانی هەژمار" (وەك پێشتر ئامارەی پێدراوە، ئەگەر چیتر زانیاریەکانی خۆتۆمارکردنت کاری نەدەکرد، ئەوا دەتوانیت وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ فەیسبوك بنێریت کە خۆت داتناوە، تاکو بتوانن بتگێڕنەوە بۆ هەژمارەکەت).

٢- فیسبوك ئاگادارکە لە بونی دۆخێکی خراپ بەکارهێنان. کلێك لەسەر لینکی "زانیاریەکان" بکە کە دەکەوێتە پەراوێزی هەمو پەڕەیەکی فەیسبوکەوە. لە چوارگۆشەی گەڕاندا ئەم وشانە بنوسە report phishing بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە تێیدا ڕاپۆرتی فێڵ لێکردنی تیا دەنوسیت.

٣- بەرنامەی ئێنتی ڤایرۆسەکەت بخەرەکار تاکو کۆمپیوتەرەکەت بپشکنێ نەوەك بەرنامەیەکی خراپ و زیانبەخشی تێچوبێت.

## وریای ئەو لینکانە بە کە ئەسپەکانی ترۆی بڵاودەکەنەوە

هەڵخەڵەتاندن تەنها هۆکارێك نییە بۆ وریابون لەوەی کلێك لەسەر چی دەکەیت. لەکاتی نوسینەوەی ئەم قسانەدا، ڤایرۆسێك هەیە (لەڕوی تەکنیکیەوە کرمێکە کە لەڕێی ئەسپی ترۆیەوە بڵاو دەبێتەوە) ناونراوە Koobface کە لەڕێی نامەی "پۆستی هاتو"ی فەیسبوکەوە بڵاو دەبێتەوە.

ئەگەر نامەیەکی لەو جۆرەت پێگەیی – کە ڕەنگە وادیاربێت لە هاوڕێیەکەوە هاتوە کۆمپیوتەرەکەی ڤایرس لێیداوە – لینکی بەرنامەیەکی ڤیدیۆی سەر ئەنتەرنێت دەبینیت. پاش ئەوەی دەچیتە پەڕەی ڤیدیۆکەوە، نامەیەك ئاگادارت دەکات کە تۆ ناتوانیت ئەم ڤیدیۆیە ببینیت ئەگەر بێتو ئەم بەرنامەیە دانەبەزێنیت کە بەرنامەی نمایشکردنی ڤیدیۆیە. بەڵام ئەگەر کلیك لەسەر لینکەکە بکەیت، ئەوا ئەسپی ترۆی دادەبەزێت و کۆمپیوتەرەکەت پیس دەکات.

ئەمەم بەچاوی خۆم بینی. بەیانییەکیان لە خەو هەستام و چومە ناو فەیسبوکەوە بینیم لە پۆستی هاتودا نامەیەکم لە هاوڕێیەکی کۆنەوە بۆ هاتوە. نامەکە تەنها لە یەك ڕستە پێکهاتبو، لەو مۆدێلەی کە دەنوسرێت "سڵاو، تەماشای ئەمە بکە"، لینکێکیشی تێدابو.

هێشتا چاوم بەخەوەوە بو بۆیە هیچ گومانێکم نەبرد، بۆیە کلیکم لەسەر لینکەکە کرد (دواتر کاتێك بەهۆش هاتم وەبیرم هاتەوە کە ئەو هاوڕێیەم هەرگیز نامەیەکی بۆ نەناردوم هەڵەی نوسین و هێمای گاڵتەئامێزی تێدابێت).

خۆشبەختانە پێشتر لەبارەی ئەم ئەسپی ترۆیەوە شتم خوێندبوەوە، بۆیە دەرکمکرد کە نابێت ئەم بەرنامە ساختەیە دابەزێنم. ئێستا تۆش ئەمە دەزانیت.

## ئەگەر تەمەنت لەژێر ١٨ ساڵانەوە بوو

ئەگەر لەڕوی یاساییەوە هەرزە بویت – یان ئەگەر هەندێ لە ئەندامانی خێزانەکەت هەرزە بون و فەیسبوکیان بەکار دەهێنا – پێویستە زیاتر وریابیت، وە زۆر بایەخ بە ئاگاداری و سەرنجەکانی خۆپارێزی بدەیت لەم بەشەدا.

بەدبەختانە خەڵکانی سەر ئەنتەرنێت هەمیشە ئەو کەسانە نین کە بانگەشەی دەکەن، دڕندەکانیش ئەنتەرنێت بۆ ئەوە بەکاردێنن کە شوێن هەرزەکان بکەون و ملکەچیان بکەن. تاوانی ئەلیکترۆنیش واقعێکی خەمناکە، ئاشکرایە کە زۆربەی کەسەکانیش بۆ ئەم مەرامە شوناسی خۆیان دەگۆڕن و ساختەی دەکەن.

فەیسبوك هەوڵی تەواو ئەدات لەپێناو دۆزینەوەی دۆسیەی ساختەدا تاکو لەکاریان بخات – هەندێ جاریش ڕوبەڕی ڕەخنە بۆتەوە بەهۆی ئەم هەڵس وکەوتە

توندانەیەوە. بەڵام تیمی ئاسایشی فەیسبوک لە هەمو شتێك بە ئاگا نییە، سەرباری هەوڵ و كۆششەكانی چەندەها دۆسیەی ساختە دروست دەكرێت و بۆ چەند ئامانجێكی سەرشۆڕ بەكاردێت.

بەدەر لەو سەرنج و تێبینیانەی سەبارەت بە پاراستن كە لە بەشی ئەم كتێبەدا باسكراوە، پێویستە لەسەر هەرزەكانی نێو فەیسبوك ئەم ڕێ و شوێنانەی خوارەوە بۆ خۆپاراستن بگرنە بەر:

- ناونیشانەكەت یان ژمارەی تەلەفۆنەكەت لە هیچ شوێنێكدا لەسەر ئەنتەرنێت بڵاومەكەرەوە. متمانە بە Privacy settings ئامادەكاری تایبەتمەندیەكانت لە فەیسبوكدا مەكە. ئیمێڵەكەت بكە بە ئامرازی پەیوەندی یەكەم بۆ ئەو كەسانەی ژمارەی تەلەفۆنەكەتیان لەلا نییە.
- هاوڕێیەتی لەگەڵ كەسێكدا مەگرە كە پێشتر نەتناسیبێت و متمانەت پێی نەبوبێت.
- خۆت بەباشی لەسەر Privaccy settings ئامادەكاری تایبەتمەندیەكانت ڕابێنە و بەباشی توندوتۆڵی بكە. وەختناوەختێ بیپشكنە تادڵنیا بیت لەوەی ئەو ئاستە تایبەتمەندیەی هەڵتبژاردوە ڕازیت لێی.
- بەبێ ئامادەبونی كەسانێكی ناسراو و متمانەپێكراو بەبینینی هیچ كەسێك ڕازی مەبە كە یەكەمجارت بێت بیبینیت.
- وامەست مەكە كە پێویستە وێنەیەكی ڕاستەقینەی خۆت بۆ دۆسیەكەت دابنێی. وێنەی دۆسیەكەت جگە لە خودی دۆسیەكەت لە زۆر شوێنی تری فەیسبوكدا دەردەكەوێت (لە دەرئەنجامەكانی گەڕاندا، گروپەكان، لایەنە سێهەمەكان، هتد)، بۆیە ڕەنگە كەسانێك بیبینن هاوڕێت نەبن. زۆربەی كەسەكان لە فەیسبوكدا لەبری وێنەی خۆیان لۆگۆیەك بەكاردێنن – وەك وێنەی ئاژەڵێكی ماڵی، یان شتێكی خۆشەویستیان، یاخود تەنانەت شێوەیەكی كارتۆنی بەكار دێنن – شتێك لەبارەی ئەوانەوە دەڵێت بەڵام مەترسی نییە بۆ تایبەتمەندییان.
- هەر كەسێك شتی ناشیاوت بۆ دەنێرێت یاساغی بكە (ئەو زانیاریانە بخوێنەرەوە كە پێشتر باسكرا لە بارەی چۆنیەتی یاساغكردنی خەڵكییەوە)

هەروەها فەیسبوکیان لێ ئاگادار بکەرەوە. هەروەك فەیسبوك لە پەڕەی پاراستندا دەڵێت "زۆر بە توندی ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەین کە لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوەن کە قسە لەگەڵ باوکیان یان کەسێکی پێگەیشتو بکەن ئەگەر کەسێك لەسەر ئەنتەرنێت شتێکی کرد یان شتێکی وت کە بەجۆرێك لە جۆرەکان هەڕەشی کردە سەرتان یاخود نائارامی کردن".

## دورکەوتنەوە لە روناکی

خۆشاردنەوە باوێکی کۆنە لەسەر ئەنتەرنێت. چونکە هەندێ کەس شەرمنن، هەندێ کەسیش لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندی بە پیشەو ژیانی تایبەتیانەوە هەیە پێویستیان بەوەیە بەژێر ڕادارەکەدا بفڕن.

ئەگەر یەکێکیت لەو کەسانە، ڕەنگە بپرسیت کە ئایا دەکرێ لە فەیسبوکدا خۆت بشاریتەوە، چونکە ستایلی بنەچەی فەیسبوك ئەوەیە چالاکی و کردەوەی کەسەکان ڕاگەیەنێت.

بەڵام لە فەیسبوکیشدا دەکرێ خۆت لە ڕوناکی دوربخەیتەوە، بە هەموارکردنی هەڵبژاردەی تایبەتمەندیەکانت و نەهێشتنی بڵاوکردنەوەی هیچ زانیارییەکی تایبەت لە دۆسیەکەتدا.

پاش ئەوەی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بەجێدێنیت، بەدەر لەو کەسانەی لەفەیسبوك هاوڕێتن هیچ کەس ناتوانێت بزانێت کە ئایا تۆ لەسەر فەیسبوك هەیت یان نا. تەنانەت هاوڕێکانیشت زانیاری زۆرت لەبارەوە نابینن، ئەمە ئەگەر هەبێت.

بێگومان زۆر شتی کەیف بەخشی سەر فەیسبوکت لەکیس دەچێت، چونکە خۆی فەیسبوك لە بنەڕەتدا ئامانجی تێکەڵکردنی خەڵکە – بەڵام خۆشبەختانە هەمو هەنگاوەکان دەتوانرێن پێچەوانە بکرێنەوە ئەگەر بڕیارتدا لە حەشارگەکەت بێیتە دەرێ.

ئەمەش هەنگاو بە هەنگاوی پرۆسەی چۆنیەتی خۆحەشاردانە لە فەیسبوك:

١- دۆسیەکەت وەها لێبکە کە تەنها لەلای هاوڕێکانت دەرکەوێت، لە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" « profile "پەڕەی تایبەت".

٢- ڕەنگە ئارەزوش بکەیت زانیاریە تایبەتەکانت لە دۆسیەکەتدا بسڕیتەوە، بە بەکارهێنانی لینکی "هەمووارکردنی پەڕە سەرەکیەکەم" لە پەڕەی دۆسیەکەتدا. تەنها زانیارییەك لە دۆسیەکەتدا کە ناتوانیت بیسڕیتەوە ناوەکەتە. سەرجەم شتەکانی تر – شوێنی لەدایکبون، چەژنی لەدایکبون، تەنانەت ڕەگەزەکەت – بەدەست خۆتە ئاماژەیان پێبدەیت یان نا.

٣- لە "ڕەوشتی گەڕان"دا "تەنها هاوڕێیان" دەسنیشان بکە، کە دەکەوێتە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" » "گەڕان" (ئەمە چوارگۆشەی هەڵبژاردنی "تۆمارگەی گشتی گەڕان" یش دەشارێتەوە، و ئەگەر تۆمارگەی گشتی گەڕانیشت هەبێت دەیسڕێتەوە).

٤- لە ئامادەکاریەکانی "ناوەڕۆکی ئەنجامی گەڕان"دا کە دەکەوێتە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" » "گەڕان"، بژارکردنی سەرجەم چوارگۆشەکان هەڵبوەشێنەرەوە، تاکو ئەو کەسانەی هاوڕێت نین نەتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن یان هاوڕێیەتیت لەگەڵدا ببەستن یان تەماشای وێنەو لیستی هاوڕێکانت بکەن.

٥- لە پەڕەی "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" » "دوایین هەواڵەکانو دیوار"، بژارکردنی سەرجەم چوارگۆشەکانی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنەرەوە کە دەکەوێتە ژێر ناوی "چالاکیە بینراوەکانی هاوڕێیان".

٦- لە پەڕەی Applications "بەکاربەر" مۆڵەت لە گشت بەکاربەرێك بسێنەرەوە.

٧- هەمو ئەو تۆڕانە بەجێبێڵە کە بەشداریت تێدا کردوە. لە پەڕەی "ئامادەکاریەکان" » Account settings "ئامادەکاریەکانی هەژمار" » "تۆڕەکان" دەتوانیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت.

## چونەدەرەوە لە فەیسبوك

هەندێ کەس هەن بایکۆتی فەیسبوك دەکەنو نایانەوێت بەشداری تێدا بکەن بەهۆی بیرۆکەیەکی هەڵەی بەربڵاوەوە کە دەڵێت گوایە کاتێك دۆسیەیەك لە فەیسبوکدا بۆ خۆت ئامادە دەکەیت، ئەوا چیتر هەتاهەتایە ناتوانیت زانیاریەکانت

بکوژێنیتەوە. هاوڕێیەکم هەیە هەر کەسێك وشەی فەیسبوك بدرکێنێت ئەم وەڵامی ئەداتەوەو دەڵێت ئەو ماڵپەڕە وەك زیندانێکی هەتاهەتایی وایە "یەکجار بڕۆ ژوورەوە ئیتر نایەیتە دەرەوە".

بۆیە ئەگەر لەوە دەترسیت کە لە فەیسبوکدا حوکمی زیندانی هەتاهەتایت بەسەردا بدرێت، ئەوا کتومت پێت دەڵێم چۆن یاتاقەکەت بپێچیتەوەو لە فەیسبوکدا بێیتەدەر، ئەگەر بڕیارتدا دەربچیت.

وەك پێشینیان دەڵێن "هیچ دوکەڵێك بێ ئاگر نابێت"، بەردەوام لەپشتی هەمو بیرۆکەیەکی هەڵەی بەربڵاوەوە هەندێ ناوکی ڕاستی هەیە. لە ڕاستیدا لەم دۆخەدا لەڕوی تەکنیکییەوە ناتوانیت دۆسیەکەت لە فەیسبوکدا بکوژێنیتەوە بێ ئەوەی پەیوەندی بە فەیسبوکەوە نەکەیت و چاوەڕێی وەڵامیان نەکەیت.

بەڵام ئەوە زۆر گرنگ نییە. چونکە تۆ هەرکاتێك بتەوێت دەتوانیت گشت زانیاریەکانی دۆسیەکەت بسڕیتەوەو بۆشاییەك وەدوی خۆت جێبێڵیت. پاشان دەتوانیت دۆسیەکەت لە ئەنجامەکانی گەڕاندا بشاریتەوە، تاکو کەس نەتوانێت بگاتە ئەو توێکڵە بەتاڵەی کە پێشتر بۆ پاراستنی زانیاریەکانت بەکارت هێنابو. ئەوکات ئیتر کێ بایەخ بەوە ئەدات کە ئەو دۆسیە پوچەڵە لە فەیسبوکدا بمێنێتەوە یان نا؟

سێ ڕێگا هەیە بۆ چونەدەرەوە لە فەیسبوك:

١- لەکارخستنی کاتی. ئەگەر ئەم هەڵبژاردە Option هەڵبژێریت، لە ئێستادا لە فەیسبوکدا دەرەوێیت و نامێنیت، بەڵام هێشتا دەرگا کراوە دەبێت ئەگەر لە ئایندەدا بڕیارتدا بگەڕێیتەوە.


بۆ لەکارخستنی هەژماری فەیسبوک بەشێوەیەکی کاتی: بڕۆ بۆ "ئامادەکاریەکان" Account settings "ئامادەکاریەکانی هەژمار" کلێک لەسەر لینکی "لەکارخستن" بکە. فۆرمێکت ئەداتێ پڕی بکەرەوە تاکو فەیسبوک لە هۆکارو ئارەزوی لەکارخستنەکەت ئاگاداربکەیت، پاشان کلێک لەسەر دوگمەی "لەکارخستنی هەژمارەکەم" بکە بۆ دڵنیابون.

٢- سڕینەوەی هەژمارەکەت بۆ هەتاهەتایە. ئەگەر ئەم هەڵبژاردەیەت هەڵبژارد، داواکارییەك بۆ فەیسبوك بەرزدەكەیتەوە لەبۆ سڕینەوەی دۆسیەكەت بۆ هەتاهەتایە. ئەم هەنگاوە گەڕانەوەی نییە (بۆیە ناونراوە "بۆ هەتاهەتایە").




بۆ سڕینەوەی هەژمارەکەت لە فەیسبوک بۆ هەتاهەتایە، کلێک لەسەر "زانیاریەکان" بکە کە دەکەوێتە پەراوێزەوە، پاشان لە خانەی سەنتەری هاوکاریدا بنوسە delete. لەسەر پەڕەی ئەنجامی گەڕانەکەدا کلێک بکە لەسەر I want to permanently delete my account (دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە هەژمارەکەم بسڕمەوە)، ڕێنماییەکان بخوێنەرەوە، پاشان کلێک لەسەر لینکی سڕینەوەی هەژمارەکەت بکە.

٣- سڕینەوەی دەستکرد. گەر دەتەوێت بەڕاستی گشت جێدەستەکانت لە فەیسبوکدا بسڕیتەوە، دەتوانیت سەرجەم زانیاریەکانی دۆسیەکەت بەدەستی خۆت بسڕیتەوە بەر لەوەی دواکاری لەکارخستن یان سڕینەوە پێشکەش بکەیت، هەروەها تەواوی تایبەتمەندیەکانت توندوتۆڵ بکە هەروەك پێشتر لە



Reason for leaving (Required).
I don't feel safe on Facebook.
I don't understand how to use Facebook.
I have a privacy concern.
I don't find Facebook useful.
I get too many emails, invitations, and requests from Facebook.
I have another Facebook account
I spend too much time using Facebook.
This is temporary. I'll be back.
Other
Please explain further:
Groups: Change all open groups to closed
- (Open)
- (Secret)
Email opt out: Opt out of receiving future emails from Facebook
Delete applications: Permanently delete all applications for which I'm the only developer
- 140878179260439)
- Applications of me (132525936781032)
Cancel

بەشی "دورکەوتنەوە لە ڕوناکی" تەواوی ڕێگاکانی ڕونکراوەتەوە.

ئەم هەنگاوەیان لە ڕوی تەکنیکیەوە پێویست نییە، بەڵام ڕەنگە هەست بەڕازیبونێکی زیاتر بکەیت کاتێك دەزانیت گشت فایلەکانت سڕاونەتەوە بەر لەوەی دۆسیەکەت لەکاربخەیت. هیچ گرنگیش نییە بەلاتەوە فەیسبوك چەندێك کاتی پێدەچێت تاوەکو هەژمارەکەت بسڕێتەوە، چونکە دەزانیت کە زانیاریەکانت پێشوەخت لەناوچون.

5

# دیوارو ڕەوش و کورتەی هەواڵ

لێرەوە بەڕاستی خۆشی و شادی لەگەڵ فەیسبوکدا دەست پێدەکات. چونکە ڕازاندنەوەی دۆسیەکەت و کۆکردنەوەی هاوڕێ شتگەلێکی باش و جوانن، بەڵام پێکهاتەی نهێنی سەرکەوتنی فەیسبوک ئەو ڕێگایە کە لێیەوە بەهاوڕێیانتەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵ و زانیاری و وێنە ئاسانتر دەکات.


بەر لە سەرهەڵدانی فەیسبوک، ڕەنگە لەڕێی ئەنتەرنێتەوە توانیبێتت چەند هاوڕێیەکی کۆنت بدۆزیتەوە و یەك دوو ئیمێڵی گەرم و گوڕ ئاڵوگۆڕبکەن تابزانن هەواڵی یەکتر چۆنە. بەڵام ئەگەر کۆششێکی زۆر نەدەیت بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندیە، ئەوا زۆرجار دەبینیت دیسانەوە دوای شەش مانگ پەیوەندیەکەتان پچڕاوەتەوە.

خۆشبەختانە، فەیسبوک ئەو ئەرکە قورسەت لەکۆڵ دەکاتەوە کە بەردەوام لەسەر هێڵ بیت. دۆسیەکانی فەیسبوک ڕێگایەکی ئاسانت بۆ دابین دەکات بۆ زانینی هەواڵی هاوڕێکانت، لەکاتێکدا کورتەی هەواڵەکانت کە لە پەڕەی سەرەکیتدا دەردەچێت بیرۆکەیەکی بەربڵاوت پێدەبەخشێت لەبارەی ڕۆژ بە ڕۆژی ڕوداو و چالاکیەکانی ئەو بازنە کۆمەڵایەتیەی ناوتەتەوە.

لەم بەشەدا چۆنیەتی هەمو ئەمانەت بۆ دەردەکەوێت. هەروەها گفتوگۆ دەکەین لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی فەیسبوک وەك ئامرازگەلێکی ڕەواج بۆکردن: ئەگەر شتێکت هەبێت دەتەوێ ڕەواجی بۆ بکەیت، کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوک دەتوانێت نامەکەت گەورەبکات و یارمەتیت بدات لە گەیشتن بە زۆرترین کەس.

# پەخشی فەیسبوک: یەک ویستکە بۆ پەخش و بەشداریکردن

لە بەشی سەرەوەی هێمای دەروازەی "دیوار"ی ناو دۆسیەکەت ناوچەیەکی تایبەت هەیە پێیدەوترێ پەخشی فەیسبوک Facebook Publisher. ئەم پەخشە بڵاوکردنەوەی هەمو جۆرەکانی ناوەڕۆکی دۆسیەکەت ئاسانتر دەکات: نامە، لینک، وێنە، فیلمی ڤیدیۆ، وە شتی تر. دەتوانیت ئەم پەخشە لە دۆسیەی هاوڕێکانیشتدا بەکار بێنیت لەبۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک لەسەر دیوارەکانیان.





بڵاوکردنەوەی شتێك لەسەر دۆسیەکەت بە مانای چی دێت؟ لە ڕاستیدا دووشتی پێکەوە بەجارێك ڕوئەدەن.

یەکەم، کاتێك کە شتێك لەسەر دۆسیەکەت بڵاو دەکەیتەوە، ئەوا لەسەر دیوارەکەت بڵاوی دەکەیتەوە – هەواڵی دابەزینی ئەو فایلە لەنێو هەواڵەکانی تری سەر دیوارەکەتدا بڵاودەبێتەوە، ئەو هاوڕێیانەش کە سەردانی دۆسیەکەت دەکەن بۆ بینینی کارو چالاکیەکانت لەوێ دەیبینن.

وەلێ لە هەمان کاتدا جۆرێك پەخشی نامانجکراو ئەنجام ئەدەیت. فەیسبوك هەواڵێك لەسەر ئەو فایلە بڵاودەکاتەوە کە داتبەزاندوە، وە دەچێتە ناوچەی دواین هەواڵەکانیان لە پەڕەی سەرەکییاندا. بۆیە کاتێك فایلێك لەسەر دۆسیەکەت بڵاو دەکەیتەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا لەگەڵ هاوڕێکانتدا بەشداری پێدەکەیت – وەکو ئەوە وابێت بڵێیت "هاوڕێیان، تەماشای ئەمە بکەن!".

بۆ بڵاوکردنەوەی شتێك بە بەکارهێنانی پەخشی فەیسبوك، کلیك لەسەر چوارگۆشە بەتاڵەکە بکە ئەوکات ڕیزێك دوگمەت بۆ دەردەچێت بۆ هەڵبژاردنی جۆری ئەو فایلانەی دەتەوێت بڵاویان بکەیتەوە. کلیك لەسەر دوگمەی گونجاو بکە ئەوکات خانە گونجاوەکان دەردەچێت.




لە میانەی ئەم بەشەدا وردەکاری بڵاوکردنەوەی نامەی دیوارو نوێکردنەوەی رەوش و لینکەکان و تێبینیەکان ڕوندەکەینەوە. وێنەو فیلمە ڤیدیۆیەکانیش لە بەشی ٨ تاوتوێ دەکەین.

## بنەرەتیەکانی دیوار

هێمای دەروازەی wall "دیوار" لە پەڕەی دۆسیەدا ئەو شوێنە گونجاوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە چالاکیە کۆمەڵایەتیە ڕاستەوخۆکانی نێو فەیسبوکی تیا ئەنجام ئەدرێت. ئەو شوێنەیە کە تۆو هاوڕێکانت دەتوانن نامەی کۆمەڵایەتی بۆ یەکتر بنوسنەوە کە هاوڕێکانی تریش دەتوانن ببینن، ئەو شوێنەیە کە سەردانی دەکەیت تابزانیت چی لە خەیاڵی هاوڕێکەتدایەو دواین پێشهاتەکانی چین.

## چۆنیەتی پەخشکردن لە سەر دیوار

ئاسانە لەسەر دیواری کەسێك بنوسیت. تەنها بڕۆ بۆ دۆسیەکەی و کلیك لەسەر چوارگۆشە بەتاڵەکەی نێو پەخشکەرەکە بکە. لەوێ پەیامەکەت بنوسە، دواتر کە تەواو دەبیت کلیك لەسەر دوگمەی share "بەشداریپێکردن" بکە.





جگە لەنوسینی نامە، دەتوانیت ئەو پەخشکەرە بەکاربێنیت بۆ بڵاوکردنەوەی لینك و وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی لەسەر دیواری هاوڕێکانت – هەمان جۆری ئەو فایلانەی کە دەتوانیت لە دۆسیەکەتدا بڵاوی بکەیتەوە. تەنها دوگمەی گونجاو هەڵبژێرەو کارەکەت ئەنجام بدە.


# تەماشاکردنی گفتوگۆکانی سەر دیوار

دەکرێ گفتوگۆی سەر دیوارەکان بەش بەش بێت. هاوڕێیەك لەسەر دیوارەکەت دەنوسێت، تۆش لەسەر دیوارەکەی وەڵامی ئەدەیتەوە، هتد. ئەمە چاتێکی تەواوە، بەڵام هەر بەشێکی لەدوو شوێنی جیاوازە. وەگەر چاتەکە بۆ چەند ڕۆژێك خایەندی، یان هەفتەیەك، ئەوکات شتەکان زیاتر یەکاڵا دەبن.

خۆشبەختانە فەیسبوك ڕێگایەکی ئاسانت بۆ دابین دەکات لەبۆ خوێندنەوەی تەواوی چاتەکە لە یەك شوێندا، بۆیە ناچار نیت لەم دیوار بۆ ئەو دیوار کلیّك بکەیت و بێت و بڕۆیت بۆ خوێندنەوەی چاتێك. لە خوارەوەی هەر نامەیەك کە کەسێك لەسەر دیوارەکەت بۆتی دەنوسێت، لینکی "تەماشاکردنی دیوار بۆ دیوار" دەبینیت (ئەمە ئەو کۆمێنتانە ناگرێتەوە کە لەسەر کورتەی هەواڵەکانی سەر دیوارەکەت دەردەچێت، تەنها نوسینە سەربەخۆکانی سەر دیوار لینکی "تەماشاکردنی دیوار بۆ دیوار"ی هەیە).




کلیّك کردن لەسەر "تەماشاکردنی دیوار بۆ دیوار" دەتبات بۆ پەڕەیەك کە تێیدا دەتوانیت تەماشای گشت نامەکانی سەر دیواری نێوان تۆو هاوڕێکەت ببینیت.




ڕەنگە لینکی "تەماشاکردنی دیوار بۆ دیوار" لە ژێر ئەو هەواڵانەشدا ببینیت کە لە کورتەی هەواڵەکانتدا دەردەچن کاتێك کە هاوڕێیەکت لەسەر دیواری هاوڕێیەکی ترت دەنوسێت. تەماشاکردنی "لایەنی سێیەم" زۆر بەسودە، چونکە یەك نوسین لەسەر دیوارێك ڕەنگە هیچ مانایەکی نەبێت، بەڵام بە کلیّك کردن لەسەر

"تەماشاکردنی دیوار بۆ دیوار" دەتوانیت میانەی پێویست بەدەست بێنیت بۆ تێگەیشتن لە گفتوگۆکە.

## گرنگیدانو بایەخدان بە دیوار


فەیسبوک بە جۆرێك لە جۆرەکان توانایەکی گەورەت ئەداتێ بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی دیوارەکەت.

## چۆنیەتی دەربڕینی "پەسەندبون" لەسەر چالاکیەکانی دیوار

هەمو چالاکیەك کە لەسەر دیوارەکەت دەردەچێت، دەتوانیت پەسەندی بکەیت یان بە تەواوی بیکوژێنیتەوە. بۆ دەربڕینی پەسەندبون لەسەر چالاکیەك، لینکی Like "پەسەندە" بەکاربێنە کە دەکەوێتە لای چەپەوە.




کلێك لەسەر وشەی Like"پەسەندە" بکە ئەوکات چوارگۆشەیەك دەکاتەوە بۆ کۆمێنتێکی پەسەندبون بەو چالاکیە.




## چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی کە دەتوانن لەسەر دیوارەکەت شت بلاوبکەنەوە

هەر وەك لەبەشی ٤ باسکرا، لە پەڕەی "ئامادەکاریەکان" « "ئامادەکردنی تایبەتمەندیەکان" « "پەڕەی تایبەت" توخمێکی کۆنترۆڵکردن هەیە ڕێگەت ئەدات هەلبژێریت کە ئایا هاوڕێکانت بۆیان هەیە شت لەسەر دیوارەکەت بلاوبکەنەوە یان نا. هەروەها ڕێگەی ئەوەشت ئەدات ئەو کەسانەی دەستنیشان بکەیت کە بتوانن

تەماشای بڵاوکراوەی هاوڕێکانت بکەن، دەتوانیت ئەو کەسانە لە تۆڕو لیستی هاوڕێکانتدا دەستنیشان بکەیت. دەبینیت هەمان ئەو توخمە لە ناوچەی ئامادەکاریەکانی دیوارەکەتیشدا بونی هەیە. کلیك لەسەر لینکی "ئامادەکاریەکان" بکە کە دەکەوێتە بەشی سەروی دیوارەکەت، بۆ دەرخستنی ناوچەی ئامادەکاریەکان.




## چۆن تەماشاکردنی دیوارەکەت دەگۆڕیت

لە بەشی سەرەوەی دیوارەکەت کۆمەڵێك لینك هەن کە ڕێگەت ئەدەن ئەو شتانە بگۆڕیت کە لەسەر دیوارەکەت دەردەچن. لە بنەڕەتدا وائامادەکراوە کە هەمو جۆرە بڵاوکراوەیەك نیشان بدات، بەڵام ئەگەر کلیك لەسەر "تەنها ناوت" بکەیت ئەوا چیتر تەنها ئەو شتانە نیشان ئەدات کە خۆت لە دۆسیەکەتدا بڵاوتکردۆتەوە. وەگەر کلیك لەسەر "تەنها هاوڕێیان" بکەیت ئەوا تەنها ئەو شتانە نیشان ئەدات کە هاوڕێکانت لەسەر دیوارەکەت بڵاویان کردۆتەوە.

بزانە کە تۆ کاتێك کلیك لەسەر ئەو لینکانە دەکەیت، لە ڕاستیدا هیچ شتێك لە دیوارەکەت ناسڕیتەوە، هەروەها هیچ شتێکیش لە میوانانی نێو دیوارەکەت ناشاریتەوە – تەنها شێوازی نمایشکردنی شتاکانت بەشێوەیەکی کاتی بۆ دەگۆڕێت.

کاتێك کە دیواری هاوڕێکانیشت دەخوێنیتەوە هەمان ئەو هەڵبژاردنانە دەستەبەرن. بۆیە بۆنمونە ئەگەر سەردانی دیوارەکەی دلۆڤان دەکەیت، دەتوانیت کلیك لەسەر "تەنها دلۆڤان" بکەیت تاکو تەنها ئەو شتانە ببینیت کە خودی دلۆڤان بڵاوی کردۆتەوە، یان "تەنها هاوڕێیان" تاکو ئەو شتانە ببینیت کە هاوڕێیانی دلۆڤان لەسەر دیوارەکەی بڵاویان کردۆتەوە.

## بەکارهێنانی کورتەی هەواڵ بۆ چاودێری هاورێیان

پێشتر ئامـاژەم بـەوەدا کـە فەیـسبوك کـرداری چـالاکی هاورێکانـت بەئاسـانی پێڕادەگەیـەنێت، ناوچـەی "دوایـن هـەواڵ" news feed لـە پـەرەی سـەرەکی فەیـسبوکدا ئـەو هەواڵانـەت بـۆ دەسـتەبەر دەکـات. فەیـسبوك هەنـدێ هەڵبـژاردەی Options بەسودت پێدەدات بۆ گۆڕینی جۆری ئەو هەواڵانەی لە کورتەی هەواڵەکاندا دەیبینیـت، هـەروەها جەختکردنەسـەر هـەواڵی ئـەو هاورێیانـەی زیـاتر لـەوانی تـر بەلاتەوە گرنگن.

## چۆنیەتی گۆڕینی نمایشی کورتەی هەواڵ




لـەلای چـەپی ناوچـەی "دوایـن هـەواڵ" کـە دەکەوێتە پەرەی سەرەکییەوە چەند دوگمەیەك هەیە کلێکیان لەسەر بکە بۆ گۆڕینی جۆری ئەو هەواڵانـەی نمایشی دەکات.

- "دوایـن هـەواڵ" status updates ئـەو شـێوە بنەرەتیەیـە کـە فەیـسبوك خـۆی دیـاریکردوە. فەیـسبوك بـە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی چـەند فاکتـەرێك شیدەکاتەوە پاشان دەستەیەك هـەواڵ هەڵدەبژێرێ کە پێیوایە بەلای تۆوە گرنگن.
- "وێنە" و "لینك" و "ڤیدیۆ" photos Links Video رێگـە نـەدات تـەنها ئـەو جـۆرە فایلانـە نیشان بدرێت.

لەژێر ئەم دوگمانەدا لینکی "زیاتر" more هەیە کە هەڵبژاردەی زیاتر بۆ وەدەست دەخات. لینکی moreـی سەرەوە رێگەت ئەدات یەکێ لە لیستی هاورێکانت دەسنیشان بکەیت بۆ بینینی هەواڵەکانیان، لینکی خوارەوەش رێگەت ئەدات هەواڵی بەکاربەرێکی دیاریکراو هەڵبژێریت.

سەرنج: ئەم هەڵبژاردەیان زۆر بە کەڵك دەزانم. ئەگەر لە فەیسبوکدا هاورێت زۆر بو، ئەوا پێویستت بەکاتێکی زۆر دەبێ بۆ تەماشاکردنی هەمو ئەو کورتە هەواڵانەی فەیسبوك لەبارەی هاوڕێکانتەوە ئامادەی کردوە. بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانیت لیستێکی هاوڕێیان بەناوی "باشترینەکان"ـەوە دروست بکەیت، پاشان لەڕێگەی لینکی more دەستنیشانی بکەیت، تاکو ئاسانتر بگەیت بە هەواڵی ئەو هاوڕێیانەت کە بەلاتەوە گرنگترن. تەنها ئەوەندەت لەسەرە لیستێکی گونجاوی هاوڕێیان دروستکەیت، ئیدی لە لسیتی کورتەی هەواڵەکاندا دەردەکەوێت.

## چۆنیەتی بەشداریکردن لە هەواڵ دەربارەی هاوڕێکانت بە بەکارهێنانی RSS

ئەگەر خوێنەری RSS بەکاردێنیت، وەك Google Reader یان Bloglines، دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ چاودێریکردنی ئەو هاوڕێیانەت کە بەلاتەوە گرنگن بە بەشداریکردن لە کورتەی هەواڵ.

### بەشداریکردن لە نوێکردنەوەی رەوش

دەتوانیت لە نوێکردنەوەی رەوشی هاوڕێکانت بەشداری بکەیت بە کلیك کردن لەسەر "هاوڕێیان" friend کە دەکەوێتە سەر پتیلەی شین لەپاشان کلیك لەسەر هێمای دەروازەی Status Updates "نوێکردنەوەی رەوش" بکە کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پەڕەکە. لە پەڕەی دواتردا، بەشوێن دوگمەی "رەوشی هاوڕێیان"ـدا بگەڕێ. کلێکی لەسەر بکە کورتەی RSS پێدەدا کە دەتوانیت بیکەیتە ناو خوێنەری RSSکەتەوە یان پرۆگرامی ئەنتەرنێتەکەتەوە.

### بەشداریکردن لە فایلە بلاوکراوەکان (یان لینکەکان)

دەشتوانی بەشداری لەو فایلانەدا بکەیت کە هاوڕێیانت بلاوی دەکەنەوە – یان هەمو هاوڕێیانت یان تەنها هاوڕێیەکی دیاریکراو. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، بڕۆ بۆ

بەکاربەری لینکەکانو لەوێ بەشوێن دوگمەی "لینکی هاوڕێیان"ـدا بگەڕێ. کلێکی لەسەر بکە لینکێکت پێدەدات کە دەتگەیەنێتە کورتەی RSS.

بۆ بەشداریکردنی لەو فایلانەی هاوڕێیەکی دیاریکراوت بڵاوی دەکاتەوە، سەرەتای لەو لیستە دەرتۆقیوەی بەشی سەرەوەی پەڕەی فایلە بڵاوکراوەکاندا ناوەکەی بنوسە، پاشان کلێك لەسەر دوگمەی "لینکی *فلان*"بکە.

## بەشداریکردن لە تێبینیەکان

ئەمەشیان پراوپڕ وەك پرۆسەی بەشداریکردن لە فایلە بڵاوکراوەکان وایە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە – بڕۆ بۆ بەکاربەری تێبینیەکان، لەوێ بەشوێن لینکی RSS تێبینی هاوڕێکانتدا بگەڕێ، یان تێبینی هەر هاوڕێیەکی دیاریکراو کە خۆت دەستنیشانی بکەیت، لە نێو ئەو لیستە دەرتۆقیوەی سەرەوەدا ناوەکەی بنوسە.

## پرنسیپی نوێکردنەوەی ڕەوش

پاش ئەوەی لیستی هاوڕێیانت گەشە دەکاتو گەورە دەبێت – کاتێك کە ژمارەی هاوڕێکانت بە دەیان کەس دەبێت – چیتر خوێندنەوەی نوێکردنەوەی ڕەوشەکان کەیف وەرگرتن نابێت، بەڵکو ڕێگایەکی بەسود دەبێت بۆ زانینی هەندێ شت. کلێك لەسەر هێمای دەروازەی Status Updates "نوێکردنەوەی ڕەوش" بکە کە دەکەوێتە پەڕەی سەرەکییەوە، دەتوانێت بیرۆکەیەکت لە بارەی گەشت هاوڕێکانتەوە پێبدات سەبارەت بە دۆخی ئێستای (پیشەیی، خێزانی، دەرونی، هتد).

ئەگەر نوێ بیت لەسەر فەیسبوك، زۆر بەتوندی ئامۆژگاریت دەکەم کە ڕابێیت هەمیشە تەماشای نوێکردنەوەی ڕەوشەکان بکەیت. ڕەنگە سەرسام بیت لە هەندێ لەو شتانەی بۆت دەردەکەوێت. چونکە لەلایەك، نوێکردنەوەی ڕەوش دەتوانێت ئاگادارت بکات لەو شتە بەبایەخانەی لای هاوڕێیانت. ڕەنگە بۆت دەرکەوێت کە زۆرێك لە هاوڕێیانت سەرما لێیداون، یان ژمارەیەکیان زۆر بەجۆشەوەن بۆ پشوی هاوینی ئەمساڵ، یان هەندێکیان بەمزوانە بەخۆبەخشی کار بۆ ڕێکخراوێکی مرۆیی دەکەنو گەشت بەرەو چەند وڵاتێکی هەژار دەکەن.

من زۆر سەرسامم بە ئەندازەی ئەو ڕووداوانەی بۆ یەکەم جار لە فەیسبوکدا گوێم لێدەبێت. بردنەوەی باراك ئۆباما لە ویلایەتی ئەیوا، مردنی هەندێ لە ناوداران، زەمین لەرزەو لافاو لە هەندێ ناوچەی جیاوازی جیهان، ئەمانە هەموی هەواڵ گەلێکن کە لەڕێی خوێندنەوەی نوێکردنەوەی ڕەوشی هاوڕێکانمەوە دەمبیستن بەر لەوەی بچم بۆ هەواڵەکانی گوگڵ تاکو لەوێ وردەکاریەکانی لەبارەوە بخوێنمەوە. ئەمڕۆش کاتێك کە زانیم هەندێ لە هاوڕێیانم بە هۆی قەیرانی ئابوری جیهانییەوە لە کارەکانیان دورخراوەنەتەوە، ئەمە پاڵینام هەستم بە خوێندنەوەی ڕێژەی بێکاری لەسەر ماڵپەڕەکانی هەواڵ.

## ڕێگەکانی بەکارهێنانی نوێکردنەوەی ڕەوش

نوێکردنەوەی ڕەوش تایبەتمەندیەکی سەرنج ڕاکێشە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە کورتە – ڕێ ئەدات تەنها یەك تا دوو ڕستە بنوسیت – دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ وتنی چەندەها جۆرە شت.

نوێکردنەوەی ڕەوش دەتوانێت ڕۆڵی دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەش ببینێت کە تێیدا وردەکاری کورت لە بارەی ئەو شتانەوە دەنوسیت کە ئەوڕۆ بەسەرتدا ڕویداون، یان وەك دوانگەیەك وایە کە لێیەوە نوکتەو قسەی گاڵتەئامێزی لێوە بڵاودەکەیتەوە، یان وەك شەپیورێك وایە کە ڕێگەت ئەدات زانیاری بڵاوبکەیتەوەو دەربڕین لە بۆچونی خۆت بکەیت دەربارەی پرس‌و ڕوداوە هەنوکەییەکان. نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت لانی کەم تێکەڵەیەك دەبێت لە هەمو ئەم پێکهاتە جۆراوجۆرانە.

دەشتوانی نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت وەك پانتاییەکی ڕەواج بۆکردن بەکاربێنیت: سەرنجکێشانی خەڵك بەلای کتێبێك بەمزوانە دەردەچێت، دەرچونی بەرهەمێکی نوێ، یان هەر شتێکی تر کە تۆ بۆخۆت شانازی پێوە دەکەیت‌و حەزدەکەیت هاوڕێکانیشت لەبارەیەوە بیزانن (خۆت لە زیادەڕەوی لابدە، چونکە ئەگەر هاوڕێکانت ببینن نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت سەرڕێژە لە بانگەشەو بەدەمەوە هەڵبەستن، ئەوا چیدی خەڵکی پشتگوێی دەخات یان تەنانەت ڕەنگە هاوڕێیەتیت لەگەڵدا هەڵبوەشێننەوە).

ئەمانــەی خــوارەوە چــەند ڕێگایــەکی پراکتیکییــە بــۆ کــەڵك وەرگــرتن لــە نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت:

- تێگەیشتنت بە هاوێشتنی پرسیار پشت ئەستورتر بکە. سامی هاوڕێم کاتێـك خـۆیی فێـر فۆتۆشـۆپ دەکـرد، نوێکردنـەوەی ڕەوشـەکەی بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری بـەکار دەهێنـاو پرسـیاری لـەبارەی ئـەو بەرنامـەوە دەکـرد، لـەماوەی چـەند خولەکێکـدا چـەندانی وەڵامـی بـۆ هاتـەوە. کەسانێکیشم دەبینی داوای ڕێنماییان لە پزیشك و مافناس دەکرد.
- ڕێگـە بـدە خـەڵکی بـزانن کـەی سـەفەر دەکـەیت، تـاکو هاوڕێیانـت لـەو ناوچـەی سـەفەری بـۆ دەکـەیت بتـوانن کارنامـەی خۆیـان ڕێکخـەن بـۆ بینینت.
- خـەڵکی لـە ڕوداو و بۆنـە داهاتوەکـان ئاگاداربکـەرەوە ("لـەبیرتان نەچێت لەپێشانگاکە شوێن بۆ خۆتان بگرن").
- هـەمو شـتێکی نـوێی خـۆت نمایـشکە ئیـدی وێنەیـەکی نـوێ بێـت یـان ماڵپەڕێکی نوێ بێت یاخود ڤیدیۆیەکی نوێ یان تەنانەت سترانێکی نـوێ بێت.
- لە کاتی ڕودانی هـەر کارەساتێکدا لـەو ناوچەی تۆی تیا دەژیت (زەمین لەرزە، گەردەلول، مانگرتن) سەلامەتی خۆت ڕابگەیەنە تاکو هاوڕێیانت لە بارودۆخت بەئاگابن.
- پاڵپشتییەکی دەرونی پەیداکە. کاتێك دەچیتە نەخۆشخانە، یـان نـەخۆش دەکـەویت، یـان بـە هەفتەیـەکی ناخۆشـدا تێدەپـەڕیت، داوای پاڵپـشتی و سۆزبکە.

# وادەكردنی رەوشەكەت لە فەیسبوك لە رێگەی Twitter

ئەگەر یەكێ بویت لە بەكارهێنەرانی Twitter.com، دەتوانیت دوو كەڵك لە نوێكاریەكانی وەربگریت بەجۆرێك كە وەهای لێبكەیت لەگەڵ نوێكاری رەوشەكەتدا لە فەیسبوك یەكبگرێت. پێكانی دوو چۆلەكە بە یەك بەرد!


ئاسانترین رێگا بۆ جێبەجێكردنی ئەمە ئەوەیە بەرنامەی Twitter لە فەیسبوكەكەتدا دابەزێنیت. بزانە چۆن:

١- لە خانەی گەڕانی سەر پتیلەی شیندا بنوسە Twitter.

٢- لە پەڕەی ئەنجامەكاندا، بەرنامەی Twitter بدۆزەرەوەو كلێك لەسەر "نمایشكردنی بەكاربەر" بكە كە دەكەوێتە لای چەپی تۆمارگەكەیەوە.




٣- لە پەڕەی Twitterدا كلێك لەسەر "چون بەرەو بەكاربەر" بكە.





٤- لە چوارگۆشەی "رێگەدان بە چونەژورەوە؟"، كلێك لەسەر "رێگەدان" بكە تا رێگە بە بەرنامەی Twitter بدات بێتە نێو فایلەكانتەوە.

٥- بەکاربەرەکە داوات لێدەکات چونەژورەوەت تۆمارکەیت بە بەکارهێنانی ناوی بەکارهێنەرو پاسوردی شیاو.

٦- پاش ئەوەی چونەژورەوەت تۆمار دەکەیت، دەچیتە پەڕەی سەرەکی بەکاربەری Twitter. دەتوانیت نوێکردنەوەکەت لە خانەی سەروی پەڕەکەدا بنوسیتەوەو پاش ئەوەی تەواو دەبیت کلێک لەسەر Update بکە.




٧- لەدوای ئەنجامدانی ئەمانە، دەسبەجێ نوێکردنەوەکەت لە فەیسبوکو Twitter.comدا بڵاودەبێتەوە.




## تێبینیەکان: نوسینی نێو فەیسبوك

ئەگەر پەیامێکت هەبو دەتویست بەشداری پێبکەیت لەگەڵ هاوڕێکانت بەڵام زۆر دورو درێــژ بــو بەچەشــنێك کــە لــە نوێکردنــەوەی ڕەوشــدا جێــی نــەدەبوەوە، "تێبینیــەکان"ــی فەیــسبوك ئــەم کــارەت بــۆ جێبــەجێ دەکــات. نوســینی تێبینــی وەڵامدانەوەی فەیسبوکە لەسەر نوسینەکان. دەتوانیت تێبینیەکان بەکار بێنیت بۆ بەشداری پێکردنی هەندێ بیرۆکە، بیروڕای سیاسی، نوسینی نێو ڕۆژمێری تایبەت، یان هەر شتێکی تر کە دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە.

کاتێــك کــە تێبینییــەك بڵاودەکەیتــەوە، لــە دۆســیەکەت و کورتــەی هــەواڵی هاوڕێکانتدا دەردەچێت.


## چۆنیتەی بڵاوکردنەوەی تێبینی

دوو ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی تێبینی لە فەیسبوك. بۆ نوسینی تێبینی بەشێوەیەك کە سەرڕێژبێت لە تایبەتمەندی، دەتوانیت بڕۆیت بۆ خودی بەکاربــەری "تێبینیــەکان" – لــە ڕێگــەی لیــستی دەرتۆقیــوی Applications "بەکاربەر" کە دەکەوێتە سەر پتیلەی بەکاربەر ("تێبینیەکان" یەکێکە لە بەکاربەرە سەرەکیەکانی فەیسبوك کە خۆی لە بنەڕەتدا بونی هەیە، بۆیە پێویست بە دابەزاندنی ناکات). بۆ نوسینی تێبینی، کلیك لەسەر دوگمەی "نوسینی تێبینییەکی نوێ" بکە کە دەکەوێتە گۆشەی چەپی سەرەوەی پەڕەکە.



لە پەڕەی دواتردا فۆرمێکی ئاسانت پێدەدات کە خانەی ناو و ناوەڕۆکی تێبینیەکەی تێدایە. لە خوارەوەش شوێنێکی بۆشایی تێدایە بۆ وێنە کە ڕێگەت ئەدات وێنەیەك لە کۆمپیوتەرەکەتەوە دابەزێنیت لەبۆ ڕونکردنەوەی تێبینیەکە. وە لەلای چەپەوە خانەیەکی تێدایە ڕێگەت ئەدات ئاماژە بە یەکێ لە هاوڕێیانت بکەیت کە لە تێبینیەکەدا ناویت هێناوە.

ئەگەر بتەوێت تێبینیەکەت وەها دروستکەیت کە تەنها نوسینێکی سادە نەبێت، دەتوانیت بە بەکارهێنانی سومبولەکانی HTML بیڕازێنیتەوە. کاغەزێکی بەسود هەیە چییەتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی سومبولەکانی HTML ڕوندەکاتەوە، دەتوانیت پێی بگەیت بە کلیك کردن لەسەر ئەو لینکە بچوکەی کە دەڵێت "ئایا ئەم رستەیەت بەلاوە پەنهانە؟" کە دەکەوێتە ژێر خانەی سەردێڕەوە. لەخوار فۆڕمەکەوە




چوارگۆشەیەکی تایبەت هەیە ڕێگەت ئەدات ئەو کەسانە دەستنیشان بکەیت کە دەتوانن تێبینیەکەت تەماشابکەن.

وەگەر پەلەت بو، دەشتوانی بەشێوەیەکی ئاسان ڕاستەوخۆ لە دۆسیەکەتدا تێبینی بنوسیت بە بەکارهێنانی دوگمەی "نوسینی تێبینی" سەر پەخشکەرەکە. فۆڕمێکی نوسینی تێبینیت پێدەدات کە لەدوو خانە پێکهاتوە، یەکیان بۆ ناو و یەکیان بۆ ناوەڕۆک. کلیك لەسەر لینکی "هەڵبژاردەی زیاتر" More Options بکە ئامرازگەلێکت پێدەدات بۆ ئاماژەدان و تایبەتکردن و دانانی وێنە.

## گەیشتن بە جەماوەر لە فەیسبوك

کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوك بەشێکی گرنگە کە وادەکات ماڵپەڕەکە خۆشترو چێژبەخشتر بێت. بەڵام بە هۆی دیاردەیەکی ئەنتیکەوە کە ناودەنرێت ***ڕاکشانی خامۆش*** passive endorsement، ئەویش دەتوانێت فەیسبوك بکاتە ئامرازێکی چالاك بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە بارەی هەر شتێکەوە.

دەزانم، دەزانم. ڕاکشانی خامۆش وەك ڕستەیەکی زایەڵەدار وایە لە کۆمپانیاکاندا بەکاردێت. شتێك کە بەرپرسەکەت ناچار دەکات تەماشای ڤیدیۆیەکی مەشقکردنی وەڕس بکات. بەڵام نەختێك ئارامبە – چونکە ئەگەر بیرۆکەیەکی داهێنان یان پێشەیی یاخود دۆسیەیەکت هەیە دەتەوێت لە فەیسبوکدا ڕەواجی بۆ بکەیت، ئەوا ڕاکشانی خامۆش دەتوانێت چالاکیەکەت هێندەی تر ئاکتیڤ بکات.

بزانە چۆن کار دەکات. با وادانێین لە تەلەفزیۆندا ریکلامی فیلمێك دەبینیت. ئەمە ڕاکشانێکی چالاکە – ریکلامکەرەکان بە مەبەستەوە ڕەواجی فیلمەکە بۆ تۆ دەکەن، ئامانجە سەرەکیەکەیان ئەوەیە تەماشای بکەیت. لەلای خۆتەوە، دەزانیت کە ریکلامەکە بۆ تۆیە، بۆیە هەر بانگەشەیەك لەبارەی فیلمەکەوە بە هەند وەردەگریت (یەکێکە لە باشترین فیلمەکانی ئەمساڵ؟ دەبینین، دەبینین!).

لەلایەکی دیکەوە، باوادانێین گوێت لە هەندێ لە هاوڕێکانتە باسی فیلمەکە دەکەن – دەڵێن چەندە پێکەنیناوی و بەکەیف بوە. لە بەر ئەوەی تۆ قسەی ئەوان بە هەند وەردەگریت، بۆیە بەباشی گوێیان بۆ دەگریت و دەڵێیت "واباشە تەماشای بکەم".

ئەمەیە کاریگەری ڕاکشانی خامۆش. هاوڕێکانت ناچاریان نەکردیت تەماشای فیلمەکە بکەیت – چونکە ڕەنگە ئەمە کاردانەوەیەکی پێچەوانەت لەلا دروست بکات. تەنها دەربڕینیان لە پێزانینی ڕاستەقینەی خۆیان کرد سەبارەت بە فیلمەکە.

لە فەیسبوکدا دەکرێ ئەم کاریگەریە لە دەستەیەك ڕێگەی پان و بەریندا ڕەنگبداتەوە. ئەگەر بە بەردەوام چاودێری کورتەی هەواڵەکانت کردبێ، چەند هەواڵێك دەبینیت لەبارەی ئەوەی گوایە هاوڕێکانت بەشدارییان لە فلان گروپدا کردوە، بونەتە هەوادارێ پەڕەیەك، پلانیان وایە لە فلان بۆنەدا ئامادەبن. بەکاربەری لایەنی سێهەمیش هەواڵ بڵاو دەکاتەوە: هاوڕێکانت بە بەکارهێنانی ilike بلیتی ئاهەنگێکی مۆسیقییان کڕی، کتێبێکی تریان خستە سەر کۆی کتێبەکانیان، بە بەکارهێنانی Causes بڕیاریاندا پاڵپشتی لە دامەزراوەیەکی خێرخوازی بکەن، کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوك هەمو ئەم هەواڵانەت پێ ڕادەگەیەنێت.

چۆن دەتوانیت سود لەمە وەربگریت؟ با نمونەیەکت بۆ بێنمەوە: با وادانێین تۆ پلانت وایە ئاهەنگێکی خێرخوازی گەورە بۆ دامەزراوەیەکی لۆکاڵی دابنێیت کە خۆت ئەندامێکی لە ئەنجومەنی بەڕێوبردنی؟ کاروبارت واڕێکخستوە کە خواردەمەنییەکی خۆش پێشکەش بکەیت. دەزانیت کە میوانەکانت شتێکیان لەچنگ گیر دەبێت کە واهەستکەن ئەو پارەی داویانە شایەنیەتی، تەنها ئەوەت لەسەرە هەواڵەکە بڵاوبکەیتەوە.

وەختێ کاتی ئەوە دێت ڕەواج بۆ ئەو بۆنەیە بکەیت، دەتوانیت بانگهێشت بۆ لیستی ئەندرەسەکانی دامەزراوەکە بنێریت. دەشتوانی بانگهێشت بۆ هاوڕێ تایبەتەکانت بنێریت. تەنانەت دەتوانیت بانگهێشت بۆ هەر کەس بنێریت داوای لێبکەیت ئەویش بەشبەحاڵی خۆی بۆ هاوڕێکانی بنێرێت – بەمجۆرە ژمارەی جەماوەرەکە زیاد دەکات. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەم کارە دەکەن؟ لانی کەم هاوڕێ دڵسۆزەکانت بانگهێشت بۆ هاوڕێیانی خۆیان دەنێرن، بەڵام زۆربەیان واهەست دەکەن کە تەنها بە کڕینی بلیتەکان ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە.

بابڵێین ئێستا تۆ هەمان هەواڵ لە فەیسبوکدا بڵاودەکەیتەوەو بانگهێشت بۆ هەمو ئەو هاوڕێیانەت دەنێریت کە هەواڵەکەیان بەلاوە گرنگە. هەرچەندێ کەسێك لە سەر بانگهێشتەکەت ڕازی بێت، ئەوا فەیسبوك هەواڵێك دادەبەزێنێت و دەڵێت "کاروان

ئامادە دەبێت لە چوارهەمین ئاهەنگی خێرخوازی ساڵانەدا" (بێگومان بەپشت بەستن بە Privaccy settings ئامادەکاری تایبەتمەندیەکانیان). ئەمە وادەکات ئەو هەواڵە بەنێو هەمو هاوڕێیانتدا لە فەیسبوك بڵاوبێتەوە. لەپڕ دەنگۆی ئاهەنگە خێرخوازیەکەت بڵاودەبێتەوە.

ئاشکرایە کە ئەوەی لەسەرەوە باسکرا سیناریۆیەو شایەنی دەستکاری کردنە: دەکرێ ئاهەنگی یانەیەکی وەرزشی بێت، ئێوارە کۆڕێکی شیعری بێت، شانۆگەرییەکی منداڵان، پێشانگایەك بۆ کاری هونەری، یان کردنەوەی دوکانێکی نوێی خۆت بێت.

ئەمە بە هەمان شێوەی ئەو گروپو ڕوپەڕانە کار دەکات کە ڕەنگە بۆ ڕەواجکردن دروستی بکەیت لەبۆ هونەرمەندێك یان ئەکتەرێك یان کافێیەك یان ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی سەربەخۆ. وەك لە بەشەکانی داهاتودا دەیبینیت، گروپو ڕوپەڕەکان ئامرازگەلێکی نایابت بۆ دابین دەکات لەبۆ پەیوەندیکردن بە هەوادارو کڕیارەکانتەوە، ڕێگەش بە هەوادارو کڕیارەکان ئەدات دڵسۆزی خۆیان بۆت ڕاگەیەنن لە ڕێگەی کورتەی هەواڵەکانیانەوە کاتێك بڕیار ئەدەن بەشداری لە گروپەکەتدا بکەن یان ببنە هەواداری پەڕەکەت.

ئەمە جۆرێکە لە ریکلام کە ناتوانرێت بسەنرێت – بەڵام ئەگەر هەوادارەکانت یان کڕیارەکانت کاری تۆیان بەدڵ بێت، دەتوانن ئەمەت بەخۆڕایی لە سەر فەیسبوك پێ بڵێن.

بەڕاستی، ڕاهێنانی هێزی ڕاکشانی خامۆش دەکرێ وەك هەوڵێك بێت بۆ لەقتونانی هەورە بریسکە لە شوشەیەکدا. تەنها ئەوە بەس نییە گروپێك یان پەڕەیەك یان ڕوداوێك لە فەیسبوکدا دروستکەیت – ڕاکشانی خامۆش تەنها کاتێك کار دەکات کە ناوەڕۆکەکەت سەرنج ڕاکێش و ڕازیکەر بێت تاکو خەڵکی بەلای خۆیدا بکێشێت.

بەڵام جارێکی تر دوبارەی دەکەمەوە، ئەگەر دەتەوێت ڕەواج بۆ شتێك بکەیت لە فەیسبوك، ئومێدم وایە پێشوەخت داواکاری سەرەکیت بەجێ هێنابێت و شتێکت دروستکردبێت کە سەرنجیان ڕاکێشێت.

## لینك: بەشداریپێکردنی لینکەکان لە فەیسبوك

ئەگەر وەك من وابیت ئەوا ڕەنگە لە ڕۆژێکدا چەند جارێك هەواڵێکی خۆش یان وتارێکی جوان بخوێنیتەوە یان تەماشای ڤیدیۆیەکی گاڵتەئامێز بکەیت لەسەر YouTobe و بپرسیت: "ئەمە جوانە – دەبێ ئەوانیش بیبینن!".

کەواتە چۆن لەگەڵ کەسانی تردا بەشداری بە لینك دەکەیت؟ دەتوانیت دیسانەوە لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە بۆیان بنێریت – بەڵام ئەگەر ئەمە بکەیت ڕەنگە هاوڕێکانت توشی بێزاری بکەیتو هەگبەی نامەکانیان هێندەیتر قەرەباڵغ بکەیت. وەگەر سیستەمی پۆستی ئەلیکترۆنی شتێکی سەلماندبێ ئەوەیە کە "نوکتەی ئەمڕۆ" کە کەسێك بە شازی دەزانێت ئەوا لەلای کەسێکی تر پڕوپاگەندەیەکی نەخوێنراو دەبێت پێویستە بسڕێنرێتەوە.

خۆشبەختانە فەیسبوك ڕێگەیەکی باشترو ئاسانترت بۆ دابین دەکات لەبۆ بەشداریپێکردنی لینك لەگەڵ هاوڕێکانت: بەکاربەری "لینك" Links (هەروەك "تێبینیەکان" یەکێکە لە بەکاربەرە سەرەکیەکانی فەیسبوكو هەر لە سەرەتاوە لە هەژمارەکەتدا جێگیرە). کاتێك کە لینکێك بە بەکارهێنانی Links بڵاودەکەیتەوە، لە دۆسیەکەتدا دەردەکەوێتو دەشڕوات بۆ کورتەی هەواڵی هاوڕێکانت. بۆیە هەر کاتێك کە هاوڕێکانت دەچنە پەڕەی سەرەکییانەوە دەیبینن، بێ ئەوەی هەست بکەن کە تۆ پڕوپاگەندەت بۆ ناردون.

تەنانەت Links هێمایەکی دەروازەی تایبەت بەخۆیی هەیە لە ناوچەی "دواین هەواڵ" کە دەکەوێتە سەر پەڕەی سەرەکی، تاکو تۆو هاوڕێکانت بتوانن بە ئاسانی چاودێری لینکی یەکتر بکەنو تەماشای بکەن، هێمای دەروازەی Links تا ڕادەیەك وەك یاداشتنامەیەکی هەرەوەرزی وایە کە خۆتو هاوڕێکانت پێکەوە ڕۆژانە بونیاتی دەنێن.

# چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی لینک

چەند ڕێگەیەکی جیاواز هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی لینک لەسەر فەیسبوک، بەڵام ئاسانترینیان ئەوەیە بچیتە سەر پەخشکەرەکەی بەشی سەرەوەی دۆسیەکەت و کلیک لەسەر دوگمەی "لینک" Links بکەیت.




ناونیشانی ئەو لینکە بنوسە کە دەتەوێت بەشداری پێبکەیت و کلیک لەسەر دوگمەی "لەگەڵدا ناردن" Attach بکە تابزانیت لینکەکەت بە چ شێوەیەك لەسەر دیوارەکەت و کورتەی هەواڵەکان دەردەچێت.





دەشتوانیت شتێك سەبارەت بە لینکەکە بنوسیت بە کلیك کردن لەسەر ناوچەی نوسین. وێنەیەکیش بۆ ڕونکردنەوەی لینکەکە هەڵبژێرە بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی تیرەکان بۆ گەڕان بەنێو هەڵبژاردە تەرخانکراوەکان، یان کلیك لەسەر چوارگۆشەی "بێ وێنە" بکە ئەگەر هیچ وێنەیەکت پێ گونجاو نەبو.

دەشتوانی کۆمێنتێك لەبارەیەوە بنوسیت لەو چوارگۆشەی کە دەکەوێتە خواری فۆڕمەکە. هەر شتێك لەوێدا بینوسیت ڕاستەوخۆ لەژێر لینکەکەتدا دەردەچێت، بۆیە دەتوانیت ئەم تایبەتمەندیە بۆ سەرنجکێشانی هاوڕێکانت بەکاربێنیت. پاش ئەوەی

لە هەمو ئەمانە تەواو دەبیتو لە شێوەی لینکەکەت ڕازی دەبیت، کلیك لەسەر دوگمەی "بەشدارپێکردن" Share بکە.

## بەکارهێنانی دوگمەی "بەشدارپێکردن" Share


بۆ بڵاوکردنەوەی فایلێك لەسەر فەیسبوك ناچارنیت بەوەی بگەڕێیتەوە بۆ دیوارەکەت. ئەگەر ئەو لینکەی دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە لە خودی فەیسبوکدا بو – وەك گروپێك یان بۆنەیەك یان پەڕەیەك یان تێبینییەك یان وێنەیەك یان ڤیدیۆیەك، یان تەنانەت دۆسیەی کەسێك – دەتوانیت بەشوێن دوگمەی بەکەڵکی Shareـدا بگەڕێیت کە فەیسبوك لە زۆربەی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەدا دابینی کردوە.




کاتێك کلیك لەسەر دوگمەی Share دەکەیت، چوارگۆشەی Shareـت بۆ دەکرێتەوە لەگەڵ دوو هەڵبژاردەدا:




- بڵاوکردنەوەی لەسەر پەڕەی سەرەکی: فایلەکە بەشێوەیەکی گشتی بەشداری پێدەکات، وەکو وابێت پەخشی فەیسبوکت بەکارهێنابێت.




■ ناردنی نامە: ڕێگەت ئەدات ئەو لینکە بۆ کەسانێکی دیاریکراو بنێریت، بە ناردنی نامەیەکی ڕاستەوخۆی "پۆستی هاتو" لەگەڵ لینکەکەدا.




## بەکارهێنانی دوگمەی "بەشداریکردن لەسەر فەیسبوك"


ئەگەر ئەو لینکەی کە دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە لە شوێنێکی دەرەوەی فەیسبوکدا بو، هێشتا هەر ڕێگەیەکی بەکەڵك ماوە بۆ بڵاوکردنەوەی بێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ دیوارەکەت: دوگمەی "بەشداریکردن لەسەر فەیسبوك". دوگمەیەکی تایبەتە دەتوانیت بیخەیتە پتیلەی شتە پەسەندەکانتەوە Favorites. دوگمەی "بەشداریکردن لەسەر فەیسبوك" هەر وەك دوگمەی "بەشدارپێکردن" Share کار دەکات: لە هەرکوێیەکی ماڵپەڕەکەبیت تەنها ئەوەنەت لەسەرە کلیکی لەسەر بکەیت ئەوکات فۆڕمی Linksی فەیسبوکت بۆ دەکرێتەوە.

بۆ جێگیرکردنی دوگمەی "بەشداریکردن لەسەر فەیسبوك" بڕۆ بۆ بەکاربەری "لینك" Links (کە دەکەوێتە سەر لیستی بەکاربەر)


کلیك لەسەر لینکی "بۆ وردەکاری زیاتر" بکە تەواوی ڕێنماییەکان نیشان ئەدات (ئەو ڕێنمایانە هی ئەنتەرنێتی ئێکسپلەوەرە).

# کۆمێنت لەسەر هەواڵەکانی فەیسبوک

کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوک تەنها ئاگادارییەکی یەک لایەنانە نییە کە بۆ هاوڕێکانت دەچێت – دەشکرێ سەرەتایەک بێت بۆ چات. هەندێ جۆری هەواڵ، لەوانەش نوێکردنەوەی ڕەوش و لینکەکان، کاتێک کە لەسەر دیواری کەسێک یان لە کورتەی هەواڵی پەڕەی سەرەکیدا دەردەچێت، لینکێک بە کۆتایی هەموو هەواڵێکەوەیە بە ناوی "کۆمێنت" Comment.




کلیک کردن لەسەر لینکی Comment ڕێگە ئەدات بە کەسەکان وەڵامێکی بچوک لەسەر هەواڵەکە بنوسن، کە ئەمەش مشتومڕ دروست دەکات.




کاتێک کە لە پەڕەی سەرەکیدا کلیک لەسەر هێمای دەروازەی Status Updates "نوێکردنەوەی ڕەوش" دەکەیت، دەتوانیت ئەو مشتومڕانە ببینیت کە لە ڕەوشی هاوڕێکانتدا دروست بوە. هێمای دەروازەی "لینک"یش هەر بەو جۆرەیە، لەگەڵ چەندان فایلی تر کە لە کورتەی هەواڵەکاندا دەردەچێت (وێنەش کۆمێنتی هەیە، بەڵام دەبێ کلیک لەسەر وێنەکە بکەیت ئەوکات کۆمێنتەکان دەردەچن).

بێگومان، هەمو کۆمێنتێك ئاشکرا دەبێت لە دیواری ئەو کەسەی هەواڵەکە لەبارەیەوە دەدوێت.




چرپرپی کۆمێنتەکان چێژو جوانییەکی زیاتر بە فەیسبوک دەبەخشێ. ئەگەر وەڕس بویتو بەشوێن هەندێ شۆخیدا دەگەڕایت، دەتوانیت مشتومڕێك بەکۆمێنتێك بنێیتەوە یان بەشداری لە دانەیەکدا بکەیت کە پێشتر خۆی نراوەتەوە.

هەر کەسێك کۆمێنت لەسەر هەواڵێکت بدات یان لەسەر شتێك کە تۆ بڵاوتکردۆتەوە، فەیسبوك ئاگادارییەکت لەو بارەوە بۆ دەنێرێت. وەگەر کۆمێنتت لەسەر هەواڵی یەکێ لە هاوڕێکانتت دابێت، فەیسبوك ئاگادارت دەکات لەهەمو ئەو کۆمێنتانەی دوای ئەو مشتومڕە دێن — ئەمەش بەدواداچون بۆ ئەم مشتومڕە ئاسانتر دەکاتو بەئاگا دەبیت لە هەمو ئەو وەڵامانەی لەسەر کۆمێنتەکەت دراوە.

# 6

# پەیوەنداری لە فەیسبوك

وتووێژە گشتیەکان – ئەوانەی سەر دیوارەکان و نێو لق وپۆکانی کۆمێنت – ئەو شوێنەیە کە زۆربەی چالاکی و شادی سەر فەیسبوکی تیا دەکرێت. بەڵام هەندێ کاتیش هەیە پێویستە لە شوێنێکی تایبەتدا قسە بکەیت – واتە ئەو کاتانەی کە دەتەوێت تەنها خۆت کەسێك بە تەنیا قسە بکەن، یان ئەو کاتانەی کە دەتەوێت پەیوەندی بە گروپێکی بچوکی هاورێیانتەوە بکەیت بێ ئەوەی هەمو جیهان گوێی لێتان بێت.

بۆیە لەم بەشەدا چاو بەو ئامرازانەدا دەخشێنین کە فەیسبوك بۆتی دابین دەکات لەبۆ پەیوەندیە تایبەتەکان، کە ئەمەش نامەی "پۆستی هاتو" و بەرنامەی چاتی فەیسبوکیش دەگرێتەوە.

بەڵام ڕاوەستە، هێتریش ماوە! پەیوەنداری لە فەیسبوك تەنها بە وشە نییە – بە وێنەشە، کە ناو دەنرێت دیاری، بە نامەی نازارەکی تایبەتە کە ناو دەنرێت گەزین Poke. بۆیە چاو بە هەندێ لەو ڕێگانەدا دەخشێنین کە فەیسبوك بۆت دابین دەکات لەبۆ گۆڕینەوەی (نزیکەی) هەزار وشە بە گەزین Poke و وێنە photo.

لە کۆتاییدا، کەمێك باسی هێزە بزوێنەرەکان و ڕەوشتی پەیوەنداری لە نێوان کەسەکاندا لە فەیسبوك دەکەین.

# نامە ڕاستەوخۆکان: پۆستی هاتو لە فەیسبوک

دەتوانیت وەها لە پۆستی هاتوی بڕوانیت کە ئیمێڵێکەو لەناو فەیسبوکدایە. پۆستی هاتوی فەیسبوک هەر بەچەشنی ئیمێڵی ئاسایی ڕێگەت ئەدات نامەی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ وەرگریت و بنێریت.

بەڵام دوو جیاوازی گرنگ هەیە. چونکە لەلایەک، نامەکانی فەیسبوک ڕێگەت ئەدات پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەیت بێ ئەوەی ئەدرەسی ڕاستەقینەی خۆی بزانیت. دەتوانیت نامە بۆ هاوڕێیەکی خۆت لە فەیسبوک بنێریت، یان هەر کەسێکی تر کە بتوانیت لینکی "ناردنی نامە"ی لە ئەنجامەکانی گەڕاندا' ببینیت. ئەم خزمەتگوزاریە ڕێگەت ئەدات پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەیت بێ ئەوەی ئەدرەسی ئیمێڵەکەی بزانیت، ئەمەش ڕەنگە بەسود بێت ئەگەر تۆ ئەو کەسە بەباشی نەناسیت.

نامەکانی فەیسبوک لەگەڵدا ناردنی Attach فایلیش ئاسانتر دەکات، وەک لینک و فیلمی ڤیدیۆو دیاری (دواتر لەم بەشەدا باسی دەکەین)، بە بەکارهێنانی ڕوکاری فەیسبوک.




# چۆن نامەکانت دەپشکنیت

کاتێک کە پۆستێکی هاتوت بۆ دێ لە فەیسبوک، ژمارەیەک دەبینیت لە تەنیشت وشەی "پۆستی هاتو"وە کە دەکەوێتە سەر پتیلەی شین، ئەو ژمارەیە پێت ڕادەگەیەنێت چەند نامەی نەکراوە چاوەڕێتە.



کلیك لە سەر "پۆستی هاتو" بکە تا بچیتە پۆستە هاتوەکەتەوەو تەماشای نامەکانت بکەیت. پاش ئەوەی دەچیتە ئەوێ، دەتوانیت کلیك لەسەر ڕستەی بابەتی هەر نامەیەکیان بکەیت بۆ خوێندنەوەی نامەکە (دەشتوانی کلیك لەسەر ناوی نێردەرەکە بکەیت بۆ چاوخشاندن لە دۆسیەکەیدا).

## ڕێنمای نامەکان

فەیسبوك هەندێ ڕێنمای بەسودت پێدەدات بۆ زانینی ڕەوشی هەمو نامەکانت لە پۆستی هاتودا (تەماشای ئەو وێنەیەی پەڕەی ڕابردو بکە بۆ بینینی ئەم نمونانەی خوارەوە).

- خاڵی شینی تەنیشت نامە مانای وایە ئەو نامەیە نوێیەو هێشتا نەخوێنراوەتەوە (جگە لەوەش نامەی نوێ بە تارماییەکی شین داپۆشراوە).
- ئەو تیرە نەویەی تەنیشتی نامەکە مانای وایە کە تۆ پێشتر وەڵامی ئەم نامەیەت داوەتەوە (لە دۆخێکدا ئەگەر نامەیەکی بەکۆ بێت، ئەوە مانای وایە تۆ دوایین کەس بویت وەڵامی ئەو وتوێژەت داوەتەوە).
- ئەگەر نامەکە شتی لەگەڵدا نێردرابێت Attach، ئەوا لە تەنیشت ڕستەی بابەتەکەوە هێمایەك دەردەچێت جۆری لەگەڵدا نێردراوەکەت Attach بۆ ڕوندەکاتەوە. هێمای وێنە ئەوە دەردەخات کە وێنەی لەگەڵدا نێردراوە، هێمای پێچەوانەش ئەوە دەردەخات کە لینکێکی لە گەڵدا نێردراوە، هتد.




لە تەنیشت هەمو پەڵهاوێشتی نامەکانی پۆستی هاتودا چوارگۆشەیەکی هەڵبژاردن هەیە کە دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ گۆڕینی دۆخی نامەکە لە خوێنراوەوە بۆ نەخوێنراوە (یان بە پێچەوانەوە)، یاخود بۆ سڕینەوەی نامەکە.

چوارگۆشەی هەڵبژاردنی نامەکان بژارکە، پاشان لە بەشی سەرەوەی پەڕەکەدا کلیك لەسەر دوگمەی پێویست بکە. لیستی دەرتۆقیوی "هەڵبژاردن" ڕێگەت ئەدات

هەندێ جۆری نامە هەڵبـژێریت تا بتوانیت بەکۆ مامەڵەیان پێ بکەیت. ئەمە زۆر بە کەڵکە گەر بتەوێت هەمو ئەو نامانە بسڕیتەوە کە پێشتر خوێندونەتەوە.

## هێمای دەروازەکانی: نامەی نێردراوەکـان، ئاگاداریـەکان، نوێکاریەکان.




جگـە لـە تەماشـاکردنی پۆسـتی هـاتو، کـە ئـەو نامانـەت نیـشان ئـەدات لـە کەسـانی دیکـەوە بـۆت هـاتون، سـێ شـتی تـر هـەن کـە دەتوانیـت بیانگـەیتێ بـە کلیـک کـردن لەسـەر هێمـای دەروازەکانیـان لـە بەشـی سـەرەوەی "پۆسـتی هاتو".


هێمـای دەروازەی "نامـەی نێردراوەکـان" ئـەو نامانـەت نیـشان ئـەدات کـە بـۆ کەسـانی دیکـەت ناردوە. هێمـای دەروازەی "ئاگاداریـەکان"یـش ڕێگایـەکی خێـرات پێدەدات بۆ گەیشتن بە پەڕەی ئاگاداریەکانت، کە لەوێوە دەواتنیت ئەو ئاگاداریانە ببینیـت کـە لـە فەیـسبوکەوە بـۆت هـاتوە، وە هـەروەها ئـەو ئاگاداریانـەی کـە لـە بەکاربەری لاینە سێهەمەکانەوە بۆت هاتوە (وەك لە بەشی ١ باسمانکرد).

هێمای دەروازەی "نوێکاریەکان" هەمو ئەو نامە نوێکاریانەت نیشان ئەدات کە لەو ڕوپەڕانەی فەیسبوکەوە بۆت هاتون کە تۆ لایەنگریتی یان هەواداریتی (بەشی ١١ بخوێنـەرەوە بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری تـەواو لـە بـارەی نوێکاریەکانـەوە – چـۆنیەتی کارکردنی و چۆنیەتی ناردنی لەو ڕوپەڕانەوەی دروستی دەکەیت).

## گەڕان لە "پۆستی هاتو" ـدا

فەیسبوك لـە بەشی سـەرەوەی پۆستی هاتوتـدا خانەیەکت ئەداتێ (لـە هـەردوو هێمای دەروازەی "پۆستی هاتو" و "نامە نێردراوەکان"دا) کە تێیدا دەتوانیت لـە نێو

نامەکانتدا بگەڕێیت بە شوێن نامەیەکی دیاریکراودا. دەتوانیت ناوەکەی بنوسیتەوە یاخود وشەیەکی سەرەکی بنوسیتەوە تاکو لەسەر ئەوە بۆت بگەڕێ




## چۆنیتەی نوسینو ناردنی نامەی پۆستی هاتو

ئەگەر پێشوەخت لە پۆستی هاتودا بویت، کلێك لەسەر دوگمەی "نوسینی نامەیەکی نوێ" بکە کە دەکەوێتە لای چەپی پەڕەکە. ئەگەر لە هەر پەڕەیەکی تری فەیسبوکدا بویت، خێراترین ڕێگا ئەوەیە کارسەری ماوسەکە بخەیتە سەر لینکی "پۆستی هاتو"ی سەر پتیلەی شین تا ئەوکاتەی لیستی دەرتۆقیو دەردەچێت، پاشان "نوسینی نامەیەکی نوێ" هەڵبژێرە.




سەرنج: دەتوانیت نامە بۆ هەر کەسێك بتەوێت بنێریت بە بەکارهێنانی لینکی "نامە بنێرە بۆ فلان" ـی پەڕەی دۆسیەکەی، کە هەمیشە ڕاستەوخۆ لەژێر وێنەی دۆسیەکەیدا دەردەچێت.



پاش ئەوەی دەگەیتە فۆڕمی "نوسینی نامەیەکی نوێ"، تەنها ئەوەنەت لەسەرە خانەکان پڕبکەیتەوە (خانەی "بۆ" و "سەردێڕ" و "نامە"). دەشتوانی شتێك لە گەڵ نامەکەدا بنێریت Attach بە بەکارهێنانی دوگمەکانی بەشی خوارەوەی فۆڕمەکە.

لینکی "تۆمارکردنی بڕگەیەکی ڤیدیۆ" ڕێگەت ئەدات گرتەیەکی ڤیدیۆیی بۆ نامەکەت زیاد بکەیت، بە بەکارهێنانی کامێرای کۆمپیوتەرەکەت.

دوگمەی "بڵاوکردنەوەی لینك" ڕێگەت ئەدات لینکێکی ئەنتەرنێت بۆ نامەکەت زیاد بکەیت، هەر بەچەشنی شێوەی بەکارهێنانیLinks (کە لە بەشی ٥ شیکراوەتەوە) بەکاردێت. ئەدرەسەکە لە خانەی لینکەکەدا بنوسەو کلێك لەسەر دوگمەی "لکاندن" بکە، فەیسبوك وەك نمونە شێوەی پرۆسەی لەگەڵداناردنەکەت لەخواری نامەکەوە نیشان ئەدات. دەتوانیت دوگمەی ئاڕاستەکان بەکاربێنیت بۆ هاتوچۆ بە نێو وێنە تەرخانکراوەکانی ئەو پەڕەیە. وەگەر بڕیارتدا پرۆسەی لەگەڵدا ناردنەکە هەڵوەشێنیتەوەو Attachـەکە لەناو بەریت، ئەوا دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "لابردن" بکەیت بۆ سڕینەوەی.

ڕەنگە دوگمەی هەندێ بەکاربەری خۆیشت ببینیت، کە ئەمەش ڕێگەت ئەدات وێنەو دیاری و فیلمی ڤیدیۆو مۆسیقاو چەندان شتی بەسودی تر لەگەڵ نامەکەتدا بنێریت.

تێبینی: هەر شتێك کە لەگەڵ نامەی پۆستی هاتو بینێریت تایبەتە، هەر وەك خودی نامەکە تایبەتە، وەك هەواڵیش لە سەر دیوارەکەت یان کورتەی هەواڵ دانابەزێت.

## نامەی بەکۆ و پەلوپۆی فرە لق: پێتوایە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت؟

لە یەك کاتدا دەتوانیت نامەیەك بۆ چەندان کەس دەسنیشان بکەیت و بینێریت – هەمو نامەیەك دەتوانیت بۆ نزیکەی ٢٠ هاوڕێی بنێریت – ئەمەش ئاسانکارییەکی خۆشە ئەگەر شتێك هەبێت و بتەوێ لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێدا بەشداری پێبکەیت.

کاتێك وەڵامی نامەیەکی بەکۆ دەدەیتەوە، زۆر گرنگە لەوە وریابیت کە ئایا قسە لەگەڵ تەنها کەسێکدا دەکەیت یان کۆمەڵێك. زۆر ڕوویداوە کەسانێك لە فەیسبوکدا پێیانوابوە بە تەنیا خۆیانن قسە دەکەن، دواتر بۆیان دەرکەوتوە کە گشت نامەکانیان لە لایەن کۆمەڵێکەوە خوێنراوەتەوە نەك تەنها خۆیان.

ئەگەر وەڵامەکەت زۆر بە ئاسانی لە چوارگۆشەی خوارەوەی پەل‌وپۆکاندا نوسییەوەو پاشان کلیکت لەسەر دوگمەی Send "ناردن" کرد، ئەوا وەڵامەکەت دەچێت بۆ گشت گروپەکە (هەر بۆیە دوگمەی ناردنەکە ناونراوە "ناردن بۆ هەموان").

ئەگەر بتەوێت ڕاستەوخۆ وەڵامی تەنها کەسێك بدەیتەوە، پێویستە لەسەر پەل‌وپۆیەکی فرە لق دروست بکەیت. دەتوانیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت بە کلێك کردن لەسەر لینکی "وەڵامدانەوە" لە ژێر ناوی کەسەکەدا. فۆڕمی نامەیەکی نوێ بۆ ئەو لقە نوێیە دەکرێتەوە، کە ئەمشیان بە تەنها لەنێوان خۆت‌و ئەو کەسەدایە کە کلێکت لەسەر لینکی "وەڵامدانەوە"ی ژێر ناوەکەیت کرد.

دەتوانیت بزانیت کە تۆ پەل‌وپۆیەکی فرە لق دەخوێنیتەوە چونکە لەسەروی بینگەرەکەوە ئەم تێبینییەی خوارەوە دەبینیت. کلێك کردن لەسەر لینکی "نیشاندانی نامە سڕاوەکان" ڕێگەت ئەدات ئەو نامە بەکۆیە ببینیت کە لقێکی نوێی لێوە دەرکرا.


## چاتکردن لەسەر فەیسبوك

فەیسبوك بەکاربەرێکی تایبەت بە چاتی داناوە، تاکو بتوانیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا بکەویتە گفتوگۆوە. ئەگەر پێشتر لە ئەنتەرنێتدا چاتتکردبێت بە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی وەك AOL Instant Messenger یان MSN یان Yahoo Messenger یان iChat، ئەوا شێوەی کارکردنی چاتی فەیسبوك زۆر لەلات ئاسان دەبێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر تازەش بیت لەسەر فەیسبوك، هێشتا هەر ئاسان دەبێت.

## چونەسەر هێڵ (وە بینینی ئەو کەسانەی لەسەر هێڵن)

یەکەم هەنگاو بۆ چاتکردن لە لەگەڵ هاوڕێیەکتدا لە فەیسبوك ئەوەیە کە هێڵی پەیوەندیت بکەیت بە "ئێستا لەسەر هێڵ". دەتوانیت ئەم کارە بکەیت بە کلێك کردن

لەسەر هێمای چاتەکە کە دەکەوێتە لای چەپی پتیلەی بەکاربەری بەشی خوارەوەی بینگەرەکەت. کاتێک لیستی چاتەکە دەردەچێت، کلیک لەسەر لینکی "چونەسەر هێڵ" بکە. دەبینیت خاڵەکە لەسورەوە دەگۆڕێت بۆ سەوز، ئەمەش نیشانە بەوە ئەدات کە تۆ لەسەر هێڵیتو ئامادەیت بۆ چاتکردن، لە پتیلەی بەکاربەریشدا لیستێکی دەرتۆقیو بەناوی "هاوڕێکانی سەر هێڵ" دەردەچێت تاکو ئاگادارت بکات لە ژمارەی ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستا لەسەر هێڵن.




کاتێک کە کلیک لە سەر لیستی "هاوڕێیانی سەر هێڵ" دەکەیت، لیستەکەت بۆ دەکاتەوەو ئەو هاوڕێیانەت نیشان ئەدات کە لە بەردەستدان بۆ چاتکردن. خاڵی سەوزی تەنیشتی هاوڕێکە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو لەسەر هێڵەو چالاکی نواندوە لە فەیسبوک. کەوانەش بە مانای ئەوە دێت کە هاوڕێکەت خامۆشە – واتە لە ماوەی دواین دە خولەکی ڕابردودا هیچ چالاکیەکی نەنواندوە (ئەمە مانای وایە کە ئەگەرچی هاتوەتە سەر هێڵ، بەڵام ڕەنگە لە کۆمپیوتەرەکەی دور کەوتبێتەوە).




## چۆنیەتەی دەستپێکردنی چات

دەستکردن بە چات ئاسانە. لە لیستی "هاوڕێکانی سەر هێڵ"دا تەنها ئەو هاوڕێیە دەستنیشان بکە کە دەتەوێت قسەی لەگەڵدا بکەیت، کلیک لەسەر ناوەکەی بکە چوارچێوەیەکی چاتکردنی نوێت بۆ دەکاتەوە.



# چۆنیەتی بچوك كردنـــەوە یـــان داخـــستنی چوارچـــێوەی چاتكردن

كلیـك كـردن لەسـەر هێمـای ونكردنـی چوارچـێوەی چـات (كـە وەك داش وایـە) چوارچێوەكە دەپێچێتەوەو دەیكاتە هێمایەكی بچوككراوە لەسەر پتیلەی بەكاربەر. دەتوانیت كلیك لەسەر هێمای چاتكردن بكەیت بۆ دوبارە كردنەوەی چوارچێوەكە.

كاتێك كە هێمای چاتكردنەكە بچوكە، هێمـای میزڵدانێك دەردەچێت تـا بزانیت ئەو كەسەی چاتی لەگەڵدا دەكەیت خەریكی نوسینەوەی وەڵامی نوێیە. مێزڵدانەكە ژمارەیـەك دەردەخـات كـە لەڕێیـەوە ژمـارەی ئـەو وشـانەت پـێ ڕادەگەیـەنێت كـە هاوڕێیكەت خەریكی نوسینەوەیەتی.




## چۆنیەتی چاتكردن لە چوارچێوەیەكی جیاوازدا



ئەگەر چوارچێوەیەکی چاتکردنی گەورەترت دەوێت (کە ڕێگەت ئەدات چاتی زیاتر ببینیت) کلیک لەسەر لینکی "چاتکردن لە پەڕەیەکی جیاوازدا" بکە کە دەکەوێتە لیستی سەرەکی چاتەوە، ئەوکات چوارچێوەیەکی پڕ قەبارەی چاتت بۆ دەکاتەوە. دەتوانیت بیگێڕیتەوە بۆ قەبارەی بچوکی ئاسایی خۆی بە کلیک کردن لەسەر لینکی Pop In.

## چۆنیەتی تەماشاکردن و سڕینەوەی عەمبارکراوەکانی چاتەکەت

کاتێك دەست بە چاتکردنێکی نوێ دەکەیت لە گەڵ هاوڕێیەکت کە پێشتر چاتت لەگەڵ کردوە، دەتوانیت چەند ڕستەیەك لە نوێترین چاتی چوارچێوەی چاتەکە ببینیت (لە ئێستادا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن یان بینینی گفتوگۆ کۆنەکان). ئەگەر دەتەوێت ئەو چەند ڕستەیە بسڕیتەوە، دەتوانیت عەمبارکراوەکان خاڵی بکەیتەوە بە کلیک کردن لەسەر لینکی "سڕینەوەی عەمبارکراوەکانی چات" کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی چوارچێوەکە.

## ئامادەکاریەکانی تری چاتکردن

کلیک کردن لەسەر لینکی "ئامادەکاریەکان" (لە بەشی سەرەوەی لیستی دەرتۆقیوی هێمای چات) چەند هەڵبژاردەیەکی ترت نیشان ئەدات کە ڕەنگە کەڵکی لێ وەربگریت:

- "کورتەی هەواڵەکان لە چاتدا دەربخە" ڕێگە بە هەواڵەکانی تۆ و ئەو هاوڕێ ئەدات کە چاتی لەگەڵ دەکەیت لە چوارچێوەی چاتکردندا دەربچێت (ئەمە ڕەنگە بیرۆکەتان بۆ دەستەبەر بکات بۆ قسەکردن لەسەری).
- "ئاگادارکردنەوەی دەنگی لەبۆ نامە نوێیەکان" وادەکات لە فەیسبوک بە ئاگادارکەرەوەیەکی دەنگی سەرنجت ڕاکێشێت کاتێك کە کەسێك لەڕێی چاتەوە نامەت بۆ دەنێرێت.

- "هێلانــەوەی چوارچـێوەی هاوڕێیـانی سـەر هـێڵ بـەکراوەیی" هەڵس وکـەوتی چوارچێوەی "هاوڕێیانی سەر هێڵ" دەگۆڕێت. لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی بژاردنی ئـەم هەڵبژاردەیـە، چوارچـێوەکە بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی لـە شـوێنێکی تـری پەڕەکـەدا دادەخرێـت. وەگـەر ئـەم هەڵبژاردەیـەت بـژارکرد، ئـەوا چوارچـێوەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە تائەو کاتەی خۆت بڕیار ئەدەیت بچوکی بکەیتەوە بە کلێك کـردن لەسـەر هێمـای داش کـە دەکەوێتـە گۆشـەی چـەپی لای سـەرەوە (ئـەم چوارچێوەی هەڵبژاردنە تەنها ئەو کاتانە دەبینرێت کە خۆت لەسەر هێڵیت).
- "لـە هاوڕێیـانی سـەر هێڵـدا تـەنها ناوەکـان نیـشان بـدە" وێنـەی دۆسـیەکان لەچوارچـێوەی "هاوڕێیـانی سـەر هـێڵ" لادەبـات، ئەمـەش پانتاییەکـە فـراوانتر دەکات و ڕێگەت ئەدات کەسانی زیاتر ببینیت بێ ئەوەی بەرزو نزم بە لیستەکە بکەیت.

## گەزین Poke




فەیـــسبوك تازەگەرییـــەکی تایبـــەتی هێنایـــە فەرهـەنگی پەیوەندیـە نازارەکییـەوە: گـەزین Poke. ناردنی گەزین بۆ کەسێك لە فەیسبوك تـەنها سڵاوێکی ئاسـاییە – ڕێگایەکـە بـۆ سـڵاوکردن بـێ ئـەوەی هـیچ شتێکی تـرت هـەبێ بیڵێیت. ڕەنگە کاتێك کە بتەوێت سـەرنجی کەسـێك ڕاکێشیت گـەزینی بـۆ بنێریـت، واتـە من تۆم لەبیرە، یان تـەنها ئـەوەی بـەبیر دێنیتـەوە کە تـۆ لەسەر هێڵیت. دەتوانرێت گەزین وەك دەست لـەملکرن یان ختوکەدان یان دەستێوەردانێکی سوك بۆ سەرشان یان پاشقولێك پێناسە بکرێت.

کاتێـك کەسـێك دەتگـەزێ، گەزینەکـە لـە ستونی چەپی پەڕەی سەرەکیدا دەردەکەوێت.


ئەوكات دەتوانیت یان بە گەزینێك وەڵامی بدەیتەوە یان تەنها گەزینەكەی لابەریت. دەشتوانی چەندێكت پێخۆش بێت لەشوێنی خۆی جێیبێڵیت، تا ئەوكاتەی بڕیار ئەدەیت چۆن وەڵامی بدەیتەوە (هەندێ جار گەزینی كەسێك لە پەڕە سەرەكیەكەم جێدێڵم تاكو لینكێكی خێرابێت بۆ دۆسیەی كەسێك كە دەمەوێت جەختی لەسەر بكەمەوە).




## چۆنیەتی ناردنی گەزین

كاتێك كە دەرونی خۆت وادەبینیت تاقەتی گەزینت Poke هەیە، تەنها بڕۆ بۆ دۆسیەی ئەو كەسەی كە مەبەستە گەزینی بۆ بنێریت، لەوێ بەشوێن لینكی "*فلان* بگەزە" دا بگەڕێ. كلیك لەسەر لینكەكە بكە، پاشان لە پەنجەرەی دوپاتكردنەوەدا كلیك لەسەر دوگمەی "سڵاو" بكە. پاش ئەوەی هەمو ئەمانە ئەنجام ئەدەیت، ئەوكات هاوڕێكەت گەزینێكی لەتۆوە پێدەگات.

## گەزینی پێشكەوتو




گەزینی سەرەكی فەیسبوك، سەربارى ئەو رەمزیەتەی كە هەیەتی، لەلایەن بەكارهێنەرانەوە زۆر جێی بایەخ نییە وەك جاران، چونكە چەند بەكاربەرێكی 3D پەیدابوە رێگەت ئەدات بەچەند

ڕێگایەکی سنوردارتر کەسەکان بگەزیت. لە بەناوبانگترین ئەو بەکاربەرانە Super Pokeـە، کە لیستێکی پان و بەرینت بۆ دەکاتەوە کە سەرڕێژە لە وێنەو هێمای جۆراوجۆر – هەر لە شتی ناسکەوە تا بە شتی توندڕەوی دەگات – پاشان دەتوانیت نامەیەك بۆ هاوڕێکەت بنێریت و لە کردەوەکەتی ئاگاداربکەیت. ئەوکات ئەویش دەتوانێت وەڵامت بداتەوە.

## ئایا هەوڵ ئەدەیت فاڵ بخوێنیتەوە؟

هەر بەو بۆنەوە کە باسی پەیوەندی نازارەکی و نامەمان کرد، بەهۆی ئەزمونی خۆمەوە پێمخۆشە ڕێسایەکت پێشکەش بکەم کە ڕەنگە کەڵکی لێ وەربگریت: لە فەیسبوکدا چێژی زیاتر وەردەگرت ئەگەر بەردەوام خۆت سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕستەکان نەکەیت، کەیفی زیاتر وەردەگریت ئەگەر لەسەر فەلسەفەی "ئەو کارانەی کە هاوڕێکانم دەیکەن یان نایکەن" ئیش نەکەیت.

بێگومان کاتێك کە کەسێك گەزینێکت یان داوای هاورێیەتیت پشتگوێ دەخات ئاسان دەکەویتە گومانەوەو دەڵێیت ئەم کەسە ڕقی لێمە. یان کاتێ هاوڕێیەکت وەڵامی بانگهێشتی بۆنەیەکت ناداتەوە وا لێکدانەوەی بۆ دەکەیت کە گوایە ئەو خۆی لەوە لاداوە کاتت لەگەڵدا بەرێتە سەر. یان هاوڕێیەکی ترت وەڵامی نەداویتەوە سەبارەت بەو گۆرانیەی لە ڕێگەی Likeـەوە پێشکەشت کردوە چونکە بەنهێنی ڕقی لە چێژی هونەری تۆیە. بەڵام ڕەنگە هاوڕێکەت توشی سەرقاڵی بوبێت و نەتوانێت بەجارێك وەڵامی هەمو بانگهێشت و گەزینی هاوڕێکانی بداتەوە. ڕەنگە بە ڕۆژێکی خراپدا تێپەڕیبێت، یان نەخۆش بێت، یان سەفەری کردبێت و دەستی بە ئەنتەرنێت نەگات. ڕەنگە نەتوانێت بە ئاسانی لە هێماکانی فەیسبوك تێبگات. یان ڕەنگە لەدەستی دەرچوبێت و دەستی بە دوگمەیەکی هەڵەدا نابێت.

مەبەست لەو قسانە ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت بە دڵنیاییەوە لێکدانەوە بۆ هەڵس وکەوتی هاوڕێکەت بکەیت لە فەیسبوك مەگەر خۆی بە ڕاشکاوانە پێت ڕاگەیەنێت کە ئەو هیچ بە بایەخەوە لە تۆ ناڕوانێت یان تەنانەت بێزاریشت کردوە. بیرکردنەوەی بە نیەت و نیازی خراپەوە توشی سەر ئێشەت دەکات، پێدەچێت زیانی

ڕاستەقینەش لە هاوڕێیەتیەکەت بدات.
بۆیە زۆر لۆمەو گلەیی لە هاوڕێکانت مەکەو جەخت لەسەر ئەو هاوڕێیانە بکەرەوە کە وەڵامی گەزینەکانت ئەدەنەوە.

## لێهاتوی خۆشدوین

با شتێك ڕونبکەینەوە: ڕێو شوێنی فەیسبوك لە توانایدایە چەمکێکی تەماوی بێت. چونکە لە کۆتاییدا، ئەو کەسانەی فەیسبوك بەکاردێنن کەسانێکن کە لە ڕوی تەمەن و پاکگراوەنەدو ئاستەوە لێهاتون لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو لە بۆچونی سیاسی و ئاینی جۆراوجۆری گشت ناوچەکانی جیهان. بۆیە گومان لەوەدا نییە کە جیاوازییەکی زۆر دەبێت لەسەر ئەو شتەی کە پێیدەوترێت مامەڵەیەکی تێکەیشتوانە. بەڵام شتێکی ماقوڵ دەبێت گەر وادەست پێبکەیت کە تۆ بۆیە بەشداریت لە فەیسبوکدا کردوە تاکو لەگەڵ هاوڕێیانتدا کەیف وەربگریت نەك بۆ ئەوەی بێزاریان بکەیت. بۆیە ئەم چەند سەرنجە بنچینەیەی خوارەوە بەهەند وەربگرە بۆ هەڵس وکەوت کردن بەشێوەیەکی باش لە گەڵ خەڵکانی دی:

١- هاوڕێیانت بناسە.

ئەم وتەیە دەڵێت پێویستە وەها مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت کە خۆت دەتەوێت ئەوانیش لەو جۆرە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن. بەڵام ئاستەنگیەکان ئەمانەن: لە فەیسبوکدا کەس نایەوێت بە هەمان ڕێگە مامەڵە بکەن. ناتوانیت ئەوە بخەملێنیت کە ئیدی هەربەمە خۆت چێژ لە ناردنی وێنەی کێك و پشیلەو بوکەشوشە وەردەگریت هاوڕێیانیشت هەر بەو جۆرە چێژی لێ وەردەگرن. لە فەیسبوکدا کەسەکان هەمەچەشنن بۆیە هەر کەس و چەشن و جۆرە گەزینێکی پێخۆشە. هەندێ کەس حەزیان لە گەمەی وشەسازییە، هەندێکی تر حەزیان لە گەمەی پێشبڕکێیە کە تێیدا هەمو کەسێك دەبێتە شۆفێری ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ یان دەبێتە یاریزانێکی تۆپی پێ. هەندێکی تریش گەمەی هێمنتریان بەلاوە خۆشە وەك ناردنی گۆرانی و فیلمی ڤیدیۆ بۆ یەکتر. بۆیە پرسەکە شایەنی ئەوەیە هەندێ کاتی بۆ تەرخان بکەیت لەبۆ

بیرکردنەوە لە جەماوەرەکەت بەر لەوەی دواکارییەك یان بانگهێشتێك بنێریت. بەر لەوەی کلیك بکەیت بیربکەرەوە.

٢- بزانە چۆن لە تێبینیەکانی خەڵکی تێدەگەیت.

بۆ تەواوکردنی هەمان بیرۆکە، هەندێ جار بێدەنگی لە قسەکردن باشترە، بۆیە گرنگە بە ئاگابیت لە وەڵام نەدانەوەی هاوڕێیانت، گرنگیشە وریابیت لەو وەڵامانەی کە بۆت دێن. ئەگەر بەردەوام هاوڕێیەکت بانگهێشتکرد بۆ یاریکردن پێکەوە، کەچی هیچ وەڵامێکت لەوەوە بۆ نەهات، ئەوا ئیدی لە بێدەنگیەکەی تێبگەو چیتر بێزاری مەکە.

وەگەر وەڵامەکانیش لەوە خاوتربون کە تۆ چاوەڕوانی دەکەیت، ئەوەش لە بەرچاو بگرە. هەندێ کەس لە هەندێ کەسی تر چالاکترن، هەندێکی تریش کاتی بۆشییان زۆرە بۆ گەمەکردن و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام هەندێکی تریش پێویستیان بەوەیە نیو کاتژمێر لە کاتێك بۆ کاتێکی تر بچرن.

ئەگەر کەمێك وردبیتەوە، دەرك دەکەیت کە کێن ئەو هاوڕێیانەی ئارەزویان وایە دیاری و وێنەت لەگەڵدا ئاڵوگۆڕبکەن، وە کێن ئەو هاوڕێیانەی هەمیشە بە خێرایی وەڵامی نوسینی سەر دیوارەکان ئەدەنەوە، کێن ئەوانەی پێویستیان بە چەند رۆژێك هەیە بۆ وەڵامدانەوە. پاش ئەوەی بیرۆکەیەکی باشت لەلا گەڵاڵە دەبێت سەبارەت بەو وادەیەی کە هاوڕێیانت تێیدا وەڵامت ئەدەنەوە، ئەوکات دەتوانیت ئاستی مامەڵەت لەگەڵیان بگونجێنیت.

بێگومان، هەتا لە کەسێکەوە نزیکتر بیت، هێندە زیاتر دەتوانیت خۆت لە پاشهاتەکانی بەزاندنی ئەو سنورانە لادەیت. ئەگەر هاوڕێیەکی کۆنت بێ و پێکەوە ئاستەنگی ژیانتان بینی بێت، ئەوا ڕەنگە زۆر بە دڵنیاییەوە بتوانیت بە مەبەستەوە بێزاری بکەیت - تەنانەت ڕەنگە ئەو بە شتێکی پێکەنیناوی بزانێت.

٣- به پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڕێ نوێکانت بکە.

ئەگەر کەسێك بە باشی تۆی نەناسیو ڕازی بو لەسەر داواکاری هاوڕێیەتیت، ئەوا ئەم کارەی بە پشت بەستن بە متمانە ئەنجامداوە - جەربەزە دەکاتو چانسێکت ئەداتێ. وەهای لێمەکە پەشیمان بێت لەو بڕیارەی.

واتە تا بە باشی دەیناسیت بە پارێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکە. کاتێك کە کەسێکی نوێ دەناسیت، دەسبەجێ وەك باران داواکاریو گەزینو بانگهێشتی بەسەردا مەڕێژە. شتەکان بە هێوری وەربگرە. چاوەڕێ بکە تا بیرۆکەیەکت لەلا گەڵاڵە دەبێت سەبارەت بەو شتانەی حەزی لێیەو بەو شتانەی ڕقی لێیە.

ئەم ڕێسایە پەیڕەوبکە: هەرگیز بۆ دووەم جار بانگهێشت یان داواکاری بۆ هاوڕێیەکی نوێت مەنێرە هەتا وەڵامی یەکەمیان نەداتەوە. ئەگەر هاوسەنگیو ڕێژەیەکی گونجاو بپارێزیت، ئەوا لانی کەم خۆت لە تورەکردنی هاوڕێ نوێکەت لادەدەیت.

٤- هەستی هاوڕێکانت بپارێزە.

هەندێ کەس زۆر گۆشەگیرن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە خۆیان زۆر نمایش دەکەن. ڕەنگە هەرگیز ئەوە بێزارت نەکات وێنەی تاکەکانی خێزانەکەت لەسەر کەناری دەریا بڵاوبکەیتەوە، یان وێنەیەکی خۆت بڵاوبکەیتەوە کە تێیدا ڕوگرژیتو شەربەتێکت لە کوپێکی پلاستیکیدا بە دەستەوەیە - بەڵام ڕەنگە هاوڕێیانت لەم جۆرە شتانەدا بەپارێزبن، یان خەزورەو لێپرسراوەکانیان حەزیان بەو جۆرە شتانە نییە. ڕەنگە دڵنیابن کە تۆ لەخۆتەوە تێدەگەیت کە وێنەی گەشتێك یان ئێوارە خوانێك وێنەیەکی تایبەتە، نەك بۆ ڕۆژی دواتردا هەموان لە فەیسبوکدا بیبیننەوە.

نوسینەکانی سەر دیوار بە هەمان شێوە بەڕێوەدەچن. ڕەنگە هاوڕێکەت ستایلی شۆخی کردنو کۆمێنتە گاڵتەو گەپەکانی تۆی پێخۆش بێت کاتێك لە گەڵ هاوڕێیانی ترتاندا پێکەوە دەبن، بەڵام ڕەنگە پێیخۆش نەبێت لەسەر دیوارەکەی بڵاوی بکەیتەوە چونکە لەوێ هاوەڵەکانی یان خێزانو منداڵە هەرزەکانی دەیبینن.

بۆیە ئەگەر دڵنیا نەبویت لەوەی هاوڕێکەت بە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە دڵخۆش دەبێت کە تۆ دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە، ئەوا پێشتر پرسی پێبکە. وەگەر هاوڕێیەك داوای لێکردیت وێنەیەك بسڕیتەوە، ئەوا دەبێت ڕێزی لێبگریت و قسەکەی لەبەرچاو بگریت مەگەر هۆکارێکی ئەوتۆت هەبێ بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەی.

پێش ئەوەی لەسەر دیواری کەسێك بنوسیت، ساتێك ڕاوەستەو بیر لەوە بکەرەوە کە ئەمە نامەی تایبەت نییە – ئەمە وەکو ئەوە وایە کاغەزێکی تێبینی بەناوچاوانی درگایماڵیانەوە بلکێنیت بەو جۆرەی کە هەمو دراوسێکانی دەیبینن. وەگەر هاوڕێیەکت شتێکی تۆی سڕییەوە کە تۆ لەسەر دیوارەکەی ئەو نوسیبونت، ئەوا بەتێگەیشتنەوە لە ڕەوشی ئەو بڕوانە. ڕەنگە گەلێك پێکەنیبێت بەر لەوەی کلێك لەسەر دوگمەی Delete "سڕینەوە" بکات.

٥– فەیسبوك هۆڵی کۆبونەوە نییە.

هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی فەیسبوك بۆ ئامانجی پیشەیی بەکار بێنیت – بەڵام لەیادت نەچێت فەیسبوك بەهەرحاڵێك بێت بریتییە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی. بزانە مەبەستم چیە: با وادانێین بانگهێشت کراویت نانی نیوەڕۆ لەسەر کەناری دەریا بخۆیت، تۆش بە بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخەوە دەچیت بۆ ئەوێ دەبینیت هەموان کراسی تەنك و جلی مەلەیان لە بەردایە، لە کاتێکدا کە ئامادەبوان ڕادەبوێرن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، تۆ بە نێویاندا دەگەڕێیت و کارتی پیشەکەتیان بەسەردا دابەش دەکەیت و هەوڵئەدەیت بیانکەیتە کڕیاری خۆت.

لۆژیکیانەیە گەر بڵێین دوای ١٠ یان ١٥ خولەك، دەبینیت هەر خۆت بە تەنیایت و میوانەکانی تر هەوڵئەدەن بە پێی توانا خۆیان لە تۆ دور بخەنەوە.

ناتوانیت لە ئاهەنگێکدا کڕیار بۆ خۆت پەیدا بکەیت، هیچ کڕیارێکیش نییە ئامادەبێت بۆ ئەم کارە. بەڵام دەبێت ستایلێکی ناسکتر بەکار بێنیت و بچیتە ناو کەشی گشتییەوە. پاش ئەوەی بۆ ماوەیەك لەگەڵ کەسێك چات دەکەیت و کەمێك دەیخەیتە پێکەنین، ئەوکات دەتوانیت جۆری پیشەکەت ناوبێنیت بێ ئەوەی پاڵیان بنێیت بۆ ڕاکردن.

بۆیــە نــەختێك تەماشــای چــواردەوری خــۆت بکــە. ئەگــەر زانیاریــەکانی نێــو دۆسیەکەت سەرڕێژ بو لە باسی خەرج و داهات و بازاڕو بەڵێندەرایەتی، ئەوا ڕەنگە واباشتر بێت نەختێك لەو زانیاریانە کەم بکەیتەوەو هەندێك لەو بەرنامە تەلەفزیۆنی و هونەرمەندو شتە پەسەندانە ناوبێنیت کە لەلای تۆ پەسەندن، تاکو وادەرنەکەویت کە هەمو گرنگی و خەمێکی ژیانت پەیداکردنی پارەو قازانجە.

# بەکاربەرو ئیش و کارەکانی تر

بەو هۆیەی کەوا من ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی (ئۆتۆمبێلی کرێ) بەکاردێنم، ئەوا زۆربەی کات پەنا نابەمە بەر پشودارەکانی ئۆتۆمبێل. بەڵام لەم دۆخەیاندا دەیکەم: ئەگەر فەیسبوک ئۆتۆمبێل بێت، ئەوا بەکاربەرەکان جێی هەڵبژاردەکان دەگرنەوە. کوێت پێخۆشە دەتوانیت بۆی بڕۆیت بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی لەگەڵ فەیسبوکدا دێن، وەڵێ زیادکردنی بەکاربەر ڕەنگە گەشتەکە خۆشتر بکات، تەنانەت ڕەنگە بەرهەمدارتری بکات.

هەندێ لە بەکاربەرەکانی فەیسبوک کردەئامێزن، وەك سەرەنێزەی GPS ی نێو داشبولی ئۆتۆمبێلەکەت، هەندێکیان لەبۆ کاتی گەشت و گوزار کەیف بەخشە، وەك ئامێری ستیریۆ، هەندێکی تریشیان تەنها بۆ جوانییە، وەك ئەو مەدالیای بە یەخەی ئاوێنەکەوە شۆڕ بۆتەوە.



لەم بەشەدا باس لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەو بانگهێشتانە دەکەین کە لە هاوڕێیانتەوە بۆت دێن لەبۆ بەکارهێنانی بەکاربەر، چۆنیەتی جیاوازیکردن لە نێوان بەکاربەری بایەخدارو بەکاربەری بێ کەڵك، چۆنیەتی ڕێکخستنی ئامادەکاری و هەڵبژاردەکان، چۆنیەتی لابردن و یاساغکردنی ئەو بەکاربەرانەی بەدڵت نین.

پاش ئەوەی لە هەمو ئەمانە تەواو دەبین، بە کورتە باسێك لە بارەی هەندێ لە بەکاربەرە بەناوبانگەکانی فەیسبوك کۆتایی بەم بەشەش دێنین.

## شتە بنەرەتیەکانی بەکاربەر

هەندێ بەکاربەر هەیە بەشێکە لە پێکهاتەی هەژمارەکەت لە فەیسبوک، لە بەشەکانی رابردودا ناوی زۆربەیانمان هێنا: تێبینیەکان، لینکەکان، گروپەکان، بۆنەکان، وێنە، فیلمی ڤیدیۆ، چات، هەمو ئەمانە بەکاربەری سەرەکین لە فەیسبوکدا.

بەڵام چەندان بەکاربەری پسێری تر هەیە کە لە ژماردن نایەن. هەندێکیان دەستکردی فەیسبوکن، هەندێکی تریشیان پێشخەرانی تر دروستیان کردوە، کە ئەمەش وادەکات لە فەیسبوک سود لە داهێنانی چەندان کەس وەربگرێت.


تەواوی تەواو بڕیار لە دەست خۆتدایە سەبارەت بە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو بەکاربەرانەی کە دەتەوێن دایان بمەزێنیت. ئەگەر بەکاربەرێکت بەدڵ بو، ئەوا دەتوانیت لە پەڕەی دۆسیەکەتدا لە چوارگۆشەیەکدا عەمباری بکەیت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بەکاربەرێکت بەدڵ نەبو، ئەوا دەتوانیت لە هەژمارەکەتدا بیسڕیتەوە، وەگەر زانیت یەکێ لە بەکاربەرەکان زۆر بێزارت دەکات، ئەوا دەتوانیت بە تەواوی یاساغی بکەیت تاکو هەرگیز لە هاوڕێکانتەوە بانگهێشتی بەکارهێنانیت پێ نەگات.

دەتوانیت بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی search گەڕانی فەیسبوک بەکاربەری نوێ بدۆزیتەوە، هەروەها دەتوانیت لەڕێی ڕێبەری بەکاربەرەوە Application Directory بەشوێنیدا بگەڕێیت، کە دواتر لەم بەشەدا باسی دەکەین. بەڵام بەر لەوەی تۆ بەشوێن بەکاربەردا بگەڕێیت، ئەو خۆی بەشوێنتدا دەگەڕێت، چونکە هاوڕێکانت بۆتی دەنێرن.

بۆیە سەرەتا لە چۆنیەتی دەرکەوتنی بەکاربەرو چۆنیەتی ڕەتکردنەوەو رازیبونی بەکاربەرەوە دەست پێدەکەین.

## وەڵامدانەوەی داواکاری بەکاربەر

لە بەشی ٣ ڕێو شوێنو چۆنیەتی ناردنی داواکاری هاوڕێیەتی و وەڵامدانەوەیمان تاوتوێکرد. بەڵام لە فەیسبوکدا جۆرەهای تر دواکاری هەیە. بۆنمونە، کاتێک هاوڕێیەک داوات لێدەکات بەشداری لە گروپێکدا بکەیت، ئەوا





داواكاری گروپت بۆ دێت، كاتێكیش كەسێك بۆ بۆنەیەك بانگهێشتت دەكات، ئەوا داواكاری بۆنەت بۆ دێت.

دواجـــار، هاوڕێكانـــت دەتـــوانن داواكـــاری بەكاربەرت بۆ بنێرن. كاتێك هاوڕێیەكت ئارەزوی وایە بە بـەكارهێنانی بەكاربـەرێك تێكـەڵیت بكـات، نامەیـەكی بچوكت بۆ دەنێرێتو پێت دەڵێت تۆ بانگهێشتكراویت بۆ بەشداریكردن لەو شتەی كە ئەو بەكاربەرە پێی هەڵدەسێت.

هەر بەچەشنی داواكاری هاوڕێیەتی، داواكاری بەكاربەر لە بەشی سەرەوەی پـەڕەی سـەرەكیدا لـەژێر ناوەكەتـدا دەردەچـێت. دەتوانیـت كلیـك لەسـەر هـەر دواكارییـەكی تاكەكەسـی بكـەیت بـۆ گەیـشتن بـەو نامەیـە كـە دەكەوێتـە پـەڕەی داواكاریەكانەوە – یان دەتوانیت كلێك لەسەر كۆی ئەو داواكاریانە بكەیت كە بۆت هاتون بۆ گەیشتن بە بەشی سەرەوەی پەڕەی داواكاری كە لەوێ ناوچەی دەردەكەوێتو وردەكاری هەمو داواكارییەك دەخاتە ڕو.

هـــــەمو داواكارییـــــەك وەك ئـــــەم وێنەیـــــەی خوارەوەیـــــە.



نوسـینی سـەر دوگمـەی هـەر بەكاربـەرێك جیـاوازە لـەوی تـر. بـەڵام دوگمـەی یەكەم بەردەوام یان نوسراوە            یان نوسـراوە yes "بـەڵێ". كلێك لەسـەر ئـەو دوگمەیە بكە دەتباتە خودی بەكاربەرەكە.

دوایـن دوگمـەش هەمیـشە "   "ـــە. بـە كلێـك كـردن لەسـەر ئـەو دوگمەیـە وادەكات ئەو داواكاریە لە پەڕەی "داواكاریەكان"ـدا ون بێت.

ڕەنگە هەندێ بەكاربەر لە ناوەڕاستی ئەو دوو دوگمەدا دوگمـەی سێهەمیشی لەگەڵدا بێت، وەك هەڵبژاردەیەكی تر بۆ بینینی زانیاری لەبارەی ئەو بەكاربەرەوە بەر لەوەی بڕیاربدەیت پشتخوێی بخەیت یان قبوڵی بكەیت.

دوگمـەی ناوەڕاسـت Learn more ڕێگـەت ئـەدات زانیـاری لـە بـارەی بەکاربەری Causesـەوە بزانیت بەر لەوەی بڕیار بدەیت ئایا بەشداری دەکەیت یان نا.

## چۆنیەتی یاساغکردنی داواکاری بەکاربەری بەخوازراو

ئەگـەر بڕیارتـدا کـە یـەکێ لـە بەکاربـەرەکان چیتر بـۆ تـۆ گونجـاو نییـە، وە ناتەوێت دواکاریت لەو بەکاربەرەوە بۆ بێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت ڕێی لێ بگریت لـە گەیـشتن بـە تـۆ. لـەژێر هـەمو داواکارییەکـدا ڕاسـتەوخۆ لینکێـك هەیـە بـەناوی "یاسـاغکردنی ئـەم بەکاربـەرە". کلێـك لەسـەر ئـەو لینکـە بکـە چوارگۆشـەیەکت بـۆ دەکرێتـەوە تێیـدا پێـت ڕادەگەیـەنێت کـە چـیتر لـە ئاینـدەدا ڕێگـری لـەم بەکاربـەرە دەکرێتو ناهێڵرێـت هیچ داواکارییـەکت بۆ بنێرێـت (بەڵام هێشتا هـەر دەتوانیـت لـە پـەڕەی هاوڕێکانتـدا ببینیـت ئەگـەر لـەوێ نمایـشکرابێت). کلێـك لەسـەر دوگمـەی "یاساغ" بکە بۆ دڵنیابون.

ئەگەر بڕیارت گۆڕیو ویستت یاساغی لەسەر بەکاربەرێك لابەریت، دەتوانیت پرۆسەکە پێچەوانە بکەیتەوە. تەنها بڕۆ بۆ "ئامادەکاری تایبەتمەندیەکان" لە لیستی "ئامادەکاریـەکان"ـی سـەر پتیلـەی شـین، پاشـان بـڕۆ بـۆ پـەڕەی "بەکاربـەر" « "ئامادەکاریـەکان". لە بەشی خوارەوەی پەڕەکەدا لیستی بەکاربەرە یاساغکراوەکان بـدۆزەرەوەو کلێـك لەسـەر "لابـردن" بکـە کـە دەکەوێتـە تەنیـشت ئـەو بەکاربـەرەی دەتەوێت یاساغی لەسەر لابەریت (بە واتایەکی تـر، کۆتـایی بە یاساغکردنی دێنیت، نەك بە خودی بەکاربەرەکە).

## چۆنیەتی ڕێگرتن لە هاتنی داواکاری بەکاربەر لـە چـەند هاوڕێیەکی دیاریکراوەوە

ئەگـەر لـە فەیـسبوکدا هاوڕێیـەکت هەیـەو دواکـاری زۆرت بـۆ دەنێرێـت کـە هیچیان جێی بایەخ نین لەلات، یـان کاتـت نییـە لـە گەڵیان ڕێ بکـەیت، ئـەوا دەتوانیـت گشت داواکارییەکی بەکاربەری ئەو کەسە بە جارێك پشتگوێ بخەیت.

کلیك لەسەر لینکی "پشتگوێخستنی هەمو بانگهێشتەکانی ئەم هاوڕێیە" بکە کە دەکەوێتە ژێر ئەو داواکاریەی کە ئەو کەسە بۆتی دەنێرێت. چوارگۆشەیەکت بۆ دەکرێتەوە داوات لێدەکات ئەم کارە پشتڕاست بکەیتەوە، ئیدی پاش ئەوەی دەیکەیت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەمو داواکارییەکی ئەو هاوڕێیە پشتگوێ دەخرێت بەر لەوەی بگاتە دەستی تۆ.




بێخەمبە، هاوڕێکەت هیچ ئاگادارییەکی پێ ناگات ئاگاداری بکات لەوەی کە تۆ ئەم هەنگاوەت ناوە، بۆیە پێویست بەوە ناکات خەمی ئەوە بخۆیت کە گوایە تۆ هەستی بریندار دەکەیت.


ئەگەر لە ئایندەدا ڕات گۆڕی، دەتوانیت ناوی هاوڕێکەت لە لیستی ئەو کەسانە دەرکەیت کە داواکراوە داواکاریەکانیان پشتگوێ بخرێ، بەهەمان ئەو ڕێگەی کە بەکارت هێنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساغکردنی بەکاربەر، کە پێشتر ڕونکردنەوەمان لەسەری دا. لە بەشی خوارەوەی پەڕەی "ئامادەکاری تایبەتمەندیەکان" » "بەکاربەر" » "ئامادەکاریەکان"دا بگەڕێ بە شوێن لیستی "پشتگوێخستنی ئەو کەسانەی بانگهێشت دەنێرن"، کلیك لەسەر دوگمەی "لابردن" بکە کە دەکەوێتە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی کە دەتەوێت پشتگوێخستنی داواکاریەکانی ڕاوەستێنیت.

## مۆڵەتدان بە بەکاربەر

مۆڵەتدان بە بەکاربەر نەختێك لەوە دەچێت بیخەیتە لیستی هاوڕێیانتەوە – ڕێگەی ئەدەیت بچێتە نێو زانیاریە سەرەکیەکانتەوە لە نێو فەیسبوك، تاکو کەمێك یەکتر بناسن، تاکو بەکاربەرەکە هێندە لەبارەی تۆوە شت بزانێت کە بتوانێت کارت لەگەڵ بکات.

کاتێك کە بۆ یەکەم جار بەکاربەرێك بەکاردێنیت – ئیدی ئەو بەکاربەرە بۆت هاتبێت یان خۆت ڕێت لێی کەوتبێت – چوارگۆشەیەکت بۆ دەکرێتەوە بەناوی

که لەخوارەوە نیشان دراوە. کلێك کردن لەسەر دوگمەی مۆڵەت بە بەکاربەرەکە ئەدات و ڕێگەت ئەدات بەکاری بێنیت.




## چۆن بڕیار ئەدەیت کە چین ئەو بەکاربەرانەی جێی متمانەن و بایەخن

کاتێك کە داواکاری بەکاربەرێکت بۆ دێت پێشتر بەکارت نەهێناوە، توشی گیروگرفت دەبیت. چونکە هەندێ بەکاربەری فەیسبوك سەرڕێژە لە شتی کەیف بەخش و بەسود. هەندێکی تریشیان کاتکوژەو بە ئاگاداری و هەواڵی پڕوپوچ بێزارت دەکات، هەندێ جاریش بە ناوی تۆوەو بەبێ پرسی تۆ هاوڕێکانت بێزار دەکات.

بۆیە چۆن دەتوانیت جیاوازی بکەیت لە نێوان بەکاربەری باش و بەکاربەری خراپ؟ چۆن بڕیار ئەدەیت کە چ بەکاربەرێك شایەنی مۆڵەتدانە وچی تریان شایەنی نییەو دەبێ بخرێتە زبڵدانەوە؟


خۆشبەختانە پێویست بەوە ناکات هەرەمەکیانە لەخۆتەوە هەڵبژێریت. دەتوانیت لە دورەوە بەکاربەرەکە بپشکنیت تا لە ڕاپۆرتەکەدا بگەیتە ئەو بڕیارەی ئایا دەتەوێت مۆڵەتی بدەیت یان نا.

s requesting permission to do the following:


یەکەم هەنگاو بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بەکاربەرێك ئەوەیە چاوێك بە پەڕەکەیدا بخشێنیت لە فەیسبوك. هەمو بەکاربەرێك لە فەیسبوك پەڕەیەکی هەیەو زانیاریە سەرەکیەکان لە بارەی خۆی‌و دروستکەرانیەوە دەردەخات.

دەتوانیت بگەیتە پەڕەی هەر بەکاربەرێك بە کلیك کردن لەسەر ناوەکەی لە نێو داو اکاریەکەدا، یان لە چوارگۆشەی "ڕێگەدان بە چونەژورەوە"، یان لە هەر شوێنێکی تردا بینیت ناوەکەی بە شین نوسرابوەوە کلیکی لەسەر بکە.

پاش ئەوەی کە دەگەیتە پەڕەی بەکاربەرەکە، چەندان شتی سەرەکی هەن کە




دەبێ تەماشایان بکەیت:




١- ڕێزبەندی ئەستێرەکان. لە ستونی چەپداو لەنزیك بەشی سەرەوەی پەڕەکە، چوارگۆشەی "لەبارەی ئەم بەکاربەرەوە" دەبینیت کە ڕیزبەندی ئەستێرەی تێدایە لە یەکێکەوە تا پێنج ئەستێرە، بەپشت بەستن بەڕای جەماوەر ڕیزبەندی بۆ کراوە. ئەمە پێوەرێکی تیۆری خێرات ئەداتێ سەبارەت بە ئەندازەی ڕەزامەندی بەکارهێنەران لە بەکارهێنانی. ئەگەر ئەستێرەکان لەچوار زیاتر بو ئەوە نیشانەیەکی باشە. وەگەر دوو ئەستێرەو کەمتر بو، ئەوا ڕەنگە نیشانەیەکی خراپ بێت.

٢- هاوڕێیـان. بگـەڕێ بەشـوێن ژمـارەی ئـەو هاوڕێیانـەی بـەکاری دێـنن تـا بزانیـت کـێن ئـەو هاوڕێیانـەی بـەکاری دێـنن. ئەگـەر ئـەو هاوڕێیانـەی متمانـەت بـە بڕیارەکانیان هەیە ناویان هاتبو، ئەوا شتێکی باشە (دەشتوانیت پەیوەندی بکەیت بەو هاوڕێیانەی بەکاری دێنن تا بزانیت ئامۆژگاریت دەکەن بەکاری بێنیت یان نا).

٣- ڕای بەکارهێنـەران. چوارگۆشـەی ڕاوبۆچـونەکان بـدۆزەرەوە تـا تێبینـی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانە بخوێنیتەوە کە پێشتر ئەم بەکاربەرەیان بەکارهێناوە. ئەگەر بینیت زۆرێك لـە تێبینیـەکان نەرێنییە، ئەوا باشتر وایە داینەبەزێنیت – بە تایبـەت ئەگەر ئەو کەسانە بەڵگەو هۆکاری بەجێیان خستبوە ڕو سەبارەت بە ڕازی نەبونیان. لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە پیاهەڵدانی زۆری هەوادارانی ئەو بەکاربەرە ڕازیت بکات لە بەکارهێنانی.

٤- دیـوارو ئەنجومـەنی وتووێـژ. تێبینـی بەکارهێنـەرانی ئـەو بەکاربـەرە لـەو دامێنی پەڕەکەشدا دەبینیت. بگەڕێ بزانە هیچ سکاڵایەك یان لایەنگرییەکی نەرێنی تێدایە.

ئێـستا دەتوانیـت بـە پـشت بەسـتن بەمانـە بڕیـار بـدەیت کـە ئایـا دەتـەوێت دایبەزێنیت یان نا.

## چۆنیەتی خۆلادان لە ناردنی بێ مەبەستی پروپاگەندە بۆ هاوڕێیانت

بەکاربـەری فەیـسبوك خـۆی لەخۆیـدا ڤایرۆسـییە – بـەو مانایـەی کـە ئـەو لەڕێگـەی بانگهێـشتی هاوڕێیانـەوە لـەنێو تـۆڕدا بـڵاو دەبێتـەوە. تـاکو گەشـە بکـات و بڵاوبێتـەوە پێویـستی بـەوە هەیـە بەکارهێنـەرانی ڕازی بکـات بـەوەی داواکـاری و بانگهێشت بۆ ئەو کەسانە بنێرن کە پێشتر بەکاریان نەهێناوە.

بـەڵام چـەند ڕێگایـەکی ڕێـزدار هەیـە تـاکو پێـشخەرانی ئـەو بەکاربەرانـە بـەو ئامانجەیان بگـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا چـەند ڕێگایـەکی تـری کـەم ڕێزتـر هەیـە. بێگومـان ڕێزدارترین ڕێگا لەو ڕێگایانە ئەوەیە بەکاربـەرێکی چێژبەخش و بەکەڵك دروستبکەن بەجۆرێك کە هەموان حەزبکەن بەکاری بێنن و هاوڕێیانی تری لێ ئاگاداربکەنەوە.

وەلێ زۆربەی پێشخەران، ئیدی ئەگەر تێکۆشن بۆ بەدەستهێنانی جۆری باش یان نا، کەمێك چانسی خۆیان بەدبەخت دەکەن. چونکە زۆربەی کات، کاتێك سەردانی بەکاربەرێك دەکەیت یەکەم پەڕە دەیبینیت ئەو پەڕەیە کە داوات لێدەکات بانگهێشت بۆ هاوڕێکانت بنێریت.


پێویست بەوە ناکات کە بڵێین پێدەچێت کەمێك چەواشەکاری بێت کاتێك داواکاریەکت بۆ دێت و دەڵێت دیارییەکی قەشەنگت بۆ هاتوە، پاشان کاتێك داواکاریەکە قبوڵ دەکەیت دیاریە نێردراوەکە نابینیت – تەنها شتێك کە دەیبینیت پەڕەیەکە روخساری هاوڕێیانتی تێدایە، لە گەڵ نامەیەك کە هانت ئەدات دیارییان بۆ بنێریت. پاشان دەبێ کەمێك بێیت و بچیت تا ئەو پەڕە دەدۆزیتەوە کە دیاریە نێردراوەکەی تێدایە.

خراپ تێمەگە – هەمومان دەزانین کە بەخشین باشترە لە وەرگرتن، هیچ هەڵەیەکی تەکنیکیش لەو بەکاربەرانەدا نییە کە هانت ئەدات دیاری بۆ هاوڕێکانت بنێریت. بەڵام دەبێ مافی ئەوەت هەبێ هەنگاو بەسەر ئەو پەڕەدا بنێیت و نەختێك لە بەکاربەرەکە رامێنیت بەر لەوەی بڕیار بدەیت ئایا دەتەوێت هاوڕێیانت بانگهێشت بکەیت بۆ بەکارهێنانی یان نا.

لێرەدا هەندێ لە پێشخەران کەم ڕێزتر دەبن. چونکە هەندێ بەکاربەر ناهێڵێت بەسەر ئەو پەڕەیەدا هەنگاو بنێیت بەر لەوەی بانگهێشت بۆ هاوڕێکانت نەنێریت. ئەگەر بەکارهێنەرێکی نوێ بیت، یان کەسێکی زرنگ نەبیت، بچیتە یەکێك لەو بەکاربەرانەوە، ڕەنگە توشی ئەوە ببیت کە بێمەبەست چەندان پڕوپاگەندە بۆ هاوڕێیانت بنێریت.

فەیسبوك زۆرێك سکاڵای لەم بارەوە وەردەگرت، بۆیە ڕێسایەکی توندی لەو بارەوە دانا سەپاندی بەسەر گشت بەکاربەرەکاندا کە نابێ هیچ کات یەکێ لە مەرجەکانیان ئەوە بێت بانگهێشت بۆ هاوڕێیانت بنێریت. بۆیە ئێستا لە پەڕەی بانگهێشتەکاندا دوگمەی "هەنگاونان" دانراوە کە ڕێگەت ئەدات بەردەوام بیت لە تەماشاکردنی بەکاربەر بێ ئەوەی ناچاربیت کەسێکی تری بۆ بانگهێشت بکەیت. ئەگەر یەکێك لە بەکاربەرەکان ئەم دوگمەیان تیا نەبو، ئەوا بەشێوەیەکی ئاشکرا پێشێلی ڕێساکانی فەیسبوك دەکات، وەگەر ژمارەیەکی بەرچاوی بەکارهێنەران

ئاگاداررییان لەسـەری بـەرزکردەوە، ئـەوا فەیـسبوك لـەکاری دەخـات هـەتا ئـەو کاتـەی پێشخەرانی نوێدەکەنەوەو وەهای لێدەکەن لەگەڵ ڕێساکانی فەیسبوکدا ڕێ بکات.




بۆیـە – وەك بەکارهێنـەرێك مافـەکانی خـۆت بزانـەو هـیچ بانگهێـشتێك بـە ناچاری بۆ هاوڕێیانت مەنێرە مەگەر خۆت پێتخۆش بێتو پێتوابێ ئەوانیش وەك تۆ بـەدڵیان دەبێـت. ئەگـەر گەشـتیت بـە پـەڕەی بانگهێـشتەکانو ئامـادە نـەبویت هـیچ بانگهێـشتێك بنێریـت، ئـەوا بەشـوێن دوگمەیـەك یـان لینکێکـدا بگـەڕێ بـە نـاوی "هەنگاونان"ەوە، یان بگەڕێ بەشوێن هێمای دەروازەی تردا کە ڕێت ئەدات بچیت بۆ پەڕەی تر، هەر لە چوارچێوەی هەمان بەکاربەردا.

وەگـەر بەکاربـەرێکت بینـی بە پێـچەوانەی ڕێـساکانی فەیـسبوکەوە بـو، ئـەوا لینکـی ئاگادارکردنەوە بەکاربێنـە کـە دەکەوێتـە بەشـی خـوارەوەی پەڕەکـە، تـاکو فەیسبوکی لێ ئاگادار بکەیتەوە.




هێمـای دەروازەکـانی بەشـی سـەرەوەی بەکاربـەری Retro Gifts ڕێگـەت ئەدات بڕۆیت بۆ پەڕەکانی تری ئەو بەکاربەرە بێ ئەوەی بانگهێشت بنێریت.

# ئاگادارییەکانی بەکاربەر

پتر لە ناردنی داواکاری، ئەو بەکاربەرانەی مۆڵەتداون دەتوانن ئاگاداریت بۆ بنێرن. پراوپڕ وەك ئەو ئاگادارییانە وایە کە کاتێك کەسێك داوای هاوڕێیەتیت قبوڵ دەکات یان کاتێك کەسێك لەسەر دیوارەکەت دەنوسێتو ئاگاداریت لەو بارەوە بۆ دێت، ئەو ئاگادارییانەی لە بەکاربەرەوە دێتن ریکلامی بچوکنو هەواڵی شتێکت پێ ڕادەگەیەنن. ڕەنگە ئاگادارییەکت بۆ بێتو بڵێت هاوڕێیەکت بە بەکارهێنانی SuperPoke "میزەڵدانێکی پڕ ئاو" ی بەسەرتدا ڕشتوە، یان ژمارەی پێوانەیی تۆی شکاند لەو یارییەی کە پێکەوە دەیکەن، یان بە بەکارهێنانی iLike گۆرانییەکی پێشکەش کردیت.

ئەو ئاگادارییانە هەر کاتێك کە بۆت دێن لەو مێزەڵدانە بچوکەی ژمارەکانی سەر هێمای ئاگادارییەکاندا دەردەکەوێت، لە هەردوو پتیلەی بەکاربەرو خودی پەڕەی ئاگادارییەکاندا.


## ڕێگرتن لە ئاگاداری نەخوازراو



ئەگەر یەکێ لە بەکاربەرەکان بە ئاگاداری نەخوازراو بێزاری دەکردیت، یان ئاگاداری زۆری بۆ دەناردیتو هیچیان جێی سەرنج نەبون لەلات، ئەوا تۆ دەتوانیت مافی ئەوەی لێ بسەنیتەوە ئاگاداریت بۆ بنێرێت.

لە لای چەپی پەڕەی ئاگادارییەکاندا زنجیرەیەك چوارگۆشەی هەڵبژاردن دەبینیت کە تایبەتن بەو بەکاربەرانەی کە لە ڕابردوا ئاگادارییان بۆ ناردویت. هەڵوەشاندنەوەی بژارکردنی چوارگۆشەی هەڵبژاردنی یەکێ لەو بەکاربەرانە ڕێی لێدەگرێت کە چیتر لە ئایندەدا ئاگاداریت بۆ بنێرێت (مەگەر خۆت جارێکی تر چوارگۆشەی هەڵبژاردنەکەی بژاربکەیتەوە).

هەندێ بەکاربەریش ئامرازگەلێکی دیاریکراوت بۆ تەرخان دەکات کە ڕێگەت ئەدات بڕیار لەسەر جۆری ئەو ئاگاداریانە بدەیت کە بۆتی دەنێرێت.





## کەران بەشوێن بەکاربەر: ڕێبەری بەکاربەر

ئەگەر دەتەوێت بەشوێن بەکاربەری نوێدا بگەڕێیت بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکەیت هاوڕێیەکت داواکاریت بۆ بنێرێت، فەیسبوك ئەمە ئاسان دەکات. بە بەکارهێنانی ڕێبەری بەکاربەر دەتوانیت هەر کاتێکت پێخۆش بو بەشوێن بەکاربەردا بگەڕێیت.

بۆ گەیشتن بەو ڕێبەرە، کلیك لەسەر لیستی دەرتۆقیوی بەکاربەر بکە کە دەکەوێتە سەر پتیلەی بەکاربەر. لە بەشی سەرەوەی لیستەکەدا کلیك لەسەر لینکی more بکە ڕاستەوخۆ دەتبات بۆ ڕێبەری بەکاربەر.

پەڕەی سەرەکی ڕێبەرەکە کۆمەڵێك بەکاربەر نیشان ئەدات کە فەیسبوك پێیوایە ڕەنگە بەدڵت بێت، بە پشت بەستن بەو کارانەی پێشتر پێی هەستاویت. بەڵام بە بەکارهێنانی هێمای دەروازەکانی سەرەوە، دەتوانیت تەماشای بەناوبانگترین و نوێترین بەکاربەری فەیسبوك بکەیت.




برگەکانی لای چەپی پەڕەکە ڕێ ئەدات ئەو بەکاربەرە تەماشاکەیت کە پەیوەندیان بە (بۆنمونە) مۆدە، بازرگانی، مۆسیقا، سیاسەت، یاری، چەندان شتی ترەوە هەیە.

دەتوانیت خانەی گەڕان لە بەشی سەرەوەی ڕێبەری بەکاربەر بەکاربێنیت بۆ گەڕان بەشوێن بەکاربەر بەپشت بەستن بەناو (ئەگەر بەشوێن بەکاربەرێکدا دەگەڕایت و پێشتر ناوەکەیت دەزانی) یان وشەیەکی سەرەکی (ئەگەر بەشوێن بەکاربەردا دەگەڕایت پەیوەندی بە (بۆنمونە) پشیلەوە یان جێشتخانەوە یان بەلەمەوە هەبو).

## پوختەیەك لەبارەی هەندی بەکاربەری میللی فەیسبوك

هەزاران بەکاربەر لە فەیسبوکدا هەیە، شتێکی دژوارە هەمویان بخرێنە ڕو – بۆیە ئەم پوختەیە تەنها چەند نمونەیەکی هەڕەمەکیەو بابەتیانە نییە. ئامانجی من لێرا ئەوە نییە پێرستێکت بۆ بێنمەوە لە بارەی باشترین بەکاربەری فەیسبوك، تەنها ئامانجم ئەوەیە پێکەوە نیگایەك بخشێنین بە پشتوێننەو پێکهاتەی بەکاربەرە بەردەستەکان، وە هاندانت بۆ ئەنجامدانی هەندێ بەدواداچون بۆ دۆزینەوەی پەسەندەکانت.

# بەکاربەری ئاڵوگۆڕکردنی کەلتور

یەکێ لە باشترین تایبەتمەندیەکانی فەیسبوک توانای بەشداریکردنە لەو شتانەی دەیخوێنێتەوەو دەیبینێتو دەیبیسێت لەگەڵ هاوڕێیانت، هەروەها چاودێریکردنی ئەو شتانەی کە لە ڕاداری کەلتورییاندا بونی هەیە.

زۆر بەکاربەر هەیە ڕاسپاردە هەنوکەییەکانی دۆسیەکەت ئاسانتر دەردەخات، ئاسانتر بەدواداچون بۆ کتێبو گۆرانیو فیلمە نوێکانی هونەرمەندە پەسەندەکانت دەکات.

iLike باشترین نمونەیە لەسەر ئەمە. هەرچەندە کە iLike دروستکراوی خودی فەیسبوک نییە، بەڵام لە فەیسبوکدا نزیکترین شتە لە بەرنامە مۆسیقیە فەرمیەکانەوە. هەگبەی iLike لە دۆسیەکەتدا ڕێگەت ئەدات گروپێك لە میوزك ژەن پەسەندەکانتو لیستێك لەو گۆرانیانەی بەدڵتن بڵاو بکەیتەوە.




پەڕەی سەرەکی iLike یارمەتیت ئەدات لە گەڕان بەشوێن هونەرمەندە پەسەندەکانت، چێککردنی بەرهەمە نوێکانیان، زانینی گەشتە نوێکانیان، پلانیان بۆ بینینی هاوڕێیان لە کۆنسێرتێکی مۆسیقیدا. دەشتوانی iLike بۆ بەخشینی گۆرانیو فیلمی ڤیدیۆ بۆ هاوڕێیانت بەکاربێنیت، وە ململانێی هاوڕێیانت بکەیت لە پێشبڕکێی مۆسیقیدا.

LivingSocial: Albums بەکاربەرێکی مۆسیقی تری بەکەڵکە کە شێوەی پێکهاتەی ئەلبۆمەکانت پێ نیشان ئەدات. دەتوانیت لەرێیەوە ئەو ئەلبۆمانەی ئێستا گوێیان بۆ دەگریت بە پەسەندە کۆنەکانیشتەوە ریزبەندی بۆ بکەیتو پێداچونەوەیان بۆ بکەیت.

بۆ ئەو کەسانەی کتێبیان خۆشدەوێت، Visual Bookshelf رێگەت ئەدات بەرگی ئەو کتێبانە نمایش بکەیت کە ئێستا دەیانخوێنیتەوە، لەگەڵ ئەو کتێبانەی پێشتر خوێندونەتەوە، ئەوانەشی نیازت وایە لە ئایندەدا بیانخوێنیتەوە. دەتوانیت ریزبەندی بۆ کتێبەکان بکەیتو پێداچونەوەیان بۆ بکەیت، تەماشای ئەو کتێبانەش بکەیت کە هاورێیانت دەخوێننەوە.

ئەگەر پێشوەخت لە ماڵپەری بەشدارکردنی کتێبدا Goodreads ئەندام بیت، دەبینیت بەکاربەری Goodreads لیستی کتێبەکانت لە گەڵ هەگبەی Goodreads رێکدەخات کە دەتوانیت بیخەیتە دۆسیەکەتەوە لە فەیسبوک.

بەکاربەری Flixter Movies تایبەتە بە هەوادارانی فیلمی سینەمایی. رێت ئەدات ریزبەندی بۆ ئەو فیلمانە بکەیت کە تەماشاتکردون، هەروەها فیلمەکانت بەراورد بکەیت لەگەڵ فیلمی هاورێکانت. لە پەرەی سەرەکیدا دەتوانیت تەماشای چەند گرتەیەکی فیلمەکە بکەیت، کاتی نمایشکردنیان لە هۆڵە لۆکاڵیەکانی سینەما بزانیت، بەشداری بکەیت لە پێشبرکێکانی فیلم.

بەکاربەری Addicted to... رێت ئەدات بەرنامە پەسەندەکانت بژارکەیت (هەڵبژاردن لەنێو گروپێکی هەمەجۆردا کە پێکهاتوە لە Doctor who, Heroes, House, Development, Arresed, The Colbert Report, The Simpsons, Lost و چەندانی تر). دەتوانیت ئەو بەکاربەرە بەکاربێنیت بۆ دەرخستنی بەرنامە پەسەندەکانت لە دۆسیەکەت، تاوتوێکردنی بەرنامە لەگەڵ هەوادارانی تر، هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر هاورێیانتدا لە پێشبرکێکان.

## بەکاربەری هاوڕێیەتی

لە گەڵ گەشەسەندنی بازنەی هاوڕێیانت لە فەیسبوک، دەتوانیت بەکاربەری فەیسبوک بەکار بێنیت بۆ دەرخستنی روخساریان، ڕێکخستنیان، پلاندانان بۆ پەیوەندی نێوانیان، تەنانەت دەتوانیت لەسەر شێوازی MySpace وەك "ئازیزترین هاوڕێیان" ریزبەندیان بۆ بکەیت.

هەردوو بەکاربەری Entourage و Gridview ڕێت ئەدەن ئەلبۆمی فۆتۆگرافی لە وێنەی دۆسیەی هاوڕێکانت دروستکەیت، تا بتوانیت لە دۆسیەکەتەوە روخساریان ببینیت (زیاتر لەو مشتەی کە لە چوارگۆشەی "هاوڕێیان"دا دەردەچێت).

بەکاربەری Top Friends ستایلی دەسنیشانکردن بەکاردێنێت و ڕێت ئەدات ئازیزترین هاوڕێیانت لە لیستی هاوڕێیاندا نمایش بکەیت.

بەکاربەری Friend Statistics ژمارەی هاوڕێکانت دەژمێرێت و پێت دەڵێت کە لە چ برگەیەکی دیمۆگرافیدا دەگونجێن – بە لایەنگرایەتی سیاسی، بە تەمەن، بە رەگەز، تەنانەت بە کەلو.


بەکاربەری Friend Wheel بە ناوی هاوڕێیانت نمایشێکی بازنەیی دروست دەکات، پاشان هێڵیان لە نێواندا دروست دەکات تا سروشت و چیەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەربخات – بەوەش تابلۆیەکی هونەری جوان لەبۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکەت دروست دەکات.

## بەکاربەری دەربڕین لە خود

ڕازاندنەوەی دۆسیەکەت بۆ دەربڕین لە کەسایەتیت بەشێکی گەورەیە لە کاری تۆ لەسەر فەیسبوک، زۆرێك بەکاربەری داهێنراوی جوان هەیە کە لەم کارەدا دەتوانێت یارمەتیت بدات.

بەکاربەری Piececes of Flair ڕێگەت ئەدات دوگمەی بازنەیی بچوك لە تابلۆیەکی وەهمیدا کۆبکەیتەوە و نمایش بکەیت. دەتوانیت چەندان کاتژمێر بەسەر بەریت لە دەرخستنی پێرستی هەزاران دەرزی کە بەکارهێنەرانی Piececes of

Flair دروستیان کردوه، پاشان بەو شێوازەی کە دەربڕین لە کەسایەتی تۆ دەکات ڕیزبەندی بۆ بکەیتەوە. تەنانەت دەتوانیت وێنەی دوگمەی تایبەت بە خۆت دروستکەیت و بینێریت بۆ هاوڕێیانت.



بەکاربەری Bumper Sticker و Sticker بە هەمان شێوە کار دەکەن، بەڵام لەبری دوگمە پۆستەر دروست دەکەیت.

10 Second Interview وەها مامەڵەت لەگەڵ دەکات کە تۆ ئەستێرەیەکی بەناوبانگ بیت، ڕێگەت ئەدات وەڵامی زنجیرەیەك پرسیاری کورت بدەیتەوە، ئیدی دانیشتنی س & ج لە دۆسیەکەتدا نمایش دەکات.

## بەکاربەری ناردنی دیاری

جگە لە بەکاربەری سەرەکی بەخشینی دیاری کە پێشتر لە بەشی ٦ باسمانکرد، هەندێ بەکاربەری تر هەیە کە تایبەتمەندی پڕ بایەخ دەخاتە سەر پرۆسەی دیاری بەخشین.

دەتوانیت لەڕێی Hatching Eggs دیاری بۆ هاوڕێیانت بنێریت لەشێوەی هێلکە. تۆ خۆت دەسنیشانی دەکەیت کە چی لە ناو هێلکەکەدا بێت – لە گژوگیاو،

ئاژەڵو، جانەوەری ئەفسانەییو، هەرشتێکی تر خۆت پێتخۆشە هەڵبژێرە – پاش چەند ڕۆژێك پەیتا پەیتا هێلکەکە لە دۆسیەی هاوڕێکەتدا هەڵدێتو سیپرایەزەکەی ناوەوەی ئاشکرا دەکات. دەشتوانی لە گەڵ دیاریەکەتدا نامەش بنێریت.

هەردوو بەکاربەری Growing Gifts و Water Glope Gifte بە هەمان شێوەی Hatching Eggs کاردەکەن، تەنها جیاوازییان لەوەدایە کە دیاریەکەت لەگەڵ Growing Giftsـدا وەك گژوگیایەك دەردەکەوێت کە پەیتا پەیتا چرۆ دەکاتو لە گۆمێکی قوڕدا گەورە دەبێت، وە لەگەڵ Water Glope Gifteـدا پەیتا پەیتا لە نێو تۆپێکی شوشەییدا ڕوندەبێتەوە لەکاتێکدا ئەو بەفرەی لەسەر دەڕەوێت کە دیاریەکەی پۆشیوە.

وەگەر بتەوێت خواردنەوەی گازی یان شەربەت یان کوپێك چا بۆ هاوڕێیانت بکڕیت (بێگومان بەشێوەیەکی وەهمی)، ئەوا بەکاربەری Pass a Drink ڕێگەت ئەدات ئەم کارە بکەیت.

## بەکاربەری تیرەو خێزان

بە بەکارهێنانی بەکاربەری We're Related دەتوانیت پەیوەندیە خێزانیەکانت لە دۆسیەکەتدا دەرخەیت، کە ڕێت ئەدات دۆستە تۆمارکراوەکانت لە فەیسبوکدا بدۆزیتەوەو درەختی خانەوادەکەت پێکبێنیت. بەکاربەری Family Treeیش بە هەمان شێوە کاردەکات.

بەکاربەری Circle of Moms کۆمەڵگایەکی دایکان لە فەیسبوکدا دروست دەکات کە تێیدا ئامۆژگاری ئاڵوگۆڕ دەکەن، ڕێگەشیان ئەدات دۆسیەی تایبەتو بەپارێز بۆ منداڵەکانیان دروستکەن.

## بەکاربەری دیوار

فەیسبوك چەندان بەکاربەری میللی لەخۆ گرتوە کە هەوڵئەدەن دیواری فەیسبوك بە تایبەتمەندی زیاتر کۆمەك بکەن، ئامرازگەلێکی هەماهەنگکار پێشکەش

دەكات بۆ بڵاوكردنەوەی هەمان ناوەڕۆك لەسەر دیواری چەندان هاوڕێ بەجارێك. FunSpace و Super Wall دەچنە ڕیزی ئەو جۆرە بەكاربەرانەوە.

سەرنج: من بۆخۆم، پاش ئەوەی چەندین بەكاربەری دیوارم تاقیكردەوە، هەمویانم لابردو بڕیارمدا كە دیواری فەیسبوك خۆی تەنها دیوارێكە كە من پێویستمە. بەكاربەری دیوار بوە هۆی دوبارە بونەوەی بڵاوكراوەكان و قەرەباڵخكردنی دیوارەكەم، زۆربەی جار وەك تابلۆی پڕوپاگەندەی كۆمەڵایەتی دەهاتە پێش چاوم.

## كێشمەی تێكۆشان

بەكاربەری Causes پاڵپشتیكردن لەو كێشەمەو پرسانەی تۆ لایەنگریتی ئاسانتر دەكات. لە نێو كۆمەڵێكی هەمەجۆر لە دامەزراوەی سیاسی و خێرخوازیدا یەكیان هەڵبژێرە كە تۆ پاڵپشتی لە ئامانجەكانی دەكەیت. پاش ئەوەی كلیك دەكەیت لەسەر لینكی "بەشداربون لە" دۆسیەیەك، دەتوایت لایەنگری تر پەیدا بكەیت و باربو بۆ ئەو دامەزراوانە كۆبكەیتەوە كە دەسنیشانت كردوە پاڵپشتی لێبكەیت.

## گەشت و جوگرافیا

ئەگەر دەتەوێت توانای سەفەر كردنت تاقی بكەیتەوە، Geo Challenge یارییەكی ڤیدیۆیی جوڵەئامێزە توانای جوگرافیناسی و جیهانناسیت تاقی دەكاتەوە. بە دۆزینەوەی شارەكان لە سەر نەخشە، بە ناسینەوەی وڵاتەكان لەڕێگەی سنورەكانیانەوە، ناسینەوەی ئاڵای وڵاتەكان، بە هەمو ئەمانە خاڵ كۆدەكەیتەوە. خاڵەكانت لەگەڵ خاڵی هاوڕێكانتدا بەراوردبكەو پێشیان بدەرەوە.

دەتوانیت لەڕێی هەردوو بەكاربەری Cities I've Visited و Where I've Been شانازی بە سەركەشیەكانتەوە لەسەرانسەری جیهان بكەیت، ئەم دوو بەكاربەرە نەخشەیەكی ئاكتیڤانە بۆ دۆسیەكەت دروست دەكات، ئەو شارو شارۆچكەو وڵاتانە نیشان ئەدات كە سەردانت كردون، كە دەتوانیت لەڕێیەوە گەشتەكانی خۆت بە گەشتی هاوڕێكانت بەراورد بكەیت.

## دۆسیه بۆ ئاژەڵی ماڵی

ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکەیاندا ئاژەڵی ماڵییان هەیە وەك یەکێ لە هاوڕێکانیان مامەڵی لە گەڵدا دەکەن. بۆیە زۆر سروشتییە ئەگەر زۆربەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك ئارەزوی ئەوە بکەن هەژمار بۆ پشیلەو سەگەکانیان لە فەیسبوکدا دروستبکەن. بەڵام ئەم شتانە لە ڕوی تەکنیکییەوە سەرپێچی لە ڕێساکانی فەیسبوك دەکات (چونکە ناکرێت لەبری کەسێکی دیکە هەژمار دروستکەیت)، بۆیە پێدەچێ لەکار بخرێت چونکە "دۆسیەی ساختە" یە.

خۆشبەختانە کۆمەڵێك بەکاربەری نایاب هەیە لەو بارەوە کە دەتوانیت کەڵکی لێ وەربگریت. دەتوانیت دۆسیەیەك بۆ پشیلەکەت لە Catbookـدا دروستکەیت یان بۆ سەگەکەت لە Dogbookـدا دروستکەیت، لەوێش چالاکی و شتە بایەخدارەکانی ئەوان بگێڕیتەوە.

دۆسیەی ئاژەڵە ماڵیەکەت لەگەڵ دیوارێکی تایبەت بەخۆی و نوێکردنەوەی ڕەوشدا دابین دەکرێت، دەتوانیت هاوڕێیەتی لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی ترو خەڵکیدا ببەسیت. جگە لە Catbook و Dogbook ئەمانەی تریش هەیە: Ferretbook و Horsebook و Rodentbook و Fishbook (تەنها ئەوە ماوە بخوازین Reptilebookـیش دروستکرێت).

## بەکاربەری ئاژەڵی ماڵی و باخەوانی خەیاڵی

ئەگەر دروستکردنی دۆسیە بۆ ئاژەڵە ماڵیەکانت ڕاستیەکی کەموکورت بو بۆت، خەم مەخۆ – چەندان چانسی تر هەیە بۆ گرنگیدان بە گژوگیاو ئاژەڵی خەیاڵی لە فەیسبوك.

بەکاربەری میللی (Lil) Green Patch تێکەڵەیەکی سەرکەوتوە لە بەخشینی دیاری و گەزین و دەربڕین لە خودو پرسەکانی ژینگەپارێزی. بەکاربەری (Lil) Green Patch باخچەیەکی بچوکت پێدەدات تاکو لە دۆسیەکەتدا نمایشی بکەیت. هاوڕێیان دەتوانن گژوگیا بۆ یەکتر بنێرن تاکو باخچەکەیان گەشەبکات (هەندێکیان

٥

وادروستکراوه گژوگیاو منداڵیشی تێدایه که جۆره کڵاوێکیان لهسهردایه له گژوگیا و سهوزه دروستکراوه).



دهشتوانرێ له بازاڕی Green patch Marketplaceـدا گژوگیا بهرامبهر به خاڵ بفرۆشرێت (ئهو خاڵانه ناودهنرێن Green Bucks، یان دۆلاری سهوز) دهتوانیت دواتر بهکاری بێنیت بۆ کڕینی دیاری نیگارسازی تا بیدهیته هاوڕێیهك یان له باخچهکهتدا نمایشی بکهیت. هاوڕێیانیش دهتوانن بایهخ به باخچهی یهکتر بدهن – ههمو باخچهیهك روخساری نوێترین باخهوان نیشان ئهدات تاکو ڕاوهستن و بایهخی پێ بدهن. باشترین شت لهم پرسهدا ئهوهیه که Green Patch (Lil) پاره کۆدهکاتهوه بۆ Nature Conservancy (پاراستنی ژینگه) له بۆ یارمهتیدان له پاراستنی دارستانه باراناویهکان.



بهکاربهری Sea Garden هاوشێوهی (Lil) Green Patchـه، بهڵام لهبری گژوگیا، هاوڕێیان دۆلفین و ماسی و بونهوهری ئاوی بۆ یهکتر دهنێرن. دهشتوانن دیاریهکانیان له نێو ههگبهی یهکتریان بپارێزن، دهتوانن له نێو شوشهدا نامه بۆ یهکتر بنێرن. بهکاربهری Sea Garden هاوکاره له کۆکردنهوهی پارهی ڕێکخراوهکانی پاراستنی ئۆقیانوسهکان، لهوانهش ڕێکخراوی Surfrider.

بهکاربهری Frinds (fluff) ڕێگهت ئهدات ئاژهڵێکی ماڵی وههمی هه‌ڵبژێریت تاکو بایهخی پێبدهیت و له دۆسیهکهتدا نمایشی بکهیت. دهتوانیت ناو و کهسایهتی ببهخشیته ئاژهڵه ملیهکهت Frinds (fluff)، دهتوانیت له مارکێتی (fluff)

Friends خواردن و کولانەی بۆ بکڕێت، تەنانەت دەتوانیت بەشداری پێشبڕکێی پێبکەیت لە دژی ئاژەڵەماڵیەکانی هاوڕێکانت.

بەکاربەری Hatchlings کەم تا زۆرێك بە هەمان شێوەی پرۆسەی گەڕان بەشوێن هێلکەی جەژندا کار دەکات – لە ڕاستیدا ئەم بەکاربەرە وەك پاکێتێك بۆ پرۆسەی گەڕان بەشوێن هێلکەی جەژن دەسبەکار بو، بەڵام سەرکەوتن و ڕەواجێکی زۆری پەیداکرد بەڕادەیەك کە شایەنی ئەوە بو پشتوێنەیەکی گەورەتری پێبدرێ جگە لە وادەی جەژن. لە دۆسیەی ئەو هاوڕێیانەتدا کە Hatchlingsـیان جێگیر کردوە، بگەڕێ بەشوێن هێلکەدا، کلێك لەسەر هێلکەکە بکە تاکو بیخەیتە هەگبەکەتەوە. دەشتوانی هێلکە لە گەڵ هاوڕێکانتدا بگۆڕیتەوە، یان دەتوانیت بیانپارێزیت و چاودێریان بکەیت تا ئەو دەمەی هەڵدێن و دەبنە ئاژەڵی ماڵی وەهمی.


myFarm کە پارە بۆ ئەو گەلانە کۆدەکاتەوە کە برسی و هەژارن، پارچەیەك زەویت ئەداتێ تاکو تەماتەو گێلاس و گەنم و زەڕات و چەندان ڕوەکی وەهمی تری تێدا بنێژیت. دەتوانیت چاودێری بەروبومەکان بکەیت کە ڕۆژانە هێدی هێدی گەشە دەکەن. هاوڕێیان دەتوانن جۆرەها درەخت و داری میوە بۆ یەکتر بنێرن، هەروەها دەشتوانن ئەسپ و بزن و مانگاو مریشکی جوڵاو بۆ یەکتر بنێرن تاکو کێڵگەکانیان ببزوێنن و کەمێك جوڵە بکەن بە بەرگیدا. ئەو بەروبومەو میوانەی دەیانچێنیت "پارەی myFarm"ـی پێ پەیدا دەکەیت کە دەتوانیت بەکاری بێنیت بۆ کڕینی گەڕو ماڵی کێڵگەو چەندان شتی تر لەبۆ ئامادەکردنی کێڵگە گەشەسەندوەکەت.




## گەمەی وشەسازی

گەمەی وشەسازی لە ناوەوەی ئەنتەرنێت و لە دەرەوەیدا هەمیشە کەیف وەرگرتنێکی میللی بوە، فەیسبوکیش فەرهەنگێکی دۆڵەمەندی لەو بارەوە هەیە.

ناودارترین ئەو یاریانە Wordscraperـە، کە سەرەتا وەك بەرهەمێکی ئەلیکترۆنی Scrabbel (سکرابل) دەرچو بە ناوی Scrabulous کە زۆر بە خێرایی بوە ناودارترین یاری لە فەیسبوك. بەدبەختانە پێشخەرانی Scrabulous خاوەنی مافی بەکارهێنانی سکرابل نەبون، لەپاش ململانێیەکی یاسایی کە ڕاگەیاندنەکان گرنگییەکی زۆریان پێدا، ناچارکران بەکاربەرەکە دوبارە وەك Wordscraper دروستبکەنەوەو شێوەو هەڵس و کەوتێکی کەمێك جیاوازتری بدەنێ.




ئێستا بەکاربەری Scrabbel ی فەرمی و مۆڵەتدار لە فەیسبوکدا هەیە، بەڵام هیچ کام لە Scrabbel و Wordscraper هێندەی Scrabulous ژمارەی یاریچیان پەیدا نەکرد.




گەمە وشەسازیە میللیەکانی تری فەیسبوك وەك Word Twist ڕیگەت ئەدات ململانێی هاوڕێیەکی خۆت بکەیت تا بزانیت کامتان دەتوانن ژمارەیەکی زۆر وشە پێکبێنن لە کۆی ئەو زنجیرە پیتە هەڕەمەکیانە. لەسەر خێرایی‌و درێژی ئەو وشانەی دەیاندۆزیتەوە خاڵ وەردەگریت. لە بەکاربەری Scrambleدا ئامانجەکە ئەوەیە وشە لە نێو تۆڕی پیتەکاندا بدۆزیتەوە، دەشتوانی تەنها هەر خۆت یان لەدژی هاوڕێیان یاری بکەیت. بەکاربەری Pathwords زۆر لەو دەچێ بەڵام شتەکان بە چالاکی دەهێڵێتەوەو لە گەڵ بەردەوامبونی یاریەکەدا پیتی نوێ زیاد دەکاتو ئەو پیتانە لادەبات کە بەکارت هێناون.

## یاریەکانی تر

فەیسبوك سەرڕێژە لە جۆرەها یاری: هەر لە یاری کاغەزەوە هەتا دەگاتە یاری تابلۆو ئەولاتریش. دەتوانیت زیرەکی خۆت لەگەڵ هاوڕێیانتدا بەراورد بکەیت بە بەکارهێنانی یاری ?Who Has the Biggest Brain، یان هێزی بەزێن پێش بخەیت لەگەڵ یاری My Heroes Ability.

PackRat هەمو کاتێکت داگیر دەکاتو ئەو کەسانە بەلای خۆیدا دەکەیشێت کە حەزیان لە کۆکردنەوەی تاقمە: دەبێ ڕکابەرایەتی هاوڕێیانت بکەیت بۆ کۆکردنەوەی تاقمی تەواوی وێنەو پۆستەری ناوداران.

بۆ ئەو کەسانەش کە حەزیان لە چەرخەکانی ناوەڕاست هەیە، Knighthood ڕێگـەت ئـەدات شانـشینێکی دەرەبەگایـەتی دروسـتکەیت‌و خزمـەتکار لـەخۆت کۆبکەیتەوەو هێرش بکەیتە سەر شانشینی ترو بەرگریەکانی خۆشت پەرژین بکەیت.

## بەکاربەری تۆمارکردن


ئەگەر تۆمارگەیەکت لە دەرەوەی فەیسبوک هەیە، ڕێگە زۆرە بۆ ئەوەی هاوردەی بکەیت بۆ فەیسبوک‌و لەوێ ڕەواجی بۆ بکەیت. وەك لە بەشی ٥ باسمانکرد، دەتوانیت تایبەتمەنـدی هـاوردەکردن لـە فەیـسبوکدا بـەکار بێنیـت بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وتاری تۆمارگەکەت بکەیتە تێبینی لە فەیسبوك. وەڵێ چەند بەکاربـەرێکی سێ ڕەهەندی بۆ تۆمارگەکانیش هەیە.

بەکاربـەری Simplaris Blogcast ڕێگـە ئـەدات نـوێترین وتارەکـانی تۆمارگەکەت لە چوارگۆشەیەکی سەربەخۆدا لە دۆسیەکەت بڵاو بێتەوە. دەتوانیت بە هـەردوو ڕێگـای دەسـتی‌و ئۆتۆمـاتیکی وتارەکـانی نێـو تۆمارگەکـەت هاوردەبکـەیت، بەمـەش دەتوانیـت وتارەکـانی تۆمارگەکـەت لـە دۆسیەکەتدا کـۆنترۆڵ بکـەیت، خـۆت سەرپشك دەبیت لەوەی چ کات ڕێی پێدەدەیت دابەزێت.

بەکاربـەری NetworkedBlogs (کـە پێـشتر نـاونرابو Blog Networks) ڕێگە ئەدات ڕەواج بۆ تۆمارگەکەت بکەیت بە زیادکردنی بۆ سەر ڕێبەری تۆمارگـەکانی فەیـسبوك، وە بەسـتنەوەی بـەو هاوڕێیانـەت کـە ئـەوانیش تۆمارگـەیان هەیـە. بـە بـەکارهێنانی ئـەم بەکاربـەرە دەتوانیـت کۆمـەڵێك لـە تۆمـارکراوە پەسـەندەکانت لـە فەیسبوکدا دەرخەیت، تاکو تۆو هاوڕێیانت بتوانن یارمەتیدەر بن لە ئاڕاستەکردنی جوڵەی هاتوچۆ بەلای یەکتردا.

Live Blog ڕێگەت ئەدات نوسینی تۆمارکراو لە دۆسیەکەتدا بڵاوبکەیتەوە بە هەماهەنگییـەکی پێـشکەوتویانە کـە سـنوری تایبەتمەندیـەکانی بەکاربـەری "تێبینیـەکان"ـی تێپەڕانـدوە – دەشـتوانی فیلمـی ڤیـدیۆیی YouTube لـە گـەڵ وتارەکانتدا بڵاوبکەیتەوە.

## بۆ خوێندكاران




Courses 2.0 ڕێگـه ئـەدات ژوان و كـاتی پێشهاتە فێركاریـە هەنوكەییـەكانت لـە دۆسـیەكەتدا بـڵاو بكەیتـەوەو بـەراوردی بكـەیت لەگـەڵ ژوانـی هاوڕێكانتـدا تـا بزانیـت كـێ لـە هـەمان وانـەی تـۆدا لەوێ دەبێت. دەشتوانی ئەم بەكاربەرە بۆ تێكەڵبون لە گەڵ هاوپۆلەكانت بەكار بێنیت، بۆ دروستكردنی گروپـی خوێنـدن، وە بـۆ كڕین و فرۆشتنی كتێبی فێركاری بەكارهاتو.

## پتیلـــەی ئامرازەكـــانی فەیـــسبوك لـــەبۆ بەرنامـــەی فایەرفۆكس

ئەگەر بەرنامەی فایەرفۆكس بەكار دەهێنیت، ئەوا فەیسبوك پتیلەیەكی ئامرازی نایابی هەیە كە دەتوانیت جێگیری بكـەیت كە ئـەویش گەیانـدنێكی خێرات بۆ دابین دەكـات لـەبۆ گەیـشتن بـە زۆربـەی پـەڕەكانی فەیـسبوك تەنانـەت ئـەو كاتانـەش كـە فەیسبوكت نەكردۆتەوە.

بـە ئاسـانی دەتـوانی پتیلـەی ئامرازەكـان بدۆزیتـەوە لـە گەڕانـدا بەشـوێن Facebook toolbar (پتیلـەی ئامرازەكـانی فەیـسبوك) لـە ڕێبـەری بەكاربـەردا یـان لەسەر پتیلەی شین (هەروەها لە بڕگەی For your desktopیشدا دەیدۆزیتەوە).

كلیـك لەسـەر تۆمارگاكـەی بكـەو شـوێن ڕێنمایـە ئاسـانەكان بكـەوە تـا پتیلـەی ئامرازەكان جێگیربكەیت.

پاش ئەوەی پتیلەی ئامرازەكان جێگیر دەكەیت، توانـای ئەوەت دەبێـت بە یـەك چاوخـشان بزانیـت چـەندێ گـەزین و داواكـاری بانگهێـشتت بـۆ هـاتوە. پتیلـەی ئامرازەكان دوگمەیەكی بەشداریكردنی بەكەڵكیشی تێدایە، لە گەڵ خانەیـەكی گەڕان، دوگمەی پەڕەی سەرەكی، لیستێكی لینكـی خێرا بۆ گەیشتن بە پـەڕە سەرەكیەكانی فەیسبوك، خانەیەكیش بۆ نوێكردنەوەی ڕەوش.

# 8

## وێنەو ڤیدیۆ

وێنە بەشێکی گەورەیە لە ژیانی نێو فەیسبوک. چونکە بە داونلۆدکردنی ٧٠٠ ملیۆن وێنە لە مانگێکدا، فەیسبوک بە گەورەترین ماڵپەڕ دادەنرێت بۆ بەشدارپێکردنی وێنە لەسەر وێب – گەورەتر لە Flickr و PhotoBucket.

دابەزاندنی وێنەکانت لەسەر فەیسبوک زۆر واتابەخشترە لەوەی کە بڵێیت شوێنێکم دۆزیوەتەوە بۆ دانانی وێنەکانم. بۆیە وێنەی بڵاوکراوەی سەر فەیسبوک سەرنج ڕادەکێشێت، چونکە بەشداریپێکردنی وێنە لە فەیسبوک پرۆسەیەکی ئاکتیڤە. کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوکیش گەرەنتی ئەوە دەکات کاتێک کە تۆ وێنە لەسەر فەیسبوک بڵاودەکەیتەوە هەموان پێی دەزانن و تەماشای دەکەن.

فەیسبوک شوێنێکی نمونەییشە بۆ میوانیکردن و بەشداریپێکردنی فیلمی ڤیدیۆیی، کە ئەویش بە هەمان چەشنی وێنە کەڵك لە کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوک وەردەگرێت.

لەم بەشەدا، باس لە گشت جۆرو شێوەکانی تەماشاکردنی وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی لە نێو فەیسبوکدا دەکەین، پاشان دەچینە سەر چۆنیەتی داونلۆدکردنی وێنەو فیلمە ڤیدیۆیەکانت و چۆنیەتی ڕێکخستن و ئامادەپێدانیان.

بەو هۆیەش کەوا وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی فەیسبوک ئامرازگەلێکی نایابن بۆ ڕەواجکردن بۆ پرۆژە داهێنراو وبۆنەو پرسەکان، ئەوا نەختێك باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەکەین لە بۆ سەرنجکێشانی خەڵکی.

## بەشدارییپێکردنی وێنە لە فەیسبوک

بڵاوکردنـــەوەی وێنـــە لەســـەر فەیـــسبوک تـــا ڕادەیـــەک ڕەنگدانـــەوەی ئـــەو نمایشکاریەیە کە لـە کـاتی منداڵیمـدا خزمـەکانم ئەنجامیان ئـەدا. چـونکە لەڕێگـەی نمایشکردنی وێنـەوە هـەموان بانگهێشت دەکـەیت بـۆ کۆبونـەوە لەیـەک شـوێنداو لـەبۆ تەماشاکردنیان پێکەوە. بەڵام لەگەڵ فەیسبوکدا ئەو وێنانـەی کە بڵاویـان دەکەیتـەوە خۆیان دەچنە لای جـەماوەر، وە ڕێگـەی خـۆی خۆشـدەکاتو دەچێتە لای هاوڕێکانت لەگشت شوێنو پێگەک.

هـــەواڵو ئاگاداریـــەکانی فەیـــسبوک کاتێـــک کـــە وێنـــە لەســـەر فەیـــسبوک بڵاودەکەیتەوە، ڕادەگەیەنێت کە خەڵکی دەیبینن. بەو هۆیـەش کەوا هـەر وێنەیـەک کە بڵاوی دەکەیتەوە پەلو پۆی تایبەت بـە خـۆی هەیـە، ئـەوا کۆمێنتیشت لـەبارەی هـەمو وێنەیەکەوە بۆ دێت.

فەیـسبوک تاقمێـک ئـامرازی بەکـەڵکت بـۆدابین دەکـات لـەبۆ یارمەتیـدانت لـە بڵاوکردنەوەی وێنەکانت بەئاسانیو ڕێکخستنیان لە ئەلبۆمدا. بەڵام بەر لـەوەی بـاس لە بڵاوکردنەوەی وێنە بکەین، لێگەڕێ با چۆنیەتی تەماشـاکردنی وێنـەی هاوڕێکانت لـە فەیـسبوک ببیـنین. بەمشێوە، کاتێـک کـە ئامـادە دەبیـت بـۆ دابەزانـدنی وێنـەکانت، بیرۆکەیەکت دەبێ لەبارەی چۆنیەتیو شوێنی ئاشکرابونی لەلای خەڵکی.

## تەماشاکردنی وێنە

سـێ ڕێگـای ئاسـان هەیـە بـۆ تەماشـاکردنی وێنـە لـە فەیـسبوک: تەماشـاکردنی لەڕێگەی کورتەی هەواڵەکانەوە لەسەر پەڕەی سەرەکی، دەرخستنی لە نێو بەکاربەری photos "وێنە"، یان سەردانکردنی دۆسیەی هاوڕێیەکی دیاریکراو بۆ بینینـی هـەمو وێنەکان.

Your Photos



## دوگمەی "وێنە" لە ستونی ڕاستدا

کلیك کردن لەسەر photos "وێنە" لە ستونی ڕاستی پەڕەی سەرەکیدا بەپشت بەستن بە کات و بەروار ئەو وێنانە نیشان ئەدات کە هاوڕێکانت بڵاویانکردۆتەوە – یان ئەو وێنانەی کە تێیدا ئاماژە بە یەکێ لە هاوڕێکانت دراوە – لەگەڵ دەرچونی نوێترین هەواڵدا لە بەشی سەرەوەی پەڕەکە. دەتوانیت کلیك لەسەر وێنەکە بە تەنها بکەیت، یان ناوی ئەلبۆمی وێنەکان، بۆ کۆمێنتدان لەسەری.

## بەکاربەری "وێنە"

بەکاربەری photos "وێنە" لە فەیسبوکدا پەخشکەری سەرەکی تەماشاکردنی وێنەو بڵاوکردنەوەیەتی. "وێنە" یەکێکە لە بەکاربەرە سەرەکیەکانی فەیسبوك کە بەشێك لە هەژمارەکەت پێك دێنێت، بۆیە دەبێ پێشوەخت لە لیستی دەرتۆقیوی Applications "بەکاربەر"و لە ستونی بەکاربەری سەر پەڕەی سەرەکیدا جێگیر بوبێت.

Your Photos

کاتێك دەچیتە بەکاربەری "وێنە"، یەکەم شت دەیبینیت هێمای دەروازەی "ئەلبومە نویکان"ـە کە ئەلبۆمی وێنەی هاوڕێکانت نمایش دەکات کە بەمزوانە بڵاوکراونەتەوە یان نوێکراونەتەوە. کلیك کردن لەسەر هێمای دەروازەی "فایلی مۆبایل" ئەو وێنانەت نیشان ئەدات کە هاوڕێکانت لەرێی مۆبایلەوە داونلۆدیان

کردوه. هێمای دەروازەی "ئەو هاوڕێیانەی ئاماژەیان پێدراوە" ئەو وێنانە لەخۆ دەگرێت کە تێیدا ئاماژە بە هاوڕێیانت دراوە.

دەتوانی وێنەکانی خۆیشت ببینیت بە کلیك کردن لەسەر لینکی "وێنەکانم" لە بەشی سەرەوەی پەڕەکە، هەروەها دەتوانی تەماشای ئەو وێنانە بکەیت کە تێیدا ئاماژە بە تۆ دراوە بە کلیك کردن لەسەر لینکی "وێنە بۆ من".

## دۆسیەی هاوڕێیان

ئەگەر دەتەوێت وێنەی هاوڕێیەکی دیاریکراو ببینیت، دەتوانێت سەردانی دۆسیەکەی بکەیت کە لەوێش چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر هەیە لە بۆ گەیشتن بە وێنەکانی. ئاسانترینیان ئەوەیە کلیك لەسەر هێمای دەروازەی "وێنە" بکەیت، ئەگەر بینراو بو.




هێمای دەروازەی "وێنە" لە بەشی سەرەوەی پەڕەکەیدا ئەو وێنانە نیشان ئەدات کە ئاماژە بە هاوڕێکەت دراوە، لە بەشی خوارەوەی پەڕەکەش ئەو ئەلبۆمانە

نیشان ئەدات کە هی خودی هاوڕێکەتە (بێگومان، هێمای دەروازەی "وێنە"ی خۆتیش بە هەمان شێوە وێنەکانت نیشان ئەدات).







ئەگەر چوارگۆشەی "وێنە" لە دۆسیەی هاوڕێکەتدا بینراو بو (کە یان دەکەوێتە هێمای دەروازەی "دیوار"ەوە یان دەکەوێتە هێمای دەروازەی "هەگبەکان"ەوە، بەپێی ئەو شوێنە دەکەوێت کە خۆی دەستنیشانی کردوە)، دەتوانیت کلیک لەسەر لینکی See all "تەماشاکردنی هەموان" بکەیت لە بۆ ڕۆشتن بەرەو ئەو پەڕەی هەمو ئەلبۆمی وێنەکانی نیشان ئەدات.

ئەگەر چوارگۆشەی "وێنە" نیشان نەدرابو، دەتوانیت کلیک لەسەر لینکی "تەماشاکردنی وێنەی *فلان*" بکەیت کە دەکەوێتە ژێر وێنەی دۆسیەی هاوڕێکەتەوە بەمجۆرەش دەتبات بۆ هەمان ئەو کۆمەڵە وێنەی کە هێمای دەروازەی "هەگبەکان" بۆتی دەردەخات.

## زیادکردنی وێنه

داونلۆودکردنی وێنـەکانت لەسـەر فەیـسبوك پرۆسـەیەکی خێـراو ئاسـانە. فەیسبوك هەندێك ئامرازت ئەداتێ بۆ ئاسانکردنی، لە گەڵ ئەوانەشدا بەرچنەیەکی جافای دابین کردوە کە لە ڕێیەوە دەتوانیت بەجارێك بەکۆمەڵ وێنە دابەزێنیت، بەکاربەرێکی خۆویستیشی دابین کردوە کە دەتوانیت بۆ هەناردەکردنی وێنە لە iphoto بەکاری بێنیت.


## دروستکردنی ئەلبۆم

وێنە لە فەیسبوکدا لەنێو ئەلبۆمدا ڕێکدەخرێت، بۆیە بەر لەوەی هەر وێنەیەك لە فەیسبوکدا دابەزێنیت پێویستە لانی کەم یەك ئەلبۆم دروستبکەیت. بڕۆ بۆ بەکاربەری "وێنە"، پاشان کلیك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی ئەلبۆمی وێنە" بکە کە دەکەوێتە گۆشەی چەپی بەشی سەرەوەی پەڕەکە.




تێبینی : ئەگەر پێشتر ئەلبۆمت دروستکردبو دەتویست وێنەی بۆ زیادبکەیت، دەتوانیت ئەو هەنگاوە تێپەڕێنیت.

لە پەڕەی "دروستکردنی ئەلبۆم"ـدا یەکەم هەنگاو ناونانی ئەلبۆمەکەیە – ناوێکی دەبری بۆ هەڵبژێرە. پاشان ناوی ئەو شوێنە بنوسە کە وێنەکانت تیا گرتوە (ئەم هەنگاوەیان بەدەست خۆتە). پاشان لە خانەی "پیاهەڵدان"ـدا دەتوانیت بە هەندێ وشە دەربڕین لە ئەلۆمەکەت بکەیت. دەتوانیت وەها بیهێنیتە بەرچاوی خۆت کە ناونانێکی گشتییەو گشت وێنەکان دەگرێتەوە (بە پێچەوانەی ئەو ناوە ڕونانەی کە لە هەر وێنەیەكو بەجیا دەینێیت).




دواجار، لیستی share album with بەکاربێنە تا بڕیار بدەیت کێ بۆی هەیە وێنەکانی ئەم ئەلبۆمە ببینێت. ئەگەر ئەو وێنانەی بڵاویان دەکەیتەوە بۆ ڕەواج بون، ئەوا باشتر وایە everyone "هەموان" هەڵبژێریت تاکو زۆرترین جەماوەری بۆ کۆبکەیتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر تایبەت بو – بۆنمونە وێنەی خێزان بو – ڕەنگە ئارەزوت لێبێت تەنها هاوڕێیانت ببینن، یان تەنانەت "تایبەتکردن" هەڵبژێریت تاکو ڕوبەری بینینیان کەم بکەیتەوەو تەنها ڕێ بە لیستێکی چەند ناوی لەهاوڕێیانت بدەیت ببینن.

پاش ئەوەی لەو هەنگاوانە تەواو دەبیت، ئامادە دەبیت بۆ ئەوەی کلێك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی ئەلبۆم" بکەیت.


## دابەزاندنی وێنە

پاش ئەوەی ئەلبۆمەکەت دروستدەکەیت، دەگەیتە بینگەری "دابەزاندنی وێنە". چوارگۆشەیەك دەردەچێت و لێت دەپرسێت کە ئایا ئامادەیت ڕێ بدەیت بە پرۆگرامی بەرچنەی جافا کە وێنە لە فەیسبوکدا دادەبەزێنێت. کلێك لەسەر دوگمەی "متمانە" بکە تا ڕێی بدەیت بگاتە کۆمپیوتەرەکەت.

ئەگەر پێت باش بو مۆڵەت نەدەیت بە پرۆگرامەکە، یان گرفتت هەبو لە خستنەکارکردنی، ئەوا دەتوانیت بەرچنە سادەکە هەڵبژێریت، کە بەبێ جافا کار دەکات. خراپی بەرچنەی سادە لەوەدایە کە دەبێ هەمو تاکە وێنەیەك نمایش بکەیت کە دەتەوێت بیخەیتە ئەلبۆمەکەت – ئەمەش کێشە نییە ئەگەر بتەوێت تەنها چەند وێنەیەك دابەزێنیت بەڵام ڕەنگە فاکتەرێکی ماندوکەر بێت ئەگەر بتەوێت دەیان وێنە دابەزێنیت.

## بەکارهێنانی بەرچنەی جافا

ئەگەر بڕیارت دا پرۆگرامی جافای وێنە هەڵگر هەڵبژێریت، پاش ئەوەی کلێکت لەسەر دوگمەی "متمانە" کرد بۆ مۆڵەت پێدانی، دەتوانیت لای چەپی کلێشەی بەرچنەکە بەکاربێنیت بۆ چونەناو ئەو فۆڵدەرەی ئەو وێنانەتی تێدایە کە تۆ دەتەوێت داونلۆدی بکەیت.




ئەگەر دەتویست هەمو وێنەکانی ناو فۆڵدەری مەبەست دابەزێنیت، دەتوانیت ڕێیەکی ئاسان بگریتە بەرو کلێك لەسەر دوگمەی "هەڵبژاردنی هەموان" بکەیت کە دەکەوێتە سەرەوە. وەگەر دەتویست تەنها چەند دانەیەکی دابەزێنیت، دەتوانیت چوارگۆشەکانی هەڵبژاردنی تەنیشت ئەو وێنانە "Browse" بژاربکەیت کە دەتەوێت دایان بەزێنیت. (یان کلێك لەسەر دوگمەی "هەڵبژاردنی هەموان" بکە، پاشان بژارکردنی ئەو وێنانە هەڵوەشێنەرەوە کە ناتەوێت دایان بەزێنیت).

دوای ئەوەی ئەو وێنانە بژار دەکەیت کە مەبەستە، کلێك لەسەر دوگمەی "دابەزاندن" بکە بۆ بەردەوامبون. چوارگۆشەیەك دەکرێتەوە تێیدا چەندایەتی پێشکەوتنی پرۆسەی دابەزاندنەکەت نیشان ئەدات، پاش ئەوەی تەواو دەبێت، پەیامێکت بۆ دێت ئاگادارت دەکات کە پرۆسەی دابزاندنەکە سەرکەوتوبوە. کلێك لەسەر "ڕازیبون" بکە.

# بەکارهێنانی بەرچنەی سادە

ئەگەر پێت باش بو بەرچنەی سادە بەکاربێنیت، دەتوانیت بە بەکارهێنانی لینکی خوار چوارگۆشەی بەرچنەی جافا پێی بگەیت.

Don't want to upgrade Flash Player now? Try the Simple Uploader


پاش ئەوەی بەرچنەی سادە دەکەیتەوە، دوگمەی View "نیشاندان" بەکاربێنە بۆ ڕۆشتن بەرەو هەمو وێنەیەك لەو پێنج وێنە سەرەتاییەی کە دەتەوێت دایبەزێنێت (ئەگەر لە پێنج وێنە زیاترت هەبو، دەتوانیت بە چەند نۆبەو جارێکی جیاجیا دایان بەزێنیت).




دوای ئەوەی ئەو وێنانە دەستنیشان دەکەیت کە دەتەوێت دایان بەزێنیت، چوارگۆشەی هەڵبژاردنەکە بژاربکە تاکو دوپاتی بکەیتەوە کە تۆ مافی ئەوەت هەیە ئەو وێنانە بڵاوبکەیتەوەو بە هیچ شێوەیەك سەرپێچی لە ڕێساکانی فەیسبوك ناکات. پاشان کلیك لەسەر دوگمەی "بەرزکردنەوەی وێنە" بکە بۆ بەردەوامبون.

# بەکارهێنانی iphoto Exporter

فەیسبوك دابەزاندنی وێنە لە iphotoـوە ئاسان دەکات بە بەکارهێنانی بەکاربەری iphoto Exporter، کە دەتوانیت بە گەڕان لە ڕێبەری بەکاربەردا بیدۆزیتەوە یان بە بەکارهێنانی لینکە ئاسانەکانی خوارەوەی چوارگۆشەی بەرچنەی جافا یان بەرچنەی سادە.



## نوسینی زانیاری وێنەکان

دوای ئەوەی وێنەکانت دادەبەزێنیت، دەگەیتە بینگەری "هەموارکردنی وێنە"، کە لەوێش دەتوانیت زانیاری سەرەکی هەمو وێنەیەك بنوسیتەوە.

لە چوارگۆشەی "ڕونکردنەوە"دا کە لە گەڵ وێنەکەدا دەردەکەوێت ڕونکردنەوەیەك سەبارەت بە وێنەکە بنوسە. کلیك لەسەر هەڵبژاردەی "ئەمە بەرگی ئەلبومەکەیە" بکە کە دەکەوێتە تەنیشتی ئەو وێنەی دەتەوێت وەك سومبولی ئەو ئەلبومە دەرکەوێت. دەشتوانیت چوارگۆشەی هەڵبژاردنی "سڕینەوەی ئەم وێنە" بژاربکەیت لەبۆ سڕینەوەی ئەو وێنەیە لە ئەلبومەکەت، لیستی "گواستنەوە بۆ" بەکاربێنە بۆ ناردنی بۆ ئەلبومێکی تر (لە دۆخێکدا ئەگەر چەند ئەلبومێکت پێکهێنابو و دەتویست هەر یەکەو تایبەت بکەیت بە چەند وێنەیەکی دیاریکراو).




هەر لەو پەڕەدا دەتوانیت ئاماژە بەو کەسانە بدەیت کە لە وێنەکەدا هەن — بۆ وردەکاری زیاتر برگەی داهاتو بخوێنەرەوە. پاش ئەوەی لە نوسینەوەی ئەم زانیاریانە تەواو دەبیت، کلیك لەسەر دوگمەی "عەمبارکردنی چاککراوان" ی خوارەوە بکە بۆ بەردەوامبون.

## ئاماژەدان لە وێنەدا

دەتوانیت ئاماژە بە وێنە بدەیت یان لە پەڕەی "هەموارکردنی وێنە" یان لە پەڕەی هەر وێنەیەکی تاك تۆ مەبەستە. بۆ ئاماژەدان بە کەسانی ناو وێنەکە لە پەڕەی "هەموارکردنی وێنە"، کارسەری ماوسەکە بخەرە سەر ڕوخساری کەسەکە (ئەگەر لە پەڕەی وێنەیەکی تاکدا بویت، پێویستە لە پێشدا کلیك لەسەر لینکی "ئامارژەدان بە کەسێك لەم وێنەیەدا" بکەیت). دەبینیت کارسەرەکە دەگۆڕێت بە هێمایەکی خاچ.

کلیك لەسەر روخسارەکە بکە، چوارگۆشەیەکت بۆ دەکاتەوە ڕێگەت ئەدات ناوی ئەو کەسە بنوسیت. فەیسبوك لیستێکت بۆ دەکاتەوە بەناوی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو ناوەدا هاوشێوەن، تۆش دەتوانیت کلیك لەسەر ناوی گونجاو بکەیت.




ئەگەر ئەو کەسە لە فەیسبوکدا ناونوس نەکرابو، دەتوانیت بە ئاسانی نوسینی ناوەکە تەواو بکەیت.

سەرنج: ئەگەر لەسەر پەڕەی وێنەیەکی تاك بویت کاتێك پرۆسەی ئاماژەدانەکەت ئەنجام دا، وە ناوی کەسێکت نوسی لە فەیسبوکدا ئەندام نەبو، فەیسبوك ئەوەت بۆ دابین دەکات کە بتوانیت ئاگادارییەك بۆ ئەو کەسە لەڕێی ئیمێڵەکەیەوە بنێریت.

# ڕێکخستنی وێنە لە ئەلبۆم

کاتێك کە کلێك لەسەر دوگمەی "عەمبارکردنی چاککراوان" دەکەیت، فەیسبوك دەتبات بۆ پەڕەی سەرەکی ئەلبۆم تا بتوانیت بە سەرنجێك ناوەڕۆکەکەی ببینیت. لەوێوە دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "ڕیزبەندی وێنەکان" بکەیت لە بۆ ڕێکخستنی وێنەکان بەو ڕیزبەندیەی خۆت مەبەستە.




بەر لەوەی ئەم پەڕەیە جێبێڵیت، ئەگەر بچیتە خوارەوە، دەبینیت ئەو پێناسەو ناونیشانەی لەکاتی دروستکردنی ئەلبۆمەکەدا نوسیت لە خوارەوە دەردەچن تاکو میوانەکان بیبینن.




لـە هێمـای دەروازەی "ڕیزبەنـدی" ـدا، دەتوانیـت وێنـەکان ڕاکێـشیت بـەو ڕیزبەندیـەی خـۆت دەتـەوێت – بۆنمونـە بـۆ ئەوەی چیرۆکێك بگێڕیتـەوە. دەتوانیـت کلیك لەسەر دوگمەی "پێچەوانەی ڕیزبەندی" بکەیت تاکو یەکەم وێنە بکاتە دواین و دواینیش بکاتە یەکەم، بەمجۆرەش زنجیرەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

کاتێك لە ڕیزبەندی تەواو دەبیت، لە خوارەوەی پەڕەکەدا کلیك لەسەر دوگمەی "عەمبارکردنی چاککراوان" بکە. ئەگەر وێنەی تر هەبو دەتویست زیادی بکەیت، دەتوانیت ئەم کارە بکەیت بە کلیك کردن لەسەر هێمای دەروازەی "زیادکرنی هیتر"، بەمجۆرەش دەگەڕێیتەوە بۆ بەرچنەکە. دەتوانیت کلیك لەسەر هێمای دەروازەی "هەموارکردنی وێنە" بکەیت بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ بینگەر کە لەوێ دەتوانیت هەر کاتێك مەبەستت بێت ڕونکردنەوەو تایبەتمەندیەکانی تر بگۆڕیت. کلیك کردن لەسەر هێمای دەروازەی "هەموارکردنی زانیاری" دەتبات بۆ ئەو بینگەرەی کە تێیدا دەتوانیت پیاهەڵدان و شوێن و ئامادەکاری تایبەتمەندیەکان بگۆڕیت.

## ئامرازی زیاتری وێنە

لە پەڕەی ئەلبۆمدا، کلیك لەسەر هەر وێنەیەك بکە دەچیتە پەڕەکەیەوە. کە دەچیتە خوارەوەی پەڕەکە، هەندێ ئامرازی زیاتر دەبینیت. دەتوانیت بە بەکارهێنانی دوگمەی ئاڕاستەکان ئاڕاستەی وێنەکان بگۆڕیت، دەتوانیت ئاماژە بە کەسەکان

بدەیت (وەك پێشتر باسمانكرد)، دەتوانیت ڕونكردنەوەیەك لەسەر وێنەكە بدەیت، دەتوانیت بیسڕیتەوە، یان دەتوانیت وێنەكە بكەیتە وێنەی ئێستای دۆسیەكەت.

## كۆمێنتی وێنەكان

وێنە هۆكاری سەرەكییە بۆ دروسبونی مشتومڕ، بۆیە هەر وێنەیەك بڵاوی دەكەیتەوە پەلوپۆیەكی تایبەتی پێدەدرێت. كە دەچیتە خوارەوەی پەڕەكە، ئەو خانەیە دەبینیت كە میوانەكان دەتوانن كۆمێنتی خۆیانی تیا بنوسن. لەگەڵ هەمو كۆمێنتێكدا كە كەسێك لەسەر وێنەكەت دەینوسێت فەیسبوك ئاگادارییەكت بۆ دەنێرێت (یان هەر وێنەیەكی تر كە تێیدا ئاماژە بە تۆ درابێت).

## نوسینو زیادكردنی وێنە بۆ ئەلبۆمە هەبوەكان

دوای ئەوەی ئەلبۆمێك دروستدەكەیت، هەر كاتێك مەبەستت بو دەتوانیت بۆی بگەڕێیتەوەو زانیاری بۆ زیاد بكەیت، یان وێنەیەكی تیا بسڕیتەوە، یاخود وێنەیەكی بۆ زیادبكەیت (تا دەگاتە دواین سنوری كە بۆ هەمو ئەلبۆمێك ٦٠ وێنەیە). بڕۆ بۆ بەكاربەری "وێنە" و كلیك لەسەر لینكی "وێنەكانم" بكە. لیستێك دەبینیت كە گشت ئەلبۆمەكانتی تێدایە، ئەو ئەلبۆمانەش كە لەم دواییانەدا دەستكاریت كردون دەكەونە سەرەوەی پەڕەكە.

كلیك بكە لەسەر لینكی "هەمواركردنی ئەلبۆم"ی ئەو ئەلبۆمەی مەبەستە كاری تێدا بكەیت. دەچیت بۆ هەمان پەڕەی "هەمواركردنی ئەلبۆم" كە لەكاتی دروستكردنی ئەلبۆمەكەتدا بینیت، لەوێش دەتوانیت ڕونكردنەوەو هەڵبژاردنەكانی تری هەمو وێنەیەك بگۆڕیت. بۆ زیادكردنی وێنە، كلیك لەسەر هێمای دەروازەی "زیادكردنی هیتر" بكە تابچیتە بەرچنەی وێنەكان. پرۆسەكە لەوێ هەمان ئەو پرۆسەیە كە لە كاتی دروستكردنی ئەلبۆمدا هاتەپێشت.

بەكاربەری videos "ڤیدیۆ" لە فەیسبوكدا بۆ ڤیدیۆ جێی بەكاربەری photos "وێنە" دەگرێتەوە بۆ وێنە. وەك هاوشێوەی ئەو، "ڤیدیۆ" چەند ڕێگەیەكی ئاسانت

بۆ دابین دەکات لەبۆ بلاوکردنەوەی ڤیدیۆ لە دۆسیەکەت. دوابەدوای ئەم کارەش فەیسبوك لە ڕێی کورتەکانی هەواڵو ئاگاداریەکانیەوە جەماوەرێکی باشت بۆ پەیدا دەکات، ئەمەش گەرەنتی ئەوە دەکات کە هاوڕێیانت کارەکەت دەبینن – پێدەچێ هاوڕێی هاوڕێکانیشت ببینن، بەپێی ئەو ئامادەکاریانە کەوتوە کە تۆ خۆت دیاری دەکەیت (لەلایەکی ترەوە، بەو هۆیەی کەوا هەمو ڤیدیۆیەکی بلاوکراوە ئامرازێکی "تایبەتمەندی" خۆیی هەیە، ئەگەر بتەوێت شتێك تەنها بۆ تاکەکانی خێزانەکەت یان چەند کەسێکی دیاریکراوی هاوڕێکانت بلاو بکەیتەوە، ئەوا دەتوانیت ئەم کارەش بکەیت).

کتومت هەر وەك فیلمە ڤیدیۆییەکانی YouTube، دەتوانیت فیلمی ڤیدیۆیی فەیسبوك لە تۆمارگەو ماڵپەڕە دەرەکیەکانی تردا گەرەنتی بکەیت – کە وادەکات جەماوەرەکەت بەدرێژایی خودی وێپ سایتەکە بێت.

هەر بە هەمان چەشنی وێنە، فەیسبوك تاقمێك ڕێگات بۆ تەرخان دەکات لەبۆ تەماشاکردنی ئەو فیلمە ڤیدیۆیانەی هاوڕێیانت دایان بەزاندوە، یان ئەوانەی تێیدا ئاماژە بە هاوڕێیانت دراوە. ئەمانەی خوارەوە چەند شوێنێکی سەرەکین بۆ تەماشاکردنی فیستیڤاڵی تەواو نەبوی فیلمەکانی فەیسبوك.

## پەڕەی سەرەکی

هەرچەندە کە فیلمی ڤیدیۆ وەك وێنە هێمایەکی دەروازەی تایبەت بەخۆیی نییە لە کورتەی هەواڵەکانی پەڕەی سەرەکیدا، بەلام هەواڵی چالاکیەکانی ڤیدیۆ لە هێمای دەروازەی "لینك"دا دەردەچێت، هەروەها لە خودی پەڕەی سەرەکی هێمای دەروازەی "دواین هەواڵ"دا.

## بەکاربەری ڤیدیۆ

دەتوانیت لەڕێی لیستی دەرتۆقیوی Applications "بەکاربەر" یان ستونی بەکاربەری سەر پەڕەی سەرەکییەوە بگەیتە بەکاربەری videos "ڤیدیۆ".

پەڕەی سەرەکی بەکاربەری videos "ڤیدیۆ" نوێترین ئەو فیلمە ڤیدیۆیانەت نیشان ئەدات کە هاوڕێکانت بڵاویان کردۆتەوە، هەروەها ئەو فیلمە ڤیدیۆیانەی کە تێیدا ئاماژە بە هاوڕێیانت دراوە. کلێك لەسەر بچوکراوەی هەر ڤیدیۆیەك بکە تا بچیتە پەڕەکەی، کە لەوێش دەتوانیت ڤیدیۆکە ببینیت و کۆمێنتی لەسەر بدەیت.

## تەماشاکردنی فیلمی ڤیدیۆی هاوڕێیەکی دیاریکراو

لە کاتێکدا کە لە بەکاربەری ڤیدیۆدایت، دەتوانیت تەماشای گشت فیلمە ڤیدیۆیەکانی هاوڕێیەکی دیاریکراوت بکەیت بە کلێك کردن لەسەر لینکی "تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی *فلان*" کە لە تەنیشت هەمو ڤیدیۆیەکدا دەردەچێت. دەشتوانی ڕاستەوخۆ بچیت بۆ دۆسیەی هاوڕێکەت و بەشوێن چوارگۆشەی videos "ڤیدیۆ"دا بگەڕێیت (ئەگەر خۆی بڕیاری دابێت بینراوبێت)، یان دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "تەماشاکردنی ڤیدیۆی *فلان*" بکەیت کە دەکەوێتە ژێر وێنەی دۆسیەکەی (ئەگەر هاوڕێکە هیچ ڤیدیۆیەکی بڵاو نەکردبوەوە یان لە هیچ ڤیدیۆیەکدا ئاماژەی پێ نەدرابو، ئەو لینکە دەرناچێت).




## بڵاوکردنەوەی فیلمی ڤیدیۆ

فەیسبوك سێ ڕێگای ئاسانت بۆ دەستەبەر دەکات تاکو فیلمە ڤیدیۆیەکانت بڵاوبکەیتەوە. لە ناو بەکاربەری ڤیدیۆدا (کە یەکێکە لە بەکاربەرە سەرەکیەکانی فەیسبوك کە بەشێکە لە هەژمارەکەت)، دەتوانیت فیلمی ڤیدیۆ بڵاوبکەیتەوە، یان

دەتوانیت ڤیدیۆیەکی نوێ تۆماربکەیت بە بەکارهێنانی کامێرایەك کە بە کۆمپیوتەرەکەتەوە بەسترابێت، یان لە مۆبایلەکەتەوە ڤیدیۆ داونلۆود بکەیت (بۆ زانیاری لە بارەی داونلۆدکردن لە مۆبایلەوە بەشی ١٣ بخوێنەرەوە).


لە یادت بێت ئەو ڤیدیۆیانەی لە فەیسبوکدا داونلۆدی دەکەیت یاخود تۆماری دەکەیت دەبێت لە ٢٠ خولەك کەمتر بێت، لە گەڵ قەبارەی فۆڵدەرێکدا کە لە ١٠٢٤ مێگابایت کەمتر بێت (ئەگەر هەژمارەکەت نوێ بێت، ڕەنگە فەیسبوك لە ٢ خولەكو ١٠٠ مێگابایتدا ڕاوەستێت هەتاکو تۆ بەردەوابونی پرۆسەکە دوپات دەکەیتەوە. لە رەوشێکی وەهادا، بۆ ڕێنمایی زیاتر کلێك لەسەر لینکی "دوپاتکردنەوەی هەژمارەکەت" بکە کە دەکەوێتە چوارگۆشەی داونلۆدەوە). ئەگەر فۆڵدەرەکەت ئەو سنورە تێپەڕێنێت، فەیسبوك ڕێگەت نادات داونلۆدی بکەیت.

## وەرگرتنی فایلی ڤیدیۆ لە کۆمپیوتەرەکەت

لە بەکاربەری videos "ڤیدیۆ"دا، کلێك لەسەر دوگمەی "دابەزاندنی گرتەیەکی ڤیدیۆ" بکە کە دەتبات بۆ چوارگۆشەیەك کە لەڕێگەیەوە دەتوانیت فایلێکی ڤیدیۆ بژاربکەیت.




لە چوارگۆشەی "دابەزاندنی فایل"دا دوگمەی View "نیشاندان" بەکاربێنە بۆ چۆنە لای ئەو گرتە ڤیدیۆیەی دەتەوێت داونلۆدی بکەیت. فەیسبوك دەست بەکار دەبێت لە داونلۆدکردنی فایلەکەت، فۆڕمێکیشت بۆ دەکاتەوە تاکو زانیاریە سەرەکیەکانی ئەو بڕگە ڤیدیۆیەت بنوسیتەوە لەو ماوەیەدا کە داونلۆدی دەکاتو دواتریش.




ناوێك لە فیلمە ڤیدیۆیەكەت بنێ و ڕونكردنەوەیەكی كورتی لە بارەوە بدە، پاشان لیستی "تایبەتمەندی" بەكاربێنە بۆ دەستنیشانكردنی ئەو كەسانەی ڕێگەیان پێدەدەیت بیبینن.




كە لە پڕكردنەوەی زانیاریەكان تەواو دەبیت، كلیك لەسەر دوگمەی "عەمباركردنی فایلەكان" بكە بۆ بەردەوامبونو ڕۆشتن بەرەو پەڕەی فیلمە ڤیدیۆیە نوێكەت.


## تۆماركردنی فیلمێكی ڤیدیۆیی نوێ

بۆ تۆماركردنی ڤیدیۆیەكی نوێ بە بەكارهێنانی هەر كامیرایەك كە بە كۆمپیوتەرەكەتەوە بەستراوە، بڕۆ بۆ بەكاربەری "ڤیدیۆ" و لەلای چەپی بەشی سەرەوە كلیك لەسەر "تۆمار" بكە، كە دەكەوێتە تەنیشت دوگمەی "دابەزاندنی گرتەیەكی ڤیدیۆ".

هێمای دەروازەی "تۆمارکردنی گرتەیەکی ڤیدیۆ" دەردەچێت و چوارگۆشەیەکی ئامادەکاری ئەدۆبی فلاش پلایەری لەگەڵدا دەردەچێت. لیستی Camera بەکار بێنە بۆ هەڵبژاردنی ئەو کامێرای دەتەوێت بەکاری بێنیت، ئەگەر پێشتر هەڵنەبژێردرابێت.

کلیك لەسەر هەمو ئامادەکاریەکانی تر بکە بۆ دڵنیابون لەوەی هەمو شتێك ئامادەیە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی تۆمارکردن، پاشان کلیك لەسەر دوگمەی Close بکە بۆ دەچون لە ئامادەکاریەکانی فلاش پلایەر.

ئەگەر پێشتر ڕێگەت نەداوە بە فەیسبوك بگاتە کامێراکانت، ئەوا ئەم چوارگۆشەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە. کلیك لەسەر دوگمەی Allow بکە بۆ بەردەوامبون.




فەیسبوك کلێشەی تۆمارگەی ڤیدیۆکەت بۆ دەکاتەوە – کلیك لەسەر دوگمەی بازنە بکە بۆ تۆمارکردن، دواتریش کلیك لەسەر هەمان دوگمە بکە بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی تۆمارکردن (کە لە بازنەوە دەگۆڕێت بە چوارگۆشە).



دەتوانیت تەماشای فیلمە ڤیدیۆیەکەت بکەیت تا بزانیت چۆن تۆمارکراوە. ئەگەر بەدڵت نەبو، دەتوانیت کلیك لەسەر دوگمەی Reset بکەیت بۆ سڕینەوەی و دوبارە دەستپێکردنەوە. وەگەر بەدڵت بو، دەتوانیت کلیك لەسەر Save بکەیت بۆ بەردەوامبون.

پاش ئەوەی کلیک لەسەر Save دەکەیت، دەچیتە پەڕەی "هەمواركردنی ڤیدیۆ"، کە لەوێش دەتوانیت ئاماژە بە کەسەکان بدەیت، ناو و پێناسەیان بنوسیت، هەڵبژاردەی تایبەتمەندیەکانت چاك بکەیت. دەشتوانی کلیك لەسەر سەرجەم کلێشەکانی ڤیدیۆکە بکەیت تاکو وێنەیەکی بچوککراو دەسنیشان بکەیت لەبۆ ئەوەی شێوەی ڤیدیۆکەت بنوێنێت کاتێك کە لە پەڕەکانی فەیسبوکدا دەردەچێت.

کاتێك کە لە توندوتۆڵکردنی ئەو هەڵبژاردانە تەواو دەبیت، دەتوانیت کلێك لەسەر Save بکەیت بۆ تەواوبون. دەشتوانی کلێك بکەیت لەسەر "تێپەڕاندنی ئەو هەنگاوە لە ئێستادا" بۆ عەمبارکردنی ڤیدیۆکە بێ ئەوەی هیچ یەك لە چاککاریەکان عەمباربکات، یان کلێك لەسەر Delete بکە بۆ سڕینەوەی ڤیدیۆکە. ئەگەر کلێکت لەسەر Save یان "تێپەڕاندنی ئەو هەنگاوە لە ئێستادا" کرد، ئەوا دەچیتە پەڕەی فیلمە ڤیدیۆیە نوێکەتەوە.

## ئامرازەکانی تری ڤیدیۆ

پاش ئەوەی فیلمە ڤیدیۆکەت داونلۆد دەکەیت یان تۆمار دەکەیت، دەگەیتە پەڕەیەك کە چەند ئامرازێکی زیاتر دەبینیت. دەتوانیت ئاماژە بە کەسەکانی نێو ڤیدیۆکە بدەیت، دوگمەکانی ئاراستەی پێچەوانەش بەکاربێنیت بۆ گۆڕینی ئاراستەکان، دەتوانیت لەسەری بنوسیت، بیسڕیتەوە، یان لە شوێنێکی تر عەمباری بکەیت.




## کۆمێنتی ڤیدیۆ

بە هەمان چەشنی وێنە، هەمو وێنەیەك بڵاوی دەكەیتەوە پەڵو پۆیەكی كۆمێنتدانی لە خوارەوەی پەڕەكە بۆ دابین دەكرێ تاكو بینەران كۆمێنتی خۆیان بنوسن. لەگەڵ هەبونی هەر كۆمێنتێكدا فەیسبوك ئاگادارییەكت بۆ دەنێرێت.

## ئامارژەدان لە فیلمی ڤیدیۆدا

ئاماژەدان لە ڤیدیۆدا زۆر لە ئاماژەدانی سەر وێنە دەچێت. لەسەر پەڕەی ڤیدیۆ كلیك لەسەر لینكی "ئاماژەدان لەم ڤیدیۆدا" بكەو ناوی ئەو كەسانە لە چوارگۆشەكەدا بنوسە كە دەتەوێت ئاماژەیان پێ بدەیت. كاتێك تەواو دەبیت كلیك لەسەر "ئاماژەدرا" بكە.



## گەرەنتیدانی فیلمی ڤیدیۆ لە فەیسبوکدا

وەك پێشتر ئامارەی پێدرا، هەر ڤیدیۆیەك بە بەکارهێنانی بەکاربەری "ڤیدیۆ" لە فەیسبوکدا بڵاوی بکەیتەوە، دەتوانیت لە ماڵپەری تردا گەرەنتی بدەیت، هەر وەك فیلمە ڤیدیۆیەکانی YouTube. لەسەر پەرەی ڤیدیۆ، کلێك لەسەر لینکی "گەرەنتی کردنی ئەم ڤیدیۆیە" بکە. بەپشت بەستن بە چفرەی گەرەنتیەکە چوارگۆشەی "گەرەنتی کردنی ڤیدیۆ" دەکرێتەوە.




لەوێ، تەنها ئەوەنەت لەسەرە چفرەکە Copy و Paste بکەیت. پاش ئەوەی کاری مەبەستی خۆت دەکەیت کلێك لەسەر دوگمەی "ڕازیبون" بکە بۆ داخستنەوەی چوارگۆشەکە.

## زیادکردنی چوارکۆشە یان هێمای دەروازە بۆ ڤیدیۆ

ئەگەر پێشتر ئەمەت نەکردوە، دەتوانیت چوارگۆشە بۆ بەکاربەری "ڤیدیۆ" لە دۆسیەکەتدا دابنێیت. دەشتوانی هێمای دەروازە بۆ بەکاربەری "ڤیدیۆ" دابنێیت ئەگەر بتەوێت ناوبانگێکی زیاتر لە دۆسیەکەتدا بۆ فیلمە ڤیدیۆیەکانت پەیدا بکەیت. بڕۆ بۆ پەرەی بەکاربەر، لە چوارگۆشەی "هەمووارکردنی ئامادەکاریەکان"ی بەکاربەری "ڤیدیۆ"دا هێمای دەروازەی "پەرەی سەرەکی" هەڵبژێرە، کلێك لەسەر هەڵبژاردەی زیادکردنی هەگبە (یان چوارگۆشە) یان هێمای دەروازە بکە، یان هەردوکیان.

## بەکارهێنانی وێنەو ڤیدیۆ بۆ رەواجکردن

یەکێ لە شتە هەرە گرنگو سەرنجکێشەکانی وێنەو فیلمی ڤیدیۆ جگە لەوەی کە خۆی لەخۆیدا کارگەلێکی داهێنانە، ئەوەیە کە ئامرازگەلێکی نمونەیی پێکدێنێن بۆ نمایشکردنی کاری داهێنراوی تر. کاتێکیش ئەو رێگا رەچاو دەکەیت کە کورتەی هەواڵەکانی فەیسبوك دەیگرێتە بەر بۆ پاڵنانی وێنەو ڤیدیۆکانت بەرەو کەسانی تۆرەکەت، ئەوکات دەبێتە ئامرازگەلێکی هەرە چالاك لەبۆ رەواجکردن بۆ پرۆژەو بۆنەو تەنانەت بیرۆکەکانیش.

بۆیە جگە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی پێکەنیناوی پشیلەکەت یان منداڵەکانت یان وێنەی دواین گەشتت بۆ مەکسیك، جێی بایەخە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن وێنەو ڤیدیۆ لە فەیسبوکدا بەکاربێنیت لەبۆ بەدەستهێنانی جەماوەر بۆ هەر شتێك کە بەهرەکانی خۆتت بۆ خستبێتە گەڕ.

بۆنمونە، ئەگەر لە شانۆدا کار دەکەیتو شانۆگەرییەکیش بەمزوانە نمایش دەکرێت، دەتوانیت هەندێ گرتە لە پرۆڤەکانی ئێستا بڵاو بکەیتەوە، یان وێنەی ئەکتەرەکان، یان پۆستەرو ریکلامی نمایشەکە بڵاوبکەیتەوە. وەگەر زەڕنگەری یاخود دەست رەنگینیت، هەندی نمونەی کارەکەت بڵاو بکەرەوە. وەگەر جێشتلێنەریت، نوێترین کێكو خواردەمەنیەکانت نیشان هەموان بدە، وەگەر درومانیت، نوێترین بەدلەو کراسەکانت نیشان بدە. لە مەبەستم تێگەییت.

فیلمە ڤیدیۆیەکان دەتوانێ ئامرازگەلێکی رەواجکاری نایاب بێت. دیداری کورت لەگەڵ هاوەڵەکانت سازبکە، یان لە گەڵ هاوڕێیەکتدا لە بارەی نوێترین پرۆژەو بۆنەو پرسەکانەوە. دەتوانیت فەیسبوك بۆ تۆمارکردن لە ستایلی ڤیدیۆ بەکاربێنیت، یان بۆ گەیاندنی پەیامەکەت لەرێی کورتە ڤیدیۆوە.

ئەم قسانە ئامانجی ئەوە نییە هیچ کەس هانبدات بۆ ئەوەی کورتەکانی هەواڵ سەرڕێژ بکات لە پڕوپاگەندە. هەر بەوبۆنەوە: تا چالاکتربیت، دەبێت دڵنیابیت لەوەی ئەو شتەی بڵاوی دەکەیتەوە لەلای هاوڕێیانت لە فەیسبوک سەرنجڕاکێش دەبێت. ئەگەر زیاتر وەك ڕیکلام دەرکەوێت ئەوا لەبری ئەوەی قەبارەی جەماوەرت زیادبکات خەڵکی لێت دور دەکەونەوەو هانیان ئەدەیت هاوڕێیەتیت لەگەڵدا هەڵبوەشێننەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر شتێکی پڕ بایەخ و سەرنجڕاکێش بە خەڵکی بدەیت، دڵنیابە کە فەیسبوک گەرەنتی ئەوە دەکات کە بیبینن.

# 8

# گروپەکان

زۆربەی ئەو چالاکیانەی کە تا ئێستا لەم کتێبەدا باسمان کردوە مامەڵەی نێوان کەسانێکە پێشوەخت یەکتر دەناسن. بەڵام لە فەیسبوکدا جیهانێکی گەورە هەیە دورتره لە لیستی هاوڕێکانت، گروپەکانی فەیسبوک شوێنانێکی هاوبەشن – دەتوانیت ناوی بنێیت کافێ یان یانە – کە لەوێش دەتوانیت تێکەڵی کەسانێك بیت پێشتر نەتناسیون، ڕەنگە لە کۆتایشدا ببنە هاوڕێ.

گروپەکانی فەیسبوك بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان گروپە لقیەکانی لیستی هاوڕێیانیشت بەسودە، یان بۆ بەدواداچون بۆ هاوڕێ کۆنەکانت کە هێشتا لە فەیسبوکدا پەیوەنیدت پێوە نەکردون.

بەو هۆیەش کەوا گروپەکانی فەیسبوك کەڵك لە هێزی تۆڕە کۆمەڵایەتی و کورتەی هەواڵەکانی وەردەگرێت ئەوا ئامرازێکی ئاکتیڤ پێکدێنێت لەبۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەو سەرنجکێشانی خەڵك بەلای هەندێ پرس و کێشەدا.

لەم بەشەدا، سەرەتا بە باسکردنی هەمەڕێگەکانی بەکارهێنانی گروپەکانی نێو فەیسبوك دەست پێدەکەین. پاشان باس لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو گروپانە دەکەین کە لەلای تۆ جێی بایەخن و دواتریش چۆنیەتی بەشداریکردن تێیدا. دواجار، دەچینە نێو پرۆسەی دروستکردن و بەڕێوەبردنی گروپێکی نوێوە کە تایبەتە بە تۆ.

## گروپەکان هاوەلیسونێکی خۆرایی لە فەیسبوك

بە ڕواڵەت بیرۆکەی گروپەکانی فەیسبوك شتێکی سادەیە. بەکارهێنەرانی فەیسبوك ئەوانەی کە گرنگیەکی هاوبەشیان هەیە یانەیەکی ئەلیکترۆمی پێکدێنن، لە گەڵ پەڕەیەکی تایبەت بە یانەکە کە تێیدا ئەندامان دەتوانن کۆببنەوەو تێکەڵی یەکتر

بکەن. ئەمە ڕێگەیەکی ئاسانتر زیاد دەکات بۆ بینینی خەڵکی نوێ لە دەرەوەی سنورە جوگرافیەکەی خۆت. گروپەکانیش مەکۆیەکی نمونەییە ڕێگە ئەدات بە هەوادارانی کەسێك یان شتێك پەیوەندی بە ئەوەلای تری هەوادارانەوە بکەن، زانیاریو وێنەو فیلمی ڤیدیۆ ئاڵوگۆڕبکەن، لە بارەی گرنگیەکانیانەوە چات بکەن.

بەلأم ڕێگای تریش هەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لە گروپ، لەم بەکارهاتە ڕونو ئاشکرایانەی ئێستا بەدەر بوە. گروپەکان دەتوانێت یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی هاوڕێ کۆنەکان. ئامرازێکی نایابیشە بۆ پەیوەندیکردن بە هاوپیشەکانو هاوەڵانەوە، هەروەها بۆ پەیوەندیکردن بە گروپەکانی کارو تیمی پرۆژەکان.

ڕەنگە لە هەمو شتێك گرنگتر ئەوە بێت بەشداریکردن لە گروپ وەك دەربڕین لە هەڵوێستێك دادەنرێت. کاتێك کە کلێك لەسەر دوگمەی بەشداریکرن دەکەیت، ناوی گروپەکەو هەواڵی بەشداربونت لەسەر دیوارەکەتو کورتەی هەواڵەکانی هاوڕێکانتدا بڵاو دەبێتەوە (بەپێی ئامادەکاری تایبەتمەندیەکانت). ئەمەش وادەکات لە گروپەکان ئامرازگەلێکی نایاب بێت بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرەها نامەو پەیام.

دەتوانیت گروپ بەکاربێنیت بۆ دەربڕین لە شتێك کە هەمیشە مایەی گلەییو سکالأیە. لە فەیسبوکدا گروپێك هەیە زۆر ئازیزە لەلای نوسەرانی کتێب کە ئەویش Eats Shoots and Leaves – زیاتر لە ۳۰۰۰,۰۰۰ ئەندامی هەیە، لە نیویۆرك تایمزو وۆڵ ستریب جۆرناڵدا چەندان بابەتی لە بارەوە نوسرا، تەنانەت کتێبێکیشی لەبارەوە نوسرا.

دەتوانیت گروپ بۆ دەربڕین لە هەڵوێستێکی سیاسی یان کەسێتی بەکاربێنیت. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ۲۰۰۸ـدا هەزاران گروپ دەرکەوتن هەندێکی پاڵپشتی ئەمی دەکردو هەندێکی تر بەگژیا دەچونەوە. گروپەکانی فەیسبوك دەتوانێت ئامرازێکی چالاك بێت بۆ ڕێکخستنی سەنتەرێك لەبۆ جەماوەری پاڵێوراوێکی دیاریکراو، وە بۆ سەرنجکێشانی سیاسەتمەدارانو ڕاگەیاندکاران – ئەو گروپانەی کە هەزاران ئەندام بۆ خۆی دەکێشێت وەك ڕۆژنامەیەکی لێهاتوە، زۆربەی کات هەواڵ بڵاودەکاتەوە بە هۆی هەمیشە لەزیادبونی ئەندامانیەوە. بەو هۆیەش کەوا هەمو کەسێك لە فەیسبوکدا دەتوانێت گروپێك پێك بێنێت، لە بنەڕەتدا جێدەستێکی

دیموکراتی تێدایه له بارەی بەکارهێنانیەوە وەك ڕێگایەکی نوێ بۆ پێدانی دوانگەیەك بۆ هاوڵاتیه ئاساییەکان لەبۆ دەربڕین له بۆچونیان.


## بەشداریکردن له گروپ

ئاسانە ببیته ئەندام له یەکێك لە گروپەکانی نێو فەیسبوکدا، هیچی تێناچێت جگه له کلیك کردن لەسەر دوگمەیەك یان لینکێك. هیچ باجێکیش نییە تا بیدەیت، بەشێکی پاراستنیشی تیا نییە تا سوێندی تیا بخۆیت - تەنانەت پێویست بەوە ناکات نه کلاوێکی شازو نه کراسێکی تایبەتی بۆ بکەیته بەر. مەگەر خۆت ئارەزوت لێبێت.

هەمیشه له یەکێ لەو دوو شوێنەدا کلیك دەکەیت: یان له پەڕەی داواکاریەکاندا، چونکه بانگهێشتکراویت ببیت به ئەندام له گروپێکدا، یان له پەڕەی سەرەکی گروپێکدا که تۆ خۆت دۆزیوتەتەوە.


## وەڵامدانەوەی بانگهێشتی گروپەکان

بانگهێشتی بەشداربون له گروپ زۆر له داواکاری بەکاربەر دەچێت که پێشتر لەم کتێبەدا باسمانکرد: له ناوچەی "داواکاریەکان"ـی سەر پەڕەی سەرەکیدا دەردەچێت، هەروەها له خودی پەڕەی داواکاریەکانیشدا. دەتوانیت کلیك لەسەر "دوپاتکردنەوە" بکەیت بۆ بەشداربون له گروپ یان کلیك لەسەر "پشتگوێخستن" بکەیت بۆ سڕینەوەی داواکاریەکه بەبێ بەشداربون.



# بەشداریکردن لە گروپ لە پەڕەی سەرەکییەوە

ئەگەر گروپێکت دۆزییەوەو بانگهێشت نەکرابویت بۆی، بگەڕێ بە شوێن لینکی "پەیوەندیکردن بەم گروپەوە". ئەم لینکە هەمیشە دەکەوێتە گۆشەی چەپی سەرەوەی پەڕەی گروپەکە – ڕاستەوخۆ لەژێر وێنەکەیدایە، ئەگەر وێنەی بۆ دانرابو.




ئەگەر لینکەکە نوسرابو "پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەشداربون لەم گروپە" ئەمە مانای وایە ئەو گروپە گروپێکی داخراوە، وە دەبێ یەکێ لە بەڕێوبەرانی گروپەکە ڕازیبێ لەسەر هەر ئەندامێکی نوێ بەر لەوەی ڕێگەی پێبدرێت بەشداری بکات.

ئەمانەی خوارەوە چەند ڕێگایەکن بۆ دۆزینەوەی گروپ لە فەیسبوکداو دواجار بەشداریکردن تێیدا.

## کورتەکانی هەواڵ

یەکێ لە باشترین ڕێگاکانی دۆزینەوەی گروپی نوێ ئەوەیە کە لە پەڕەی سەرەکیدا چاودێری کورتەی هەواڵەکان بکەیت. ناو بەناوێك هەواڵت پێدەگات و پێت ڕادەگەیەنێت کە هاوڕێیەکت بەشداری لە گروپێکدا کردوە. ئەگەر گروپەکە جێی بایەخ بو، دەتوانیت کلیك لەسەر ناوەکەی بکەیت تاکو بچیتە پەڕەکەیەوەو چاوێکی پیا بخشێنیت، پاشان بەشداری تیابکە ئەگەر بڕیارتدا بەدڵتە.

## دۆسیەی هاوڕێیان

ڕەنگە لە کورتەی هەواڵی سەر دیواری هاوڕێکانیشتدا تێبینی گروپی بەبایەخ بکەیت، یاخود لە لستی گروپەکانیان کە دەکەوێتە هێمای دروازەی "زانیاری" دۆسیەکەیانەوە.



## گەڕان بەشوێن گروپدا

دەتوانیت بە بەکارهێنانی خانەی Search "گەڕان"ـی سەر پتیلەی شین بەشوێن گروپدا بگەڕێیت، هەروەها لە نێو بەکاربەری "گروپەکان"یشدا.



پاش ئەوەی بەشداری لە گروپێك یان چەند گروپێکدا دەکەیت، ڕەنگە ئارەزوت لێبێت بەدواداچونی بۆ بکەیت و ئەندامانی تری بناسیت. زۆربەی گروپەکان دوو ڕێگای سەرەکیان لەخۆگرتوە تاکو لە ڕێیانەوە ئەندامان پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن: دیوارو گۆڕەپانی گفتوگۆ.

## دیوار Wall

دیواری هەر گرووپێك كۆپییەكی سادەیە لەسەر دیواری دۆسیەی هەر كەسێك: ئەندامان دەتوانن كۆمێنتی كورت بلاو بكەنەوە، هەر بەو ڕیزبەندیەش دەردەچێت كە تۆ خۆت پێی بلاودەكەیتەوە. بەڕێوەبەرانی گرووپ توانای ئەوەیان هەیە بلاوكراوە نەشیاوەكان بسڕنەوە.

## گۆڕەپانی گفتوگۆ

بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕێكخراو، گۆڕەپانی گفتوگۆ كۆمێنتەكان بەپێی بابەتەكان ڕێكدەخات. ئەندامانی گرووپ دەتوانن بابەتی نوێ دروستبكەن، دەتوانن بە كۆمێنتێك یان پرسیارێكی گاڵتەئامێز دەست بە گفتوگۆ بكەن، ئەندامنی تریش دەتوانن وەڵامی بدەنەوە.




دەتوانیت كلیك لەسەر لینكی See all "تەماشاكردنی هەموان" بكەیت كە دەكەوێتە گۆشەی چەپی سەرەوە بۆ تەماشاكردنی گشت ئەو بابەتانەی لە گۆڕەپانی گفتوگۆی گرووپدا هەیە، وە دەتوانیت لیستی دەرتۆقیو بەكاربێنیت بۆ پاك كردنەوەی لیستەكەو گەڕان بەشوێن ئەو بابەتانەی خۆت دروستت كردوون، یان ئەوانەی هاوڕێكانت دروستیان كردوە.

كلیك كردن لەسەر "بابەتێكی نوێ دەست پێبكە" فۆڕمێكی سادەت بۆ دەكاتەوەو داوات لێدەكات ناوی بابەتەكە بنێیت و پاشان یەكەم بلاوكراوەت بنوسیتەوە.

## بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆك

بەپێی ئەو شتانەی کە بونیاتنەرانو بەڕێوەبەرانی گروپەکە ڕێیان پێداوە. ڕەنگە ئەندامانیش بتوانن بەشداری بکەن لە بڵاوکردنەوەی وێنەو فیلمی ڤیدیۆو لینکی وێب.

## دروستکردنی گروپ

بەر لە دروستکردنی گروپ ڕەنگە ئارەزو بکەیت پێشوەخت هەندێ کەرەستەی پێویست ئامادە بکەیت. تۆ پێویستت بەمانەیە:


- هەڵبژاردنی وێنەیەك یان لۆگۆیەك بۆ بەکارهێنانی لە پەڕەی گروپدا.
- نوسینەوەی پێناسەیەکی پوختەکراو لە بارەی گروپەکەوە: سروشتیو ئامانجیو ئەرکی گروپەکە. ئەو پێناسانە با پوختەو کورتکراوە بێت — لەدوو ڕستە کەمتر بێت. دەتوانیت پەیامێکی درێژتر بنوسیت لە ناوچەی "دواین هەواڵ"ی سەر پەڕەی گروپەکەت.
- بڕیار بدە کە ئایا دەتەوێت گروپەکەت کراوەبێت یان داخراو یان نهێنی.
- بڕیار بدە کە ئایا گروپەکەت جیهانی دەبێت (واتە کراوە دەبێت بۆ گشت ئەندامانەی فەیسبوك) یان تەنها بۆ ئەندامانی هەندێ تۆڕ دەستەبەر دەبێت. بۆنمونە، ڕەنگە پێتخۆش بێت کراوەبێت بەڕوی تۆڕی زانکۆکەتدا.

کاتێك کە ئامادە دەبیت بۆ دروستکردنی گروپەکەت، بڕۆ بۆ بەکاربەری "گروپەکان"و پاشان کلێك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی گروپێکی نوێ" بکە کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پەڕەکە.



# زانیاری گروپ

پاش ئەوەی کلیك لەسەر دوگمەکە دەکەیت، دەگەیتە پەڕەی "هەنگاوی ١: زانیاری گروپ". ئەمە ئەو شوێنەیە کە وردەکاریە سەرەکیەکانی گروپە نوێکەتی تیا دەنوسیتەوە: ناوی، پێناسەی، نوێترین هەواڵ کە دەتەوێت ئەندامان لە پەڕەکەیدا ببینن.



لە لیستی "تۆڕ"دا یان "جیهانی" هەڵبژێرە یان یەکێ لەو تۆڕانەی تێیدا بەشداریت، هەر وەك پێشتر باسمانکرد. لە لیستی "جۆری گروپ"دا لە نێو برەگەکاندا جۆری گروهی گروپەکەت دەستنیشان بکە. زانیاریەکانی پەیوەندیکردن پڕبکەرەوە، وەك پۆستی ئەلیکترۆنی و شەقام و شارو ئەو شارۆچکەی گروپەکەتی تێدایە. کاتێك کە لە نوسینەوەی زانیاریەکان تەواو دەبیت، کلیك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی گروپ" بکە بۆ بەردەوامبون.

وریابە: تەنها زانیاریەك كە ناتوانیت پاش دەرچونت لەم پەڕەیە بیگۆڕیت ناوی گروپەكەیە. فەیسبوك سەرپێژە لەو گروپانەی ناوەكانیان هەڵەی نوسینی تێدایە، چونكە بونیاتنەرانی بە هەڵەكانیان نەزانیوە هەتا ئەو كاتەی گروپەكە بۆتە خاوەنی دەیان ئەندامو ناوەكەیشی تۆماربوە.

فەیسبوك بۆیە ناو گۆڕینی قەدەغە كردوە تاكو ڕێگری لە جۆرێك زیان بكات: دروستكردنی گروپ بە ناوێكی بێتاوانەوە، چاوەڕێكردن هەتا ئەو كاتەی گروپەكە دەبێتە خاوەنی كۆمەڵێك ئەندام، پاشان گۆڕینی ناوەكە بۆ شتێكی شەرمەزاركەر یان كیناوی – یان ناوێك كە لەگەڵ بۆچونی ئەندامانیدا یەكانگیر نییە. چونكە لە كۆتاییدا، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشداریت لە گروپێكدا كرد بەناوی "پرتەقاڵم خۆشدەوێ"، ناكرێ بۆ ڕۆژی دواتردا چونەژورەوەت تۆماركەیتو ببینیت ناوی گروپەكە گۆڕاوە بە "ڕقم لە پرتەقاڵە".

بۆیە بەر لەوەی كلیك لەسەر دوگمەی "دروستكردنی گروپ" بكەیت، بۆ ساتێك چاو بە ناوی گروپەكەتدا بخشێنە. دڵنیابە لەوەی كە ئەو ناوەیە كە تۆ دەتەوێت. پیت بە پیت بخوێنەرەوە تا بزانیت بێ بەشە لە هەڵە.

## بەڕێوەبردنی گروپەكان

وەك بونیاتنەرێك یان بەڕێوەبەرێك، ئەركە لەسەر شانت كە چاودێری گروپەكە بكەیت تا دڵنیا بیت لەوەی لە گەشەو بەرفراوانبوندایە. خۆت وەك كەسێك بێنە بەرچاوت كە ئێوارەخوانێكت سازكردبێت: دەچیت بە دەم میوانەكانەوە، هەوڵئەدەیت گفتوگۆ لە نێوان میوانەكاندا دروست بێت، وەگەر مشتومڕێك دروست بو دەتەوێ كەشەكە ناسكو فێنك بكەیتەوە.

ڕێگایەكی ئاسان بۆ گەیشتن بەو گروپانەی بەڕێوەیان دەبەیت ئەوەیە بچیتە بەكاربەری "گروپەكان"ـەوە، كلیك لەسەر "گروپەكانم" بكە، پاشان "ئەو گروپانەی بەڕێوەی دەبەیت" بژاربكە لە لیستی دەرتۆقیودا.


هەمیشە دەتوانیت زانیاریە سەرەكیەكانی گروپەكەت نوێ بكەیتەوە یان بیگۆڕیت كە پێشتر لە كاتی دروستكردنیدا نوسیتنەوە – تەنها ناوی گروپەكەی لێ


بەدەر، وەك پێشتر باسمانکرد. لەسەر پەڕەی سەرەکی گروپەکە، کلیك لەسەر لینکی "هەموارکردنی گروپ" بکە پاشان گۆڕانکاریە پێویستەکان ئەنجام بدە.

## بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامان بۆ بەڕێوبەران

هەمو گرپێك سەرەتا بە یەك بەڕێوەبەر دەست بەکار دەبێت: ئەو کەسەی کە دروستیکرد. بەڵام بەسودە گەر زیاتر لە یەك کەس چاودێری کارو بارەکان بکات، بە تایبەت ئەگەر گروپەکە میللی بێت یان خاوەن بابەتی هەستیار بێت بە چەشنێك کە مشتومڕی تیژ بنێتەوە.

دەتوانیت پلەی ئەندامان بەرزبکەیتەوە بۆ بەڕێوبەران بە کلیك کردن لەسەر لینکی "هەموارکردنی ئەندامان" پاشان کلیك کردن لەسەر "بیکە بە بەڕێوبەر" کە دەکەوێتە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی دەتەوێت پلەی بەرز بکەیتەوە. ئەو کەسانەی کە پلەکەیانت بەرزکردۆتەوەو کردونت بە بەڕیوبەر دەتوانن زانیاری گروپ بنوسنەوە، پلە بەرزبکەنەوە یان ئەندام بسڕنەوە، سەرپەرشتیار دروستبکەن، بڵاوکراوەی سەر دیوار بسڕنەوە، بابەت و بڵاوکراوەی سەر گۆڕەپانی گفتوگۆ بسڕنەوە، بۆنە بنێنەوە.





## لابردنی ئەندامان

بۆ لابردنی ئەندامێك لە گروپ، کلیك لەسەر لینکی "هەموارکردنی ئەندام" بکە پاشان لەسەر لینکی "لابردن" کە دەکەوێتە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی دەتەوێت بیسڕیتەوە.


## زیادکردنی سەرپەرشتیاران

سەرپەرشتیارانی گروپ تەنها سەرکردەی ڕێزلێنراون و هیچی تر نا – ئەو پۆستە هیچ ئەرک و تایبەتمەندییەکی نییە. بەلام ئەو کەسانەی کە دەیانکەیتە سەرپەرشتیار لە لیستێکی سەر پەڕەی گروپەکەدا دەردەکەون – ناونانی ئەو کەسانەش بۆی هەیە متمانەیەکی زیاتر بە گروپەکەت ببەخشێت، یاخو یارمەتیدەر بێت لە دەرخستنی گرنگی گروپەکەت. ئەگەر گروپەکەت سەرپەرشتیاری فەرمی هەبو وەک سەرۆک، جێگری سەرۆک، پارێزەری هەگبە، هتد، ئەوا ئەم شوێنە گونجاوترین شوێنە بۆ ناونانیان. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر دەتەوێت ناوی پلەو پایە بۆ ئەندامە سەرەکییەکان بدۆزیتەوە، ئەوا بەو پەڕی ئازادیەوە دەتوانیت ئەم کارە بکەیت.

بۆ زیادکردنی سەرپەرشتیاران بۆ گروپەکەت یان بۆ ناونوسکردنیان، کلیک لەسەر لینکی "هەمووارکردنی چاودێرانی گروپ" بکە لەسەر پەڕەی سەرەکی گروپەکە. کلیک لەسەر لینکی "پێدانی پلەی چاودێر" بکە لە تەنیشت ناوی هەر کەسێک کە دەتەوێت دەستنیشانی بکەیت بۆ ئەو پلە. لیستی سەرپەرشتیارانی نوێ لە سەر پەڕەی سەرەکی گروپەکە دەردەچێت. دەتوانیت هەر کاتێک کە مەبەستە بگەڕێیتەوە بۆ پەڕەی "هەمووارکردنی سەرپەرشتیاران" لەبۆ زیادکردن یان لابردنی سەرپەرشتیاران.




## ناردنی نامە بۆ گروپەکەت




دەتوانیت لینکی "ناردنی نامە بۆ گشت ئەندامان" لەسەر پەڕەی گروپەکەت بەکاربێنیت بۆ ناردنی نامەی "پۆستی هاتو" بۆ سەرجەم ئەندامانی گروپەکە (بەلام ئەم هەڵبژاردەیە سنوردارە بۆ ئەو گروپانەی کە کەمتر لە ٥,٠٠٠ ئەندام لەخۆ دەگرێت). لینکی "ناردنی نامە بۆ گشت ئەندامان" تەنها لەلای بەڕێوبەران دەبینرێت.

## هێورکردنەوەی گەرمی بڵاوکراوەو مشتومڕەکان

تۆ وەك بەڕێوبەرێك تایبەتمەندی باشت هەیە تا بۆ چاکە بەکاری بێنیت – هەوڵدان بۆ دەرنەچونی مشتومڕی گروپەکەت لە چوارچێوەی بابەتەکەو خاڵی کردنەوەی لە هەمو پڕوپاگەندەیەکی نابەجێ، نەهێشتنی شەڕی نێوان ئەندامان و هێورکردنەوەی هەر دۆخێکی تری توندوتیژ. هەر کۆمێنتێکی سەر دیوار ناشیاو بو دەتوانیت بیسڕیتەوە بە کلیك کردن لەسەر Delete. لە گۆڕەپانی گفتوگۆشدا هەر شتێك پەیوەندی بە بابەتەوە نەبو دەتوانیت بیشاریتەوە یان بیسڕیتەوە.

## دروستکردنی بۆنە

کلیك کردن لەسەر لینکی "دروستکردنی بۆنە" لەسەر پەڕەی سەرەکی گروپەکەت ڕێت ئەدات فۆڕمێکی ڕۆژمێر ئامادە بکەیت کە پەیوەست بێت بە گروپەکەتەوە. ناوی گروپەکەت وەك میوانداری بۆنەکە ناوی دەردەچێت، خودی بۆنەکەش لە چوارگۆشەی "بۆنەکان"ی سەر پەڕەی گروپەکە دەردەچێت. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی دروستکردنی بۆنەوە بەشی ١٠ بخوێنەرەوە.




## رۆژمێری فەیسبوك




ماڵپەڕەکانی لێکناڵانی کۆمەڵایەتی بونە هۆی دروستبونی گۆڕانێکی ئاسك لە نێو پرۆسەی ڕێکخستنی بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا. لە ڕابردودا ناردنی بانگهێشتو وەڵامی بانگهێشتکراوان دەبوە هۆی ماندوبونێکی بێ ئەندازەی کەسی میواندار. تۆش وەك میوانێك، زۆربەی جار نەتدەزانی کە ئایا لەو بۆنەیەدا کەسانێکی دۆستو ناسراوی تۆ ئامادە دەبن یان نا، یان نەتدەزانی کە لەو بۆنەیەدا چی دەخورێت (شیرنی دەخورێت یان دەبێ نانیش لەوێ بخۆیت).

بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، ماڵپەڕەکانی Evite ئەرکی میوانداری ئاسانکردو توانرا لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە لیستی میوانان بڵاوبکرێتەوەو ئامادەبوانیش بزانن بانگهێشتکراوانی دیکە کێن. فەیسبوك دۆخەکان باشتر دەکات بە بەستنەوەی بانگهێشتی بۆنەکان بە تۆڕو کورتەی هەواڵەکانیەوە، ئەمەش وادەکات هەواڵەکە ئاسانتر بڵاوبێتەوەو خەڵکێکی زیاتر کۆبکرێتەوە بۆ ئەو جۆرە بۆنانەی وەك نمایشی شانۆگەریو ئاهەنگی خێرخوازی. مانای وایە بە کرتەیەك تۆ دەتوانیت ئاهەنگێك پڕ چۆشو خرۆش بکەیت.

لەم بەشەدا باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بەکاربەری "بۆنەکان" دەکەین لەبۆ دۆزینەوەی بۆنە داهاتوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکەت، وە چۆنیەتی دروستکردنی

بۆنەی تایبەت بە خۆت و ڕەواج بۆ کردنی. هەروەها سەرنجی ئەوەش ئەدەین کە چۆن فەیسبوك یارمەتیت ئەدات لەوەی بە ئاگابیت لە جەژنی لەدایکبونی هاوڕێکانت، ئەو ڕێگە کەیف بەخشانەش دەخەینە ڕو کە دەتوانیت لە فەیسبوکدا بەکاری بێنیت بۆ ناردنی پیرۆزبایی جەژنی لەدایکبونی هاوڕێکانت.

## بەکاربەری بۆنەکان

کاتێك کە وەهای پێدێت لە میانەی بۆنەکانی فەیسبوکدا هاوڕێکانت بانگهێشت بکەیت بۆ ئاهەنگێکی شەوانە، یان هەوادارانت ئاگادار بکەیت لە نوێترین گۆڕانی داهاتوت، یان جۆرەها بۆنەو دیدەنی تر بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەیت، ئەوکات بەکاربەری "بۆنەکان" شتێکی بەکەڵك دەبێت. بەکاربەری "بۆنەکان" (کە یەکێکە لە بەکاربەرە سەرەکیەکانی فەیسبوك) وەك سەرچاوەیەکی پرس پێکردنیش بەسودە تا بزانیت بۆ گەشتی داهاتوت چ ڕێگایەك بگریتە بەر بۆ کەیف وەرگرتن – وەکو هاوڕێییەك وایە کە دەزانێت باشترین پێشانگای هونەری و ئاهەنگی مۆسیقی و ئێوارە کۆڕی شیعری لەکوێیە. تەنها ئەوەندەت لەسەر پرسی پێبکەیت.




پەڕەی سەرەکی بەکاربەری "بۆنەکان" چوار هێمای دەروازەی تێدایە. "بۆنە داهاتوەکان" ئەو بۆنانەت بۆ ئاشکرا دەکات کە هاوڕێکانت بانگهێشتیان کردویت بۆی. "بۆنەی هاوڕێکان"یش ئەو بۆنانە نیشان ئەدات کە هاوڕێکانت نیازیان وایە بۆی بچن، تا بزانیت کردەو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیان چیە. "بۆنە ڕابردوەکان" ئەرشیفی بۆنەکانە، ئەو بۆنانە نیشان ئەدات کە پێشتر ڕویان داوەو تۆی بۆ بانگهێشت کراویت (ئەمە بەسودە بۆ ئەوەی بزانیت دوایین پشوی هەفتە چیت کردوە). هێمای دەروازەی "جەژنەکانی لەدایکبون" ناوی ئەو هاوڕێیانە ئاشکرا دەکات کە جەژنی لەدایکبونیان نزیك بۆتەوە.

## دۆسیەی بۆنە


هەمو بۆنەیەك لە فەیسبوكدا دروست بێت دەبێتە خاوەنی پەڕەیەكی تایبەت بەخۆی. ئەو پەڕەیەش زۆر لە پەڕەی گروپ دەچێتو خاوەنی دیواری تایبەت بەخۆیە، لەگەڵ ناوچەی وێنەو فیلمی ڤیدیۆو ئەو لینكانەی پەیوەندیان بەو بۆنەوە هەیە.







چوارگۆشـەی "میوانانێـك ئامادەبونیـان دوپاتكردەوە" ئەو كەسانە نیشان ئەدات كە بە بەڵێ لەبارەی ئەم بۆنەوە وەڵامیان داوەتەوە، تاكو بزانیت كێ ئامادە دەبێت. لەلای چەپی پەڕەی بۆنەوە، دەتوانیت بانگهێشتكراوەكانی تر ببینیت – ئەوانەی كە نایەن، ئەوانەی كە بە "پێدەچێ" وەڵامیان داوەتەوە، ئەوانەشی كە هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە.




## وەلامدانەوەی بانگهێشتی بونە

بانگهێشتی بۆنە وەك داواكاری بۆنە دەردەكەوێت، ئەویش لە پەڕەی داواكاریەكانداو لە ناوچەی "بۆنەكان"ی سەر پەڕەی سەرەكیدا. داواكاری بۆنە وەكو داواكاری بەكاربەرو داواكاری گروپ كار دەكات. كلیك لەسەر "بەڵێ" بكە تا میواندارەكە لە ئامادەبونت ئاگادار بكەیت، كلێك لەسەر "پێدەچێ" بكە ئەگەر ئارەزوت وایە ئامادەبیت بەڵام دڵنیا نیت ئەگەر بارودۆخت ڕێت پێبدات یان نا. كلێك لەسەر "نەخێر" بكە بۆ ڕەتكردنەوەی بانگهێشتەكە.

وەگەر دەتەوێت بەر لە وەلامدانەوە زیاتر لەبارەی بۆنەكەوە بزانیت، تەنها كلێك لەسەر ناوی بۆنەكە بكە تا چاوێك بە پەڕەكەیدا بخشێنیت.




پاش ئەوەی وەڵام ئەدەیتەوە، دەچێتە بڕگەی شیاوی سەر پەڕەی بۆنە: "میوانانێك ئامادەبونیان دوپاتكردەوە" یان "پێدەچێ ئامادەبن" یان "ئامادە نابن". دواكاری بۆنەكە لە پەڕەی "داواكاریەكان"ـدا نامێنێت، وەلێ هێشتا هەر دەتوانیت تەماشای بۆنەكە بكەیت لە پەڕەی سەرەكی بۆنەكاندا، چەند ڕۆژێكیش بەر لە بەرواری بۆنەكە لە پەڕەی سەرەكیتدا بەئاگاهێنەرەوەیەك دەردەچێت.

## بەدواداكەران بۆ بۆنەكان

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەمیشە دەتوانیت بچیتە هێمای دەروازەی "بۆنەی داهاتو"ـی سەر پەڕەی سەركی تا بزانیت لە ئایندەی نزیكدا چی ڕوئەدات. بەڵام ئەگەر لە یادتچو، بێ خەمبە – فەیسبوك بە یادت دێنێتەوە.

## ناوچەی "بۆنەكان"

تۆ هەر كە بەردەوام چویتە پەڕەی سەرەكیتەوە، بۆنەكانی داهاتو دەبینیت لە ناوچەی "بۆنەكان"ی نێو ستونی ڕاست، بۆنەكان سێ ڕۆژ بەر لە وادەی ڕودانیان لەو ناوچەدا دەردەكەوێت و پاشان لە ڕۆژی دوای بۆنەكە ون دەبێت.



ئەو بۆنانەی کە لەسەر پەڕە سەرەکیەکەت دەردەچن بریتین لە (١) هەر بۆنەیەك ئامادەبونت بۆی دوپاتکردۆتەوەو (٢) هەر بۆنەیەك بۆی بانگهێشتکراویت بەڵام بە "نەخێر" وەڵامت نەداوەتەوە.

## هەناردەکردنی بۆنەکان

دەشتوانی بۆنەکانی فەیسبوك وەك فایلێکی ICS (یان iCalendar) هەناردە بکەیت کە دەتوانرێ بە چەند بەرنامەیەکی ڕۆژمێری وەك مایکرۆسۆفت ئۆتلۆك، ئەپڵ iCal، ڕۆژمێری گوگڵ، هاوردە بکرێت.


بۆ هەناردەکردنی گشت بۆنەکانت، بڕۆ بۆ بەکاربەری "بۆنەکان"و لە بەشی سەرەوەی پەڕەکەدا کلێك لەسەر لینکی "هەناردەکردنی بۆنەکان" بکە. بۆ هەناردەکردنی بۆنەیەکی دیاریکراو، بڕۆ بۆ پەڕەکەی خۆیو کلێك لەسەر دوگمەی "هەناردەکردن" بکە کە دەکەوێتە لای چەپی دوگمەی share "بەشداریپێکردن" لە ستونی چەپدا.

## دروستکردنی بۆنە

ئامادەیت بۆ ئەوەی بۆنەیەك لە فەیسبوکدا دروستکەیت؟ بڕۆ بۆ بەکاربەری "بۆنەکان"و لە بەشی سەرەوەی پەڕەکەدا کلێك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی بۆنە" بکە. دەچیتە پەڕەی "هەنگاوی ١: داتای بۆنەکە"، کە لەوێش داتاوی زانیاری سەرەکی بۆنەکەت دەنوسیتەوە.

ناوی بۆنەکەت بنوسە – با ناوێکی ڕەوانبێژو ڕازاوە بێت. پێویست ناکات بەروارو شوێن لە هەمان خانەی ناوەکەدا بنوسیت، چونکە لە خانەکانی داهاتودا دەینوسیت. لە خانەی "پێناسەیەکی پوختە" دەتوانیت ڕستەیەك بنوسیتەوە کە دواتر لە ژێر ناوی بۆنەکەدا دەردەکەوێت – شتێك بنوسە کە سروشتی بۆنەکەی تیا ڕون بێتەوەو دەربڕین لە تایبەتمەندی بۆنەکە بکات.

لە لیستی "تۆڕ"دا، ئەگەر دەتەوێت بۆنەکە لە فەیسبوکدا لەلای هەموان ئاشکرا بێت ئەوا "سەرانسەر" هەڵبژێرە، یان دەتوانیت تەنها تۆڕێکی دیاریکراو هەڵبژێریت.





لیستەکانی "جۆری بۆنە" بەکاربێنە بۆ بژارکردنی برگەی سەرەکی و برگەی لاوەکی. پێناسەی بۆنەکە لە خانەی خۆیدا بنوسەرەوە، لیستەکانیش بەکاربێنە بۆ دیاریکردنی کاتی دەستپێکردن و تەواوبونی بۆنەکە. لە بەشی خوارەوەی چوارگۆشەکە، دەتوانیت شوێن و ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردن زیاد بکەیت، پاشان کلیك لەسەر دوگمەی "دروستکردنی بۆنە" بکە بۆ بەردەوامبون و هەڵنان بەرەو هەنگاوی دواتر.


لەسەر پەڕەی "هەنگاوی ٢: تایبەتکردن"، ناوچەی "دابەزاندنی وێنە" بەکاربێنە بۆ دابەزاندنی وێنەیەك لە کۆمپیوتەرەکەتەوە. پاشان لە خوارەوە هەڵبژاردەکان ڕێکبخە: بڕیار بدە کە ئایا میوانەکان بۆیان هەیە کەسی تر لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، یان ئایا ئەم بۆنەیە پێویستی بە بانگهێشت هەیە. بڕیار بدە کە ئایا دەتەوێت دیوار لەسەر پەڕەی بۆنەکە دەربچێت یان نا، وە ئایا ڕێ ئەدەیت وێنەو فیلمی ڤیدیۆو لینك لەسەر پەڕەکە دەربچێت، یان ئایا میوانەکان بۆیان هەیە ئەو جۆرە شتانە داونلۆد بکەن، یاخود تەنها بەڕێوبەران دەتوانن. لە بەشی خوارەوەی پەڕەکە، دیاری بکە کە ئایا بۆنەکە کراوە دەبێت یان داخراو یاخود نهێنی دەبێت. دواجار، دەسنیشانی بکە کە ئایا ڕێ ئەدەیت ریکلامی ئەم بۆنەیە لە ئەنجامەکانی گەڕاندا

دەربکەوێت. پاش ئەوەی هەمو ئەو هەڵبژاردانە ڕێکدەخەیت، کلیك لەسەر Save بکە بۆ بەردەوامبون.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە ڕێ بدەیت هەندێ کەس بە بۆنەکەت بزانن. لە پەڕەی "هەنگاوی ٣: میوان بانگهێشت بکە"دا، چوارگۆشەکانی هەڵبژاردن بەکار بێنە بۆ دەسنیشانکردنی هاوڕێیان (یان لیستی هاوڕێیان) ئەوانەی کە دەتەوێت بانگهێشتیان بۆ بنێریت.




دەتوانیت خانەی "نامەی تایبەت" بەکار بێنیت بۆ نوسینەوەی سڵاوێکی کورت لەبۆ ئەو کەسانەی بانگهێشتیان دەکەیت. دەشتوانیت چوارگۆشەی "بانگهێشتکردنی کەسانێك لە فەیسبوکدا تۆمار نەکراون لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە" بەکاربێنیت بۆ ناردنی نامە بۆ هاوڕێیانێك کە لە فەیسبوکدا بەشدار نین.



پاش ئەوەی لە ناردنی بانگهێشتەکان تەواو دەبیت، کلیک لەسەر دوگمەی "تەواوکردن و نیشاندان" بکە کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پەڕەکە تاکو پەڕەی بۆنەکەت ببینیت.

**Invite People via Email**

Enter emails separated by commas

## ڕەواجکردن بۆ بۆنەکەت لە فەیسبوك

ئەگەر ئەو بۆنەیەی کە دروستت کردوە بۆ هەموان کراوەیەو هیوات وایە خەڵکێکی زۆری لێ کۆبکەیتەوە، ئەوا چەندان ڕێگا هەیە بۆ ڕەواجکردن لە فەیسبوك. بێگومان، یەکەمین و گرنگترین هەنگاو ئەوەیە بانگهێشت بنێریت نەك تەنها لەبەر ئەوەی بانگهێشتکراوان لە بۆنەکە ئاگادار بکەیت، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەرکەسێکیان کلیکی لەسەر "بەڵێ" کرد، ئەوا ڕەنگە کورتەیەکی هەواڵ لەو بارەوە بڵاوبێتەوەو هاوڕێکانی ئەویش لەو بۆنەیە ئاگادار بکات، ئەمەش پشتوێنەی جەماوەرەکەت فراوان دەکات. دواجار، ئەمە سەرکەوتوترین ڕێگەیە بۆ ڕەواجکردن بۆ بۆنەکەت لە فەیسبوك.

ئەمانەی خوارەوە چەند ستراتیجیەتێکی باشی ترن:

- کاتێك کە بۆنەکەت دروستدەکەیت، دڵنیابە لەوەی کە ناوەکەی سەرنجڕاکێشە. میوانەکان تەنها شتێك کە لە بانگهێشتەکەدا دەبینن ناوی بۆنەکەیە، بۆیە دەبێ شتێك بێت کە سەرنجیان بەلای بۆنەکەدا ڕابکێشێت. هەوڵبدە نەختێك خوشدوی تیا بەکار بێنیت.
- کاتێك کە بانگهێشتەکانت دەنێریت، هەوڵبدە خانەی "نامەی تایبەت" بەکاربێنە تا سڵاوێکی کورتی لەگەڵدا بنێریت. ئەمە یارمەتیت ئەدات لەوەی سەرنجی میوانەکان ڕابکێشیت و ئەگەری وەڵامدانەوەیان زیاد بکەیت (یان لانی کەم سەردانی پەڕەی سەرەکی بکەن).
- لە نوێکردنەوەی ڕەوشەکەتدا باسی بۆنەکەت بکە.
- تێبینییەك لە بارەی بۆنەکەوە بنوسە.

- لە دۆسیەکەتدا بۆنەکە بڵاو بەکەرەوە بە بەکارهێنانی دوگمەی share "بەشداریپێکردن" لە پەڕەی بۆنەدا. لەیادت بێت کاتێك کە تۆ شتێك لە دۆسیەکەتدا بڵاودەکەیتەوە، هەواڵەکە لە کورتەی هەواڵەکانی هێمای دەروازەی "لینك"ی هاوڕێکانیشتدا بڵاو دەبێتەوە.
- وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی و لینك لە پەڕەی بۆنەکەتدا بڵاو بکەرەوە، گفتوگۆش لەسەر پەڕەی بۆنەکەت بنێرەوە. هەر کاتێك کەسێ لەسەر وێنەیەك یان ڤیدیۆیەکی بۆنەکەت کۆمێنتی نوسی کورتە هەواڵی لەبارەوە بڵاو دەبێتەوە، کاتێکیش کەسێك کۆمێنت دەنوسێت، تۆش بە سوپاسەوە وەڵامی بدەرەوە تاکو گفتوگۆکە بەردەوام بێت.

ئەنجامێکی هەرە باش بەدەست دێنیت ئەگەر هەمو ئەم کارانەت ئەنجامداو وادەی نێوانیان لەیەك دور بو، تاکو وەك زیادەڕەوی نەیەتە بەرچاو.

دواجار، ئەگەر بڕیارتدا لە فەیسبوکدا ریکلام بۆ بۆنەکەت بکەیت، ئەوکات ئاسان دەبێت. لەسەر پەڕەی بانگهێشتەکان لینکێك هەیە تێیدا نوسراوە "ڕەواجکردن بۆ بۆنەیەك بە ریکلام"، کلیکی لەسەر بکە تا پرۆسەی دروستکردنی ریکلام لە فەیسبوك دەست پێبکات. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ریکلامی فەیسبوکەوە بەشی ١١ بخوێنەرەوە.

## بەڕێوەبردنی بۆنە





دوای ئەوەی بۆنەکەت دروست دەکەیت، دەتوانیت لە خودی پەڕەی بۆنەکەدا لیستی میوانانو گشت هەڵبژاردەکانی تر بەڕێوەبەریت. لە لیستی لینکەکانی ژێر وێنەکە، دەتوانیت بۆنەکە هەڵوەشێنیتەوە ئەگەر پێویست بکات. هەر لەوێ دەتوانیت میوانی تر بانگهێشت بکەیت، زانیاری گونجاو بنوسیتەوە، لیستی ئامادەبوانە تایپ بکەیت، نامەی "پۆستی هاتو" بۆ گشت میوانان بنێریت.

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی هەبو لە ئەرکەکانی میوانداریدا، دەتوانیت بەڕێوەبەر بۆ بۆنەکەت دابنێیت بە کلێك کردن لەسەر لینکی "نوسینەوەی لیستی میوان" لەسەر پەڕەی بۆنە، پاشان کلێك لەسەر "بیکە بە بەڕێوەبەر" بکە لە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی کە دەتەوێت پلەی بەرز بکەیتەوە.

## جەژنەکانی لەدایکبون لە فەیسبوک

## پیرۆزبایی بە درێژایی ساڵ




ئەگەر پرس بە بۆچونی من دەکەیت (بەو هۆیەی کەوا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، پێموایە لێت پرسیوم)، یەکێ لە خۆشترینو بەچێژترین شتی نێو فەیسبوک ئەوەیە کە هەمو ڕۆژێك جەژنی لەدایکبونی کەسێکە. جوانە ئەگەر هەمیشە هاوڕێکانت بزانن چەندێ لەلای تۆ جێی بایەخن، فەیسبوك چەند ڕێگەیەکی ئاسانت بۆ دابین دەکات لەبۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

بەڵام لێگەڕێ با دان بەڕاستیدا بنێین: هەتا تەمەن بکەیت هاوڕێیانت زیاد دەکات، هێندەش زیاتر بەیادهاتنەوەی بەروارەکانت لەلا قورس دەبێت. خۆشبەختانە بە بونی فەیسبوک چیتر ناچار نیت بەوەی بە یادیاندا بێیتەوە – تەنها ئەوەنەت لەسەرە چاودێری ناوچەی "بۆنەکان" بکەیت لە پەڕەی سەرەکیتدا، فەیسبوک بەر لە جەژنی لەدایکبونی هاوڕێکانت بە چەند ڕۆژێك بۆنەکەت بە یاددا دێنێتەوە.

کاتێك کە جەژنی لەدایکبونت دێت، دەتوانیت پێشبینی ئەوە بکەیت کە دیوارەکەت سەرڕێژ دەبێت لە پیرۆزبایی لەلایەن هاوڕێکانتەوە – تەنانەت ئەوانەشی کە زۆر جار یادی لەدایکبونتیان لەبیر دەچێتەوە – چونکە فەیسبوك سەرنجیان بۆ ئەو بۆنەیە ڕادەکێشێت. ئیدی ڕۆژانی تری ساڵ، دەبێ تۆ ڕۆژە تایبەتەکانی هاوڕێکانت وەبیر بێتەوە. بێگومان، هەموان جەژنی لەدایکبونیان لە فەیسبوکدا ئاشکرا ناکەن، بۆیە ڕەنگە هەندێ هاوڕێت هەبێ لە ئاگاداری جەژنی لەدایکبونی فەیسبوکدا دەرنەچن. بەڵام بۆ ئەوانی تر، ئەمانەی خوارەوە چەند ڕێگایەکی کەیف بەخشن بۆ ناردنی پیرۆزبایی:

١- نامە لەسەر دیوارەکەیان بنوسە. ئەمە ئاسانترین ڕێگایە. داهێنانیش هەمیشە شتێکی خوازراوە – بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەگەر هیچت وەبیردا نەهات بینوسیت، ئەوا تەنها ڕستەی "جەژنی لەدایکبونت پیرۆز" بەسە.

٢- نامە بنێرە، بە بەکارهێنانی یەکێ لەو بەکاربەرانەی کە لە بەشی ٦ باسمانکرد.

٣- SuperPoke بەکاربێنە "تاکو کێك بۆ هاوڕێکەت بنێریت". بەکاربەری تریش هەیە کە دەتوانیت بۆ جەژنەکانی لەدایکبون کەڵکیان لێ وەربگریت.

٤- فیلمی ڤیدیۆ بڵاوبکەرەوە. گۆرانییەك پێشکەش بکە یان فیلمێکی ڤیدیۆ دابەزێنە کە دەزانیت هاوڕێکەت دەخاتە پێکەنین.

## بەرنامەکانی تری ڕۆژمێر

جگە لە بەکاربەری "بۆنەکان"، چەند بەکاربەرێکی تر هەیە کە دەتوانێت لە کاروباری ڕۆژمێرو خشتەدا یارمەتیت بدات. ئەمانەی خوارەوە سیان لە بەناوبانگترین بەکاربەرەکانە (دەتوانیت هەمویان لە ڕێبەری بەکاربەراندا بدۆزیتەوە):

- Birthday Calendar ئیش لەسەر جەژنەکانی لەدایکبون دەکات. ڕێگەت ئەدات چوارگۆشەیەك لە دۆسیەکەتدا لە تەنیشت وێنەی دۆسیەکەت دابنێیت کە لیستێك بەناوی ئەو هاوڕێیانەتەوە بلاودەکاتەوە کە جەژنی لەدایکبونیان نزیك بوەتەوە. لە نێو بەکاربەرەکەدا دەتوانیت جەژنی لەدایکبونی هەمو هاوڕێکانت لە فەیسبوکدا ببینیت. کۆمەڵێك پیرۆزبایی و دیاری ئەلیکترۆنی لەناو خودی بەکاربەرەکەدا هەیە.
- SocialCalendar بریتیە لە ڕۆژمێرێکی فەرمی، جگە لە جەژنەکانی لەدایکبون، ڕێگەت ئەدات بەدواداچون بۆ بۆنە سالانەیەکان و دیدارو بۆنە کۆمەلایەتیەکانی تر بکەیت. هەروەها ڕێگەشت ئەدات لیستی پەسەندەکانت بلاو بکەیتەوەو بەراورد بکەیت بۆ ئاسانترکردنی سەندنی دیاری.
- Weeldy Schedule ڕێگەت ئەدات چوارگۆشەیەك لە دۆسیەکەتدا دابنێیت کە خشتەی ژوانە فەرمیەکانی چالاکیەکانت دەردەخات، تاکو هاوڕێکانت بزانن چ کاتێك بواری بینینی ئەوانت هەیە. دەتوانیت ڕاستەوخۆ لەناو خودی بەکاربەرەکەدا ژوانەکانت بەراورد بکەیت بە ژوانی هاوڕێکانت.

11

# ڕوپەڕەکانو ڕیکلام

بەخێربێیت بۆ بەشی ڕوپەڕەکان. هەزاران پەڕە لە فەیسبوکدا هەیە، بەڵام تەنها هەندێکیان ڕوپەڕەن.

وەك چەند جارێك لە بەشەکانی پێشودا ئاماژەم پێدا، ڕوپەڕی فەیسبوك جۆرێکی تایبەتە لە دۆسیە ڕێگە بە کەسایەتیە گشتیەکانو دامەزراوەو کۆمپانیاکان ئەدات بە ئاسانی پەیوەندی بە هەواداران و لایەنگرانو کڕیارانەوە بکەیت. ڕوپەڕەکان زانیاری دیموگرافی بەسود لەبارەی جوڵەی هاتوچۆوە پێشکەش دەکەن تا ڕێگە بدات بە بەرپرسانی ڕوپەڕەکە بە ئاگابن لەو میوانانەی سەردانی ڕوپەڕەکە دەکەن.

ڕوپەڕەکان چەندان تایبەتمەندی هەیە کە لە میانەی ئەم بەشەدا باسی دەکەین. سەرەتا باس لەوە دەکەین کە چۆن ڕوپەڕی ئەو کەسایەتیو دامەزراوانە دەدۆزیتەوە کە تۆ هەوادارییانیت. پاشان باس لە چۆنیەتی دروستکردنی ڕوپەڕو بەڕێوەبردنیو ڕەواج بۆکردنی دەکەین. لە کۆتایی بەشەکەدا باس لە چۆنیەتی سود وەرگرتن لە ریکلامەکانی فەیسبوك دەکەین. دواجاریش، چاوێك بە بەرنامەی بازردا دەخشێنین.

## شتە سەرەکیەکانی ڕوپەڕەکانی فەیسبوك

بەڕواڵەت، ڕوپەڕەکانی فەیسبوك زۆر لە پەڕەی گروپو بۆنەکان دەچێت. لە سەرەوە شوێنێك هەیە بۆ وێنە یان لۆگۆیەك کە پێناسە لە ڕوپەڕەکە بکات، پانتاییەکیش هەیە بۆ پێدانی زانیاری بنەڕەتی، چەند چوارگۆشەیەکیش بۆ وێنەو فیلمە ڤیدیۆو بۆنەکان. هەواداران بە بەکارهێنانی دیوارو گۆڕەپانی گفتوگۆ دەتوانن مامەڵەو گفتوگۆ لە گەڵ یەکتردا بکەن.



Treasure Island

Basic Information

Thousands of slots. Rows upon rows of blackjack tables. Mouth-watering food, top notch entertainment and luxurious accommodations. It's no wonder Treasure Island Resort & Casino is the upper Midwest's premier entertainment destination.

What has started as a one-room bingo hall in 1984 has grown into a Caribbean getaway filled with sights, smells and experiences you won't find anywhere else. The Island features picturesque views of rolling Minnesota prairies and scenic bluffs of the Mississippi River Valley. Some of the most unique offerings include a marina, golf course and 150-passenger cruise ship. With nearly 1,500 employees, Treasure Island Resort & Casino is the largest employer in Goodhue County. To see the jobs we...


To make Treasure Island Resort & Casino the upper Midwest's premier entertainment destination.

بـەڵام ڕوپـەڕەکان چـەند تایبەتمەندیـەکی نایـاب بـەو کەسـانە دەبەخـشن کـە دروستی دەکەن:

- لـە ڕوپەڕەکاندا دەتوانیت نوێکاری بۆ ژمارەیەکی بێسنور لـە هـەواداران و لایـەنگران بنێریـت (بـەڵام لـە گروپـدا بەڕێوبـەران دەتـوانن نامـە بـۆ تـەنها ٥,٠٠٠ ئەندام بنێرن).
- بەڕێوبـەرانی ڕوپـەڕەکان ناچـار نـین بـەوەی لەسـەر داواکـاری هاوڕێیـەتی ڕازیبن. کاتێـك کـە کەسـەکان بڕیـار ئـەدەن ببنـە هـەواداری ڕوپەڕەکـەت، بـە شێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی ڕەزامەنـدیان بـۆ دێتـەوە – ئەمـەش دەتوانـێ کـاتی زۆر بگێڕێتەوە بە تایبـەت ئەگـەر ڕوپەڕەکـەت سـەرنجی سـەدان یـان هـەزاران هەوادار ڕابکێشێت.
- دەتوانیت ڕوپەڕ بە بەکاربەر تایبەتمەند بکـەیت. بـەڵام لـە گروپـدا ناتوانیـت ئەم کارە بکـەیت.
- بەڕێوبەران داتایان دێتە بەر دەست لە بارەی جوڵـەی هاتوچۆو چالاکی نێو ڕوپەڕەکەیان.


# چۆن دەبیتە هەوادار، گەڕان بەشوێن ڕوپەڕەکانی فەیسبوك و بەشداریکردن تییدا!

ئەگەر بەردەوام تەماشای کورتەی هەواڵەکان و دۆسیەی هاوڕێکانت بکەیت، دەبینی هەواڵ لە بارەی ڕوپەڕەوە بڵاو دەبێتەوە – پێت ڕادەگەیەنێت کە یەکێ لە هاوڕێیان "بوەتە هەوادار"ی هونەرمەندێك یان فیلمێك یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان جێشتخانەیەکی خۆماڵی یاخود کۆمەڵەیەکی خێرخوازی (ئەگەر ڕوپەڕەکە لە بارەی کەسایەتیەکی سیاسیەوە بو، هەواڵەکە دەڵێ "بویتە لایەنگری" لەبری ئەوەی بڵێ "بویتە هەواداری").




دەتوانیت کلیك لەسەر ناوی ڕوپەڕەکە بکەیت بۆ سەردانکردنی، تۆش بۆ خۆت دەتوانی ببیتە هەوادار یان لایەنگری ئەگەر بتەوێت. بەڵام ناچار نیت بەوەی چاوەڕێی هەواڵ بکەیت تا ئەم کارە ئەنجام بدەیت. ئەگەر بە پرسەوە بویت بۆ ڕوپەڕی کەسێك یان شتێك، دەتوانیت بەشوێنیدا بگەڕێیت بە بەکارهێنانی خانەی گەڕانی سەر پتیلەی شین.

پاش ئەوەی ئەو ڕوپەڕە دەدۆزیتەوە کە دەتەوێت ببیتە هەواداری، تەنها ئەوەنەت لەسەرە کلیك لەسەر لینکی "ببە بە هەوادار" بکەیت کە دەکەوێتە لای چەپی بەشی سەرەوەی ڕوپەڕەکە. کاتێك دەبیتە هەواداری، سێ شت ڕوئەدات: یەکەم، هەواڵێك لە کورتەی هەواڵەکاندا لەبارەیەوە دادەبەزێت، دووەم، ڕوپەڕەکە دەچێتە ناوچەی "ڕوپەڕەکان"ی هێمای دەروازەی "زانیاریەکان".




سێهەمیش، دەبیتە بەشداربوی ئەو ڕوپەڕەو هەر نوێکارییەك لە ڕەوشەکەیدا بکرێت بۆ تۆش دێت.

سەرنج: ئاسانە لە ڕوپەڕێك جودا ببیت ئەگەر بڕیارتدا کە تۆ چیتر ناتەوێ هەواداری یان لایەنگری بیت، تەنها بڕۆ بۆ ڕوپەڕەکەو کلیك لەسەر لینکی "بمسڕەوە لە لیست" بکە.

پاش ئەوەی دەبیتە هەوادار یان لایەنگری ڕوپەڕێك، ئەوا لە نوێکاریەکانیدا بەشداریت کردوە، کە بریتیە لە نامەگەلێك کە بونیاتنەری ڕوپەڕەکە یان یەکێ لە بەڕێوبەرەکانی دەینێرێت. ئەگەر ڕوپەڕەکە هی هونەرمەند بو، ئەوا ڕەنگە نوێکاریت لە بارەی کۆنسێرتەکانی داهاتویەوە یان ئەلبۆمە نوێکەیەوە بۆ بێت. ڕەنگە ڕوپەڕەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان نوێکاری لە بارەی وەرزی نوێ یان نوێترین فیلمی سینەماییەوە بنێرن، لە کاتێکدا ڕەنگە ڕوپەڕی سیاسەتمەدارەکان جەخت لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن یان پرسە سیاسیەکان بکاتەوە.

هەر نوێکاریەکت لە هەر ڕوپەڕێکەوە بۆ بێت، ئەوا دەبینی لە ستونی چەپی پەڕەی سەرەکیتدا هەڵواستراوە. کلێك کردن لەسەر یەکێ لەو تێبینیانە دەتبات بۆ پەڕەی نوێکاریەکان (کە دەشتوانی بە کلێك کردن لەسەر هێمای دەروازەی "نوێکاریەکان"ی پۆستی هاتودا بیگەیتێ). لە پەڕەی نوێکاریەکاندا هەمو نوێکاریە نوێکانت بە ڕیزکراوی دەبینیت.

ئەو ستونەی کە دەکەوێتە لای چەپەوە هەمو ئەو ڕوپەڕانەت بۆ نیشان ئەدات کە بەشداریت تێدا کردون: کلێك کردن لەسەر ناو تەنها نوێکاری ئەو ڕوپەڕە دیاریکراوەت نیشان ئەدات.




## هەڵبژاردنی بۆنەهاتنی نوێکاری

ئەگەر دەتەوێت چیتر نوێکاریت لە ڕوپەڕێکەوە بۆ نەیەت کە پێشتر بەشداریت تێدا کردوە بێ ئەوەی خۆت بکێشیتەوە لە لیستی هەوادارانی — دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "پێمباشە خۆم بکێشمەوە" بکەیت لە ژێر هەر نوێکارییەکی ئەو ڕوپەڕە. دەتوانیت کلێك لەسەر لینکی "هەموارکردنی ئامادەکاری نوێکاریەکان"

بکەیت (کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی ستونی چەپی سەر پەڕەی نوێکاریەکان) تا ئامادەکاری نوێکاریەکانی هەمو ئەو ڕوپەڕانە ببینیت کە بەشداریت تێدا کردون. ئیدی لەوێش دەتوانیت نوێکاری هەر یەکیان لەکارخەیت یان بخەیتەوە کار.

## ڕوپەڕە ساختەکان: لەسەر بەرپرسایەتی خۆت مەلە بکە

لە ڕوی تەکنیکییەوە، فەیسبوک ڕێ بە کەسێك نادات ڕوپەڕ دروست بکات ئەگەر نوێنەری مۆڵەتپێدراوی ئەو کەیانە نەبێت کە ڕوپەڕەکە نوێنەرایەتی دەکات. دواجار فەیسبوک جەخت لەسەر شوناسی ڕاستەقینە دەکات، بۆیە سیاسەتی لە بارەی ڕوپەڕەکانەوە هەمان سیاسەتە کە بەرامبەر بە دۆسیەکان هەیەتی: ناوی ساختەو هەڵگرتنی کەسێتی خەڵکی تر قەدەغەیە.

بەڵام لەڕوی پراکتیکییەوە، ڕێبەری فەیسبوک سەرڕێژە لەو ڕوپەڕانەی کە هەوادارانێك دروستیانکردوە کە بە حەسرەتەوە بون بۆ گرتنی پانتاییەك لە فەیسبوك لەبۆ هونەرمەندە پەسەندەکەیان.

ئەوەشی کە شتەکان هێندەیتر ئاڵۆزدەکات ئەوەیە کە هەرگیز ئاسان نییە جیاوازی لە نێوان ڕوپەڕی ئەصڵی و ڕوپەڕی ساختەدا بکرێت – بێگومان ئەمە ئەو کەسە ناودارانە ناگرێتەوە کە لەمێژە مردون (بۆنمونە کەسێك وەك شکسپیر).


ئەگەر بڕیارتدا ڕوپەڕێکی لەو جۆرە هەڵبژێریت، یان ببیتە هەواداری یەکیان، وریابە ڕەنگە فەیسبوك هەر کاتێك بێت ڕوپەڕەکەت لەکارخات – بە تایبەت ئەگەر فەیسبوك هۆکاری هەبێت بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بێنێت کە بەڕێوبەرانی ڕوپەڕەکە بۆ ئەوەی بەکاردێنن بە ساختە نوێنەرایەتی کەسایەتیەك بکەن.

ئەگەر دەتەوێت خۆشەویستی بۆ کەسایەتیەکی گشتی یان دامەزراوەیەك دەربڕیت کە ڕوپەڕی نییە، باشترین شت کە بیکەیت ئەوەیە گروپێك دروستکەیت کە تۆو هەوادارانی تریش دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو بە بێ ساختە مامەڵەو گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن.

# 12

## فەیسبوك لە کۆمپانیاکاندا

ڕەنگە زەحمەت بێت بتوانرێت پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان کارو ژیانی تایبەتدا بدۆزرێتەوە. بۆیە سەیر نییە گەر ڕوکەشی نێوان فەیسبوك‌و نێوان کاتەکانی کار دودڵییەك دروستبکات. فەیسبوك تایبەتە بە کەیف وەرگرتن‌و هەڵنان بە ئازادی لە نێو سپەیسی کۆمەڵایەتیدا، لە کاتێکدا کاتی کار تەنها تایبەتە بەکار.




بۆیە ئەم بەشە باس لە چۆنیەتی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو جیهانە دەکات. سەرەتا بەو پرسیارە باوە دەستپێدەکەین کە ئایا دەکرێ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکەت تێکەڵ بە کارەکەت بکەیت، وە ئایا دەتوانرێ جودا لەیەك کاریان لەسەر بکرێت. پاشان باس لەوە دەکەین کە فەیسبوك چۆن دەتوانێت ڕۆڵ‌و کاریگەری هەبێت لە گەڕان بە شوێن کاردا.

دواجار، هەندێ سەرنج دەخەینە ڕو سەبارەت بە مانەوەت لە نێو تۆڕەکەتدا لە فەیسبوك تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە شوێنانێکدا کاردەکەیت فەیسبوکی تێدا یاساغکراوە.

## ئایا دەكرێ هاوڕێیەتی لەگەڵ بەڕێوبەرەكەتدا ببەستیت؟

## فەیسبوك و سیاسەتی ئۆفیس

لەو هەواڵانەدا كە لە سەرچاوەكانی ڕاگەیاندندا لەبارەی فەیسبوكەوە دەیخوێنمەوە، هەواڵێك هەیە كە جار لەدوای جار دوبارە دەبێتەوە: ئایا دەكرێ هاوڕێیەتی لەگەڵ بەڕێوبەرەكەتدا لە فەیسبوك ببەستیت؟.

ئاخ، جاران ژیان كەمتر لە ئێستا ئاڵۆزبو، كاتێك كە لێكئالانی كۆمەڵایەتی تەنها بە مانای بڵاوكردنەوەی كارتی پیشە دەهات لە ئاهەنگەكاندا. هیچ كەسیش ترسی لەوە نەبو كە یەكێك لە فەیسبوكدا تەماشای دۆسیەكەی بكـ ـات و كۆمێنتە گاڵتەئامێزەكانی هاوڕێ و دۆستەكانی بخوێنێتەوە.

پتر لەوەش ڕەوشی پیشەیی هەموان جیاوازە لەوی تر. چونكە هەمە پیشەیی دەبێتە هۆی هەمە پەیوەندی جیاواز لە نێو جۆرەها كەسی جیاوازدا. لەگەڵ ئەوەشدا، وەڵامێكی ئاسانت ئەدەمەوە سەبارەت بەم پرسیارە سەردەمیە ئاڵۆزە: بەڵێ، دەكرێ ببیتە هاوڕێ لەگەڵ بەڕێوبەرەكەتدا لە فەیسبوك.

چونكە تەنانەت ئەگەر بەڕێوبەرەكەت جیاوازی نەكات لەنێوان فەیسبوك و ماڵپەڕێكی تردا، دەبێ وا هەڵس و كەوت بكەیت كە وەكو وابێت پێشتریش لە لیستی هاوڕێكانتدا بوە. ئەو كەسانەی كە تا ئەمڕۆ بەشداریان لە فەیسبوكدا نەكردوە ڕێگایەكیان هەیە بۆ ئەوەی لەپڕ دەركەون بەشێوەیەك كە تۆ هەرگیز چاوەڕوانی نەبویت. ڕەنگە ئەوە سێ تا شەش مانگ بخایەنێت، بەڵام كاتێك كە خێرایی گەشەسەندنی ئەمڕۆی فەیسبوك لە بەرچاو دەگرێت – بە تایبەت كەسە بەتەمەنداچوەكان – ئەوكات ئەگەری ئەوە زۆر دەبێت كە بەمزوانە بەڕێوبەرەكەت داوای هاوڕێیەتیت لێدەكات.

كە ئەو ڕۆژەش دێت، زەحمەتە ئەگەر داوای هاوڕێیەتی بەڕیوبەرەكەت پشتگوێخەیت. وەگەر پێشتر دۆسیەكەت شایەنی ئەوە نەبو كە بەڕێوبەرەكەت بیبینێت، ئەوا شێرزانە دەست دەكەیت بە پاككردنەوەی دیوارو وێنەو ئامادەكاری تایبەتمەندیەكانت، بەر لەوەی كلیك لەسەر دوگمەی "ڕازیبون" بكەیت. ئیدی بۆچی پێشوەخت لێكدانەوەی خۆت ناكەیت؟

ئەقلانی ترین ستایل بیگریتە بەر ئەوەیە پێوەرە پیشەییەکانی پیشەکەت لە بەرچاو بگریت – یان ئەو پیشەی کە هیوات وایە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەدەستی بێنیت – پاشان لە دوسیەکەتدا ئەنجامی بدەیت. ئەگەر دۆسیەکەت بپارێزیت لەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی شەرمەزاری، ئەوا هەر کاتێك بێت دەتوانیت داواکاری هاوڕێیەتی بەڕێوبەرەکەت بێ هیچ دودڵییەك قبوڵ بکەیت.

ئەمە لە هەندێ دۆخدا مانای وایە کە هەندێ پەیوەندی بە نهێنی لە گەڵ هاوڕێکانتدا بکەیت، لە ڕێگەی نامەی "پۆستی هاتو" یان ئامرازەکانی تری تایبەتمەندی. ئەگەر هاوڕێیەکت هەبو حەزی دەکرد نوکتەی شەرماوی لەسەر دیوارەکەت بلاوبکاتەوە، ئەوا ڕەنگە واباش بێت پێشوەخت قسەی لەگەڵ بکەیت کە بۆچی بەردەوام بلاوکراوەکانی دەسڕیتەوە.

دەشێ هەمان بیرکردنەوەت هەبێ سەبارەت بە هاوەلانت. ڕەنگە هەوڵبدەیت هێڵێکی باریك لە نێوان هاوەلانت و هاوڕێکانت بکێشیت. لە کۆتاییدا، ناچار نیت بەوەی هەمو خۆشی و کەیفێك لە ژیانتدا لە نێو فەیسبوك دەرکەیت لە پێناو ئەوەی جێدەستێکی پیشەیی بەسەر دۆسیەکەتەوە جێبێڵیت – دۆسیەکەت وابێنە بەرچاوت کە تەواوکاری کەسایەتی ژیانی ڕۆژانەتە، واتە هاوسەنگیەك بپارێزە لە نێوان ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتت.

## فەیسبوك و گەڕان بەشوێن پیشەدا

فەیسبوك توانای ئەوەی هەیە لەیەك کاتدا فاکتەرێکی هاوکارو فاکتەرێکی ڕێگر بێت بۆ دۆزینەوەی پیشە. چونکە لە لاینی ئەرێنییەوە، لە لێکئالانی کۆمەلایەتیدا، فەیسبوك هەواڵەکە بە ئاسانی دەگەیەنێتە تۆڕە کۆمەلایەتیەکەت. دەتوانیت نوێکردنەوەی ڕەوشەکەت بەکار بێنیت بۆ ئاگادارکردنی هاوڕێکانت – داوایان لێبکە هەر پیشەیەك هەبێ ئاگادارت بکەن.

گفتوگۆ گشتیەکانی تری فەیسبوك دەتوانێت کەڵك بەخش بێت. ئەگەر چاودێری دیوارو نوێکاری ڕەوش و کۆمێنتی هاوڕێکانت بکەیت، ڕەنگە کەسێك باس لە پیشەیەکی چۆڵ بکات.

گروپەکانی فەیسبوك سەرچاوەیەکی باشن: ڕەنگە بتوانیت گروپی پەیوەندیدار بە پیشەکەتەوە بدۆزیتەوە، دەتوانیت لەوێ پەیوەندی نوێ لە گەڵ کەسانێکدا بکەیت کە لە هەمان خانەی تۆدا کاردەکەن بەڵام لە دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتیەکەی تۆن.

ئەی لە بارەی لایەنە نەرێنیەکەیەوە چی؟ باشە، وەك لە بەشی ٤ باسمانکرد، زۆرێك کۆمپانیا دۆسیەی فەیسبوکی ئەو کەسانە دەپشکنن کە داوای کار پێشکەش دەکەن، بەشوێن هۆکاردا دەگەڕێن بۆ قبوڵکردنی یان ڕەتکردنەوەی داواکاریەکە.

بەپێی ڕاپرسیەك کە CareerBuilder بەسەر بەڕێوبەرانی ئەمریکادا ئەنجامیدابو، دەرکەوت کە زیاترین هۆکاری ڕەتکردنەوەی داواکاری کار دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دۆسیەکانیاندا لە فەیسبوك گەڕاونو چەند نیشانەیەکیان دۆزیوەتەوە کە وادەردەخات کهول خۆرنو مادەی هوشبەر دەکێشن، وێنەی خراپیان بڵاوکردۆتەوە، یان کۆمێنتی خراپیان لە بارەی ڕەگەزو ئاینەوە بڵاوکردوەتەوە.

زۆرێك خەڵك چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە بەمزوانە کاتێك دێت کە وێنەیەکی شەرماوی دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی هەر هیوایەکی دامەزراندن. ژمارەی ئەو کەسە لاوانەی کە بەشێوەیەکی کراوە لەسەر ئەنتەرنێت ژیانی خۆیان بەڕێ دەکەن لە زیادبوندایە، کاتێکیش کە دەگەنە تەمەنی گونجاو بۆ دامەزراندنو چونە ناو بازاڕی کار، ئەوکات زەحمەت دەبێت بۆ خاوەنکاران کارمەندانێکی وەها بدۆزنەوە کە ژیانیان لەسەر ئەنتەرنێت تێوەنەگلابێت.

لە نەوەکانی سەدەی پێشودا، لە بازاڕی کاردا بۆڵەبۆڵو مشتومڕێکی گەورە دروست بو کاتێك کە کۆمپانیاکان بڕیاریاندا دەستکەن بە دامەزراندنی ئەو کەسانەی تاتویان هەیە. چونکە بەڕێوبەرەکان دەرکیان کرد کە تەسك کردنەوەی پشتوێنەی دامەزراندن لەسەر ئەو کەسانەی خاوەن هەڵسو کەوتی باون نەرێنیانە بەسەریاندا شکاوەتەوە، چونکە ئەوە کەسانێکی خاوەن بەهرەو لێهاتوی لێ دورخستونەتەوە. بە هەمان شێوە، دواجار بەڕێوبەرە زیرەکەکان بۆیان دەردەکەوێت کە ڕەتکردنەوەی کەسێك بەهۆی وێنەیەکی گوماناوییەوە ڕەنگە کۆمپانیاکەیان لە بازنەی بەهرەمەندەکان دوربخاتەوە.

## پشكنینی فەیسبوك   بەبێ پشكنینی فەیسبوك بە راستی

جێی داخە گەر لە هەندێ سەنتەری كاردا بە نامتمانەیی تەماشای فەیسبوك بكرێت – بە تایبەت كە فەیسبوك لە توانایدایە وەك ئامرازێكی پەیوەندیكردن بەكەڵك بێت بۆ گروپەكانی كارو تیمی پرۆژە، وە ڕێگەیەكی نایابە بۆ وەرگرتنی زانیاریو وەڵامدانەوەی پرسیار، وە بێگومان مەكۆیەكی نایابە بۆ یەكتر ناسین. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ كۆمپانیا بە كاتكوژو بێ بەرهەمی دەزانن، وە ڕێگە نادەن لە تۆڕی ئۆفیسەكانیاندا سەردانی فەیسبوك بكرێت.

ئەگەر لە كۆمپانیایەكدا بویت تێیدا بەكارهێنانی فەیسبوك قەدەغە بو، ڕەنگە بە تەواوی بەدبەخت نەبیت – چونكە چەند ڕێگایەك هەیە بۆ بە ئاگابون لە ڕوادوەكانی فەیسبوك بێ ئەوەی بە ڕاستی بچیتە فەیسبوكەوە.

## ئاگاداریەكانی پۆستی ئەلیكترۆنی

وەك پێشتر لە بەشی ٢ باسمانكرد، فەیسبوك بەردەوام ئاگاداری بۆ پۆستە ئەلیكترۆنیەكەت دەنێرێت هەر كاتێك كە كەسێك لەسەر دیوارەكەت شتی نوسی یان نامەیەكی "پۆستی هاتو"ی نارد، لە گەڵ زۆرێك شتی تردا. ئاگاداریەكانی پۆستی ئەلیكترۆنی تەواوی نوسینی ئەو نامەنەی تێدایە كە بۆ فەیسبوكەكەت دێت، تاكو تەنها لە ڕێگەی پۆستی ئەلیكترۆنیەوە بزانیت هاوڕێكانت چیت بۆ دەنێرن. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە برگەی "گۆڕینی ئامادەكاری ئاگاداریەكان" لە بەشی ٢ بخوێنەرەوە.

## پوختەكانی RSS

وەك لە بەشی ٥ باسمانكرد، دەتوانیت لە چەندان جۆری كورتە هەواڵی فەیسبوكدا بەشداری بكەیت – بە ئاگاداریەكانیشەوە، لە گەڵ نوێكردنەوەی ڕەوش و لینكو تێبینی هاوڕێكانیشت. دەتوانیت تەماشای ئەو پوختانە بكەیت بە

بـــەكارهێنانی بینگەرەكـــەت، یـــان خوێنـــەری RSS وەك خوێنـــەری گـــوگڵ یـــان Bioglines.

## پتیلەی ئامرازەكانی فەیسبوك لە فایەرفۆكس

ئەمـەیان هاوكاریـت ناكـات ئەگـەر ماڵپـەڕی فەیسبوك بـە تـەواوی یاسـاغكرابو. بەڵام دەشێ بە كەڵك بێت ئەگەر فەیسبوك كراوەبو، بەڵام هـەبونی كلێشەی فەیسبوك بە كراوەیی لەسەر بینگەرەكەت بەدرێژایی رۆژ ڕەنگە دیمەنێكی خـراپ ببەخشێت. لـە كاتی جێگیركردنی پتیلەی ئامرازەكاندا (كە لە بەشـی ٧ ڕونكراوەتـەوە)، هـەر شـتێكی گرنگ ڕوبدات ئاگادار دەكرێیت – وەك بڵاوكردنەوەی شتێكی نوێ لەسـەر دیوارەكـەت یـان نامـەی "پۆسـتی هـاتو". ئەمـە دەبێـت یارمـەتیت بـدات لـەوەی سـەردانەكانت بـۆ فەیسبوك لە كاتی كاردا بە كورتی بهێڵیتەوە.

# 13

## کارکردن لەسەر مۆبایل

ئایا بۆتم باسکردوە کە بەکارهێنانی فەیسبوك دەکرێ جۆرێك بێت لە هۆگربون؟ تەنانەت کاتێکیش لە دەرەوەیت، دور لە کۆمپیوتەرەکەت، ڕەنگە حەزبکەیت پەیوەندی لە گەڵ هاوڕێیانتدا بکەیت لە فەیسبوك، رەوشت نویّ بکەیتەوە، یان وێنەیەك دابەزێنیت – بە تایبەت ئەگەر لە پڕ شتێکی نایابت دیبێت‌و حەزبکەیت بڵاوی بکەیتەوە.



خۆشبەختانە دەتوانیت بەشێکی گەورەی فەیسبوك بخەیتە نێو گیرفانتەوەو لەگەڵ خۆت بیبەیت. چونکە لە ڕێی مۆبایلەوە دەتوانیت رەوشت نویّ بکەیتەوە، نوسینی سەر دیوارو نامەی "پۆستی هاتو" بخوێنیتەوەو بنوسیت، سەیری بانگهێشتەکانت بکەیت، وەڵامی داواکاری هاوڕێیەتی بدەیتەوە، وێنەو فیلمی ڤیدیۆیی دابەزێنیت.

ئەمە بە کەڵك دەبێت گەر لە قەرەباڵخیەکی هاتوچۆدا بیت، یان چاوەڕوانی سەرەکەت بیت لەلای پزیشکی ددان، یان لە هەر شوێنێکی تر بیت‌و بیزارو وەڕس بیت.

توانین‌و نەتوانینی ئەو شتانەی لە فەیسبوکدا دەکرێت پشت بە جۆرو پێشکەوتوی مۆبایلەکەت دەبەسێت. لەم بەشەدا باس لە سەرجەم هەڵبژاردەکان دەکەین، هەر لە

ئاست نزمەکانەوە (فەیسبوک لەڕێی نامەی SMS) هەتا دەگاتە ئاست بەرزەکان (فەیسبوک لەڕێی بینگەری مۆبایلەوە، لە گەڵ بەکاربەرەکانی فەیسبوک بۆ هاندە زیرەکەکان).

## بەکاربەری Mobile لە فەیسبوک

بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام، دەبێ گەشتت بە نێو فەیسبوکدا بە بەکارهێنانی بەکاربەری Mobile سەرەتا لەسەر کۆمپیوتەرەکەتەوە دەست پێ بکەیت. بەکاربەری Mobile شوێنێکی سەنتەرت بۆ دابین دەکات لەبۆ زانیاری و ئامادەکاری و ئەو تایبەتمەندیانەی پەیوەستە بە بەکارهێنانی مۆبایلەکەت لە فەیسبوک. ئەگەر هێشتا بەکاربەری Mobileت نەخستوەتە لیستی پەسەندەکانتەوە، دەتوانیت بیدۆزیتەوە بە گەڕان بە شوێن وشەی mobile لەسەر پتیلەی شین یاخود ڕێبەری بەکاربەرەکان.

## فەیسبوک لەڕێگەی بینگەری مۆبایلەوە

ئەگەر مۆبایلەکەت بینگەری وێبی تێدابو، دەتوانیت ئەدرەسی فەیسبوکی تایبەت بە مۆبایل بەکاربێنیت کە بریتیە لە http://m.facebook.com

(دەتوانی ئەم ئەدرەسە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بەکاربێنیت تاکو چاوێک بخشێنیت بە شێوەی ماڵپەڕەکە لەسەر مۆبایل).




**یان دەتوانیت لەڕێگەی ئەم ئەدرەسەوە بچیتە ناو فەیسبووک لە مۆبایلەکەتەوە کە ئامرازەکانی بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر تێدایە** http://touch.facebook.com




**ئەگەر هاندی iPhone بەکار دێنیت، ئەوا دەتوانیت سەردانی ئەدرەسی iphone.facebook.com بکەیت تا ئەو بەشەی فەیسبوک ببینیت کە تایبەتکراوە بە iphone.**

**سەرنج: تەنانەت ئەگەر ئەدرەسی ئاسایی فەیسبوکت لە مۆبایلەکەتدا بەکارهێنا، لانی کەم فەیسبوک بەوە دەزانێت کە تۆ لە ڕێی مۆبایلەوە سەردانی دەکەیت بۆیە ڕاستەوخۆ بەشی تایبەت بە مۆبایلت بۆ دەکاتەوە.**

## بەکاربەرەکانی فەیسبوک بو هاندە زیرەکەکان

**چەندان بەکاربەر هەیە کە تایبەتن بە مۆبایلو لە چەندان هاندی زیرەکدا هەنە – لەوانە فەیسبوکی iphone، فەیسبوکی BlackBerry، فەیسبوکی Palm. دەتوانیت ئەو بەکاربەرانە لە مۆبایلەکەتدا دابەزێنیت تاکو لە ڕوکەشێکی مۆبایلەوە کار بکەیت کە بە تایبەت بۆ فەیسبوک دروستکراوە.**




دەتوانیت زۆر شت لەو بەکاربەرانەوە فێربیت، دەتوانیت لە ڕێبەری بەکاربەرەکانی فەیسبوکدا بە شوێنیاندا بگەڕێیت، یان لە App storeدا.

دەتوانیت ناوەڕۆکێک – وێنەو فیلمی ڤیدیۆو تێبینی – دابەزێنیتە سەر فەیسبوک، لە ڕێی هەر مۆبایلێکەوە کە توانای ناردنی نامەی mmsی هەبێت بۆ ئەدرەسی پۆستی ئەلیکترۆنی.

بۆ دەستپێکردن، وێنەیەک یان فیلمێکی ڤیدیۆیی لە مۆبایلەکەتەوە وەک نامەیەکی mms بنێرە بۆ ئەدرەسی mobile@facebook.com – یان تێبینیەک بنێرە بۆ notes@facebook.com. ئەگەر پێشتر مۆبایلەکەت دوپات نەکرابێتەوە، فەیسبوک هێمای دوپاتکردنەوەکەت بۆ دەنێرێت تا لە ماڵپەڕەکەدا بینوسیت (لەسەر هێمای دەروازەی "فایلی مۆبایل" لە بەکاربەری Mobileدا لە فەیسبوک). پاش ئەوەی ئەوە دەکەیت، ئەوکات دەتوانیت بە ئازادی داونلۆد بکەیت، بە بەکارهێنانی هەمان ئەم ئەدرەسە ئەلیکترۆنیانە.

له کاتی دابەزاندنی وێنەدا، هەر شتێك کە لە ڕستەی بابەتی نامەکەدا بینوسیت دەبێتە شیکاری وێنەکە لە فەیسبوك. لەکاتی دابەزاندنی ڤیدیۆدا، هەر شتێك لە ڕستەی بابەتەکەدا بنوسیت دەبێتە ناوی ڤیدیۆکە، وە هەر شتێکیش لە دامێنی نامەکەدا بنوسیت وەك وەسفێکی ڤیدیۆکە دەردەچێت. لەکاتی دابەزاندنی تێبینیدا، ڕستەی بابەتەکە دەبێتە ناوی تێبینیەکەت.

| English | عربي | كوردى |
|---|---|---|
| Facebook | | پەرتوکی روخسارەکان |
| Keep me logged in | | یادم بکەرەوە |
| Home | | پەرەی سەرەکی |
| profile | | پەرەی تایبەت |
| Box | | هەگبەکان |
| Download information | | دابەزاندنی زانیاریەکانت |
| Account settings | | ئامادەکاریەکانی هەژمارەکەت |
| privacy settings | | ئامادەکاری تایبەتمەندیەکانت |
| Help center | | سەنتەری هاوکاری |
| Log Out | | چونەدەرەوە |
| Poke | | گەزین |
| Attach | | لەگەڵدا ناردن |
| Privacy | | تایبەت |
| Account | | هەژمار |
| information | | زانیاری |
| friends | | هاوڕێیان |
| search | | گەڕان |
| footer | | پەراوێز |
| Status Update | | نوێکردنەوەی رەوش |
| wall | | دیوار |
| news feed | | دواین هەواڵ |
| Info | | زانیاری |
| email | | ئیمێڵ ( پۆستی ئەلیکترۆنی ) |

| | |
|---|---|
| password | پاسۆرد (وشەی پەڕینەوە) |
| Options | هەڵبژاردەکان |
| Photos | وێنەکان |
| Video | ڤیدیۆ |
| Links | لینك |
| page | پەڕە |
| add as a friend | دیاریکردنی وەك هاوڕێیەك |
| networks | تۆڕەکان |
| see all | تەماشاکردنی هەموان |
| people you may know | کەسانێك ڕەنگە بیانناسیت لەسەر فەیسبوك |
| Gifts | دیاری |
| phishing | فێڵ |
| share | بەشداریپێکردن |
| more | زیاتر |
| Comment | کۆمێنت |
| Send | ناردن |
| ilike | لە هەوادارانی |
| Like | پەسەندە |
| View All | نیشاندانی هەموان |
| Chat | چات |
| change | گۆڕین |
| Name | ناو |
| Username | ناوی بەکارهێنەر |
| Friends on chat | هاوڕێیانی سەر هێڵ |
| Applications | بەکاربەر |
| View | نیشاندان |

# facebook

# فەیسبوك

## بۆ هەموان

رێبەرێك بۆ کەیف وەرگرتن لەگەڵ هاورێیانتان و برەوپێدانی پرۆژەکانتان لەسەر فەیسبوك

پێکهاتەی ئەم کتێبە زۆر ڕونەو پێویستی بە شیکردنەوە نییە. سەرەتا بە ناساندنی شتە سەرەکیەکان دەست پێدەکات — چۆنیەتی ئامادەکردنی دۆسیەکەت، چۆنیەتی توندوتۆڵکردنی تایبەتمەندیەکانت، هتد، پاشان دەچێتە سەر ناساندنی گشت ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی فەیسبوك، پاشان بە چەند بابەتێکی پێشکەوتوتر کۆتایی دێت وەك چۆنیەتی ڕەواجکردن بۆ پرۆژە داهێنراوەکانو پرۆژە پیشەییەکان، وە دەرخستنی سیاسەتی کۆمپانیاکان لەبارەی فەیسبوکەوە.

ئامانجی من لەم کتێبە ئەوەیە ستراتیجیەتی بەکارهێنانی فەیسبوك بەشێوەیەکی چالاكو لێهاتویانە، بەئێوە ببەخشم. زۆر ئاسانە بەشداری لە فەیسبوکدا بکەیتو ڕوپەڕێك دامەزرێنیت — بەڵام چۆن بتوانی پڕاوپڕ سود لە فەیسبوك وەربگریت؟ چۆن بەکاری بێنیت بۆ پێکهێنانی هاورێیەتی نوێ، چۆن بتوانی پردی نوێ دروست بکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن و بەڵام پەیوەندیتان چڕاوە، چۆن بتوانی ئەکتیڤانە ڕەواج بۆ تیپە مۆسیقیەکەت یان کۆمپانیاکەت یان کافێکەت بکەیت، یان بتوانی ببیتە ئەو ئەستێرە بەناوبانگەی خەونت وایە پێی بگەیت؟

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (6000) دینار